حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زمان
بەشی کوردی

# پێوانـــەکانی ڕەخنـــەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا
# کـــرمانجی خواروو(١٩٧٠-١٩٩٠)

## نـــامەیـــەکە

## سـەعیـد محەمەد عـــەبـــدوڵڵا

پێشکەشی زانکۆی سلێمانی ، بەشی کوردی ، کۆلێجی زمان کردووە وبەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردییدا

## سەرپەرشت

## پ.د. دڵشـــاد عـــەلی محەمەد

---

٢٧١٩کوردی

٢٠٢٠زایینی

نامەی (**پێوانـــەکانی ڕەخنـــەی شیعری لـە ئـەدەبی کوردیـدا ـ کـــرمانجی خواروو(١٩٧٠-١٩٩٠)** بەچاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەوبەشێکە لـە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

**سەرپەرشت**

**پ.د. دلشاد علی محمد**

**ڕۆژ / /٢٠٢٠**

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**ناو: پ.ی.د. کـــاروان عومەر قادر**

**سەرۆکی بەشی کوردی**

**ڕۆژ: / /٢٠٢٠**

نامەی (**پێوانـــەکانی ڕەخنـــەی شـیعری لـە ئـەدەبی کوردیـدا ـ کـــرمانجی خواروو(١٩٧٠-١٩٩٠)** بەچاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەوبەشێکە لـە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوریدا.

**سەرپەرشت**

**پ.د. دڵشاد علی محمد**

**رۆژ / /٢٠٢٠**

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**ناو: پ.ی.د. کـــاروان عومەر قادر**

**سەرۆکی بەشی کوردی**

**رۆژ: / / ٢٠٢٠**

ئێمــەی ئەنــدامانی لیژنــەی گفتوگــۆ و هەڵســەنگاندن، نامــەی(**پێوانـــــەکانی ڕەخنـــەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا ـ کــرمانجی خـواروو(١٩٧٠-١٩٩٠)** پاش گفتوگـۆ و تـاوتوێکردنی نامەکـە لـەبارەی نـاوەرۆك و لایەنـەکانی تـرەوە، لەگـەڵ خوێندکارەکەدا، بڕیارماندا شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) . بڕوانامــەی دکتۆرای لەئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

**سەرۆکی لیژنە**
**ناو: پ.د فاضل مجید محمود**
**/   / ٢٠٢٠**

**ئەندام**
**ناو: پ.د. ئازاد عبدلواحید کریم**
**/   / ٢٠٢٠**

**ئەندام**
**ناو: پ.د. ابراهیم عبدالرحمن**
**/   / ٢٠٢٠**

**ئەندام**
**ناو:پ.ی.د.تاهر محمد علی**
**/   / ٢٠٢٠**

**ئەندام**
**ناو:پ.ی.د.حمە نوری عمر کاکی**
**/   / 2020**

**ئەندام و سەرپەرشت**
**ناو: پ.د. دڵشاد عەلی محەمەد**
**/   / 2020**

**ناو: پ.د . عبدالقادر حمە ئەمین محەمەد**
**ڕاگری کۆلێجی زمان**
**/   / ٢٠٢٠**

## پێشکەشە بە :

- هــــاوژینی ژیانم .... رۆشنــــا.....
- بـە گلێنـــەی چاوەکانم .... زیڤــار و زەن و زاریـــــا.....

## سوپاس و پێزانین بۆ :

- سەرپەرشتیاری بەڕێز ( پ.د.دڵشاد علی محەمەد) کە بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبوردەییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆ بەسەرنج و تێبینیە وردو زانستییەکانی نامەکەی دەوڵەمەندکرد.
- سەرجەم مامۆستایانی بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی ..
- هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی ماندوومکردن.
- هەموو ئەو هاوڕێ و بەڕێزانەی هاوکاریان کردووم لەبەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکەدا.

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ | پێشەکی |
| **بەشی یەکەم : پێوەرە رەخنەییەکانی دەقی شیعری لە ئەدەبی جیهانییدا** | |
| **پاژی یەکەم : پێوەرە رەخنەییەکان لە ئەدەبی ئەوروپیدا** | |
| **٤ـ١٦** | یەکەم: رەخنەی یۆنانی |
| **١٦ـ١٩** | دووەم :ڕەخنەی ڕۆمانی |
| **١٩ـ٢٣** | سێیەم : پێوەرە رەخنەییەکان لە کلاسیزمی نوێ دا |
| **٢٣ـ٢٨** | پێوەرەکانی ڕەخنەی نوێ لەئەدەبی ئەوروپیدا |
| **پاژی دووەم : پێوەرە رەخنەییەکان لەئەدەبی عەرەبی دا** | |
| **٢٩ـ ٤٣** | ١- پێوەری رەخنە لەسەردەمی پێش ئیسلام |
| **٤٣ـ٤٥** | قوتابخانەی ئەپۆلۆ یا گروپی ئەپۆلۆ |
| **٤٥ـ٤٦** | ئەدەبیانی تاراوگە(المهجر) |
| **٤٦ـ٤٧** | رەخنە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا |
| **٤٧ـ٤٩** | پێوەر وتێڕوانیینەکانی قوتابخانەی دیوان |
| ٤٩ـ٧٤ | **پاژی سێیەم : پێوەرە رەخنەییەکان لەئەدەبی کوردیدا** |
| **بەشی دووەم : پێوەرە هزرییەکانی ڕەخنەی دەقی شیعری لەئەدەبی کوردیدا** | |
| **٧٥** | **پاژی یەکەم : پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان** |
| **٧٥ـ٩٥** | **پێوەری رەخنەیکۆمەڵایەتی لەدەقی شیعریدا** |
| **٩٥** | **پاژی دووەم : پێوەرە رامیارییەکان** |
| **٩٥ـ١١٣** | **پێوەری ڕەخنەی سیاسی لەدەقی شیعریدا** |

| | |
|---|---|
| **پاژی سێیەم : پێوەرە دەروونییەکان** | **١١٣** |
| **پێوەری رەخنەی دەروونی لە دەقی شیعریدا** | **١١٣-١٣٤** |
| **بەشی  سێیەم : پێوەرە هونەریەکانی ڕەخنەی شیعری لەئەدەبی کوردیدا** | |
| **پاژی یەکەم : زمانی شیعری** | **١٣٥-١٣٧** |
| تێڕوانیینە ڕەخنەییەکان بۆ داهێنانی زمانی شیعری | **١٣٧-١٤٠** |
| زمانی شیعری و پەیامی دەق | **١٤٠** |
| پێوەری زمانی | **١٤٠-١٥١** |
| یەکەم : بەرجەستەکردنی وشەو زمانی شیعر | **١٥١-١٥٥** |
| دووەم : دووبارەکردنەوەی وشەو کایەکانی رەوانبێژی | **١٥٥-١٦٣** |
| پەخشانە شیعر: لەنێوان پەراوێز ی شیعر و رەهای زمان | **١٦٣-١٦٨** |
| **پاژی دووەم : وێنەی شیعری** | **١٦٩** |
| رەمـــــز(هێما) | **١٧٠-١٧٣** |
| پێوەری وێنەی شیعری | **١٧٣-١٩٢** |
| **پاژی سێیەم : ئاوازی شیعری** | **١٩٣ - ١٩٥** |
| پێوەری ئاوازی شیعری | **١٩٥-٢١٥** |
| ئـــــــەنجـــــام | **٢١٦** |
| سەرچـــــــــاوەکان | **٢١٧-٢٢٩** |
| کورتەی توێژینەوەکە  بەزمانی عەرەبی (الملخص) | **٢٣٠-٢٣١** |
| کورتەی توێژینەوەکە  بەزمانی ئینگلیزی(Abstract) | ٢٣٢-٢٣٣ |

# بەشی یەکەم

# پێوەرە رەخنەییەکانی دەقی شیعریی لە ئەدەبی جیهانیدا

پاژی یەکەم : پێوەرە رەخنەییەکان لەئەدەبی ئەوروپیدا.

پاژی دووەم : پێوەرە رەخنەییەکان لەئەدەبی عەرەبی ئیسلامیدا.

پاژی سێیەم : پێوەرە رەخنەییەکان لەئەدەبی کوردیدا.

## پێشەکی:-

کـارکردن بە پێـوەرە  رەخنەیەکـان لە ئەدەبـدا، بە تـایبەتی لە ڕەخـنەی یۆنانیـدا هەبووە و کاری لەسەر کراوە ، لە ئەدەبیاتی  ڕۆژهەڵاتیشدا گرنگی و بایەخی پێدراوە، بـەڵام سەبارەت بە رەخنەی ئەدەبی کوردی درەنگتر سەری هەڵداوە، سەرباری زۆری دەقی شیعری ، ئـەوەش هۆکـاری تایبـەتی خـۆی هەیـە بۆیـە کـار کـردن لەسـەر خسـتنە ڕووی پێـوەرە ، ڕەخنەیەکـان و گرنگیـان لەسـەر دەق ، ئەمەش هەر وا کـارێکی ئاسـان نـیە لەگەڵ ئەمەشـدا گرنگی و بایەخێکی تـایبەتی لەسـەر میکانیزمەکـان و هەنگاوەکـانی دەق لای نوسـەر دیـاری بکات لە سەرەتاوە بیـری ڕەخنەیـی لەسـەر بنچینـەی ئەوە دامەزرا ، کە دەق دەبێـت چـۆن ؟ بەرهەم بێت ، بۆیە ڕەخنە لە دوای تێکستەوە سەری هەڵداوە ، چونکە چـالاکیەکی مـرۆییە ، ئەدەب بابەتێکی سەرەکیە بۆ تـوێژینەوە ، چـونکە ئەوەی دەربـارەی خـودی مـرۆڤ و ئەوەی دەربارەی ڕێگەکانی پێوەندی مرۆڤ و ئەدەبە بەوەی  ڕێنشاندەرە بۆ شارەزا بوون دەربـارەی هەڵسووکەوتی مرۆڤ . . . ئەدەب ڕووداوەکانی ڕابردووی تۆمار کردووە واتە خودی ڕەخنە و ڕێبـازە، ڕەخنەکـانیش ڕاسـتەوخۆ پێوەنـدیان بە چەمکـی ئەدەب خـۆیەوە هەیە ، چەمکـی ڕەخنـەیی ئەدەبـیش بە پێـی قۆنـاغ و سـەردەمە  ڕۆشـنبیرییە جیـا جیاکـان ، هەمیشـە لە گۆڕاندایە .

**بەشـی یەکەم:** پێـوەرە ڕەخنەیەکـانی دەقـی شـیعری لە ئەدەبـی جیهانـدا ، تیایـدا بـاس لەو پێوەرە شیعرییانە کراوە کە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا  کاریان پێکراوە .

**بەشی دووەم:** ڕەخنەی شیعری ، باس لەو پێوەرانە کراوە کە پێوەنـدی بە جیهـانبینی دەقـی شیعرییەوە هەیە، وەک پێوەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی .

**بەشی سێیەم:** پێـوەرە هونەریەکـانی رەخـنەی شـیعری ،کـە بـاس لـە بنەمـا تەکنیکییەکـانی بنەڕەتی دەقی شیعری کراوە ، کە ڕەخنەگران و تـوێژەران  بایەخیـان پێـداون ، وەک زمـان و ئاواز و وێنەی شیعریی .

جـگە لەوەش کـۆی توێژینەوەکـە پێـی دەڵـێن( کرۆنۆلۆژیـای دەقـە شـیعرییەکە)لە دەقە شیعرییەکان بە پێی ساڵەکان ڕیز بەندییان بۆ کراوە ، سنووری توێژینەوەکە بـاس لـە نێـوان سـاڵانی ( ١٩٧٠ – ١٩٩٠ )ە، بـۆیە بزاڤـی ڕەخـنەی شـیعری لە ئەدەبـی کوردیـدا بە تـایبەتی

کرمانجی خـواروو بە شـێوەیەکی تـایبەتی  ئەو وتـار و ڕەخـنە و توێژینەوانـەی کە لە دەقـی شیعری کوردیدا ئەنجام دراوە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب ، کۆی ئەو دەقە شیعرییانە بـوونە بە ئامرازێـک بـۆ هەڵسـەنگاندن و دەرخسـتنی پێـوەرە ڕەخنەییەکـان ، بەم جـۆرە پێـوەرە ڕەخنەییەکان بوون بە ئامانجی سەرەکی لە توێژینەوەکە دا ، ئەمەش بـۆ دەرخسـتی بەهـای ڕاستەقینەی دەقی شیعری کوردی یە .

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :ـ

هۆی هەڵبژاردنـی ئەم ناونیشـانە دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەوەی ئەگەر چـی . تـاوەکو ئێسـتا توێژینەوەی زۆر لە بارەی شیعرەوە کراوە ، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی ، پێوەری ڕەخنەی شـیعری بـوونێکی دیـار و بەرچاویـان هەیە . رەخنەی ئەدەبی بەشێکە لـە زانسـتی ئـەدەب ، شـیعر ...تـاد. لەگـەڵ تـوخمی ئەدەبیـدا پەیـدا دەبێت.

## ئامانجی توێژینەوەکە :ـ

ئامـانج لەم توێژینەوەیـە دا ، هەوڵدانێکە ، بـۆ خوێنـدنەوەیەکی ڕەخـنە گـرانەی ئەو پێـوەرە رەخنەیـانەیە، کە لەو قۆنـاغە مێـژووییە دا (کرمـانجی ناوەڕاسـت) (١٩٧٠ ــ ١٩٩٠) ڕەخنە گران و توێژەرانی بواری شیعری کوردی کاریان لەسەر کردووە و کاریان پێکردووە .

## گرنگی توێژینەوەکە :ـ

لە کاتێکدا ئەو قۆناغەی لە توێژینەوەکەدا کاری تیادا کراوە بۆ خۆی قۆناغێکی گرنگ و بەر چاوی چالاکی شیعریی و ڕەخنەیی بووە .

## سنوورو بواری توێژینەوەکە :ـ

لە ناونیشـانی توێژینـەوەکە دا ، دیـارە نمـونەی پێـوەری ڕەخـنەی شـیعری جیهـانی پێـوەری هـزری ڕەخـنەی شـیعر و پێـوەری هـونەری ڕەخـنەی شـیعریمان وەرگرتـووە ، لەو توێژینـــەوە و ڕەخنەییـــانەی کە لە ڕۆژنـــامە و گۆڤـــار و کتێـــب دا ، باســـکراون ســـنووری باسـەکەمانە . واتە تەنیـا ئەو دەقە شـیعرییانەی خوێنـدنەوەیان بـۆ کـراوە ، کە تـوێژەران و ڕەخنە گران کاریان لەسەر کردووە .

## ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە :-

کارکردن لە هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیاندا ، بە بێ کەم و کوڕی و گرفت نابێت، لە کاتی کارکردن لە توێژینەوەکە ، دەگەڕاینەوە سەر ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبانەی کە لە قۆناغی سالانی (١٩٧٠ – ١٩٩٠) کە ڕەخنە گرەکان توێژینەوەیان لە سەر دەقە شیعرییەکان ئەنجام دابوو، ئەمەش هەر وا کارێکی سانا نەبوو، جگە لەوەش بۆ لایەنی تیۆری توێژینەوەکە پشت بەست بووین بە سەرچاوەی عەرەبی و فارسی ، ئەم کارەش لەگەڵ خۆیدا گرفتی وەرگێرانی بۆ دروست دەکردین و کاری وەرگێرانیش پێویستی بە کاتێکی زۆر هەبوو بۆیە خۆشەویستیمان بۆ بابەتەکە وای لێکردین، پێوەری ڕەخنەی شیعری جێبەجێ بکەین بە سەر قۆناغەکەدا، خوێندنەوەی وشیاری و گرنگیەتی سەربەخۆیی و بنەما دۆزراوەکانی قۆناغەکە دەستنیشان بکەین.

## میتۆدی بیرۆکەی گشتی توێژینەوەکە :-

لە نووسینەوەی توێژینەوەکەدا ، ڕێبازی ( وەسفی – شیکاری - مێژوویی) بۆ لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکان و پراکتیزەکردنی جۆرەکانی پێوەری ڕەخنەیی تێزەکە سوودمان لەمیتۆدی ڕەخنەیی شێوازگەری وەرگرتووە ، بە گشتی مێژووی پێوەرە ڕەخنەیەکان کار کردنە لە سەر دیاریکردنی دەق و میکانیزمەکانی .

## بەشی یەکەم

## پێوەرە رەخنەییەکانی دەقی شیعری لەئەدەبی جیهانی دا

رەخنەی ئەوروپی مێژوویەکی کۆنی هەیە ، سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ رەخنەی یۆنانی کۆن و رۆمانیەکان ، زیاتر لەناو چوارچێوەی رەخنەییدا کۆکراوەتەوە بەپێی رێبازە ئەوروپیەکان ئاوڕ لەڕەخنەی ئەوروپی دراوەتەوە، بۆدەستنیشانکردنی لە نوێترین رێباز بۆ کۆنترین رێباز بەکاریان هێناوە بۆدیاریکردنی دەق ، بەگشتی ئەو پێوەرە ڕەخنەییانەی کە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی جیهانی دیاریکراون ، بریتین لە بۆچوونی ئەو نوسەر و ڕەخنەگرەجیهانیانەی کە لەسەرەتای ڕەخنەوە تاوەکو ئەمڕۆ، بە تێڕوانینی جیاواز خراونەتە ڕوو ،لەناوئەمانەشدا جەخت خراوەتە سەر هەڵسەنگاندن ، یان بڕیاردانی نوسەری رەخنەگرەکە لەسەر دەقەکەی بۆنمونە.

### پاری یەکەم : پێوەرە ڕەخنەییەکان لەئەدەبی ئەورپیدا:

### یەکەم: ڕەخنەی یۆنـــانـــی

**(أ)- پێـوەری کۆمەڵایەتی :**

بەپێی مێژووی یۆنانی کۆن لانکەی لە دایکبوونی چەندەها جۆرە زانستەو ڕەخنەی ئەدەبیش یەکێکە لەو زانستانە، چونکە سەرەتای شاکاری ڕەخنە، یەکەمجار لە کارە کۆمیدییەکانی نوسەری بەناوبانگ ئەرستۆفاندا دەردەکەوێت.

" شانۆکانی ئەرستۆفان یەکێکە لە نوسەرە بەناوبانگەکانی شانۆی یۆنانی کۆن، ئەم نوسەرە لە هەردوو بواری مەرگەسات (تراجیدیا)و بەزمەسات (کۆمیدیا) بەرهەمی نوسیوەو بە یەکێك لە پێشەنگەکانی شانۆی یۆنانی کۆن دادەنرێت[1]."

بەگشتی ئەو پێوەرانەی ، کە ئەرستۆفان بەکاریهێناون بریتین لە :-

ئەرستۆفان پێیوایە ئەدەب جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕەخنەگرتن، نووسەر دەتوانێت لە رێگەی دەقەکانییەوە، هەندێك ڕەخنە بگرێت و (ڕەخنەی ناو دەق) هەندێك جاریش هانای بۆ ڕەخنەی سەتیرو داشۆر بردوە، ئەم جۆرە رەخنەیەش لەسەر بنەماو پێوەری کۆمەلایەتی

---

[1] د.رجاء عید، فلسفه الالتزام فی النقد الادبی بین النظریه والتطبیق ، الطبعة منشورات دار الثقافة ، القاهرة، ١٩٧٤،ص١٤.

ئـەنجامی داوە چونکـە سروشـتی وابـووە ، بۆیـە شـێوەی ڕەخنـەگرتن و گاڵتـە پێکردنـی ئەرستۆفان، تواناو کاریگەرییەکی زۆری هەبوو

چونکـە لە شـانۆیی( هـەورەکان ) (nephelai )[1]دا ، هـەجوی سـۆکراتی هـاوڕێی دەکـات، هەروەها لەسەر باش و خراپی سـۆکرات ، لێـرەوە سـۆکراتی هەڵسـەنگاندووە لـە شـانۆگەری (بۆقەکان)یش (batrakhoi)[2]دا لەبارەی ڕەخنـەو هەجوکردنەوەیـە، ئـەوە پیشـاندەدات کـە گەورەترین دەسەڵاتداری ئەو سەردەمە و گەورەترین شاعیر لە زمـانی پـارێزراونین ، کەواتـە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان هۆکـاربوون بـۆ بڕیـاردان ، شـانۆنامەی (بۆقـەکان)، لـە هەمانکاتـدا هەجونامەیـەکی مەزهەبیـەو بـە درێـژای ژیـانی ئـەم شـاعیرە، ڕەخنـەی سـەتیری لـە بەرهەمەکانیـدا دەبینرێـت و گاڵتـە بـە ( دیۆنیسـیۆس ) ی خـوای شـەراب دەکـات ،لێرەشـدا پێوەری ئاینی بەکاردەهێنێت چونکە بەپێی روانینە ئاینەکان خواوەندی شـەراب پێگەیـەکی تری لەچاو خواوەندەکانی تردا هەیە ،ئەمەش هۆکارن بۆ هەڵسەنگاندنی خواوەندەکان.

" ئەرستۆفان لەو شانۆگەریەدا هێرش دەباتە سەر سوقراتو کەسانی تـر (سۆفسـتاییەکان-السفسطة* (چەنـەبازی) sophistes " ەکـان، چونکـە مێشـکی لاوان تێکـدەدەن، هەرچەنـدە ئەرستۆفان لەم شانۆگەریەدا خۆی وا دەرئەخات، کە سەر بە بیرو بۆچوونی کۆنە". [3]

"بە زوویی زانیم کە مایەی قسەی شاعیران زانست نییە ، بەڵکو وتەکانیان لە هەندێك سۆزی سروشـت و شـەوق و زەوقـەوە سـەرچاوەدەگرێت، وەك ئـەوەی کـە کاهنـان و خـەڵکی بـە پەرۆشەوە دەبینرێن، وشـەی شـیرین لـە زمانـەوە دەردەچێـت ، بـەڵام خۆیـان تێناگـەن چـی دەڵێن ، لەوە تێگەیشتم کە بەهۆی ئـەو شـیعرانەی دەیڕازێننـەوە، خۆیـان بـەزاناترین خـەڵك دەزانن و خەڵکی تر هیچ نازانن " [4].

---

[1] عبدالمعطي الشعراوي، النقد الادبی عند الاغریق والرومان، مكتبة الانجلو المصرية القاهرة، ١٩٩٩،ص٩٠.

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ،ل٩٢.

* مەبەست لـە وشـەی(السفسـطة)(sophistes)( چەنـەبازی)، ئـەوەیـە جـاران لەسـەردەمی یۆنـانی کۆنـدا بەواتای ( هونەر، یان ، پیشە) بەکاردەهات، پاشان ئەم واتایە گۆڕا بۆ پیاوی دانا، لەسـەدەی پێنجـەمی پـێش زاییندا بەواتای بەرفراوانکردنی توانای خوێندکار لەنێو گەلدا بەکاریان هێناوە، هەروەها بـەواتای شـارەزایی و لـە بوارەکـانی ڕەوانبێـژی و رامیـاری و وەزرش و لەئەنجامیشـدا بـەواتای بایەخـدان بـە ڕەوانبێـژی و شێوەکانی دەربڕین و زیاتر بایەخـدان بـە( جەوهـەری مەعریفـەت بـەکار دەهـات)، هەرئـەم لایەنـەش بـووە هۆکـاری ئـەو ڕەخنـە توندوتیژانـەی سـۆکرات و ئـەفلاتوون لـە سۆفسـتاییەکان ،کەبـەلای سـۆکرات و ئەفلاتوونەوە جۆرەکەسانێك خەریکی چەنەبازین. هەرئەو سەرچاوەیە، ل٩٢.

[3] د . لوقمان رەئوف، رەخنەی ئەدەبی ، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٤٢.

[4] فروغی،حکمت، سقراط، چاپ دوم ،ج١ ،تهران، ایران، ص ١٥٢ .

لەمەوە دەتوانین ئەوە هەڵێنجێنین بە گشتی ئەرستۆ کە یەکەمین کەسە پەی بەوە بردووە، کە هێزی تێگەیشتن و پێوەری ڕەخنەی شیعری ، لەگەڵ هێزی داهێنان و ڕێکخستنی دەقدا جیاوازی هەیە و ڕەخنەگری شیعر لە شاعیرەکەی باشتر دەیناسێت ، لەم ڕووەوە هەندێك بنچینەو سەرچاوەی هونەری و ڕەخنە لەم گفتوگۆیەی سۆکراتدا خراوەتە ڕوو.

بە گشتی خاڵی دەستپێکردنی سوکرات بریتیە لە گەڕان بەدوای مەعریفەدا چونکە وای دەبینێت کە مەعریفە ناتوانێت بنەمایەکی ڕاست بوەستێنێت، ئەگەر پێشتر لێی نەکۆڵرابێتەوە لە ڕێگەی گەیشتن بە مەعریفەوە ، بەهەمان شێوەش ئاکار ئەگەر رێگەی زانستی بۆ نەگریتە بەر ، کەواتە مەعریفەیە ودووەم ئاکارە.

هەرلەم ڕوانگەیەشەوە وتەکانی سوکرات ئەم هەقیقەتە دەسەلمێنن بۆنموونە :-

١- هەموو مرۆڤێ ئەگەر ژیری بەکاربهێنێت دەگاتە راستییە فەلسەفیەکان و کۆیلەکانیش هەمان ژیریان هەیە.

٢- تەنیا یەك شت دەزانم ، ئەویش ئەوەیە کە هیچ شتێك نازانم.

٣- زانین مرۆڤ چاکتر دەکات ئەم زانینەش لە زۆرکەسدا بەدینەکرد، هەرلەبەر ئەمەشە کە دەڵێت سوکرات فەلسەفەی هێنایە سەر زەوی و خەڵکی ناچارکرد بیر لە ژیانی چاك وخراپ بکەنەوە.[1]

" سۆکرات شیعرو تەواوی پیشە هونەرییەکانی تر، لە ڕوانگەی ئاکارەوە سەیر دەکات .لەم ڕووەوە لە بارەی بەهای شیعر لە ڕوی پرەنسیپ و بنەمای ئاکارییەوە، بڕیاری لەسەر ئەدات، لە ڕوانگەی سۆکراتەوە غایەو ئامانجی هونەرەکانی وەك شیعر دروستکاری چێژو خۆشیە [2] کەواتە شاعیر تەنیا هەستی بیردەکاتەوە و عەقڵی خستوتە لاوە ، ئەمەش رۆڵی لەسەر ژیان نابێت و، لەسەر بنەمایەکی ترە،هونەر و کاری هونەری سەروکاری لەگەڵ چاکە و باشەدا نییە و سۆکرات لەم ڕووەوە کە شیعر بە بێسود دادەنێت، تەنانەت جوانییەکەشیانیش وەلا دەنێت، بۆیە هەندێ جار جوانی و سودمەندی لەیەك جیاناکاتەوە و بڕوای وایە ئەوەی سودی نییە، ناتوانێت جوان بێت ، کەواتە پێوەری سۆکرات پێوەری ئاکاری بەکار هێناوە و تێدا دەبێت شاعیر راستگۆ بێت لەگەڵ کردە عەقڵیەکاندا ئەوشتانەی

---

[1] رسالة گورگياس، حكمت سقرات ،ج ٢، تهران، ايران، ص ١٥٨.

[2] هەرئەو سەرچاوەیە، ص ١٥٩.

که دەیڵێت دەبێت شیاوی جێبەجێکردن بێت لە خودی خۆیدا ، بۆیە پێوەری عەقڵی وئاکاری بەکارهێناوە.

"ئەفلاتون ئەدەب بە پێوەریەکی ئاکاری دەپێوێت، پێیوایە دەبێت ئەدەب لە چوارچێوەی ئاکاردا بسوڕێتەوە" [1].

سەبارەت بە شاعیرانیش دەڵێت :" شاعیران شیعر وەك هونەر و پیشە ( thekhne ) نانوسن، بەڵکو خودا ئیلهامیان پێدەبەخشێت و ئەوانیش بەخەڵکی دەگەیەنن،ئەمانیش وەك قەشەی پەرستگاکان وان، چونکە شاعیرانیش پێیانوایە ئیلهام وەرئەگرن و ناتوانن شیعر بنوسن ، بۆیە ئەفلاتون پێیوایە شیعر زانست نییە، چونکە ناتوانرێت نە بە فێربووون بە دەستبێت و نە ئەوانی تر فێربکرێن، چونکە ئیلهام یەکێکە لە نهێنی خوداکان .

جگە لەمەش هونەر و پیشە نییە، چونکە هەریەکە لەمانە خاوەنی ڕێسای خۆیانن، بۆیە ئەفلاتون شیعر و ئەدەب زیاتر لە ڕوانگەی ئاکارەوە سەیردەکات.، کەواتە شاعیر وەك گوێزەرەوە سەیر دەکات دەبێت ملکەچ بێت بەیاسا و ڕێساکان ، بۆیە شاعیر ڕەتدەکاتەوە، چونکە لەپێوەری ئاینی یۆنانی شیعر نانوسن یان پەیوەست نابن بەپێوەری ئاکاری یۆنانیەوە و لەوەوە ئاکار بەلا دەدەن.

## (ب) پێوەری ئاکاری:

ئەو بوارەیە کەلە کردەوەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، هەوڵ دەدات سروشتی ئەرک ڕوون بکاتەوە و ئەو هەست و چێژە چییە کاتێک کردەی ئاکاری ئەنجامی دەدات.

(بە چەمکی کەماڵەوە بەندە و ، دەبینیت کە یان زادەی ویستی خۆمانە ، یان بوونی سەربەخۆیە و ، بە ناوی ویستی خوداییەوە یاساکانی ویستی مرۆڤایەتی دەستنیشان دەکات) [2]. ، ئەرستۆ هەندێك ڕێنمایی و ئامۆژگاری بۆ شاعیرانی تراژیدی دەخاتەروو، دەڵێت" لەسەر شاعیرە پاش نوسینی شیعرەکەی، چەندێك بتوانێت لەشیعرەکەی رابمێنێت، تاوەکو کەموکوڕیەکانی چاك بکات، ئەگەر شاعیران هەست بەشتێك بکەن، دەتوانن دەریببڕن، ئەوەی هەست بەخەمۆکی بکات، دەتوانێت بەراستگۆیی دەریببڕێت وبیگوازێتەوە بۆ بینەر، بۆیە شیعر یان لە توانایەکی سروشتییەوە سەرچاوەی گرتوە، یان

---

[1] رسالة گورگیاس، حکمت سقرات ،ج ۲، تهران، ایران ،ص۱۵۹.

[2] عەبدول ڕەحمان بەدەوی – ئاکار لای کانت ، و: سامان علی ، بەرگی دووەم، ناوەندی توێژینەوەی هزری شەهید ئارام ، سلێمانی ۲۰۲۰، ل ۱۰۷

لەدووچاربوونی بە شێتی شیعر، توانست لە کەسایەتییەکەوە دەردەچێت و دەچێتە کەسایەتییەکی ترەوە، بەڵام شێتبوون هەرگیز ناتوانێت لە شێتییەکەی دەربچێت[١].
واتا لای ئەرستۆ شاعیر بەرپرسەو دەبێت رەچاوی بەرپرسیارێتی بکات دەیخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی ئاکاری و دەبێت بەم پێوەرە شیعر بۆ خوێنەرەکانی بنوسێت، واتە رەچاوی پێوەرە ئاکارییەکان بکات و خوێنەرانی پەیوەست بە کۆمەڵگە یان چالاك و بەرپرس دروست بکات.
بۆنمونە: "شانۆی هەورەکان(the clouds) ( سەدەی ٥ پ. ز): بابەتێکی گاڵتە ئامێزە (سەتیر)بەسۆکرات و فەلسەفەکەی، باس لە پیاوێکی پیری دەوڵەند دەکات بە ناوی Strapsiadesستریبسیادیس، کوڕەکەی ناوی Phidippides و تا سەرئێسقان قەرزارە، باوکی لەپێناو رزگارکردنی لەم کێشەیە ، هانا بۆ سۆفستاییەکان دەبات، چونکە وای بیستبوو ئەمان دەتوانن راستی و ناراستی ئاشکرابکەن، بۆیە پیاوەکە دەچێت بۆ ئەو شوێنەی، کە بیرمەندەکانی لێکۆدەبوونەوە، کە لە بنچینەدا سۆکرات دایمەزراندوە، بەڵام فێربوون هیچ سودێکی بۆ پیاوە پیرەکە نابێت، بۆیە کوڕەکەی دەنێرێت، دوای خوێندن دەگەڕێتەوە لای باوکی و وردەوردە دەستدەکات بەلێدانی باوکی و دواتر دایکی، باوکی ئەمە وەك بنچینەی ئاکار دەزانێت ، بۆیە باوکی پێیوایە سۆکرات وایلێکردوەو بیری تێکداوە، هەور لای سۆکرات و خەڵکی یۆنان لە جێگەی خوداوەندە" .[٢]

ئەفلاتون بۆچوونەکانی لە چوارچێوەی دیالۆگەکاندا خستوەتەروو، بۆیە قەسەکردن لەسەر بۆچوونی سۆکرات، پێویستی بەخوێندنەو لیکدانەوەی تەواوی دیالۆگەکان هەیە، ئەفلاتون لە دیالۆگەکاندا هەموو جارێك بابەتی سیاسی وئاکارو میتافیزیك وپەروەردەو فێرکردن ...تاد و بیروبۆچوونی لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی خستوەتەروو، ئەم دیالۆگانەش تێکەڵەیەکە لە بۆچوون و پەروەردەکردن و کەسایەتی هاوبەشی سۆکرات و ئەفلاتون، واتە سۆکرات کەسایەتێکی دەمامکداری نێو دیالۆگەکانە، ئەو بابەتانەی کە کەسایەتییەکان دیالۆگی لەسەری دەکەن.

---

[١] د.محمد صقرخفاجة، تأريخ الادب اليوناني، مكتبه النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٥٦،ص٤٠.
[٢] بڕوانه :الأنس فی نصوص النقد الادبی، ص٣٥٦.

هەروەها شانۆگەری بۆقەکان(The Frogs)باتراخوی( بۆقەکان) (Batpaxoi): هەوڵیداوە کێشەی شیعری کۆن و نوێ چارەسەربکات، ئەسخیلۆسی [١]Aeschylus وەك هێمای کۆن وەرگرتوەو یۆریپیدس[٢] Euripides یشی وەك هێمای شیعری نوێ وەرگرتوە، ئەرستۆفانس خواستی بەلای ئەسخیلۆسدا بوو، شاعیرەکان گەلأی بێ سەمەرن، باڵۆنی بەتاڵن و لە هەوادا باڵدارەکان کون کونی دەکەن، ئەم شانۆگەرییە گاڵتەکردنە بە هەر دوو شاعیری نەمر( ئەسخیلۆس و یۆرپیدس)، دیۆنیسیۆس Dionysus خوای تراژیدیا (رەشپۆشی مردنییەتی)، کە یۆرپیدسی کوشتوە، هەوڵی گەڕانەوەی دەدات بۆ ژیان، دادەبەزێت بۆ جیهانی خوارەوەو چاوی بە هەردوو شاعیر(ئەسخیلۆس و یۆربیدس) دەکەوێت، هەریەکەشیان هەوڵدەدات لەوی تر بەهێزترو شیاوتربێت بۆ گەڕانەوە، دیۆنیسیۆس دەبێتە دادوەریان، بەهۆی ئەمەشەوە مەبەستە سەرکییەکەی کە بۆی هاتبوو لەبیری دەچێتەوە، بۆیە بەڵێندەدات براوەیان بگەڕێنێتەوە بۆ ئەسینا، چەند کارێکی هونەری و شیعریان دەخاتەبەردەم، دواتر حەیران دەبێت لە هەڵبژاردنی یەکێکیان، بەڵام دواجار ئەسخیلۆس هەڵدەبژێرێت، لەگەڵ ئەوەی هاتوە بۆ گەڕانەوەی یۆریپیدس"[٣] کەواتە لێرەشدا ئەو پێوەرانەی کەلەشیعری کۆندا ئەو پێوەرە ئاینیانە بۆ شیعری دانابوو ئەسخیلۆس جێبەجێکرد بۆیە لەگەڵ بەرهەمی یۆرپیدسی دەدات بۆ گەڕانەوەی ، بەڵام ئەسخیلۆسی هەڵبژاردووە، چونکە لەدەرووندا هێزە ئاینەکەی پاڵنەر بوو بۆ گەراندنەوەی ئەسخیلۆس .

"دیالۆگی جۆرجیاس و فایدروس، بنچینەی زمان، وەك لە دیالۆگی کراتولوس، فێرکردنی سۆفستاییەکان، وەك لە دیالۆگی بروتاکۆریاس، لێکدانەوەی جیاواز بۆ شیعر، وەك لە دیالۆگی ئەیۆندا" [٤]، جگەلەمانەش لە کۆمارو یاساکاندا باسی لە رێڕەوی ئایدۆلۆژی و مەسەلە گشتیەکان کردوە.

---

[١] ٥٢٥ ق.م ،٤٥٦ ق .م ناسراو بە باوکی تراژیدیای یۆنانی لە(٤٨٤) وەك باشترین شانۆش ناسێنراو خەڵاتی یەکەمی لە شانۆگەری تراژیدیsupplices بەدەستهێناوە. تێیدا داوای سنوری بابەتیەتی و پەیوەستبوون بە داب ونەریتەکانەوە دەکات، لەسەر خواوەندەکان و پاڵەوانەکان دەنوسێت، لەزمانی رۆژئاوە دەچێت بۆ زمانی باڵا.

[٢] لە ٤٨٥- ٤٠٦ ژیاوە، یەکێکە لە شاعیرە تراژیدیە بەرزەکان، کاریگەرە بە فەیلەسوفەکان و بەتایبەتی سقرات، ئەوەش لەسەر بیروبۆچونی راشکاوی و بەجورئەتانە لە سەر ئاین و خواوەندەکان، پێیوایە لەسەر شاعیرە بابەتە رۆژانەییەکان و زمانەکەی بەکاربهێنێت ، ئەو کارەی کە ئەسخیلۆس داوای لێکرد خۆی لە شیعر رزگاربکات.

[٣] د.لوقمان رووف ، رەخنەی ئەدەبی ،چ١، ل٦٢.

[٤] أحمد فؤاد الاهوانی، افلاطون، نوابغ الفكر الغربي، دار المعارف، الطبعة الرابعة،القاهرة، ٢٠١٢،ص٧٤.

ئەفلاتون " لەمەسەلەی ژندا کەوتۆتە ژێر کاریگەری پێوەر کۆمەلایەتیەکانەوە ، هەولێدەدا لاوەکان فێری هونەری گوزارشتکردن لە ،دەروونیان بن، لە دیالۆگە فەلسەفیەکانیشدا شێوازی نواندنی بەکارهێناوەو رێگە بە دەربڕینی رای بەرامبەرو هەستەکان، کە لەوکاتەدا شیاعەباوبوون دەدات، بۆنمونە هێرش دەکاتە سەر کەسایەتی ژنان، کە لەسەر شانۆکاندا لەشێوەی سۆزانی و ئاژاوەگێرو خیانەتبار......تاد دەردەکەون" [1].

جگەلەمەش بۆ شاعیرەکانیش هەمان پێوەری بەکارهێناوە چونکە پێیوابوو " شاعیرەکان دەزانن چۆن یاری بە هەستە لاوازەکانی خەڵکی نەزان و ناڕۆشنبیر بکەن، لەهەمانکاتیشدا لەناو خۆشیاندا بێعەقڵی و چێژی ناردوست و لادان لە یاساکانیان پەروەردەکردوە، پێیوایە نە لە شیعری هۆمیرۆس و هیسیۆدۆس و نە هی شاعیرێکی تردا، بنەمایەك بەدیناکرێت بۆ بەرنامەی فیرکردن بشێت، دژی ئەو بوچوونەشە کە هۆمیرۆس لەهەموو ڕوانگەیەکی ژیانەوە، مامۆستای مرۆڤایەتی خاوەنی مەعریفەی مرۆیی و خواوەندی و رابەریی مرۆڤایەتی بێت" [2]، ئەمەش بیروبۆچوونێکی کۆنەو بەکەڵکی سەردەمی ئەفلاتون نایەت.

لەبارەی شاعیرەوە دەڵێت: " ناتوانین پشت بە وتەو دەربڕینی شاعیران ببەستین، هەندێك جار شاعیران بۆچوونی دروست دەردەبڕن، ئەوە سەرچاوەکەی ئیلهامی پیرۆزە، نەك شاعیرەکە خۆی، دەبێت بەوردی ئەمە بپشکنرێن، ئەگەر راستیشی سەلمێنرا، ئەوا ناتوانرێت وەك (بديل) ئەڵتەرناتیڤی مەعریفی و عەقڵی وەربگیرێت، شاعیران بەهۆی شێتی سۆزیان و لاوازی ئاکاریان ، ناتوانرێت بکرێن بەڕابەری مرۆڤی عاقڵ، شاعیر هەست بەوەناکەن کە دەیڵێن، هەروەك چۆن قسەکانیان پڕە لە ئاڵۆزی و دژی، هەربەم شێوەش شاعیران ناتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن" [3] ئەوانەش کە دەکەونە ژێر کاریگەری " شێتی شاعیران، بەشداریدەکەن لە ئیلهامە ناعەقڵیەکاندا، ئەوا لێکدانەوەکانیان دورن لە هەر بنەمایەکی عەقڵی و هوشیاری و خاڵیە لە هونەرو مەعریفە" [4] ، کەواتە ئەفلاتوون پێوەر ئاینەکانی رەچاوکردووەو شاعیران نەیانتوانیوە ئەم پێوەرانە پەیرەو بکەن بۆیە بەم شێوازە هەڵسەنگاندنی کردوە وبۆیە دەڵێت :"شاعیرەکان لە شیعرەکانیاندا وێنەی خواوەندو پاڵەوانەکان لە شێوەیەکی نەشیاودا دەکێشن، و کاریگەرییان لەسەر ئاکاری مرۆڤ دەبێت،

---

[1] أحمد فؤاد الاهواني، افلاطون، نوابغ الفكر الغربي، دار المعارف، الطبعة الرابعة،القاهرة، ٢٠١٢،ل٧٦.
[2] عبدالحسين زرين كوب، آشنايى بانقد أدبى ، انتشارات سخن، ١٣٨٨،ص١١٣.
[3] هەرئەو سەرچاوەیە ،ل١١٦.
[4] هەرئەو سەرچاوەیە، ل١١٦.

چونکە دەبێت وێنەیان لە شێوەی کەسێکی راستگۆ و دڵسۆزدا بکێشن، لەبەرئەوەی بەدەر لەمە کاریگەری لەسەرکیانی کۆمەڵایەتی باڵا هەیە"[1]

## ج- پێوەری ئاینی:

هەربەهۆی لادانی شاعیرەکان ،لە " پێوەرە ئاینەکانی ئەفلاتون شاعیرانی بە شێت دادەنا، چونکە شیعر لە هەموو راستییەکەوە دوورە و بەرهەمی بەشی خوارەوەی دەروونە" [2] هەروەها هۆمیرۆسی وە دەرنا چونکە دەڵێت :- (داستانی ئۆدیسیۆس پڕ لە درۆ و ئەفسانەیە). [3] ئەفلاتون شیعری داستانی و درامی بە هەموو شێوەکانییەوە رەتدەکاتەوە، واتە رەتکردنەوەی کارەکانی هۆمیرۆس و ئەسخیلۆس،چونکە شاعیران نەیانتوانیوە بابەتی پێوەرە ئاینەکان بکەنە بنەماو پێوەری شیعریان کردوتە ڕێڕەوی کاریان بەمەبەست ڕووبەڕووی رەخنەی ئەفلاتون بونەتەوە" بەمانایەکی تر ئەفلاتون شاعیر هەڵدەسەنگێنێت نەك بەرهەم ، بۆیە شاعیر دەبێت ، وەك مرۆڤ پەیامدار بێت لەگەڵ ئاینەکەی رێزلە پێوەرەکانی بگرێت ، بۆیە ئەم بۆچوون و پێوەرانەی هەڵبژارد" [4].

## د ـ پێوەری نرخاندن :

مەبەست لەو پێوەرەیە ، کە لەئەنجامی کاریگەربوون وبەها کۆمەڵایەتیەکان، نرخاندن بۆ دەقی شیعری دەکات ، بۆیە ئەفلاتون دەپرسێت :شیعر سودی چییە؟ ئایا شیعر زانستیە کە بۆ ڕێز و تەواوکاری مرۆڤ بەکاربهێنرێت یان نا؟ لەوە دەکۆڵێتەوە کە ئایا شاعیر دەتوانێت ئامۆژگاری و ڕێنمایی و فەزیلەت پیادەبکات، یان دەبێتە هۆی گومڕاکردن؟ دواتریش لەوە دەکۆڵێتەوە کە ئایا شاعیر مەترسی گەورەی لەسەر کۆمەڵگە هەیە ؟ تا دور بخرێتەوە یان نیعمەتێکی بە بەهایە، کە پێیان شادمان بین ، ئەم مەسەلەیە لەرووی ئاکار و سیاسەتەوە گرنگە ، ئەفلاتون بەهۆی بوونی بەڵگەوە، دژی شیعر و شاعیران فتوادەدات، بۆیە لە کتێبی کۆماردا لەپێناو هێنانەدی دادپەروەری، کۆمەڵگەکەی خەیاڵی نمونەیی دادەنێت و لەسەر شاعیران پەیوەستدەکات کە کار و ڕۆڵی شیعر و شاعیر لەسەر کاریگەری پەروەردە و ئاکار دیاریبکەن، بۆیە لە کۆتایی کتێبی دووەمی کۆماردا دەڵێت" منداڵان

---

(١) د.عبدالحسين فرزاد،درباره نقد أدبی ، نشر قطرة، تهران،١٣٧٨، ل١٤١.

(٢) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٤١.

(٣) هەرئەو سەرچاوەیە,ل١٤٢.

(٤) د.قصي الحسين، النقد الادبي عند العرب واليونان، المؤسسه الحديثة للكتاب،طرابلس،لبنان،٢٠٠٣،ل٢٦.

ئایندەی ئەم وڵاتەن، نابێت بە بیستنی چیرۆك و ئەفسانە گومڕا بکرێن، بۆیە ئەوەی بەڕێوە بردنی کۆمەڵگەی لە ئەستۆیە، دەبێت چاودێری چیرۆك و داستانی شاعیران بکات"[1] کەواتە لەئەنجامی هەڵسەنگاندن و نرخ بۆدانان لە ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکەوە ، نەك لە نزیك عەقڵیەوە بەمانای شیعر و دیاردەکان بڕیار لەسەر خراپی و بایەخی شیعر دەدات.

**هـ - پێوەری لاساییکردنەوە:**

بۆ یەکەم جار لە بەرهەمی ئەفلاتوندا، " چەمکی لاساییکردنەوە وەك رەگەزێکی گرنگی هەموو هونەرەکان دەرکەوت، ئەفلاتون خۆی دان بە بوونی ئەم چەمکەدا دەنێت کە لە پێش خۆیەوە هەبووە لە تێڕامانە فەلسەفییەکاندا .. تاد" . [2] و دەڵێت "هەموو ئەو شتانەی کە لە گەردوندا هەن و هاتونەتە بوون، لەرێگەی سروشتی و لەخۆوە بووەو هونەریش بەپێی کات لەم دروستکراوانەوە وێنەیەکی جزئی لە راستی وەرگرتووەو هەمووشیان لەروی کرۆکەوە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بەمەش هونەرمەند واقیع بەرهەمناهێنێت، بەڵکو ڕوخسارەکان بەرهەمدێنێت" [3]. واتە لاسایی شتەکانی دەوروبەردەکاتەوە ، ئەدەبیش بەهەمان شێواز و پێوەریە.

ئەفلاتون پێیوایە "شیعر ئیلهامە، شاعیر لە عەقڵەوە بەرهەمی ناهێنێت، بەڵکو سەرچاوەکەی خواوەندی پەتییە، فەیلەسوف لە پلەی یەکەمدایەو شاعیر لەگەل هونەرمەندان لە پلەی شەشەمدان" [4].

" چەمکی ئیلهام لای ئەفلاتون پەیوەستدەبێتەوە بە لاساییکردنەوەوە، چونکە ئیلهام هۆکارێکی ترە کەبڕیار لەسەر سروشتی مرۆڤ دەدات" [5]، ئەفلاتون پێیوایە" دوو جۆر شێتی هەیە، یەکێکیان ئەنجامی لاوازی مرۆییە، دووەمیان نەخۆشییەکی پیرۆزە، دەرون لە داب و نەریت رزگار دەکات، نمونەش بۆ دووەمیان کاهن و شاعیرو عاشق دەهێنێتەوە[6] .

---

[1] افلاتون :جمهور، کتاب دوم،سعد الظلام، ت: د. رضا کادیانی، ابن سینا ، طهران، ۱۳۵۳.ص۲۰۷ .

[2] هەرئەو سەرچاوەیە،ل۲۰۹.

[3] د . لوقمان رەئوف، رەخنەی ئەدەبی ، ل٧٦.

[4] د.محمـد غنیمی هلال، النقد الادبي الحدیث، دار النهضة، مصر، القاهره،۱۹۹۹ ، ص۲۸

[5] د.حسین زرین کوب، آشنایي ب نقد أدبي، ص۲۹۳.

[6] هەرئەو سەرچاوەیە، ل۲۹٥.

کەواتە دوبارە وا سەیری شاعیردەکات کە گوێزرەوەی شتەکانە، ئیدی ئەوشتانەی لە ئاین ، یان سروشت و دەوروبەرن ، بۆیە رۆڵێکی لێك تێدەگەیشتن دەبەخشێتە شاعیر و تەنیا توانێوێتی ئەم پێوەر بەکار بهێنێت و ببێتە ناسنامەی شاعیر.

لەبەر ئەوەی " ئەرستۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی شیعر دوو هۆکاری سروشتی هەیە ، یەکێکیان غەریزەی لاساییکردنەوە (Mimysis ) و ئەوی تریان پەیوەندی سروشتی مرۆڤە بە کێش و قافیە (Rythmus) لەم بارەیەوە دەڵێت لاساییکردنەوە لەو غەریزانەیە، کە لەمنداڵیدا لەمرۆڤدا لەلوتکەی دەسەڵاتدایە ، ئەوەی مایەی جیاکردنەوەی مرۆڤە لە ئاژەڵ ئەوەیە، کە مرۆڤ زیاتر لە هەموان لاسایی دەقاودەق(التقليد الاعمى ) . لەدایکبوونێکی مردووە ، نابێت وەکو خۆی بێت.سروشت سەرچاوەی لاساییکردنەوەیە بۆ شاعیر، چونکە کارتێکردنی زیاترە لە هۆکارەکانی تر " [1] شاعیر وەك هونەرمەند کاری لاساییکردنەوە و لێکچوونە و لەسەری پێویستە کە شتەکان لەسەر یەکێ لەم سێ رووە لاسایی بکاتەوە : واتا ئەمە سێ جیهانەکەی ئەفلاتونە،

( ١ - یان ئەوەی کە بووە و هەیە ، ٢ - یان ئەوەی کە دەوترێ و دەبینرێت،٣ - یان ئەوەی کە دەبێت ببێت، ئەم لاساییکردنەوەش دەبێت بە زمان بخرێتەڕوو، لەم حاڵەتەشدا خواستن و خوازە(المجاز والاستعارة) بەکاردەهێنرێت )لە ڕاستیدا گەورەیی شاعیر لەوەدایە، کە بتوانێت لەم لاسایی و چاولێگەرییەدا توانا و کارامەیی(مهارة) خۆی بخاتەڕوو. واتە کارامەیی : بریتیە لەبەدەستهێنانی میکانیزمیەت(الالية)، هەرکارێکی مادی یان هزری بێت لەئەنجامی چەند بارەکردنەوەیە.

ئەرستۆ پێیوایە " لاساییکردنەوە کرۆکی شیعرە، چونکە تراژیدیا لاساییکردنەوەوەیە" [2] ئەمەش " لای ئەفلاتون راستییەکی نەگۆڕە، بەڵام ئەرستۆش وەك پرەنسیپ ئەمەی پشتڕاستکردوەتەوە، چونکە هەموو هونەرو مۆسیقاو.....تاد، لەراستیدا وێنەیەکی جیاوازی لاساییکردنەوەیە" [3] "ئەو کەسایەتی و روداو هەڵوێستانەی کە وێنەدەگیرێن، وا لەبینەر بکەن، کە وەك واقیع وان" [4]، بۆیە" شاعیر لاساییدەکاتەوە وەك ئەوەی هەیە، یان دیەوێت

---

[1] ارسطوطاليس ، فن الشعر، ت: ابى بشرمتى بن يونس القنائي ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٣ ، ص٣٠.

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ،ص٣٤.

[3] د.شاكر عبدالحميد، التفضيل الجمالي، عالم المعرفه،ع ٢٦٧، ٢٠٠١،ص ٢٣.

[4] د.عباس أرحلية، الاثر الارسطي في النقد والبلاغة العربيين، مطبعة النجاح الجديدة، دار البيضاء، ط١، ١٩٩٠، ص١٦٦.

ببێت، یان دەشێت ببێت، واتە شاعیر وێنەی رابردو، یان رانەبردوو یان نمونە یان وێنای ئەوانی تر بۆ ئێستا، یان رابردو دەخاتە ڕوو" .[١]

کەواتە شاعیر یەکەم هۆکاری شیعر نوسینی لاساییکردنەوەیە ، دواتر کارامەیی خۆ و رەنگدانەوەی ئەم کارامەییەی توانیویەێتی لەچوارچێوەی لاساییکردنەوەکەدا بە وشە دەبێت و پشت بە تریەوئاوازدەبەستێ وەکو لەنێو شیعردا بەدی دەکرێت، کەواتە " شاعیر لای ئەرستۆ لە قۆناغی یەکەمدا ، هۆکار و کار هەیە بۆیە پەرچەکردار دروست دەبێت ، ئەمەش شتێکی سروشتیە لای ئەرستۆ ، بەڵام دەبێت شاعیر لەوە گەورەتر بێت کەتەنها کاری گوێزانەوە بێت لای ئەفلاتون هەیە، کەواتە ئەرستۆ بەرهەمی لە شاعیرەکە بەلاوە گرنگترە لە بەرهەمەوە شاعیر هەڵدەسەنگێنێت" [٢].

## ز - پێوەری عەقڵی :

" مرۆڤ دەتوانێت ژیانێکی خۆش بەسەربەرێت، بەبێ ئەوەی فەلسەفی بێت، بەڵام خاوەن ئاکارێکی باش و حیکمەتێکی کارەکی بێت" [٣] . بە هەمان شێوە فەلسەفەش بریتییە لە ڕێکخستنی یاساکانی ژیانی مرۆڤایەتی ، مرۆڤ بە شێوەی ئاسۆیی و لۆژیکیانە بیری دەکردەوە، پێیوابوو هیچ شتێك لەدەرەوەی یاساو ڕێساوە نییە، بۆیە پێویستە لەپێناو یاساو ڕێساو ڕەخنەو ناسینی بەرهەمی شاعیران، پێوەریەك دیاریبکرێت، هەروەها "یەکەم کەس بوو بەرهەمی هێزی چێژو عەقڵی مرۆڤی وەك بەرهەمی سروشت، خستە ژێر یاسای گشتیەوەو بەرهەمی پیۆتیکاو ریۆتیکای لەبارەی شیعرو گوتارو ڕەخنەوە بەرهەمهێنا".[٤]

بەمانایەکی تر ئەرستۆ عەقڵی کردبووە پێوەری سەرەکی بڕیاردان لەسەر دەقی شیعری لە ڕوانگەی جۆرایەتی شیعرەکەوە.

## ح - پێوەری تیۆری و پۆلێنکردنی :

ئەرستۆ لە کتێبی "( هونەری شیعر)دا لەبەر ئەوەی بریتیە لە نوسینی تیۆری لەسەر ئەدەب ، واتە هونەری شیعر لێکۆڵینەوەیە لە جۆرەکانی ئەدەب و شیعر" [٥] . ئەمەش هەمان ئەو پۆلێنکردنەیە کە ئەفلاتون لە دیالۆگەکانیاندا باسیکردون، بەڵام ئەرستۆ بەرێگەیەکی

---

[١] د.عباس أرحلية، الاثر الارسطي في النقد والبلاغة العربيين، مطبعة النجاح الجديدة، دار البيضاء، ط١، ١٩٩٠، ل١٦٧.
[٢] أرسطو طاليس، فن الشعر، ص٦٨.
[٣] د. محمد صقر خفاجه ،تاريخ ادب اليوناني و الاغريقي،ص١٢٢
[٤] د .عبدالرحمن البدوى ، ارسطوطاليس ، فن الشعر، ١٤٢٣ـ ص٤٥
[٥] هەرئەو سەرچاوەیە ، ل٣٨.

جیاواز له مامۆستاکەی لێیدواون، سێ بەشی یەکەمی تایبەتکردوە بە لاساییکردنەوەوە چوارەم و پێنجەمیش تایبەتە بەبنچینەی هونەری شیعرو گەشەکردنی و باسکردن لەجیاوازی نێوان جۆری شیعرە، هەروەها بەشی شەشەمیش باسکردنە لە بابەتی وتار ، کە تراژیدیایە، هەر لە سروشتی تراژیدیاو ئەو بەشانەی کە لێی پێکهاتون، لەوانە چنین،چیرۆك، کەسایەتی، زمان،بیر، دیمەن، ئاوازو گۆرانی. لەبەشی حەوتەمدا زمانی شیعر بەلای (ئەرستۆ) وە هەمان زمانی ئاخاوتنی خەڵکی نیە، بەڵکو شاعیر دەبێت خاوەنی زمانێکی تایبەت بێت و زمانەکەی روون بێت ، نابێت زمانەکەی زۆر نامۆ و داخراوبێت، هەروەها شاعیر نابێت بەزمانی خۆی بدوێ ، چونکە ئەگەر وایکرد نابێتە لاساییکەرەوەی کەسانی تر،کەواتە خودی شاعیر لە هۆنراوە نوسیندا دەبێت فەرامۆش بکرێت. هەروەها لەبەشی هەشتەمدا باس لە یەکیەتی و یەك پارچەیی چیرۆك دەکات، لەبەشی نۆیەمدا جیاوازی لەنێوان شیعرو مێژوو دەکات،و شیعر بە فەلسەفی ترو سەرەنجڕاکێشتر لە مێژوو دەزانێت، دواتر باس لە چیرۆکی سادەو لێکدراو دەکات. هەرلەبەر ئەمەشە کە ئەرستۆ لەم کتێبەدا بەشێوەوەیەکی تیۆری باسی لە ئەدەب کردووە.

ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)دا بەتەنیا باسی لە بەرهەمی یەك شاعیر نەکردوە ، بەڵکو هەربەشە و باس لە شاعیرێك، یان بابەتێك دەکات .

لە کتێبی (هونەری گوتار) دا باسی لەهەندێك مەسەلەی تایبەت بەڕەخنە کردوە، لەم کتێبەدا یاسا و بنچینەی هونەری گوتاری داناوە و لە بابەتی ڕەوانبێژیدا، کارێکی وردی لەسەر کردوەو هەوڵیداوە هونەرەکان لە سروشت و دەوروبەری سروشتی مرۆڤەوە هەڵێنجێنێت.

## ت - پێوەری دەروونی :

ئەرستۆ لە هونەری شیعرەکەیدا یەکەم کەس بووە کە گرنگی بە فەلسەفە و دەروونی و چەمکی ئیستاتیکا لە وەرگرتنی دەقدا داوە، ئەرستۆ لەرووی سایکۆلۆژیەوە زۆر لە شیعر ورد بووەتەوە، هەر لەبەر ئەمەش دژی بۆچوونی مامۆستاکەی وەستایەوەو پێیوایە : " شاعیر گۆڕانی سایکۆلۆژی رۆڵێکی گرنگی هەیە، چونکە دەتوانێت نوێکردنەوەوەو گۆڕانکاری لە خوێنەردا دروستبکات، پاککردنەوە سیمای یەکەمی خوێنەرەو وەك بالکۆنێکە لەرێگەی کرانەوەو دەروون فراوانییەوە ئارامی دەبەخشێت. کرۆکی پاککردنەوە، گەیشتنە

به کۆنترۆڵکردنی تەواوی ترس، هەرچی کرۆکی پرۆسەی وەرگرتنە، لەخۆگری بەشداری کارای خوێنەرە" .[1]

بوونی شیعر بەکارەکی و ئیستاتیکی لەرێگەی خوێنەرەوە تەواودەبێت، چونکە خوێنەر رۆحێکی تری شیعرە، ئەگەر خوێنەریش نەبێت، شیعر لە هیچ کات و شوێنێکدا کۆچ ناکات.خوێنەر لای ئەرستۆ کەسێکی خاوەن کەسیەتی کارایە، بەڵام لای ئەفلاتون، کەسیکی لاوازو کەم ئەزمونە، چ وەك ئیستاتیکا چ وەك مەعریفە.

هۆکاری لەدایکبووونی شیعر لەبەردوو هۆکارە:

**یەکەم: مرۆڤ بەسروشتی حاڵ حەزی لە لاساییکردنەوەیە.**

**دووەم: مرۆڤایەتی بەهرەیەکە لە هەستکردن بە ریتم وئاواز [2]**

ئەرستۆ پێوایە جیاوازییە شاراوەکانی کەسایەتی مرۆڤ، رێڕەوی ئەم دووجۆرە شیعرە دیاریدەکەن، عەقڵە جدییەکان، لاسایی کارە باڵاکانی پیاوە باڵاکان دەکەنەوە، وەك شیعری داستانی و تراژیدیا، بەڵام عەقڵە خراپەکان، لاسایی رووداوی نزم دەکەنەوە، وەك شیعری کۆمیدیا.

ئامانجیشی پاکردنەوەی دەروونە، لەرێگە ترس و بەزەییەوە، کەواتە لای ئەرستۆ شیعر ئامانجێکی دیاریکراوی سەرەکی هەیە کە کاریگەری لەسەر دەروون، ئەم روانینەی ئەرستۆش لەپێناوی ئەوەدا کەسی باش و بەسوود بۆکۆمەڵگە بەرهەم بێنێت، دەیەوێت مرۆڤەکان لەڕێگەی شیعرەوە گرفتە ،دەروونیەکان بڕەوێنیتەوە، چوونکە دەروون هەستێکی بەهێزی شاراوەیە، لە هەمان کاتدا شیعر جۆرە یۆگایەکی ڕوحییە بۆ مرۆڤ.

## دووەم : ڕەخنەی رۆمـــانـــی

### ١- پێوەری وشە:

مەبەست لە پێوەری وشە ئەوەیە کە هونەرەکانی رەوانبێژی بکرێنە بنەما بۆ پێوەرە ڕەخنەییەکان و لەو سۆنگەیەوە دەقی ئەدەبی پێ هەڵسەنگێنرێت، لەم نامەیەدا سیسرۆ ئەوە دەخاتەڕوو، کە ڕەوانبێژی بەهرەیەکە، بەدەستهێنراو و داماڵراو نییە لە وشە چونکە رەوانبێژی لە سەر بناغەی وشە و جوانکاری ئەنجام دەدرێت لەبەرامبەر ئەمەدا ناتوانرێت

[1] د.شاکر عبدالحمید،التفضیل الجمالی ،عالم المعرفة، ع ٢٦٧، ٢٩ مارس، ٢٠٠١، کویت، ص٢٠.

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٢.

بەهۆی هونەری گوتارەوە فێربین ، ئەگەر کەسێك بەهرەمەند بێت لەم بەهرە سروشتییە خۆڕسکییە، بە ڕاهێنان و پڕاکتیزەکردن لە هونەری گوتاردا، دەتوانێت لە ڕەوانبێژیدا شتێکی باش بەدەستبهێنێت و بوو بە لوتکەی سەدەکان .

سیسرۆ دەڵێت"ئامانجی وتاربێژ زیاتر وروژاندنە، بەڵام حەکیم و فەیلەسوف جگە لە بڕواپێهێنان، هیچی تر نییە، بۆیە هەریەکە لە زانست و وتار، خاوەن شێوازی خستنەڕووی تایبەت بە خۆیانن ، سیسرۆ کورتەیەکی لەسەر هەریەکەیان باسکردوە" .[1]

کەواتە سیسرۆ پێیوایە نوسەر دەبێت بەهرەی کۆمەڵایەتی هەبێت تاکو بتوانێت بنەماکانی ئەدەبەکەی بەرجەستە بکات ، واتە توانستی زمانی و هەڵبژاردنی وشەی بەهێز بێت ، لێرەوە مانا و روئیای گرنگ دەداتە کۆمەڵگە.

## ٢ - پێوەری کۆمەڵایەتی :

دەربارەی هێزی شاعیر، ڕای سیسرۆ لە ڕای سۆکرات و ئەفلاتون دەچێت، چونکە بەمەسەلەی ئیلهامی شیعر ڕازیە، لەم بارەوە دەڵێت: " وەك ئەوەی لە بازرگان و زانایان بیستومە، تەواوی هونەرەکان لە ڕێگەی فێربوون و خوێندنەوە و ڕاهێنانەوە دەتوانرێت فێرببین، بەڵام شاعیر هەموو شتێکی خۆی وەرگیراوی فیترەت و سروشت و زەوق و گەشەی خۆیەتی، کە مایەی تایبەتمەندی ئەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هێزی گیانی و ڕەبانی ئەوە کە ئیلهام بەو دەبەخشێت " [2]، کەواتە هەڵسەنگاندنی شاعیر لای سیسرۆ لەژێر کاریگەری پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکانە یان کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئاخێوەرانی دی بڕیار لەسەر شیعری شاعیر دەدەن، بۆیە پێوەری کۆمەلایەتی بەکارهێناوە.

هۆراس بە سەرەتایەکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی دادەنرێت، ئەوەی سیسرۆ لە وتاردا کردی، هۆراس لە شیعردا کردی، هۆراس نمونەی هونەری کلاسیکی گێڕایەوە بۆ بیری خەڵکی، بەوەی لاسایی شیعری کۆن بکەنەوە، بەیەکێك لە شاعیرە کۆنەکان دادەنرێت، کە کاریگەرییێکی زۆری لەسەر گەشەی بیری ڕەخنەگرە رۆمانییەکان هەبووە، لەمەشدا دەسکەوتێکی گرنگی بەدەستهێناوەو بە نەمری لە نەوەکانی دواتر ماوەتەوە.

"هۆراس لە نامەیەکی شیعری تردا (Epistula 11 ، ٢) لەگەڵ ( جولیوس فلورس ad jubium florum) بە ئاوازێکی گاڵتەئامێز، قسە لەسەر شاعیرانی کەم مایە دەکات، واتە

[1] د.عبدالحسين زرين كوب، اشناي بانقد ادبي,ص٢٥٠.

[2] د.عبدالمعطي الشعراوي, النقد الادبي عند الاغريق و الرومان,ص٩٨.

باس لەو شاعیرانە دەکات، کە خۆیان بەگەورە دەزانن و لەم بارەوە دەڵێت " شاعیرانێك کە شیعری خراپ دەنوسن و دڵیان بەوە خۆشە، کە شتێك دەنوسن و خۆیان بە نوسەر دەزانن، تەنانەت خۆیان بە گەورە و بەڕێز دەزانن، دڵیان بەوە دەحەوێتەوە، کە بەرهەم و ئەنجامی بیری خۆیان، لە هی خەڵکی تر بەرز ڕادەگرن "[1].

لێرەوە پێوەری کۆمەلایەتی دەکاتە بنەمای هەڵسەنگاندن ، چونکە ئەم هەڵسوکەوتە لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە لەناو گەلی رۆمانیا نەنگی بوو، بۆیە بەهەمان پێوەر قسەی لەسەر کردەی شاعیرێتی شاعیرەکان کردوە نەك بەرهەمەکانیان لەئەنجامی زیادە ڕەویی شاعیر لە هەڵسوکەوت و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان ، باشتر بوو نوسەرێکی بێ هونەر بوومایە و عەیبەی کاری خۆم نەدیتایەو وەك ئەوان بوومایە، تاوەکو لە تێگەیشتن و مێژوی دروست سودمەندبم، وخۆم بگەیەنمە پلەی نوسەری زەبوون،بۆیە" پەیامێکی مانایی و گاڵتە ئامێز نانوسێت ، بەڵکو سەرقاڵی ئەوەیە گاڵتە بە شاعیر و نوسەرانی بێ هونەر بکات [2] ، لەبەرئەمەش بیروباوەڕی بەسەر سێ خاڵدا دابەشدەکرێت :"

١- شیعر هونەرێکی پاك و جدیە، نەك هۆکاری خۆشی بێت لە کۆبوونەوەکاندا .

٢- بەهەمان هۆکاریش شیعر هونەرێکی گرفتدارەو توانست و لێهاتوی تێدایە و بە ئاسانی بەدەستنایات .

٣- کەسێك بیەوێت سەرقاڵی شیعربێت ، تاکە ڕێگەی دروست، شوێنکەوتنی لاساییکردنەوەی یۆنانییە کۆنەکانە" [3] .

کەواتە هۆراس بڕوای " بە عەقڵ بەکار نەهێنانی شاعیرەکان هەیەو پێیوایە سەرقاڵی لاساییکردنەوەیەکی چاولێکەرین بۆیە پەیوەستیان دەکات بەوەی کە دەبێت عەقڵ بکەنە بنەمایەك بۆ شیعرەکانیان . ئەو وشانە لەخۆی دوربخاتەوە، کەجوانیان نییە، هەتا ئەگەر لە زماندا ناوداربن و بەزەحمەت خۆتیان لێ رزگار بکەیت" [4]، هەروەها خۆی لەو دەستەواژە جوانانە بەدوربگرێت، کە نوسەرە گەورەکانی پێشو بەکاریانهێناوە.

---

[1] د.سیروس شمیسا, نقد ادبی انتشارات فردوس، چاپ چهارم،تهران، ١٣٨٣،ص٣١.

[2] د . عبدالحسین زرین کوب، اشنایی بانقد ادبی، انتشارات سخن ، طهران،١٣٨٨، ص ٢٥٧.

[3] هەرئەو سەرچاوەیە، ٢٥٧.

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ،، ل ٢٥٩.

کەواتە شاعیر لەسەرەتادا شیعری بەهۆکاری  جوانی زانیوە، بەڵام دوواتـر بـەهۆی نـەتوانین ڕازی کردنی خەڵکی بەگشتی ، ڕای گۆڕیوە و حەزی لە نوسینی شیعر نەماوە، بەمانایەکی تـر پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاربووە بۆ دورکەوتنەوە لەو شیعرەکە خۆی حەزی لێبووە.
هـەر بۆیـە شـاعیری ناچـارکردووە پەیوەسـت بێـت بەمەرجـە کۆمەڵایەتیەکانـەوە ، دەبێـت "زمانی شاعیر  ساف و بێگرێ بێت، وەك دەرچوونی ئاو لە ناو سـەرچاوەدا، بۆئـەوەی زمـانی لاتینـی راسـتبکاتەوە، و شـێوازو وشـەی رازاوەی زیـاد لـە پێویسـت بـەکاربهێنێت، و خـۆی دوربخاتەوە لە وشەی توندو ئەوانەی هێز کەمدەکەنەوە، لەوانەشە ئەمە ئاسـان بێـت، بـەڵام بۆ شاعیر کارێکی گرانە، دووبـارە داوای لێبـوردن لـە نوسـینی شـیعر دەکاتـەوە، ئەمـەش بـۆ شاعیرانی نوێ بەجێدەهێڵیت، و بەرەو فەلسەفەی شیعر دەڕوات"[1].
هۆراس لە هونەری شیعردا، " تەنیـــا ئامۆژگارییـەکی دیـارکراو پێشکەشـناکات، بـەڵام وەك ڕەخنـەگرەکانی پێشـوو، دواتـریش پێبوایـە  ئامادەکـاری سروشـتی لای مـرۆڤ  ئاگـاداری خوێندنــەوەو لێکۆڵینەویــەکی وردو ڕێکخســتنێکی رابــردو بێــت" [2]، بەمــەش هــۆراس وایدەبینێت، سەرکەوتن لە شیعردا بەپلەی یەکەم لەسەر ئامادەباشی سروشتی و توێژینـەوە ، یان بەمانایەکی تر لەنێوان ئیلهام و پیشەدایە.

## سێیەم : پێوەرە رەخنەییەکان : لە کلاسیزمی نوێ دا:

گەشەســەندنی ئــەدەب وبــەردەوامبوونی لەفەرەنســا چــووە قۆنــاغێکی تــر وبەرەوئاراستەیەکی نوێ چـووە، " لەسـەدەی هەڤـدەدا بەتایبـەتی سـەردەمی (فرانسـوا دی مـالیرب(١٥٥٥-١٦٢٨) لەسـەردەمی هنـری چـوارەم مـەلیکی فەرنسـا ،  کـە بەشـاعیری کۆشـك دەناسرا" [3].هەروەها " بەڕابەری قوتابخانەی نـوێی کلاسـیزم نـاودەبرا و دامەزرێنـەری ئـەو قوتابخانەیـە نوێیـە بـووە، نووسـینە تیۆرییـەکانی  بەشـدارییەکی گـەورەی هـەبووە لـە پێداچوونـەوەو دەرهێنـانی دەسـتورەکانی کلاسـیك ، دژی بابەتـە خـودی و هەڵچوونـەکانی کۆمەڵەی (پیلیاد)بووە و بنەمایـەکی عـەقڵی بەخشـیوە بـە شـیعرەکان وپـەنای بـۆ زمـانێکی

[1] د. عبدالحسين زرين كوب، اشنايى بانقد ادبى، انتشارات سخن ، طهران،١٣٨٨،ص٢٦١.
[2] د.حميد رضا شايگان، نقد ادبى ، انتشارات دستان،تهران، ١٣٨٠، ل٢٠٥.
[3] د.جميل نصيف التكريتي ، المذاهب الادبية، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد، ١٩٩٠، ص٥١.

ئۆرستۆكراتی بـردووه، یەكـەم شـاعیری فەرەنسـی بـووه كـە دەقـەكانی وەڵامـدەرەوەی ڕووداوەكانی ژیانی سیاسی ئەو سەردەمەبوو"[1] .

قوتابخانە نوێیە ئەدەبییەكـان لە ئەوروپـا دوای سـەدەكانی ناوەڕاسـت و سـەردەمی ڕابوون (عصر النهضة) هاتە ئاراوە و دوای وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەكانی گریک و ڕۆمان بۆ زمانی لاتینی و داهێنانی چاپ بە درووست كردنی ئـامێری چـاپ لە لایەن گۆتەن بەرگی ئەڵمانییەوە ، ساڵی ١٥٣٤ز ، فەڕەنسا – پاریس ، بووە ڕوگەی ئەدەب و هـونەر و ڕێبازەكـان و قوتابخانەكان : دیدرۆی شارڵ بۆدلێر ئەراتۆڕ رامبۆ ، پۆلڤرلین، سانبیف، بونە پێشـەنگی نـوێ بوونەوە، زیاتر لە شیعردا فەڕەنسا پێشەنگە، لە زۆر بوارەكانی ئەدەب و هونەر و مەعریفەدا " فرانسـوا دی مـالیرب(بەبناغـەی نوێكردنـەوەی شـیعری فەرەنسـی دانـرا كـە بنـەماكانی لەسـەرەتای سـەدەی حەڤـدە و دەركـەوتبوو، هـەروەها زنجیـرەی پێكـەوە گرێـدانی نێـوان دەستەی بلیاد وكلاسیزمی راستەقینەی فەرەنسی بوو"[2] ، زیاتریش " ماوەی نێـوان (١٦٣٠-١٦٦٠) گرنگترین قۆنـاغ بـووە كـە گەشـەكردنی كلاسـیزیی نـوێی پیاتێپـەڕ بـووە، نـەك تـەنیا لەفەرەنسا بەڵكو هەموو ئـەوروپای گرتـەوە" [3]، ئـەو رێبـازە، لەو ماوەیـەدا "وەك رێبـازێكی گونجاو وەڵامدەرەوەی هەموو پرسیارەكان بووە، پەیوەست بووە بەپرنسیپی عەقڵەوە " [4]. لەهەمان كاتیشدا ئـەو بەرهەمانـەیان كـردووە بـە نموونـە كـە گیـانی سـەردەمیان تیـا بـووە، لەگـەڵ سروشـتی سـەدەی حەڤـدەدا گونجـاو بـووە، ئـەویش لـە رێگـەی روونكردنـەوەی بنـەماكانیان كەئەدیبـەكان پـەیرەویان دەكـرد، ئـەم جـۆرە گونجاندنـە دەرچـوون بـووە لـە یاساكانی كلاسیزم، تا كارە ئەدەبیـەكان دەقـاو دەقـی بەرهەمەكۆنـەكانی نـەبێت، بەتایبـەتی لەلایـەن (راسـین و كـۆرنی)ەوە ئەنجامـدەران ، لەگـەڵ ئەوەشـدا نەدەگەیشـتە ئـەوەی كـە دژایەتی بنەماگشتییەكانی ئەو ئەدەبە مەزنە بكەن .

" لەڕووی ڕەخنەییەوە ( ڕەخنەی كلاسیزیمی نوێ ) (new classical) لەسـەدەكانی شـانزەو حەڤدەدا تارادەیەكی زۆر پەیوەست بووە بە جۆرێك لە رووكەشی و نەریتەكان و لە هەموو هونەرێكیشـدا نموونـەی یۆنـانی و رۆمـانی كۆنیـان وەرگرتـووە ڕابـەرانی بزوتنەوەكـەش

---

[1] د.عبدالقادر حمە امین محمد، ئەدەب و رێبازەكـانی ئـەوروپی – كـوردی ، چاپخانـەی پـەیوەنـد، سلێمانی، ٢٠١٢،ل٢٢.

[2]هەر ئەو سەرچاوەیە ،ل٢٣

[3] د. سالم احمد الحمدانی، مژاهب الادب الغربی، وزارة التعلیم العالی والبحث العلمی، جامعه موصل، ١٩٨٩،ص٥٣.

[4] فلیب فان تغیم، المذاهب الادبیة الكبری في فرنسا،ت: فرید انطونیـو، ط٢، منشـورات عویـدات ، بیـروت، ١٩٨٠،ص٤٠.

بەتایبەتی پوالۆ (Boileau) ( 1636-1711) یاسای بەرفراوانی بۆهونەر ڕێکخستووە ولەو بڕوایەشدا بووە کە ئەم یاسایانە بەشێوەیەکی گشتی پەیڕەوی دەکرێن لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای یاساکانی ئەرستۆی فەیلەسوف و هۆراسی شاعیر بوون، بۆیە کلاسیزمی نوێ هاندەرێك نەبووە بۆ تازەگەری ئەزمون لە هونەردا "[١].

سەرەتای دەستپێکی کلاسیزمی نوێ لەئەدەبی جیهانی دا دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانی پوالۆ چونکە کۆمەڵێك بۆچوون و بنەمای خستوتە ڕوو، کە جیاوازییان هەیە لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆی دا، بە گشتی پێوەرکانی پوالۆ (١٦٣٩-١٧١١) بریتین لە :

## ١- پێوەری وشە و مانا :

پوالۆ لە نوسیندا زۆر وردو بەسەلیقە دەینووسی و بڕوای بە وشەکان و ماناکان هەبوو، بۆیە زۆر بە زەحمەت بە وشەکان ڕازی دەبوو ، پوالۆ دەڵێت" ئەگەر چوار وشە بنوسم، سیانیان دەسڕمەوە"[٢].

(پوالۆ هێرشی دەکردە سەر شاعیرە خراپەکانی وەك(شابلان، برادون، سکودیری، کونان) بەوەی دەیانەوێت شکۆی داهێنانی دەقی شیعریی و شانۆیی بەهەر ڕێگەیەك بێت بەدەستیبهێنن)، [٣] بۆیە بنە هاوڕێ ، بنە پیاوانی باوەڕدار تەنیا پێویست نییە پیاو بەسۆزو جادوگەر بێت لە نوسیندا.کەواتە لەگەڵ ئەوەی حسابی بۆ وشەو ماناکان دەکرد، لەهەمان کاتیشدا بڕوای بەوە هەبوو دەبێت مرۆڤ ڕاستگۆ بێت لەگەڵ نوسینەکانیدا وەئەوە بنوسێت کە لۆژیك و نوسەر قبوڵی دەکات، بەمەش پێوەرە ێکی عەقڵی و لەسەر بنەمای ئاکاری ڕۆمانیا کاری لەسەر وشە و مانا کردووە.

## ٢- پێوەری عەقڵ و چێژ :

" ئەم ڕوانینانەی پوالۆ بەشێکە لە ڕوانینەکانی لە کتێبی (هونەری شیعر)ەکەی، جگەلەمەش بیرو ڕوانینی نەستێکی تەندروست (Common Sense)،یان چێژو ڕێزداریی زیندوکردەوە، ئەمەش لەوەوەبوو پوالۆ دەیویست شاعیر بە پێوەری عەقڵ شت بنوسێت، ئەمەش بە ئاسانی لەم ڕوانینانەیدا دەبینرێت:

---

[١] جیروم ستولینتز، النقد الادبی ، دراسە جمالیة وفلسفیة، ، ت: د.فؤاد زکریا، مؤسسة العربیة للدراسات والنشر،بیروت، ط١١، ١٩٨١، ص٦٧١.

[٢] علی درویش، فن الشعر لبوالو، جامعة عین شمس، ١٩٩٨، ص٢١٣.

[٣] هەر ئەو سەرچاوەیە، ص 214.

**هـــــەرچـــــەنــــد نـــــوســــــینــــەکـــــانـــــتان بەرزبن**
**ڕێگە بدە هەستی تەواو (حسی سلیم) بە بەردەوامی ڕێکــت بخات**
**ڕێکخستن دەبێـــــت بـــــــە پــــــێوەری عـــــــەقـــڵ بـــێت**
**کاتێك بەسەر ئەمەدا سەردەکەویت، دەتوانیت توانات بەگەڕبخــەیت**
**لەکاتی کاری بەرزدا، عـــــــــەقـــــــڵ ســـــــەردەکـــــــەوێت**
**ئەگەر وەلای بنێت، کــــــارەکــــــــە ســـــاکار دەبــــــــێت**
**بۆیە عەقڵم خۆش ویست ڕێگە بدە با هەموو شـــــتەکــان بنوسێت**
**چونکە جوانی و هێزو درەوشاوەیی لـــــێــــــدەردەچـــــێـــــت**

بەم ڕوانینەی پوالۆ، کاری سەرکەوتو داهێنەر، دەبێت کار بە پێوەرەکانی عەقڵ بکات و هەست بە حسی تەواو و دروستبکات، لەوەی کە دایهێناوە، ئامۆژگاری داهێنەران دەکات کە عەقڵیان بەشێوە سروشتییەکەی خۆی کاربکات و فشاری لەسەر دروستنەکەن"[1].

ڕزگار بونی ژیری لە کۆت و یاسای کڵێسا بووە مەزهەبێک بە ناوی عەقڵ گەرایی، پوالۆ لە هونەری شیعرەکەی و چامەکەیەوە، کە کاریگەرە بە شیعری فێرکاری، کۆمەڵێك بۆچوونی خستوەتەروو، دەتوانرێت بکرێنە پێوەرێکی جێگیر بۆ ئەدەب، ئەمانەش ڕەچاوی نوسەرانی ڕابردو و عەقڵیان کردوە، ئەم پێوەرانەی پوالۆش زۆر نزیکن لە پێوەرەکانی ئەرستۆوە، کە بۆ نوسەری شانۆ دایانبوون، بەڵام جیاوازی پوالۆ لەگەڵ ڕەخنەگرانی سەردەمی ڕووناکبیری لەوەدابوو، " ئەوان دەیانوت دەبێت نوسەر ڕەچاوی ئەو پێوەرانە بکات، چونکە پێشینان کردویانە، بەڵام پوالۆ دەیوت ڕەچاویبکەن، چونکە حسی تەواوە(سەلیمە)و عەقڵ داوای دەکات، ئەوان داوای شوێنکەوتنی پێشینانیان دەکردو ڕێگەیان بە ڕێژەیەك لە ئازادی شاعیر دەدا، بەڵام پوالۆ دەیوت شوێنی کۆنەکان بکەون، چونکە شوێنی یاسای چێژی تەواو و سەلیم کەوتون، بەمەش ئەوە دەردەکەوێت، ڕەخنەگرانی سەردەمی ڕوناکبیری، جۆرێك لە ئازادیان بە شاعیر بەخشیوە، بەڵام پوالۆ ئەمەی نەکردوە"[2].

کەواتە ئەدەبی پوالۆ دەکرێت بە سێ قۆناغەوە :-

١ - پوالۆ لەپێناوی بەدەستهێنانی نوسینی بەرز و ورشەداردا هاوار دەکات.

٢ – با هەمیشە بەدەنگ بانگەوازی هۆشەوە بن،

٣ - با هەر تەنیا لەوەوە چ جوانی و بایەخ هەیە وەربگرن)[3]. کەواتە پێوەری وشەو مانای لە ڕوانگەی عەقڵەوە کردۆتە بنەمایەك بۆ سەرلەنوێ سەرچاوەکردنی کلاسیزم، شیعر جۆرێکە

---

[1] د . لوقمان ڕەئوف، ڕەخنەی ئەدەبی ، ل١٦٧-١٦٨.

[2] أ.د أحمد صقر ، نقاد الكلاسيكية الجديده، كلية الاداب ، جامعة الإسكندرية،مصر، ١٩٥٦، ص١٢٥

[3] أ.د أحمد صقر ، نقاد الكلاسيكية الجديده، كلية الاداب ، جامعة الإسكندرية،مصر، ١٩٥٦، ل٢٠١..

له جۆرەکانی دەربڕین، زمانێکی جیاوازی هەیە له دەربڕینەکانی تر پێی دەڵێن: زمانی باڵا، شیعر دەنگی ویژدانه و ڕۆحه، دەنگی ناسکی سۆزە، دەنگی هەڵچونه..... تاد.

## پێوەرەکانی ڕەخنەی نوێ لەئەدەبی ئەوروپیدا:

### ١ ـ ڕەخنەی رۆمانتیکی :

### أ ـ پێوەری وشەومانا:

سەبارەت بە پێوەندی شاعیریش بە زمانەوە کە شیللی جەخت لەوەدەکاتەوە " شاعیر زمان نوێ دەکاتەوە و شەکان بوونەوەرن و بەشیعر و ئاخاوتن دەژین، ئەگەر شاعیرەکان بەردەوام وشەکانیان بەکار نەهێنا، ئەوا بە تێپەڕبوونی کات زمان دەبووە ئامرازێکی دەستەوستان و نەیدەتوانی گوزارشت لەمەبەست مرۆییەبەرزەکان بکات". [1]

شاعیر بەپەیامبەر دەچوێنێت لەو ڕووەوەی بەسەیرکردنی ئێستا ناوەستێت، بەڵکو له ئێستادا چاوی لە داهاتووە، سەبارەت بە زیندووکردنەوەی وشەکانی زمانیش لەلایەن شاعیرە دەڵێت:" شاعیر بەهۆی ئەو خوازەزیندوانەی پێشکەشیان دەکات، زمان گەنج دەکاتەوە" [2]، ئەمەش شتێکە زمانی وەك ئامرازێکی شیعر له ئامرازەکانی تری ناو هونەری پەیکەرتاشی وێنەو تەلارسازی پێ جیادەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی زمان ئامرازی خەیاڵە، خەیاڵیش توانای خوڵقاندنی شتەکانی هەیە، کەواتە خەیاڵ بەئاسانی دەتوانێت دووبارە بەپێی پێویستیەکانی خۆی زمان دروست بکات. " لەدەربڕیندا تاکگەرایی بنەما و ئامانجی هەموو هونەرێکە" [3].

### ب ـ  پێوەری لادان :

پێوەرێکی کۆمەلایەتییە، پێوەندی شاعیر بەکۆمەڵگەوە دەبەستێتەوە ، فیکتۆر هۆگۆش لە "پێشەکی شانۆنامەی کرۆمۆیل (chromel) داوای تێپەڕاندنی یاسا کلاسکییەکانی لەئەدەبدا دەکرد، یاساکانی ئەرستۆ بەتایبەتی یاسای سێیەکیەکەی دراما – وەکوو شوێن، کات، کارەکتەر، دەبنە بنەمای بەهێزی شانۆ و سینەما و چیرۆک، لەلایەن هۆگۆوە بەقاڵبە

---

[1] أ.د أحمد صقر ، نقاد الكلاسيكية الجديده،ل٩٨-١٠٦.

[2] شيللي، الدفاع عن الشعر، ت: نظمي خليل، المؤسسه العامة للانباء والنشر،القاهره، ١٩٨١، ص٧٦-١٠١.

[3] جيمس سكوت، صناعه الادب، ت: هاشم هنداوى، دار الشؤون الثقافيه، بغداد، ١٩٨٦، ص٢٠٥-٢٠٦

گـەچێك دەچـوێنران، کـە پێویسـتە داهێنـەر بەچەکوشـەکەی تێیـان بـەربێت و وازیـان لـێ نەهێنێت تا بەجۆرێك وردوخاشیان دەکات، بابیانبا.

جگە لەوەش لەو ڕۆژگارەدا تاکگـەرایی دەسـتی بەسـەر ئـەدەبی رۆمانتیکـدا گـرت" [1]، وەك وەڵامدانەوەیـەکش بـۆ ئەمـە رووی کـردە بایەخـدان بـە ژیـانی شـاعیر بەوپێـەی ئـەدەب دەربرینێکی راستگۆیانەیە لە ژیانی شاعیر.

" ڕەخنەگری فەرەنسی ڕەخنەکانی بەڕەخنەی کەسی ناسرا" [2]،ڕەخنەکەی سانت بێڤ لەو هۆکارانە بوو کە رووخانی کلاسیزمی خێراتر کرد.

گرنگتـرین ئـەو بنەمایانـەی "بێـڤ، ئەوەیـە ئـەدەبی کلاسـیکی ، کـە (راسـین و کـۆرنێ) نوێنەرایـەتی دەکـەن، تاکـە نموونەیـەك نییـە شـایەنی ئـەوەبێت لاسـایی بکرێتـەوە، (بێـڤ) هەرلەبنەمادا بیرۆکەی نموونـە رەتدەکاتـەوە ، هـەروەها ئـەو بۆچوونـەش رەتدەکاتـەوە، کـە لێهاتوویی ئەدەبی و هونـەری دەبەسـتێتەوە بەهەنـدێك هۆکـاری دیـاریکراوی وەك ژینگـەو کات و رەگەزەوە". [3]

ڕەخنەگرێکی هاوچەرخی هیبۆلیت تەین(Taine) جگە لەوەش زۆر پشت بەسـتوو بـوو بە سروشت و هـانی خەڵکی دەدا ڕوو بکەنە سروشـت، هەروەهـا ڕای وایە لەوکاتـەدا بـووە ئامانجی ڕەخنە توندەکەی بێڤ، بێڤ گاڵتەی دەکـرد بـە بیرۆکـەی نموونـەو بیرۆکـەی، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو هۆکارانـەی کە نـاتوانن ڕازەکـانی بـەهرەی تـاك ئاشـکرابکەن. کەواتە بێـڤ لەڕەخنەدا ڕێگەیەکی گرتەبەر کە لەسەر بەدواداچوونی ژیـانی کەسـیی و خێزانـی نوسـەر و قوتابی وهاوڕێ و دوژمنەکانی راوەستابوو بەو مەبەستەی چێژ و بۆچوونەکانی بدۆزێتەوە، بۆیە ڕەخنەکەی وێنەکێشانی کەسێتی نووسـەر بـوو. لەگەڵ ئەوەشدا بێـڤ تـوانی بـەهۆی کۆکردنـەوەی زانسـت و هونـەر ، زانـین و هەسـت یـاخود چێـژ پێکـەوە ، لەڕەخنـەدا وێنـەی کەسێتی ئەو نووسەرانە بکێشێت کە باسی دەکـردن ، بـەبێ ئـەوەی وردەکارییـەکان بەسـەر وێنە گشتیەکەدا باڵادەست بن.

گرنگیدانی (سانت بێڤ) بە لێکۆڵینەوە لەئـەدیب بـەرەو زەمینەیـەکی بـرد، کـە پێشـتر لەسەر سایکۆلۆجیا و سۆسیۆلۆجیا قۆرخ کرابوو.

---

[1]جیمس سکوت، صناعه الادب، ت: هاشم هنداوی ، ص٢١١.
[2] محمد مندور، فی الادب والنقد، دار النهضة ، مصر، القاهره، ١٩٧٧،ص٧٦.
[3]هەرئەو سەرچاوەیە، ص٧٦.

توێژینـەوە  و ئـەنجامی توێژینـەوەکـانی سـانت بێـڤ تیشـکیان دەخسـتە سـەر لایـەنی دەروونی ئەدیب و ڕۆشنکردنەوەی پێوەندییـە کۆمەڵایەتیـەکانی ئـەو ئەدیبـە. "سـانت بێـڤ یەکەمین کەسە کە کاری لەسەر ڕەخنەی مێژویی کردبێت و بڕوای وایـە ڕەخنـەی مێژوویـی بوارێکی فراوانتر بە لێکۆڵینەوەی ئـەدەب دەدات ، لەلایـەنی مێژوویـیـەوە ، چونکـە، بـەدوای بەرهـەمی ئەدەبیـەوە بـووە، نـەك ئـەنجام و کاریگـەری ماناکـانی لەسـەر کۆمەڵگـە ، واتـە نوسـەرەکەی زیـاتر بـەرز دەنرخانـد، وەك لـە خوێنەرەکـەی ،بۆیـە بریارەکـانیش لەسـەر نوسەرەکان بوون ، جگەلەمەش کاری لەسـەر پێوەنـدی نوسـەرەکان بـە نیشـتمان ، نەتـەوە ، سەردەم ، بنەمای خێزان، پەروەردە، ڕۆشنبیری ، ئاستی ماددی و چ جەستەیی و توانسـتی عەقڵی و چ جەستەیی ، پێوەندی هاوڕێیەتی و هەر شتێك پێوەندی پێیانەوە هەبێت".[1] بۆیـە لەوتەیەکـدا کـە روونکردنەوەیـە لـەبارەی ئـەو لێکۆڵینەوانـەوە دەڵێـت:" توێژینـەوەی گـەورەی مـن لەئـەدیب و تێگەیشـتن لێـی، لەخۆیـدا دەسـتکەوتێکە شـایەنی ئەوەیـە بەپەرۆشەوە بین بۆی"[2].

## دووەم : ڕەخنەی ریالیزم (Realisme)

ریالیزم"لـە فەرهـەنگی زمانـە ئەوروپیەکانـدا لـە وشـەی( ڕیـەل)ەوە هـاتووە داتاشـراوە ، وشەی ریلەیش لە بناغەدا بەواتای راست و راستەقینە هاتووە. [3]

پاشان بووە بەزاراوەیەکی ئەدەبی و رەخنەسازی بۆ جیاکردنەوەی بزوتنەوەی ئایـدۆلۆژی و هونەری، کە چەند تایبەتییەکی نـاوەڕۆکـی و فـۆرمی هەیـە، کـە بزوتنـەوەکانی کلاسـیزم ، رۆمانسیزم، جیای دەکاتەوە، مەبەستی سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم زاراوەیە، بۆ ئەو بزووتنەوە ئایدۆلۆژییـە هونەرییـە " لـەڕووی مێژوویـیـەوە بەرپەرچدانـەوەی بیـروڕا بەناوبانگەکـەی ئەفلاتوونە دەرهەق بە هونەرو بەگشتی هونەری هۆنراوە بەتایبەتی" [4].

### ١- پێوەری کۆمەڵایەتی :

---

[1] .محمد غنیمی هلال ، الادب المقارن ، ص٦٥

[2] محمد مندور، في الادب والنقد، ،ص٧٦.

[3] د. کامل حسن عزیز البصیر، رەخنە سازی مێژوو و پەیرەوکردن،چاپخانەی کـۆڕی زانیـاری عێـراق، بەغـدا، ١٩٨٣ ، ل٦٧.

[4] هەرئەو سەرچاوەیە،ل٦٧.

ئەدیبی ریالیستی پێشەنگی کۆمەڵە،بەوپێیەی کە وشیارییەکی تەواوی لە کێشەوگرفتە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە چونکە ئەدەب وەکوو خۆی ڕوداوەکان دەخاتە بەر دەست و چاو. ریالیزمیەکان لە بۆچونێکی مارکسیزمەوە دەڕواننە کێشە و خواستەکانی کۆمەڵ و دەیانەوێت بەروویەکی دادپەروەرانەوە چارەسەری ئەو کێشانە بکەن .

"ئۆنۆری دو بەلزاک(1850 -1799 ) (Honore de Balzac) نووسەر و پێشرەوی ڕێبازی ریالیزمە، کەواتە توێژینەوەی باری کۆمەڵگە، بۆ نموونە لە چیرۆکەکەیدا (کۆمیدی مرۆڤایەتی )(Humainelq-comedic) دا بارو سیستەمی کۆمەڵگەکەی ئەو رۆژگارەی بەهەموو ناتەواوی و پڕ لە جیاوازییەوە خستوتە بەرچاو، زیاتر گرنگی بەلایەنی تێبینی و سەرنج و وەسف پێدانی ژیانەکە بوو، وە ك شێوازێکی تایبەتیش ئەوانیش شوێن پێیان هەڵگرت"[1]. لە ئەوروپا یەکەم جار شانۆ و شانۆگەری گەڕۆک لە فەڕەنسا سەری هەڵدا دواجار لە بەریتانیا (شکس پیر) پەرەی پێدا.

" ساڵی ١٨٧٣ (ئەمیل زۆلا) (1902 -1840 ) (Emilezola)لە هەمان گۆشەنیگاوە لە پێشەکی شانۆنامەی (تیرتیر راکان) دا دەڵێ : " گەیشتن بەلەدایکبوونی ئەو ریالیسە ، تاکە هێزێکە لەسەدەی نۆزدەدا، دیوارەکانی درامای کۆن خۆی دەڕمێ. ڕووداو لە شانۆنامەکەیدا لە چیرۆکێکیدا نیە کە بەتایبەتی بۆم رەخساندی. بەڵکو لە ململانێی ناخی کەسەکاندا . وەنەبێ رووداوەکانم بەلاوە گرنگ بێ، بەڵکو سۆزو هەستەکانە"[2].

ئەم پێوەرە " لە واقعێکی هەستپێکراوەوە بابەتەکانی دەخاتە ڕوو ، لە میانەی تێگەیشتنی راستەقینەی بنیاتی کۆمەڵگە فاکتەرێکی کاریگەرە لە ڕەوش و ململانێی فکری.

## ٢ – ڕێبازی ڕیالیزم

" ڕیالیزمی ئەوروپی ، ریالیزمی رەشبینانەشی پێدەگوترێت ، مەبەست لە ریالیزمی ڕەخنەگرانە نۆبەرەی ڕێبازی ریالیزمە. کە نوسەران لە فەرەنسا وئەوروپا کاریان پێدەکرد، لەو ڕوانگەیەوە بەسەرەتای دەسپێکردنی ریالیزم دادەنرێت"[3].

ئەم جۆرە ریالیزمە جەخت لەسەر ئەدەبی بابەتی دەکردەوەو، ووردەکارییەکانی لەبابەتەکانی سەردەمەوە وەردەگرت،و فەلسەفەکەشی تێگەیشتنی بابەتییانە بووە لەژیان و

[1] یوریس بورسوف، التأريخية للواقعية،دار المعرفة، الكويت، ١٩٩٧،ص١٠٠.
[2]هەرئەو سەرچاوەیە ،ل١٠٥.
[3] عبدالله الاصغر، ڕێبازە ئەدەبیەکان . و.ئازادعبدالواحیدکەریم، ، کەرکوك، ٢٠٠٨،ل٩٤.

، کۆمەڵگە، چەندین وێنەی کۆمەڵگەیان راقە دەکرد دژی گەندەڵ و دەسەڵات و لادانە بورژوازییەکان دەوەستانەوە،بیرو قەڵەمی نوسەرانیش وێنەی دزێوی پێوەندییەکانی بورژوازیان نیشاندەدا، ئەو چیرۆکانەی کە دیاردە دزێوەکانی پیشان دەدا دەبوە هەوێنی شانۆ.

(بەلزاك و فلۆپێر) بەرابەرانی ئەم رێبازە ناسرابوون، زیاتریش بەلزاك بەشێوەیەکی بابەتیانە وێنای واقعی دەکێشا.

"شیکردنەوەی ریالیزمی ڕەخنەگرانە دەربارەی دەروونی مرۆڤ بوون بەتایبەتی لە چیرۆکە هونەرییەکاندا،کە پێوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەی تیا بە دیدەکرا( مەدام بۆڤاری ، فلۆپێر)بەشێوەیەکی فراوان ئاراستەیەکی دەروونی بوون بێجگە ئەوەی کۆمەڵایەتی بوون"[1]. مەدام بۆڤاری بەرهەمی (فلۆپێر)ە، کە وتی : من بۆڤاریم، چونکە زۆر کاریگەر بوو بەو کەسایەتییە.......

"بەڕوونی ئەو پێوەندییە بەدیدەکرێت لەنێوان هونەرو کۆمەڵگەدا، کەتاچەند پێویستە روویەکی شۆڕشگێڕی لەخۆبگرێت ودەربڕینەکانی گشتگیر بێت و لەسەر ئاستی کۆمەڵگەش سستەم و یاسا سەپێنراوەکان رەتبکاتەوە، یاخود سنورە دیاریکراوەکان بشکێنێ، چونکە بەنەمانی هونەر نەمانی رۆشنبیری وسەپاندنی یاساکانە، بۆیە پێویستی بە خەبات و داهێنان هەیە لەپێناو شۆرشێکی رۆشنبیرییدا "[2].

### ٣ - پێوەری واقیعی سۆشیالیستی(Socialist-Realism)

"شێواز ڕێبازێکی ئیستاتیکای مارکسیزمی لینینزمە، بەوپێیە دەبێت هونەرو ئەدەب رەنگدانەوەی حەقیقەتە کۆمەڵایەتیەکە بن، دەبێ لەپەرەسەندنە شۆرشگێرییەکانیەوە بدوێن و مزگێنی ئایندەی ئاسوودەیی یەکسانی بدەن.

مەبەست لەو هونەرو ئەدەبەی لە خزمەتی چینی پرۆلیتاردایە و ئامانجی مسۆگەرکردنی ژیانێکی سەربەست و خۆش گوزەرانی دەسەڵاتدارێتی، چاکترین نموونەش (رۆمانی دایك)ی (ماکسیم گۆرگی (Maxime Gorki)(1868-1936) کەساڵی (١٩٠٨) بە زنجیرەیەك لە گۆڤاری(ژنان)دا بڵاوکردەوە.

---

[1] بوریس بورسوف ، التأريخية للواقعية، ص٩٠.

[2] د.عبدالقادر حمه امين محمد، ئەدەب و رێبازەکانی ئەوروپی – کوردی ، ل١٠٥.

بەرای ڕەخنەگران "چاکترین دەربڕینی ڕۆژگارەکەیەتی، لەبارەی گیانی بزوتنەوەکە، کە بووە هۆی ئەو تەقینەوە شۆرشگێڕییەی پرۆلیتاریای ڕووسی و ڕژێمێکی نوێ هێنایە دی"[1].
ریالیزم بەتەنها کێشەکان ناخاتە ڕوو، بەڵکو پرۆسەی شیکارییان بۆدەکات و هۆکارەکاریگەرییەکان دەستنیشان دەکات " [2].
لەرووی ئەو بۆچوونانەوە دەردەکەوێت، کە ریالیزمی سۆشیالیزمیانە قوتابخانەیەکی ئایدۆلۆژیە و لەڕووی داهێنانی ئەدەبی و رەخنەییەوە پشتگیری رەهەندەکانی تیۆری مارکسیزمە، خاوەن بیرێکی زانستیانە بوو.
گرنگی "بەرۆڵی پرۆلیتاریا بدات وهەردەم سەرکەوتنی بیری سۆشیالیست بخاتە بەرچاو"[3].
ریالیزمی سۆشیالیزم بە ریالیزمی نوێ دەناسرێتەوە، ئەو قۆناغە بەرپەرچدانەوەیەك بوو دژ بە کلاسیزم و رۆمانسیەت و سەرهەڵدانی سۆشیالیزمی تێروانینێکی فەلسەفی بوو، بەسەرجەم بەشەمەعریفیەکان، هەرلەو راونگەیەوە بایەخێکی تەواوی بەئەدەبی ریالیزمی دەدا، کەبەرەو ئاراستەی خستنەڕووی کێشەکانی کۆمەڵ و چینەکانی گەل دەبرد،قۆناغی یەکسانکردن و دەربڕی خواستەکانی چینی پرۆلیتاریا و جوتیاران بوو.
لەرووی ئەو بۆچوونانەوە دەردەکەوێت ، د.عزالدین مستەفا رەسول دەڵێت :" ریالیزمی سۆشیالیزمیانە قوتابخانەیەکی ئایدۆلۆژییە و لە ڕووی داهێنانی ئەدەبی و ڕەخنەییەوە پشتگیری رەهەندەکانی تیۆری مارکسیزمە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم ، پاشان بەرپابوونی شۆرشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ ریالیزمی سۆشیالیزمی بەسەرجەم وڵاتانی ئەوروپادا بڵاوبوەوە.

## پـــاژی دووەم : پێوەرە ڕەخنەییەکان لە ئەدەبی عەرەبی دا :

پێوەرەکانی ڕەخنەی عەرەبی لەسەردەمی جاهلی دا، ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ بووە، لەهەر قۆناغێك لەو قۆناغانەشدا، ئەدەب و ڕەخنە تایبەتیمەندی خۆیان هەبووە، بۆیە پێوەری رەخنەی جۆارو جۆر کاریان پێکراوە، لێرەدا بەپێی قۆناغەکان ئاوڕ لەو پێوەرە رەخنەییانە دەدەینەوە . رەخنەی عەرەبی لە هەناوی (زانستی رەوانبێژی و بەدیاریکراوی زانستی جوانناسی سەریهەڵداوە .

[1] بوریس بورسوف ، الواقعية اليوم وابدا ، دار الحريه للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٧٤ ، ص١٧٠
[2] عبدالله الاصغر ، رێبازەئەدەبیەکان، و.د. ئازاد عبدالواحید کەریم، کەرکوك، ٢٠٠٨،ل٩٧.
[3] ئەحمەد سالار، رێبازەسەرەکیەکانی ئەدەب و هونەر، دار الحريه للطباعة، بغداد، ١٩٨٨،ل٢٠٥..

هەندێك وەك جاحظ، قدامە بن جعفر قازی جرجانی، ابـو هلالـی عسـكری، زیـاتر بڕوایـان بـە وشە هەبوو، بەڵام ابو عمر شیبانی، ابو قاسم بن بشر ئامدی، ابن جنـي، عبـدلقهار گورگـانی ، فەخری رازی، گرنگی بە مانا دەدەن)، هەندێكیش لایەنگری هەردووكیانن لە یەككاتدا لەوانە: ابن قوتەیبە، ابن تەبابای عەلەوی، قلقەشەندی). [1].

**١- پێوەری رەخنە لە سەردەمی پێش ئیسلام:**

**پێوەری چێژ:**

لەم سەردەمەدا ، كۆمەڵێك پێوەری رەخنـەیی كـاریی پێكـراوە، وەك ئـەم پێوەرانـەی ئاماژەمان پێداون، وەك بۆچـوونێكی لـۆژێكی، هەمیشـە ڕەخنـە لـە پـاش دەقـی ئـەدەبی لـە دایكدەبێت، كۆنترین هـۆنراوەی عـەرەبی لـە سـەردەمی جاهیلیـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ نزیكـەی سەدەو نیوێك پێش ئاینی ئیسلام، سروشتی بابەتی ئەو هۆنراوەنە زیاتر لە بارەی ستایشو پیاهەڵدانو دڵداریەوە بوو، هەموو هۆزێكی عەرەبی ئـەو سـەردەمە هەوڵیـدەدا، شـاعیرێكی سەربە هۆزەكەی هەبێت، لە پێناو باسكردنو دەرخستنی ئازایەتیو جوامێری، ئەم هۆزانە لە بازاری (عكاز)شاری مەكەو (مربد)ی بەسرەو (ذولمەجاز) دا لە كاتی بازرگانیو ئاڵوگۆڕكردنی كوتـاڵاو شـتو مەكەكانـدا، دەسـتیان بـە هـۆنراوە خوێندنـەوە دەكـرد، لـە كاتێكـدا ئەگـەر فیستیڤاڵ، یاخود جۆرە پێشبڕكێیەكی شیعری لەو رۆژانەدا لە نێوان ئەم شاعرە جیاجیانەدا بكرایـە، دەبوایـە بچوونایەتـە رەشـماڵە سـورەكەی (نابغـة الـذوبیانی)ەوە، كـە تایبـەت بـۆی هەڵـدرابوو، لـەپێناو سـەیركردنی ئـەو دەقـە شـیعریانەو هەڵسـەنگاندنیان، پاشـان رێگـەی بەشداریان پێدەدرا، لەراستیدا ئەمە ئـەوەمان پێـدەڵێت كـە نابغـە بەدەرلـە خـۆی كاریگـەری لایەنی كۆمەڵایەتی خێڵە عەرەبەكانی لەسەر بووە، بۆیە پێـوەری كۆمەڵایـەتی بـەكارهێناوە، چونكـە د.كامـل بەسـیر دەڵێـت:" بەشـداری كارەكـانی ئـەو ڕەخنـە سـازی یـەش پیاوەماقوڵە خێڵایەتی یەكان و دەم ڕاست و هەستیارەكان بوون"[2].

نابغە پێوەرێكی روخساری پەیڕەو دەكرد، بەومانایـەی گرنگـی بـە وشـە و دەربـڕاوی بـەهێز دەدا، هــەر ئــەم پێــوەرەش وایكــرد، كــە نابغــە بكەنــە بڕیــاردەرو رەخنــەگر بەســەر شیعرەكانیانەوە . بەو مانایەی رەخنەكانی نابغە ڕەخنەی ڕوخساری بن.

---

[1] د. قصی حسین ، النقد الادبي عند العرب واليونان، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس، لبنان، ٢٠٠٣ ،ص24 .

[2] د.كامل حسن عزیز البصير: ڕەخنە سازی مێژوو و پەیرەوكردنی ، چاپخانەی كۆری زانیاری عێراق ، ١٩٨٣ ، بەغداد،ل٣٧.

ئەو جۆرە ڕەخنەیەش لەژێر کاریگەری چێژ و کاریگەربوونی کەسەکەوە سەرچاوە دەگرێت . نابغەی زوبیانی گەورەی شاعیرانی جاهیلی لە بازاری شیعردا، رەشماڵێکی سوری هەڵدابوو، یان کڵاوێکی سوری لەسەردەکردو بڕیاری لەسەر شیعرەکان دەداو رۆڵی دادوەری دەبینی، لەگەڵ ئەوەی شاعیرەکان خۆیان دەهاتن شیعرەکانیان بۆ دەخوێندەوەو ئەویش بڕیاری خۆی دەداو هەندێك سەرەنج و تێبینی لەسەر مانای شیعریی و شێوازی شاعیرەکان دەخستەروو، بەبێئەوەی گوێ بداتە دەسکەوتی مادی، لەبەرئەمەش بە خۆبەهێزکردنی شیعر تاوانباریاندەکرد، کەواتە یەکەم پێوەر کە نابغە رەچاوی دەکرد پێوەری کاریگەری بوو، بەمانایەکی تر ئەو شیعرەی لەڕووی ماناوە بەهێز بوایەو کاریگەری لەسەر نابغە دروست بکردایەهەڵدەبژێردرا،"لەو سەردەمەدا ڕەخنەی عەرەبی زیاتر لەبازنەی ئارەزوی خۆیدا (مزاجدا) دەخولایەوەو چەمکی ڕەخنەش لە نێوان واتای جیاکردنەوەی دراوی باش‌وخراپ خۆی دەخستەروو، کەڕەخنەش لەلای (ابی درداء) لەبۆچوونەکەی (بوهتان بۆ خەڵکی مەکە، تاخەڵکی بوهتانت بۆنەکات) بەدی دەکرێت، جگەلەمیش ڕەخنەگرێکی تر هەبوو ناوی (خلف) بوو، لەو شیکردنەوەیەی کە بۆ جوانی هۆنراوە کرابوو، کاتێك ئەم جۆرە جوانییە بە جیاکردنەوەی دراوی پاش لە خراپ دەچوێنێت‌و داوا لە شاعیر دەکات وشەی خراپ، یان دێرە شیعری نا دروست نەڵێن، چونکە گوێگران‌و بیسەران وەك دراوی خراپ، وەری ناگرن، بە گشتی ڕەخنەی لەو سەردەمەدا بۆ خزمەتی هۆزەکەی بووەو ڕەخنە گرانیش هەرچەندە لە سەردەمەدا ژمارەیان کەم بووە ، زیاتر لە بۆچوونێکی تاکە کەسی تایبەتەوە، دەیانڕوانییە بەهای هۆنراوەکان‌و هۆنراوەیان پێ هەڵدەسەنگاند".[1]

"هەر لەم سەردەمەدا کۆمەڵێك هەبوون (البديهيە والارتجال) چاویان بە شیعرەکانیاندا دەخشاندەوە، پێش ئەوەی شیعرەکە بخوێنێتەوە، تاوەکو باشتر قبوڵبکرێت، کعب کوڕی زوهێر، چامە درێژەکانی ناو دەنا (الحوليات) چونکە جۆرێك لە وەرچەرخانەی تێدا بەدیدەکران، هەر لەم ڕوانگەشەوە (الخطئية) دەڵێن: باشترین شیعر وەرچەرخانی پوختەکراوە، جاحظ دەیوت (الخطئية) بەندەی شیعرکەیەتی، چونکە ڕەخنەیان لە وردەکاری لە شیعردا دەگرن".[2]

---

[1] د. قصى الحسين ، النقد الادبي عند العرب واليونان، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس، لبنان، ٢٠٠٣ ،ص٢٦.

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٣٠

جاحظ له بارەی بەرهەمەوە دەڵێت: "ئەگەر چامەیەكت وەرگرت، یان سەرسام بویت بە وتارێك، یان نامەیەكت نوسی، ئەوا ئاگاداربە لەوەی كە متمانەت سەبارەت بە خۆت لا دروست بێتو سەرسامبێت بە بەرهەمی عەقڵی خۆت، هەتا ئەو كاتەی دەیخەیتە بەردەم زانا، یان لە شێوەی نامەیەكدا، یان گوتارو هۆنراوەدا، ئەگەر (بینیت گوێی بۆ هەڵدەخرێ‌و چاوەكان سەرنجیدەدەن‌و بینیت كە سانێك داوایدەكەن‌و باش دەینرخێنن، ئەوا لەسەری بەردەوامبە ، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمەوە بوو، تۆش ئیتر بەردەوام مەبە لەسەری‌و پیشەیەكی تر هەڵبژێرە".[1]

واتە ڕەخنە چێژی ئەو جۆرە ڕەخنەیە، كە ڕەخنەگرانی سەردەمی جاهیلی، تەنیا پشتیان بە چێژی هونەری پەتی دەبەست، نەك لێكدانەوەو شرۆڤەو هەڵێنجان، بەمەش ڕەخنە لەسەردەمی جاهیلیدا، ڕەخنەیەكی كاریگەری و ئینتباعی بووە، نەك ڕەخنەیەكی مەنهەجی، كە پشتی بە هاوسەنگی و پێوەركان بەستبێت، كە یاساكانی ڕەخنە دەیسەپێنێت، ئیدی چەندێك ئەو ڕەخنەیەش ئاسانیش بێت.

## ٢- پێوەرە ڕەخنەییەكان لەسەردەمی ئیسلامدا

(قورئانی پیرۆز چەند پێوەریەكی ناوەرۆكی و فۆرمی سەرچاوەی بابەتی بڕوایە،كە بەڕستەی (آمنوا) چەسپێنراوە ، بە گوێرەی ئەم پێوەریە،چەسپاندووە، هەستیارە پەیامدارەكان لەقورئانی پیرۆزدا ستایش كراون، بۆیە لەڕەخنە سازی هاوچەرخدا دەتوانرێت بڵێین بابەتی بڕوا لەبەر تیشكی ئەم پێوەریەدا خراونەتە ڕوو، بۆ هەموو بابەتێكی بیری لە هەموو كات و شوێنێكدا دەست دەدات ودەتوانرێت بڕیار بدرێت كە بڕوای هەستیارانی پەیامدار لە چەمكی قورئانی پیرۆزدا جۆر بەجۆرە بڕوا بەئایین و نەتەوەو میللەت و مرۆڤ هەموو بابەتە خێرمەندەكان دەگرێتەوە، لەلایەكی تریشەوە بابەتی بڕوا لە زانست وهونەری ڕەخنەسازیدا ، هەڵبەت پێوەندی هەیە بەو فۆرمە هونەرییەكەوە). [2]

---

[1] د. قصی الحسین ، النقد الادبي عند العرب واليونان، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس، لبنان، ٢٠٠٣ ، ل٣٣.

[2] د.كامل حسن عزيز البصير: ڕەخنە سازی مێژوو و پەیرەوكردنی ، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق ، ١٩٨٣ ، بەغداد،ل 38 .

## پێوەری پەیامداری ئاینی :

قورئان هەڵوێستێکی ڕەخنەیی نوێ دادەنێت و شاعیران دەکات بەدوو بەرەوە، بەرەی گومڕا و بەرەی پیاوچاکان. هەڵوێستی خۆشی بۆ بەرەی یەکەم وەك دژایەتییکردن خستوەتەروو، بەهۆی سەرلێشێواوی و لادانیانەوە پشتگیری بەرەی دووەمی کرد، بەهۆی باوەڕداری و پەیوەستبوونیان بە ئاینی ئیسلام و پشتگیریکردنییەوە، بەمەش رێگەی بە شاعیرانی ئیسلام دا بە بەکارهێنانی چەکی شیعر بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی ئیسلام بە شێوەی مەعنەوی، و وەك سەرەتایەك بۆ شەڕکردنیان بە شمشێر، ئەگەر هاتو لە هەڵویستیان پەشیمان نەبوونەوەو وازیان لە شمشێری شیعریی نەهێنا، ئەوا چەکی شەڕیان لەدژ بەکاردەهێنرێت بۆ وازهێنان لەو هەڵوێستەیان.

دەقی قورئان بە ئاشکرا جیاوازی لەنێوان شیعرێك، کە سەرچاوەکەی ئیلهامی ئاینییە، وەك شیعرەکانی حەسانی کوڕی سابت و عەبدوڵلا بن رەواحە، شیعرێك کە سەرچاوەی ئیلهامی شەیتانە، بەمەش ئیسلام بەتەواوەتی دژی شیعر نییە، بەڵکو دژی جۆرێك لە شیعرە، کە خۆی لە شیعری دەمارگیری و خێل و هەجو...تاد کە ئازاری دەرونەکان دەدات و دووبەرەکی دەچێنێت.

روانینی قورئان بۆ شیعر بە تیۆری پەیامداری ناسراوە، هونەر دەبێت لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدابێت، هەروەها دەبێت پەیامداری بنچینەی کاری هونەری بێت، بۆئەوەی لە خزمەت ئامانجی نەتەوەیەکی گەورەو هەڵبژێراودا بێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە سورەتی (شعراء) بەئاشکرا سنوری وردی شیعرو شاعیر دیاریدەکات.

لەم سەردەمەدا شیعر بە شێوەی سەردەمی جاهیلی نەمایەوە، لەلایەك ململانێ لەسەر ئاین لەنێوان شاعیرەکان و بۆچونەکانیان لەسەرشیعر سەری هەڵدا ، بۆیە بڕیارە ڕەخنەکان لەسەر بنەمای ئاکاری کاریان کردووە ، چونکە لە قورئاندا لەدوو سوورەتدا ئاماژە بە رەتکردنەوەی ئەو جۆرە شیعرانەی پێشوو دەکاتەوەو نەهی لە نوسینی ئەو جۆرە شیعرانە کردوەتەوەو شیعر نووسینی خستوەتە قاڵبێکی ئیلتیزام بوون‌و لە سەروی هەمووشیانەوە دەبێت باوەڕداربن، چونکە بە بڕوای ئاینی ئیسلام ئەو شاعیرانەی پێشوو، یاخود شاعیری لەو جۆرە، ئەوەی دەیڵێن بە کردەوە نایکەن‌و درۆ لەگەڵ خەڵکیدا دەکەن، وەك دەفەرموێ:

١- وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنبَغِي لَهُ.

٢- وَالشُّعَرَاء يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ . أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ . وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لا يَفْعَلُونَ. إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَذَكَرُوا اللَّهَ كَثِيرًا وَانتَصَرُوا مِن بَعْدِ مَا ظُلِمُوا وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنقَلَبٍ يَنقَلِبُونَ )[١]

پێغەمبەر (د.خ)دەفەرموێ:

**ان من الشعر لحكما وان من البيان لسحرا**[٢]

کەواتە لەسەردەمی ئیسلامدا شیعر بە تەواوەتی رەتنەکراوەتەوە، چونکە عەرەب لەو سەردەمەدا شەیدای شیعر بووە، بەلایانەوە شیعر تۆمارگەی ستایشی دڵداریو ئازایەتی خۆیان بوون.

"لەم کاتەدا سێ جۆر شاعیر پەسەندکراو و سێ جۆر شاعیری نا پەسەند بەدیدەکەین، کەواتە سێ پێوەری دیاریکردووە ، جۆری ئەو شاعیرانەی کە ناپەسەندن، بریتین لەو شاعیرانەی حەزو ئارەزوی خەڵکی دەوروژێنن‌و وای لێدەکەن دوایانبکەون، یان جۆرە شاعیرانێك لە هەموو دۆڵێکی دەوروبەری مەککەدا وەك سەرلێشێواو بە دوای خورپەو ئلهامی شیعریدا سەرگەردانن، جۆرێکی تریان دوو ڕوون و کردەوەیان وەك قسەیان نییە. ئەم جۆرە شاعیرانە لە رووی لۆجێکەوە، تا ئێستا لەلای زۆربەی خەڵکی پەسەندنین، ئەو جۆرە شاعیرانەی کە رێگەیان پێدەدات، کە لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا شیعر بنوسن، بریتین لەوانەی باوەڕدارن، خاوەن کردەوەی باشن، بە زۆری باسی خواو ناوی خوا بهێنن، لە کۆتایی ئەم ئایەتەدا جۆرە بیرخستنەوەیەکی توندوتیژ هەیە بۆ ئەو شاعیرانەی، کە لەم قۆناغەدا جێگەیان نابێتەوە".[٣]

پەیامداریش پەیوەستبونێکی یاساییە لەنێوان دوو کەس یان کۆمەڵدا بەگشتی، لەپێناو پاراستنی مافی هەریەکە لە تاکەکان، بەڵام لە ئایندا پەیوەستکردنی تەواوی تاکەکانە بڕواهێنان بە بنەماو پرەنسیپەکانی ئاینەوەو ناچارکردنی شاعیر بە پەیڕەوکردنی ئەم بنەماو پرەنسیپانە بەر نوسین و لە کاتی نوسیندا. کەواتە شیعرلەسەردەمی ئیسلامیدا پێوەری ئاینی ( باوەڕبوون )،تاکە پێوەر و بڕیاردان بووە، لەسەر باشی و خراپی شیعرەکە ، بۆیە

---

[١] سورة الشعراء ، (٢٢٤ - ٢٢٧).

[٢] صحيح البخاري، حديث مسند صحيح ، ص ١٨٦.

[٣] أدونيس، الثابت و المتحول ، دار العوده، بيروت، ١٩٧٧،ص١٤٩.

دەبێت شیعر خۆی پەیوەست بکات بە بنەماکانی ئاینی و لەم ڕوانگەیـەوە هـەم بنوسـرێت و هـەم هەڵبسـەنگێنرێت ، بۆیـە لەسـەردەمی ئیسـلام مانـا و نـاوەرۆك گرنگـە و هـەم لـەم روانگەشەوە دەق و شیعر هەڵدەسەنگێندرا و پەسـەند دەکـرا، بـەم پێیـەش تاکـە نـاوەرۆکی پەسەندکراوی شیعر مەبەستی ئاینی بوو.

## ٣- پێوەر رەخنەییەکان لەسەردەمی عەباسیدا:

وەك ئاشکرایە لەنێوان سەردەمی ئیسلامی و سەردەمی عەباسیدا، ئەو قۆناغەش لە هەندێك لە مێژوو نووسـان بەسـەردەمی ئەمـەوی ناویـان دەبـەن ، لـەم سـەردەمەدا پێـوەرە رەخنەییەکان زیاتر بەردەوامی رەخنەی جاهیلی و ئیسلامی بوون. بۆیە بـە قۆنـاغێکی جیـا باسـنەکراوە ،هـەرچی سـەردەمی عەباسـییە،وەك ئاشـکرایە، کـە ئـەدەبی عـەرەبی کەوتـە قۆنـاغێکی نوێـوە ، چ لـەڕووی چەندایـەتی و چ لـەڕووی چۆنایەتییـەوە گەشـەی کـردووە ، بەسەردەمی پەرەسەندنی بیرو رۆشنبیری گەشەکردنی ئەدەب ناسراوە،بۆیە د. کامل بەسیر دەڵێت :" هەرلەسەرەتای سەردەمی عەباسیدا نوێخوازی لـە بنیاتنـانی هەڵبەسـتی عەرەبیـدا وردە وردە شـــەوقیدایەوە و کـــون و قـــوژبنی ســـامانی دێرینـــی هـــۆنراوەی عـــەرەبی روناککردەوە"[1].

دەرکەوتنی شیعری سیاسی و چەنـد کتێـب و بەرهـەمی شیعر بڵاوکرانـەوە، لەوانـە کوڕی سەلامی جومحی کتێبی (طبقات الشعراء) و کوڕی قوتەیبەی دەینـەوەری لـە کتێبـی ( الشعر والشعراء) وقودامەی کوڕی جعفر لە کتێبی (نقد الشعر).

لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا بزوتنـەوەی (اصـحاب البـدیع) رۆڵێکـی سـەرەکی دەگێـڕا لەبواری ڕەخنەدا، کتێبە بەناوبانگەکەی ئەرستۆ(بیوتیکا)ی وەرگێڕایە سەر زمـانی عـەرەبی ، کەئەمـەش بەڵگەیـە بـۆ بـوونی کـاری ڕەخنـەیی . هـەروەها دامەزرانـدنی (دار الحکمـة) و گرنگیـدان بـە وەرگێـڕان و نوسـین و کـاری ئـەدەبی ، ئـەم پرۆسـەیە گەشـەکردنێکی باشـی بەخۆیەوە بینی ، بەهۆی ئەمەشەوە چەند پێوەرێك گیراوەتە بەر.

---

[1] د.کامل حسن عزیز البصیر: ڕەخنە سازی مێژوو و پەیرەوکردنی ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێـراق ، ١٩٨٣ ، بەغداد،ل٤٥.

**١ـطبقات الشعراء(دەستەی شاعیران) ( ابن سلامه الجمحی ١٥٠بصره-٢٣٢هـ بغداد):**
د. کامل بەصیر سەبارەت بە پێوەرەکانی ئەم کتێبە دەڵێت :" ئەم ڕەخنە سازە خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێ : من لەدابەشکردنی هەستیارەکان بەسەر چینی پلە جیاواز و تاقمی جۆربەجۆر لە ڕووی بەرزی رادەی هەستیاری یەتیەوە سێ پێوەرم گرتۆتەبەر :-
**یەکەم :**زۆری ژمارەی هەڵبەست وپارچە هۆنراوەی هەستیارەکانە.
**دووەم :** جۆربەجۆری و هەمە رەنگی بابەتی هەڵبەست وپارچە هۆنراوەی هەستیارەکان .
**سێیەم :** پلەی بەرزی هەڵبەست و پارچە هۆنراوەی هەستیارەکان لە ڕووی ووشەسازی و ڕستە سازی و داڕشتنی گشتی و ناوەڕۆکەوە " [1] ، کەواتە هەستیارەکان لە ڕووی ڕادە و بەرزییانەوە هەمەڕەنگ بوون، بۆیە تەواو سەلیقە شیعریەکانیان بوون بە مایەی ڕەنگدانەوەی هەستیاریان

## پێوەری وشە :

پێوەری وشە بوو بە تیۆرێکی رەخنەیی بایەخیان بە وشە دەدا و هەندێکیشیان بە مانا، ابن سەلامە(ابو عبدالله بن سلامە) یەکەم کەسە کە کاری لەسەر پۆلێنکردن و رێکخستنی شاعیران کردبێت ،بەپێی چین و مێژووی ژیانیان ئەدەبیان، ئەم کتێبەو مەسەلەی چینی شاعیران، ماوەیەکی زۆر ڕەخنەگرە عەرەبەکانی بەخۆوە سەرقاڵکردبوو ، لە کۆتایی سەردەمی عەباسی، یان چارەکی یەکەمی سەدەی دووەمی هیجری (سەردەمی ئومەوییە)، بەو پێیەی شاعیرانی کردبوو بە چەند بەش و چینێکەوە،" ئەم کتێبە بابەتی دابەشکردنی هەستیارە عەرەبییەکانە بەسەر چین و تاقمێکدا، چونکە هەستارە عەرەبەکانی دابەشکردوە، بەسەر چەند چین و تاقمێکدا، هەریەکە لە هەستیارە جاهیلی و موسڵمانەکانی بەسەر دە بەشدا دابەشکردوە،و بۆ هەر چینێك چوار شاعیری دەسنیشانکردوە".[2]
یەکێک لە پڕ بایەخەکانی زمان بریتییە لە هونەری وشە بەو مانایەی وشە دەتوانێت زمان پاراو بکات و مانای جۆربەجۆر لە خۆ بگرێت، لە ڕووی داڕشتنەوە، جا چ ڕێزمانی بێت یاخود ڕەوانبێژی بێت.
ابن سلامە نوێنەرایەتی بیری ڕەخنەیی باوی نێو کۆمەڵگەکەی خۆی دەکات، چونکە "زاناو ئاگاداربووە لە هەواڵەکان و رۆژانەی خەڵکی ، بۆیە ڕەخنەکانی پشت دەبەستێت بە

---
[1] د.کامل حسن عزیز البصیر: ڕەخنە سازی مێژوو و پەیرەوکردنی ، ل٤٤.
[2] هەرئەو سەرچاوەیە، ل٤٥.

گێڕانـەوەو چیرۆکـە هـەواڵی ، بەمەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی کـاری ئـەدەبی و پـۆلێنکردنی شـاعیرەکان بـەپێی چینـەکان، بەمـەش ابـن سـلامە کتێبـی دانـەناوە، بـەڵکو کتێبێکـی لەوکۆکردنەوەی بیروبۆچوونە ڕەخنەییانەی، کە لەسەردەمەکەیدا باوبوون ئامـادەکردوە"[1]، هەرئەمەش وایکرد توێژەران بڵێن" کتێبی (طبقات الشعراء)، لەسەر گێڕانەوە بنیادنراوە، بە ئەندازەیـەك هەسـت بـە بـوونی خـۆی ناکـەین لـە کتێبەکەیـدا، بۆیـە نائامادەیـەو لەپشـت گێڕانەوەکان و هەوڵدەرەکانەوە خۆی شـاردوەتەوە"[2] لەو سـەردەمەدا بیـری ڕەخنەیـی نـاو کۆمەڵگە زیاتر لە هەواڵ و چیرۆکەکانەوە وەردەگیرا، ئەمەش بوو بە مایەی پشت بەستن بە کاری ئەدەبی و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی.

**(أ) پێوەرەکانی دابەشکردنی شاعیران:**

١- زۆری ژمارەی شیعری شاعیران.

٢- هەمەجۆری بابەتی شیعرەکە.

٣- ئاستی بەرزی شیعرەکە، لەرووی وشەو رستەو داڕشتن و ناوەڕۆکەوە.

**(ب) هەنگاوەگرنگەکانی ڕەخنەگر:**

١- بیرکردنەوە لەڕێگەی ئەوەی بڵاوە.

٢- بڕوابوون بە راستی وتەی پێشینان

٣- توانەوەی خود لە کۆمەڵێکدا و تاك لە هەمووا.

٤- ئامادەبوونی رابردوو بە بەردەوامی.

٥- ئازایی کۆمەڵگە.

٦- میتۆدی کۆکردنەوەی گێڕانەوەو هەواڵ و روداوەکان.[3]

---

[1] د. قصی الحسین، النقد الادبی، ص٢٩٠.

[2] هەرئەو سەرچاوەیە، ل٣٩٠.

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە، ص٢٩١.

ئەگەرچی نوسەر خۆی ونە، بەڵام هەوڵیکی جدی داوە بۆ دەرکەوتنی هەنگاوی نوێتر لە دوای خۆی، وەك هەستکردن بە گۆڕان و گەشەکردن لە چێژی گشتی و سروشتی هونەری شیعریی و پێوەرە ئاکاری و داهێنانییەکان کە شاعیر پشتیان پێدەبەستێت.
کەواتە ئەم کتێبە بریتیە لە گێڕانەوەی رابردو لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی شاعیرە باوەکان، مەبەستی سەرەکیشی لە تۆمارکردنی شاعیر و بەرهەمەکانیان بووە.

## ٢-جاحظ و بیروبۆچوونە ڕەخنەییەکانی

**پێوەری وشە :**

جاحظ* ( ئەبو عوسمان عمرو بن بحر الجاحظ، لەساڵی٢٥٥هـ کۆچی دوایی کردوە)، یەکێکە لە پیاوە گەورەکانی معتەزلەو دامەزرێنەری(الجاحظية) و دامەزرێنەری زانستی رەوانبێژییە، و کۆمەڵێك چالاکی ئەدەبی و فیکری پێشکەشکردوەو خاوەنی بەسەدان کتێبە، گرنگترین کتێبی لەسەر ڕەخنەو شیعرو رونبێژی ، کتێبی رەوانبێژی بریتییە لە(البیان و التبیین) تێیدا باس لە( وشەو مانا)، دانان وداڕشتن، هاوسەنگکردنی قسە بە واقیعی حاڵەوە، دزی ئەدەبی، رەوانی وشەو قسەکردن، روونبێژی( لێکچواندن، خوازەو خواستن و درکە) لەگەڵ بابەتی جوانکاری، ئەمانەش تاوەکو ئەمڕۆش بوونەتە جێگەی بایەخ و توێژینەوە .
لە بێژە ومانادا پێیوایە باشترین قسەو وتن ئەوەیە، کە ماناکەی لە ڕوخساری دەربڕینەکەیدایە، ئەمەش لەڕێگەی دوانەیی مانای دروست و دەربڕینی رەواندا دەبێت، بۆیە دەڵێت" باشترین قسە چەندێك کورتبێت، ئەوەندەش لەزۆریدا دەوڵەمەند دەبێت و ماناکەی لە ڕوخساری دەربڕینەکەیدایە، ئەگەر ماناکەی دروست و دەربڕینەکەی رەوانبێت، ئەوە سروشتێکی راستی هەیەو دورە لە رق و کینە و لەدڵەوە نوسراوە"[1]

---

* ابو عثمانی جاحظ (١٥٩ – ٢٥٥ک) خەڵکی بەسڕە بووە و سەر بە گروپی (معتزلە) بووە، ئەم کتێبانەی داناوە، (البیان و التبیین، الحیوان،مناقب الترک، رسائل الجاحظ) ناوبراو هەر تەنیا بە ڕۆشنبیری عەرەبییەوە خەریک نەبووە، بەڵکو ڕۆشنبیری یۆنانی و فارسیشی بە دەستهێناوە. ئەو بە جوانی و ڕەوانی زمانەکەی و قوڵی بیر و ڕوونی شێوازەکەی بە ناوبانگ بووە ، هەروەها بە پاراستنی جوانکاری لە دەربڕیندا. نووسین بەلای ئەوەوە دەرخستنی کەسایەتی نووسەر بووە. بایەخی بە شێوازی دەربڕینی ووتە و مانا و ڕەوانبێژی و جوانکاری زمان داوە. کتێبەکانی دەشێت وەک ئینسایکلۆپیدیایەکی وێژەیی عەرەبی تەماشا بکرێن.
(سەرچاوەکان: پێرست-ی ابن ندیم: ١٧٥، جاحظ ژیان و دانراوەکانی، نووسینی طه حاجری، ٤٢٥-٤٢٦م خۆرهەڵاتناسی ئیسلام، ب (لا ٣٩٠، أحمد أمين)

[1] الجاحظ، البيان و التبيين/١/ ٨٣

کەواتە پێیوایە وشە هەڵگری مانای جیاوازەو دەتوانرێت بەمانا و دەربڕینی جیاواز لە شێوەو ناوەرۆکدا دەرببڕێت ، بۆیە پێویستە لەسەر نوسەر لەم سۆنگەیەوە لەگەڵ خوێنەردا بدوێ ، کەواتە پێوەرکەی ، پێوەرێکی کۆمەڵایەتییەو دەیەوێت لە ڕوانگەی سۆسۆلۆژییەوە کاریگەری دروست بکات.

**٣- (الشعر و الشعراء)ی ابن قوتەیبە و بیروبۆچوونە ڕەخنەییەکانی**
**پێوەری وشە ومانا :**

ابن قوتەیبەی دەینەوەری بەرەگەز فارس(٢١٣-٢٧٦هـ) خاوەن چەند کتێبێکەو لەگەڵ ئەوەی ڕەخنە لە خەڵکی سەردەمەکەی دەگرت، چونکە بایەخ بە ئەدەب و زانست و زانایان نادەن، بەڵام لە کتێبی( شیعر و شاعیران - الشعر و الشعراء) و لەبارەی دانانی کتێبەکەوە دەڵێت" ئەم کتێبەم تایبەت کردوە بە شاعیران و سەردەم وتواناکانیان، حاڵ و گوزەرانیان، شیعرەکانیان، خێڵەکانیان، ناوی بنەماڵەو نازناوەکانیان، ئەوەی زانایان بە هەڵە وتەو ماناکانیان وەرگرتوە، ئەوەی پێشینان پێشیانکەوتون و ئەوانی دواتریان لێیان وەرگرتون، باسی بەشەکانی شیعرو چینەکانی و ئەو سیمایەی کە شیعر هەڵیدەبژێرێت و پێیان شاد دەبێت دەکات"[1] بەمەش" ئەم کتێبە لە ڕەخنە ناکۆڵێتەوەو دانراوێکی پسپۆڕ بە هەڵسەنگاندی هۆنراوەو هونەرمەندەکان نییە، بەڵکو کتێبێکی گشتی ئەدەبییە".[2]
ابن قوتیبە لەم کتێبەدا باسی لە "شاعیران و سەردەم و پلەو ......تاد کردوە، بەڵام رەچاوی پلەبەندی کاتی نەکردوە، چونکە باسی شاعیرە جاهیلیەکانی لە دوای موخەزرەمەکانەوە کردوە، یان ئیسلامی پیش جاهیلی یان عەباسی" [3] لە بارەی ئەوەی شاعیرانی کردوە بە دووبەشەوە ، بەشی کۆن و نوێ، شیعری کۆن لەوانەیە شیعری باش بێت و لەوانەشە خراپتر بێت، بۆ شیعری نوێش بەهەمان شێوە، پێیوایە هەموو کۆنێك لەسەردەمی خۆیدا نوێ بووەو دەڵێت" سەیری ئەوی پێشوتریان بە چاوی بەرزڕاگرتنی و پێشخستنی نەکردوە، یان ئەوەی دواتر باسمکردوە بە چاوی کەم و رقەوە سەیرمکردبێت، بەڵکو بەچاوی دادپەروەرییەوە سەیرمکردون".[4]
واتا پێوەری بەسوودو باشی دەق بووە لە ڕێگەی کاری وشەو ماناکانەوە، ئەمەش لەپێناو دروستکردنی کاریگەری . هەرلەبەر ئەمەشە ، کە" شیعر لای ابن قوتیبە وشەو مانایەو هەردوکیان باشەو خراپە دێنن".[5]
پێیوایە هەریەکە لە وتەو مانا مەدلولی تایبەت بەخۆی هەیە، مەدلولی وتە بەپێی داڕشتنەکەیەتی، باشەی وتە بریتییە لە تەواوی کێش و گێڕانەوە، بەڵام مەدلولی مانا

---

[1] ابن قتیبە، الشعر و الشعراء، ٥٩/١،
[2] د.کامل بصیر، رەخنەسازی،ل٤٧
[3] د. قصی الحسین، النقد الادبی، ص ٣٢٨
[4] ابن قوتیبە،ص٥٩
[5] حمید آدم ثوینی ، منهج النقد الأدبی عند العرب، دار صفاء للنشر و التوزیع، عمان، ط١، ٢٠٠٤ ،ص٧٨.

بریتییە لە بیری دێڕەکە، پێیوایە هۆکاری شیعر بریتییە لە سووربوون و شەوق و خۆشی و مەینۆشی و وەفا و توڕەبوون(غەزەب) دەستنیشانکردنی شیعر لەسەر بنەمای وشەو مانا

١- هۆنراوەی وشەو مانای بەهێزو بەسود، کە باشترین جۆری شیعرە.

٢- وشەو هونەری ڕێکخستن و قافیەدارو ڕەوان، بەڵام مانای لاوازە.

٣- خاوەن مانای بەهێزو بەسود، بەڵام وشەی لاواز.

٤- وشە ومانای لاواز.[١]

کەواتە پێوەری بەسوودی لەڕێگەی وشەو ماناکەیەوە کردووە، پێوەرێك بۆ بەسوودی شیعر و بوونی کاریگەری لەسەر خوێنەر .

## ٤- ئیبن تەباتەبای عەلوی(٣٢٢ك کۆچی دوایی کردووە).

### پێوەری وشەو مانا:

"ئیبن تەبابا تیۆری لە دوانەیی وشەو مانادا کاریگەرە بەئیبن قوتەیبە ، بڕوای وایە ڕاستی مانا وهێزی وشە لەگەڵ ڕاستی کێشدا پێوەری شیعری بەهێزن، بەڵام پەیوەست نەبووە بە بەهای لۆژیکی، بەڵام ئیبن قوتەیبە بڕوای پێ بوو ، تەبابا بڕوای وایە هەندێك شیعر هەن، واتاکانیان ساردن، شیعر ، چێژە نەك لۆچیك".[٢]
ئیبن تەبابا پێیوایە پەیوەندی وشەو مانا وەك پەیوەندی جەستەوگیانە ، چونکە دەڵێت:" قسەیەك کە مانای نەبێت ، وەك جەستەیەك وایە کە گیانی تێدا نەبێت" [٣]. کەواتە قسە جەستەیەو گیانی هەیە، جەستەش دەربڕین و ماناکەشی گیانەکەیەتی .
بەم پێیەش بێت ئەمیش دووبارە پێوەری وشەومانای کردوەتە بنەمای بڕیاردان لەسەر باشی و خراپی دەق ، وشەکانیش بەپێی مەبەستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان پێوەرکان دەگۆڕێت.

---

[١] ابن قتيبه، الشعر و الشعراء ،ص٧٣.
[٢] قصی حسين ، النقد الأدبی عند العرب و اليونان، ص٣٤٠.
[٣] ابن طبابا، عيار الشعر، ص١٧.

## ٥-قودامه بن جەعفەر

## پێوەری وشە :

قدامە بن جەعفەری رۆمی بەئەسڵ نەسرانی لە ساڵانی(١٨٩-٢٩٥هـ) بووەتە موسڵمان، ساڵێ(٢٦٠-٢٧٦هـ)لەبەسرە لەدایکبووەو لە ساڵی(٣٣٧هـ) لە بەغدا کۆچی دوایی کردوە، رۆشنبیریی یۆنانی هەبووەو ئەمەشی لە زانستی لۆژیکدا ئاماژەی پێکردوە.

قودامە لە کتێبی( ڕەخنەی شیعر)دا شیعری دابەشکردوە بە چەند بەشێکەوە( زانستی عەروز و زمانەکەی، زانستی واتاناسی شیعرو مەبەستەکەی، زاستی باشی و خراپی شیعر) خەڵکی بایەخیان بە نوسینی ئەمانە داوە، جگە لە زانستی چاکە کە بریتییە لە سێیەمیان.

ئەم کتێبە پێکهاتوە لە سێ بەش، بەشی یەکەم: باسی لە سنورو پیشەو خاسیەت پێناسەی شیعر کردوە، بەلایەوە شیعر" وتەیەکی کێش و قافیەدارە و هەڵگری مانایەکە"[1] ، بەمەش لەرووی ڕوخسارەوە لە شیعری روانیوە، بەم پێیەش رەگەزەکانی بریتیین لە" (وتە، کێش، سەروا، مانا) لەبەشی دووەمدا باس لە نەعتی وشەو کێش و بەخشینی کێش و نەعتی قافیەو مەدحی شیعرو...تاد، بەشی سێیەم تایبەتە بە کەموکورتی شیعرو وشەو کێش و عەروزو.....تاد".[2]

پێیوایە " وشەکان بە ئاسانی و رەوانی دەردەبرێت، چونکە دەرچەی پیتەکان ئاسانکاری بۆ دەکات، هەروەها پێیوایە مانا بۆ مەبەستی مەبەستدار بەکاردێت، بۆیە هاوپەیمانی لەنێوان وشەو مانا هەیە و خۆی لەیەکسانی ئاماژەیی واتاییدا بینێتەوە.[3]

## ٦- عەبــدالقهـــار گورگانی

## أ - پێوەری ڕەوانبێژی و مانا :

یەکەی هونەری وەك وێنەیە یان وەك داڕشتن و دانانە، چونکە پلەیەکی عیعجازی وەردەگرێت، ئەم مانا تایبەتیەش لەناو وێنەئاوێتەییەکەدا سەرهەڵدەدات، نەك لەکەرەستە خاوەکە، یان راستی دەرەکییەکەی مانا، لای جرجانی بریتییە لە (مانا روخسارییەکەی وتن

---

[1] قدامه بن جعفر، نقد الشعر،دار الكتب العلميه ، بيروت، د.ت، ص١٠.

[2] هەرئەو سەرچاوەیە،ل٥

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە،ص١٠.

بەڵام مانای مانا قۆناغێکە مانای رووکەشی تێدەپەڕێنێت، بۆ ئاستێکی هونەری لە نووسین و خواستن ، لەم قۆناغەشدا جیاوازی لەنێوان وێنە داڕشتنەکەدایە). [1]

لێکۆڵینەوە لەمانای مانا لای گورگانی وایکرد کتێبی(نهێنەکانی رەوانبێژی) بنووسێت، وتێدا باسی لێکچواندن و نواندن وخواستن کردووە، ئاماژەی بەوە کردووە کە مانای مانا لەواتا دا، لەئاستەجیاوازەکان و کاریگەرییان دەکاتە سەر، نواندن وا لە خوێنەر دەکات مانا لەڕێگەی بیرەوە وەربگرێتەوە ، لە جوانناسییشدا پێی وایە هونەرمەندی پسپۆڕ ئەوەی چاو ئامادەی دەکات تێدەپەڕێنێت، بۆ ئەوەی عەقڵ ئامادەی بکات . [2]

کاری لەسەر شیعرو ئەدەب و وشەسازی و زانستی قورئان کردوە، لە تیۆری وێنەو(وێنەو هاوشیوەکەی) لە بارەی وشەو ماناو بە پرۆسەی داڕشتنەوەو خاڵبەندی دەچوێنێت، وایدەبینێت داڕشتن و نووسین بریتییە لە ئیعجازی قسەکردن، چونکە جیاوازی بەرهەمدێنێت، لەبارەی زاراوەی ڕەخنەیی کە ناویدەنێت( وێنە لە قەسەدا) مەبەست (کلام)ە دەڵێت" وتەکانمان وێنەن، بریتییە لە نوادن و پێوەری ئەوەی بە عەقڵمان دەیزانین و بەچاومان دەیبینین" زیاتر باس لە نێوەند دەکات لەنێوان ماناو مانا و وێنەداو دەڵێت" کاتێك مانای دێرەکان و ئەوەی لە عەقڵماندا هەیە، جیاوازیان هەیە و ماناو وێنەکانیان وەك یەك نین"[3]

لەبارەی جیاوازی وێنەکانەوە دەڵێت" جیاوازی لە وێنەکاندا ڕێگەی سەلماندنی عیعجازەکانە، ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی گەیشتە پلەیەك لە جیاوازی و هیچ بەرهەمێکی تر پێینەگات، راستە ناوبنرێت موعجزە.

یەکەی هونەری وەك وێنەیە،یان وەك داڕشتن و دانانە، چونکە پلەیەکی ئیعجازی وەردەگرێت، ئەم مانا تایبەتەش لەناو وێنە ئاوێتەییەکەدا سەرهەڵدەدات، نەك لە کەرەستە خاوەکە، یان راستیە دەرەکییەکە.

مانا لای قاهر بریتییە لە مانا ڕوخساریەکەی وتن، بەڵام مانای مانا قۆناغێکە مانای روکەش تێدەپەڕێنێت، بۆ ئاستێکی هونەری لە نوسین و خواستن، لەم قۆناغەشدا جیاوازی لەنێوان وێنەو داڕشتنەکەدا هەیە.

---

[1] قصي حسين ، النقد الأدبي عند العرب و اليونان، ص٤٤١.

[2] هەرئەو سەرچاوەیە،ل٤٤٢.

[3] جرجانی، الدلائل،ص ٣٥٥.

## ب- پێوەری مانای مانا:

واتا مانا و ناوەڕۆک دەگرێتەوە، بە شێوە، شێواز ڕوون دەکرێتەوە، توێژینەوە لە مانای مانا لای گورگانی، وایکرد کتێبی " (نهێنییەکانی رەوانبێژی) بنوسێت، و تێیدا باسی لێکچواندن و نواندن و خواستن کردوە، ئاماژەی بەوە کردوە، کە مانای مانا لە واتادا کار لەسەر ئاستە جیاوازەکان و کاریگەریان دەکات، نواندن وا لە خوێنەر دەکات، ماناکان لەرێگەی بیرەوە وەربگرێتەوە، لە جوانناسیشدا پێیوایە هونەرمەندی پرۆفشناڵ ئەوەی چاو ئامادەی دەکات تێدەپەڕێنێت، بۆئەوەی عەقڵ ئامادەی دەکات" [1].

داهێنەر دەبێت گرنگی بە" نامۆیی لێکچوون بدات، چونکە پێوەری هونەریە بۆ لێکچواندنی جوان و پێویستە پەیوەستبکرێت بە جوڵەوە، چونکە بەهۆیەوە سحری لێکچوون زیادەکات".[2]

گورگانی ڕەخنەگرێکی جوانناسی عەقڵانییە، لە پەیپێبردنی نهێنی وتە رەوانەکاندا چونکە پەیڕەوێکی عەقڵانی بەکاردەهێنێت، هەرئەوەی عەقڵ حوکمی لەم وتەیەدا کردووە، پەیوەندی شیعر بە راستی و درۆوە، چونکە پێویستە ماناکان عەقڵ پشتگیریان بکات.پێیوایە مانا و عەقڵانیەت هۆکاری گەیاندنی مەبەستدار، یان مەدلولی جیاوازی دەقەولەڕێگەی ئەم مانایەوە ، مەبەستەکانی دەگاتە خوێنەر.

## ٧-ابو هيلال العسكری

کتێبی" (صناعتين) یەکێکە لەدیارترین کتێبی فێرکاری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، کە لە کۆتایی سەدەی چوارەم، واتە ٣٩٤ کۆچی نوسراوە، بە کۆتا کتێبی ڕەخنەیی ئەم سەدەیە دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەی زیاتر کتێبی رەوانبێژییە وەك ڕەخنەیی" [3]. بە گشتی ئەو پێوەری کە لە دەقەکەدا بەکاریهێناوە.

### -پێوەری وشە و مانا :

مەسەلەی وشە ومانا، دەستی بەسەر عەقڵی عەرەبیدا گرتبوو، تاوەکو سەردەمی ئەبو هیلال داوای گرنگیدانی دەکرد بە وشەو ڕوخسار و شێوەی دەرەکی، چونکە دەرفەتی بڕیاردان و دیاریکردنی جۆرو باشی و توانست و لێهاتویی لە هونەردا هەیە.

---

[1] د. قصی الحسین، النقد الادبی، ص٤٤١

[2] اسرا بلاغە، ص ١٦٤

[3] د. قصی الحسین، النقد الادبي، ص٤٤٤.

ئەمیش نەیتوانی لە قوتابخانەی پیشە دەربچێت، نوسینی کتێبی" (الصناعتين) بۆئەوەبوو کەبەشێوەیەکی تەواو ورد، ئەوەی لەبارەی ڕەخنەوە نوسراوە کورتبکاتەوە، لەپیشەی شیعریی قووڵببێتەوە ، لەڕێگەی ئەو لێکدانەوانەی کە بۆ دێڕە شیعرییەکانی کردوە، پێی وایە شیعر لەو داڕشتنە پیشەییە وشەکەی بەرهەمدێت، زۆربەی وەسفەکانیش لە دەربڕینەکەوە بەرهەمدێت، نەك ماناکە، چونکە ماناکان لەسەر خۆیان وەستاون و بەدەستهێنانیان پێویستی بە ماندوبوون و سەرقاڵی نییە، چونکە ئەگەر شیعر لەسەر مانا بوەستایە، ئەوا شاعیرەکان ماندوبوون و سەرئێشەیەکی زۆریان بۆ خۆیان دروستدەکرد"[1]، لەمەشدا لەمەسەلەی "وشە مانادا لەگەڵ ابن قوتەیبە یەکدەگرێتەوە، چونکە ئەویش جەختی لەسەر بایەخی وشەی باش و مانای ناوەند دەکردوەو، چونکە ئەگەر وتە وشەکەی باش و ئاسان بێت، ماناکەی ناوەند بێت، خرایە رستەیەکی باشەوە، ڕێڕەوێکی دروست وەردەگرێت".[2]

ئەبو هیلال لەگەڵ ئەوەی گرنگی بە وشە دەدا، گرنگیشی بە مانا دەدا، چونکە پارێکی بۆ تەرخانکردوەو دەڵێت" وشەو قسەکان ئەو مانایانە دەگرنەوە، کە دەلالەت و گوزارشتیان لێدەکەن، بۆیە ڕەوانبێژ دەبێت وەك پێویستییەك ماناکە بپێکێت بۆ باشترکردنی وشەو وشەکەی."[3] مانا دوو ئاراستەی هەیە، یەکێکیان خاوەن پیشەکە بەرهەمیدێنێت، نەك لە کەسی ترەوە وەریگرتبێت، ئەوەی تریان ئەوەیە کە وەریدەگرێت، ئەمەش مەسەلەی لاسایی و داهێنانە لە مانادا، واتا شیعر لە بازنەیەکی یاسا و کۆتدا دێتە بەرهەم، بۆیە ناتوانێت بیرێکی ڕەهاو سەربەخۆ ببەخشێت.

## دیوانی ئەپۆلۆ یان گروپی ئەپۆلۆ

لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەمدا ژیان گۆڕانکاری بە سەردا هات ، لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەوە ، ژمارەی شاعیرەکان زۆر بوون ، ئەم شاعیرانەش هەر یەکە و بیر و بۆچون و ئایدیای خۆیان هەبوو ، بۆ نموونە ( گرووپی ژیانەوە ) پێگەی خۆیان هەبوو کە پاراستن بوو لە کۆن بە سەرۆکایەتی ئەحمەد شەوقی ، هەروەها گروپی دیوان بە سەرۆکایەتی عەبدوڕەحمان شوک بوو چ لە شیعر و چ لە ڕەخنە دا و کاریگەری ڕەخنەی ئەوروپی و ئینگلیزیان پێوە دیار بوو ، لە نێوەندی ئەم دوو گروپەوە ، گروپێک دروست بوو

[1] الصناعتين، ص٥٨.
[2] د. قصى الحسين، النقد الادبى، ص٤٤٨.
[3] الصناعتين، ص٦٩.

به ناوی ( ئەپۆلۆ ) ی شیعری لە ساڵی ١٩٣٢ بە هەوڵ و کۆششی شاعیر ئەحمەد زەکی ئەبو شادی لە قاهیرە " [١]

شاعیرەکان لە دەوری ئەحمەد زەکی ، ئەبو شادی کۆبوونەوە و کە تازە لە ئینگلتەرا هاتوبوونەوە ،"کاریگەری شیعری ڕۆمانسی و خواستی سۆزداری و خودی و مرۆڤایەتیەکانی لەسەر بوو ، بارودۆخی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو کاتەش لە میسڕ لە بار بوو ". [٢]

بەوەی کار بکاتە سەر هەست و نەست و هەڵچوونی شاعیران ، کە داوای ئازادی ئافرەتان و داواکردنیان بۆ هاتنە ناوەوەی بواری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و فیکریەوە ، هەروەها ئەبو شادی خۆی بۆ ئەم کارە ئامادە کردبوو ، هەر بۆیە ئاستی بەرپرسیاریەتی گرتە ئەستۆ و کۆمەڵێک شاعیری لاو هاوکاریان دەکرد و هەندێکیان داوای ئازادی مرۆڤ لە کۆت و بەند و بەدی هێنانی ئاواتەکانی دەکرد هەندێکیان بەرەو سروشت هەنگاویان نا کە لە سایەیدا حەز و خولیاکانیان دەهاتە دی و هەندێکی تریشیان بەرەو داواکاری بۆ سەربەستی ئافرەت و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەدا . هەنگاویان نا ،کە ئەمانەش بێگومان ئەو ئاواتانە بوون کە ڕۆمانسیە ئەوروپیەکان دەیانویست بێتە دی .

غەزەل لای گروپی ئەپۆلۆ هەندێک تایبەتمەندی هەبوو ئەویش لە میانەی گرنگییان بوو بە شیعری ئەحمەد زەکی و ئەبو شادی و علی محمود طه و ئیبراهیم ناجی و حسن صیرفی لە میانەی ئەم پێوەرەنانەدا بوو:

١- گرنگی دان بە خوازە (المجاز)، خواستنی وشە بۆ مەبەستێکی تری واتا
٢- داهێنان لە وێنەی شیعریدا
٣- قاڵگرتنی (ڕەنگدانەوە،کۆک بوون) غەزەل لە وێنەی ڕەوانبێژی
٤- نموونەیی لە زمانی شیعریدا
٥- گرنگی دان بە مۆسیقای شیعر و هەمئاهەنگی لە نێوان مۆسیقای شیعر و وشە شیعرییەکاندا
٦- بەرجەستە کردنی وێنەی شیعری .
٧- پشت بەستن بە هێما لە بابەتە شیعرییەکاندا "[٣]

---

[١] د . محمد احمد العزب - عن اللغه و الادب و النقد ،المركز العربي الثقافه والعلوم بيروت ، لبنان ، د. ت ، ١٩٩٨ ، ص١٤٣

[٢] د. سالم احمد الحمدانى ، د . فائق مصطفى احمد ، الادب العربى الحديث - دائرة الكتب ، جامعة الموصل . ١٩٨٧ ، ص٨٥

[٣] محمد سالم - مدرسة ابولو فى الذاكره الادبية – [ www.weziwezi.com ]

سەرەڕای ئەوەی ئەم بزووتنەوە شیعرییە زۆری نەخایاند ، بەڵام دەنگ وسەدایەکی باشی دایەوە لە جیهانی عەرەبیدا و لەگەڵ زۆرێک لە شاعیران دا و نامە گۆڕینەوە یان هەبوو لەوانە" ئەبو قاسم الشابی و ئال مەعلوف و عیسی ئەسکەندەر و حوسێن سەرحان و میخائیل نوعەیمە "(١)

بزووتنەوەی ئەپۆلۆ زیاتر بەوە پێناسە دەکرا کە ڕۆچووە یان قوڵبۆتەوە لە ویژدانی شیعردا و کرانەوەیەکی لە شیعری ئەوروپی ، هەروەها شاعیرانی ئەم گروپە( کۆمەڵێ دیوان و کۆمەڵە شیعریان بە جێ هێشتووە کە خواستی ڕۆمانسی تیایاندا لە شێوە و ناوەڕۆک و هەڵچووندا بەهێزترە . هەروەها ئەو گۆڤارەی کە بە ناوی ( ئەپۆلۆ ) وە دەریان دەکرد ، بووە دوانگەیەک کە زۆرێک لە شاعیرانی وڵاتانی عەرەبی شیعریان تیا بڵاو دەکردەوە .) [٢]

گرنگیدانی گروپی ئەپۆلۆ هەر بە وەرگێرانی شیعرەوە نەوەستا بەڵکو توێژینەوەشیان وەردەگێڕا و بڵاودەکردەوە دەربارەی ڕێبازە ئەوروپییەکان وەک ڕۆمانسی و ڕەمزی ، هەروەها گۆڤارەکەیان گرنگی بە چالاکی ئەدەبی ئافرەتان دەدا و ( شیعر و نووسینی جەمیلە عەلایلی و سوهەیر قەلمادی و ڕەباب کازمی و سونیە عەقاد بڵاو دەکردەوە ، بۆیە ئەم گۆڤارە ڕۆڵی پردێکی شیعر وئەدەبی بینی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ) (٣)

## ئەدیبانی تاراوگە(المهجر):

بەو ئەدەبیە عەرەبانە دەوترێت ، کە لەوڵاتی خۆیانەوە ئاوارەبوون بەهۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابووری بۆ ئەمریکای باکوورو باشور لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم زۆربەیان لە سوریا و لوبنان بوون ،کە بریتی بون لە شاعیران "جوبران خلیل جوبران ،مخائیل نعیمە ،ئیلیا ئەبوماضي ، نصیب عریضة ، رشید أیوب ) جگەلەم ئەدیبانەش هەندێك ئەدیبانی تر وەك(میشێل معلوف ، فوزی معروف ، ئەمین الریحانی ، رشید سلیم، الیاس فرحات.... " (٤)

---

[١] مدارس الشعر العربی - الموسوعە العربیة العالمیە [www.hhayma.com]

[٢] هەر ئەو سەرچاوەیە .

[٣] د. سالم احمد الحمدانی و د . فائق مصطفی احمد - الادب العربی الحدیث ، دارالکتب ، جامعە الموصل - ١٩٨٧ ، ص١٧٥.

[٤] ایناس مکاوي ، من هم الشعراء المهجر، (موضوع اکبر موقع عربي بالعالم)، https://moeda003.com

لەبەر ئەوەی ئەم ئەدیبانە کۆچیان کرد بۆ وڵاتانی تاراوگە توانیـان قوتابخانەیـەك دروست بکەن بەناوی قوتابخانەی (شـاعیرانی تاراوگـە) ، لەسـەرەتادا داوای هەڵگیرسـاندنی شۆرشیان دەکرد بەسەر هەموو باردۆخێکی وڵاتـانی عەرەبیـدا ، جگەلـەوەش داوای مـاف و راستگۆیی و ئازادی و یەکسانیان دەکرد، هـەروەها لـە شـێوازی نوسـیندا داوایـان دەکـرد لـە هەموو کۆت وبەندێکی کۆن رزگار بن، جگەلەوەش داوایان دەکـرد گرنگـی زیـاتر بـەپێوەری ماناو ڕۆح بدرێت نەك پێوەری وشەو بەدەر لـەوەش کاریگـەری ئـەدەبی رۆژئاوایـان لەسـەر بوو، پاشان " (الرابطة القلمية) دوای قوتابخانـەی مەهجـەر دروسـت بـوو، لـە خزمـەتی ئـەو قوتابخانیەدا پشتگیری دەکردن لەسـەردەمی (عبدالمسـیح حـداد (١٩٢٠) دامـەزرا. راگرەکـەی جوبران خلیل و میخائلی نعیمە راوێژکاری بوو". (١)

ئـەم رابطەیـە " ئـەدەیبانی مەهجـەری یەکخسـتەوە لـەپێناو بـەهێزکردنی زمـان وئـەدەبی عەرەبیـدا، لـەپاش چـالاك بونیـان و زۆربـونی بەرهەمـەکانیان، ئـەدەیبانی وڵاتـانی عەرەبیش گرنگیان پێدان و بەرهەمەکانیان بڵاودەکردنەوەوشیعرەکانیان بۆ لەچاپ دەدان و توێژینـەوەکانیان بڵاودەکرانـەوە لەوانـەش کـە گرنگیـان پێـدەدان لـە وڵاتـی میسـر بـوو، وەکو(عەباس مەحمود العقاد، عبدالقادر المازنی ، احسان عباس ... تاد". (٢)

## ڕەخنە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا :

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی بە تایبەتی لە لای عەرەبەکان هەروەها بزووتنەوەی ئەدەبیش هەر لەو ڕۆژگارەدا دەستی بەگەشـەکردن کـرد و بەتەواوەتی ئاسۆی ڕوونی بزوتنەوەی ئەدەبی وڕەخنەی ئەدەبیش دەرکەوت .
هەر بەم هۆیەشـەوە ئەدەب و ڕەخـنە چـووە قۆنـاغێکی نـوێ وە هەر لە ڕوانـگەی ئەم گۆڕانکـاری و پێشـکەوتنەدا بە تەواوەتـی لە سـەدەی (٢٠) دا گۆڕانکـاری دروسـت و بەرچـاو، گەشەی تەندروست هاتە ئاراوە بۆیە لە سـەدەی بیسـت دا قوتابخـانەیەک دروسـت بـوو ئەم قوتابخانە یە تایبەت بوو بە ئەدەب بە ناوی ( قوتابخانەی دیوان ) بەڕابەرایەتی .
"( ئیبراهیم المازنی ) ، ( عباس محمود العقاد ) ، ( عبد الرحمن شوکری ) دروست بوو .ئەمانە چ وەک شاعیر یان نوسـەر یـان ڕەخنەگر لە نووسـین دا ڕێبـازێکی نوێیـان هێنـایە ئـاراوە لە

---

(١) د. سالم أحمد الحمداني ، د. فائق مصطفی احمد، الادب العربی الحدیث، دراسة فـی شـعره ونثـره، جامعـة الموصل،١٩٨٧ ،ص٢١١-٢١٢.
(٢) هەرئەو سەرچاوەیە،ل٢١٣.

سـاڵانی ( ١٩١٣ ) دا ئەم ڕێبازەیـان گـرتە بەر ، بەڵام لە سـاڵی ( ١٩٢٦ ) دا بە تەواوەتـی نـاوی قوتابخانەی دیوان چەسپا " [١]

چونکە قوتابخانەی دیـوان ڕاسـتەوخۆ کـاریگەری ئەدەبیـاتی ئینگلیـزی و ئەدەبـی ئەوروپـی لەسەر بوو.

## پێوەر و تێڕوانینەکانی قوتابخانەی دیوان:

١- بایەخدان بە یەکێتی دەق ( تێکست ) .

٢ - دوور کەوتنەوە لە شیعری ستایش و بۆنەکان .

٣ - دوور کەوتنەوە لە لاسایی کردنەوە و ڕازاندنەوە.

٤- تێکەڵ بوون لەگەڵ سروشت و بەرجەستەکردنی ژیـانی سـەردەم و ڕەنگـدانەوەی لە نـاو بەرهەمەکانیاندا

٥ – بایەخیان بە ڕەخنە و نووسینی چیرۆک و پەخشان دەدا . " [٢]

## نوێخوازی لە ئەدەبی عەرەبیدا :-

لە کۆتـایی سـەدەی نـۆزدە و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا نوێخـوازی لە ئەدەبـی عەرەبیـدا هەر ئەو کـۆمەڵە کەسـانە بـوون کە پێشـتر ئاماژەمـان پـێ کـردووە، سـەرجەم توێژەرانی ئەدەبی عەرەبی میسر بە زەمینەی چەکەرە کردنی نوێخوازی ئەدەبی عەرەبـی لە نیوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدەدا دەزانـن و " محمـود سـامی البـارودی ٨٣٨-١٩٠٤ ز) یـش بە دەنگێکی نوێخوازی ئەو سەردەمە دادەنێن و بەڕابەرێکی ئەو قوتابخـانەیەی دادەنـێن کە بە قوتابخـانەی بـوژانەوە دەناسـرێت و نوسـەرانی وەک ( ئەحـمەد شـەوقی و محمـد حـافظ ابـراهیم ) یـش دەخەنە ئەو چـوار چێـوەیەوە ، بە گشـتی ڕێـڕەوی ئەدەبـی و شـیعری ئەو قوتابخانەیە ڕووە و ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە ، ئەگەر چی شـێوازی شـیعرییان زیـاتر شـێوازە کلاسـیکییەکە بـووە " [٣] ، دوا بە دوای ئەو قوتابخـانەیە و ئەو نەوەیە لە شـاعیرانی نـوێگەری لە ئەدەبـی عەرەبیـدا لە میسـر ، نەوەیەکـی نـوێی دی ئەدەبـی هەر لە دەیەی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەمەوە لە میسـر سـەریان هەڵـدا و وشـیارانە و بە مەبەسـت

---

[١] مدارس الشعر العربی - الموسوعة العربیة العالمة[www.hhayma.com]

[٢] هەر ئەو سەرچاوەیە .

[٣] د. محمد عبدالعزیز الكغراوی ، تأریخ الشعر ، العرب ، القاهرة ، دار النهظه للطباعة والنشر ، ١٩٧١ ، ص١٩٦

ڕوویـان له نـوێگەری شـیعری و ئەدەبـی کـرد بەو ڕادەیەی که له" سـاڵی (١٩٢١ز) دا وەک قوتابخانەیەکی ئەدەبی به ناوی ( الدیوان ) خۆیان ناساند که ڕابەره دیارەکانی بریتی بـوون له ( عباس محمود العقاد ، ابراهیم عبد القادر المازنی ، عبد الرحمن شوکری " [1]

به لای" ( عباس محمود العقـاد ) ەوە شـیعر دەبێـت هەڵگـری گیـانی سـەردەمەکەی بێـت و ڕەنگ ڕێژی گۆڕانکارییەکانی سەردەم بن ، چـونکه شـیعر ئـاوێنەی ڕۆژگـاره هەر بـۆ یەکێتـی دەقـی شـیعری به بنەمـایەکی گرنگـی دەق دادەنـا و به لایەوە هەر کاتێـک پـاش و پـێش به بەیتی دەقێک بکرێت ئەوا ئەو دەقه یەکێتی له دەست دەدات ، به گۆڕینی زمـانی شـیعریش له لایـان وێـنەی شـیعریش گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووه له ژێـر چەمکێکـی ڕۆمانسـیزمیانه دا وێنەکـان بنیـاتنراون ، له ڕووی بەکارهێنـانی قافیەشـەوه چەنـد جـۆره قـافیەکی نوێیـان بەکارهێنا وەک جوت قافیه و قافیەی ڕەها و قافیەی بەرامبەر "[2]

وەک ئاشکرایه لایەنێکی دەنگی نوێخوازی له قوتابخانەی دیـوان بانگەشـه کردنیـان بـوو بـۆ شیعری هاوچەرخ ، بەو شێوەیەش له هاوچەرخێتیان دەڕوانـی که (عبـاس محمـود العقـاد ) سەرنجی بۆ ڕاکێشاوه و ڕای وا بووه که " نوێخوازی له شیعر دا بریتیه له چـۆنیەتی وەسـف و دیدی نوێی شاعیر بۆ ژیان " [3]

هەر ئەم تێـڕوانینەی قوتابخـانەی دیـوان گـوێزرایەوه بـۆ لای شـاعیرانی وەک " رصـافی و زەهاوی ) یش له عێراقدا به تایبەتی زەهاوی ". [4]

له پاڵ ئەو ڕێچکه نوێگەریەی ئەدەبی عەرەبی له میسردا دروست بوو، وە نابێت ئەوەمان له یاد بچێت که له عێراقیش خواستی نـوێگەری له دەیەی یەکەمـی سـەدەی ڕابـردووه وه لای شاعیرانی وەک " جمیل صدقی زەهاوی و معروف رصافی) سەری هەڵدا بوو به تـایبەتی لای ( زەهـاوی ) بـۆ مـاوەیەک ڕووەو تـاقیکردنەوەی شـیعری بـێ قـافیه هەنگـاوی هەڵنـا و بەو هەنگاوەیشی گۆمێکی مەنگی ئەدەبی لەو سەردەمه دا شڵەقاند " [5] ئەمانه سەرەتا بوون بـۆ شڵەقاندنی گۆمی مەنگی شیعری له ساڵەکانی چلەکـانی سـەدەی ڕابـردوو له عێـراق له سـەر دەستی (نازک الملائکة، بدر شاکر السیاب، عبدالوهاب البیاتي.)

---

[1] عبد القادر القط ، حرکة الدیوان واثرها فی النقد الادب والشعر، بغداد دارالحریةللطباعة، ١٩٨٩ ، ص٣

[2]هەر ئەو سەرچاوەیه، ص١٦- ٢٦

[3] کریم الوائیلی ، تدفق الینبوع قراءة نقدیه فی مدرسه الدیوان ( مینشاوی ) ( انترنیت )

[4] عباس توفیق ، نقد الشعر العربی الحدیث فی العـراق مـن ١٩٢٠- ١٩٥٨ ، بغـداد ، دار الرسـالة للطباعـة ١٩٧٨ ، ص١٥٥ .

[5] هەر ئەو سەرچاوەیه ، ص١١

## پاژی سێیەم : پێوەرە ڕەخنەییەکان لە ئەدەبی کوردیدا :

کارکردن لەسەر دەق بەگشتی و دەقی شیعری بەشێوەی جیاواز و لە بڵاوکراوەی جیاوازدا کاری لەسەر کراوە، لەناو ئەم کارانەشدا پێوەری جۆراوجۆر لەسەر هەمان شێوازی ڕەخنەی عەرەبی پیادەکراوە.

### ١- پێوەری چێــژ:

یەکەم ڕۆژنامە کاری لەسەر ڕەخنە کردبێت، ڕۆژنامەی (ژیان)ە،ئەویش زنجیرە وتارەکەی شێخ نوریە، لە ژمارە(٢٠)ی( ڕۆژنامەی ژیان لە ٦ / ١٠ (١٩٢٦) لەژێر ناوی(صەنعەت وصنایعی نەفیسە چییە؟) " [١]، "بڵاوکردۆتەوە، لەسەرەتای دەستپێکردنی بابەتەکەیدا نووسەر دەڵێت:" ام ایضاحاتە ئێمە لە نقات مختلفەوە بۆ ئەم سؤالە جواب ئەداتەوە "[٢].

لەبەشی یەکەمدا ئەوە دەخاتە رووکە ئەگەر مرۆڤێك لەبەرامبەر بینایەکی جوان بوەستێ، یاخود گوێ لە مۆسیقایەك بگرێ، یان سەیری لەوحەیەك بکات مەرج نییە جوڵان وروژاندنێك لەلای بیسەران، یان بینەر دا دروست بکات. د. کامل بصیر دەڵێت:" شێخ نوری شێخ صالح بەم بابەتانە هێڵە گشتیەکانی ڕەخنەسازی راستەقنەی کوردی داڕشتووە و زەمینەیەکی بەپیتی بۆ ڕەخنەسازەکان(خۆشکردووە)" [٣].

نووسەر دوو نموونەی بەراورد کردووە،یەکەمیان(کاسپی پیاو ئەژێنێ)، و ( زەحمەت رەحمەت ئەهێنێ) ، پێیوایە لەیەکەمدا هیچ جوانکارییەکی تێدانییە، بەڵام لەدووەمدا هەیە،کەواتە پێوەری جوانی بووە بەهۆی بڕیاردان لەسەر کاریگەری بوونی دەقەکە، یاخود(دووکەرەت چوار هەشت دەکات)، ئەمە حەقیقەتی تێدایە، وەك نووسەر دەڵێت:" (حظ مەمنونیە تێك حاصل ناکات)" [٤].

لێرەدا نوسەر ڕۆڵ و چەمك و ڕیزبەندی وشەکان دەردەخات، لەم ڕوانگەیەوە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ قسە لەسەر لاوازی وشەو رستە دەکات ، لە کۆتایی بەشی چوارەمدا پێناسەی (صفەت)ی کردووە، کە ( صفە ت بە وەسائط مخصوصە تحریك وتهیج وحسە بدیعیە یە کە لە إنساندا موجودە).

---

[١] م.نوری، ڕۆژنامەی ژیان، ١٩٢٦.

[٢] هەرئەو سەرچاوەیە.

[٣] د. کامل حسن البصیر، شێخ نوری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوە و ویژەی رەخنە سازیدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد، ١٩٨٠، ل٢٧.

[٤] م.نوری، ڕۆژنامەی ژیان، ١٩٢٦.

لەبەشی پێنجەمدا پرسیارلە پێوەندی نێوان لۆژیك و ئەدەبیات دەكات، لێرەدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێیوایە ئەدەبیات بنچینەكەی جوانییە و جوانی بەواتابەخشرێت، بنچینەی لۆژیكیش دیسانەوە هەمان پرسیاریش لەبارەی پێوەندی مناسەباتی نێوان ئەدەبیات و علم وفن دەكات.

نوسەر لەژێر كاریگەریی ،دەروونی كەسەكە بەهونەر ، راستەوخۆ كاریگەری لەسەر بەرهەم و ئایدیاكەی هەیە ، بۆیە پێوەریەكی دەروونی و كاریگەری بەكارهێناوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجی ئەم وتارەیە لەژێر ناونیشانی(ئەدەبیات ئەدەبیاتی كوردی)وە لەگەڵ هەر زنجیرەیەكدا وێڵە بەدوای پرسیارێك لەو پرسیارانەی كە ئەدەبیات بگرێتە خۆ ، لەئاكامدا دەگاتە وەڵامی ئەو پرسیارەی كە دەیكات ،واتا هەرجارە شیكارێكی وتار ئاسا بۆ بابەتی زنجیرەكە دەكات، بۆنموونە ئەو پرسیارانەی كە لەم زنجیرە وتاریە دەیكات بریتییەلە(صنایعی نەفیسە چییە؟)، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە چی وادەكات كە ئەم وتارە بەرەخنە دابنرێت؟

پاشان هەمان پرسیار لەئەدەبیات و مێژوو دەكات، كە پێوەندیەكی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، پاشانیش پرسیار لەپێوەری بەها دەكات.

### ٢ - مەودای پێوەری كاریگەری:

شێخ نوری لە وتارەكەی رۆژنامەی ژیاندا بڵاویكردۆتەوە وپرسیارلە ئسلوب دەكات، لەم باسەدا دەڵێت:"ئەو فكرەی لە مێشكماندا هەیە، ئەمانەوێ لە مێشكی یەكێكی تردا تأسیری پێ پەیدا بكەین، بۆ ئەمەش (٥)شت هەیە لە (البصر، السمع، الذوق، الشم، اللمس) بەواستەی ئەم پێنج شتەوە نەبێ، هیچ جملەیەكی عصبیە نابێتە حركت"[1].

لێرەدا زۆر ئاشكرایە نووسەر باسی لەورێگەوشێوازە دەكات، كە كار لە بەرامبەر دەكات، ئەمەش یەكێكی ترە لەو رێگایانەی ، كە ئەدەب لەرێگەیەوە پەیامی خۆی دەگەیەنێت ، بەمەش دەتوانین بڵێین سیمای رەخنە لەم دەقەدا سیمایەكی ناراستەوخۆیە و لەرەخنەی تێڕوانیینی سەبارەت بە ئەدەب بەشێوەیەكی گشتی دەخاتە ڕوو.

---

[1] م.نوری، رۆژنامەی ژیان، ١٩٢٦

### ٣ - پێوەری واقیعی :

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد (سیاپۆش)رۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە لەبواری ڕەخنەدا بەلایەوە هۆنراوە"(گەوهەریەکانی ئەدەبیات) و شیعر (تەرجومانی دڵە)" [1]، ئەمە جگەلە وتارەکانی کە لە رۆژنامەی ژیـان، ژمارەکـانی (٢٣٥، ٢٣٦)ساڵی ١٩٣٢ لەژێر ناوی( ئەدەبیاتی کوردی و شاعیرەکانمان) بڵاویکرێتەوە، لەبەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا هاتووە: " لەمەودوا ئەو دەورە رۆی کە" (بە زەرد بووترێ زێر) وە (بە صەدەف بڵێن مراوری) لەمەودوا رۆشنایی زانست بەرچاومان روناك ئەکاتەوە، هەموو شتێك وەك خۆی ئەبینین. ژیان لە حەقیقەتی ئەزەلیەوە وەرگیراوە ئاوێنەیەکە ،کە ناشیرینی تێدا جوان دەبینرێت، کە تا ئەبەد جوانی و حکیمەتی لێ هەڵدەهێنجرێت، شیعریش پەچە لە سەر رووی جوانیەکی پەنهاندا لادەدات" [2].

لەم دەقەدا ئاشکرایە کە مامۆستا(سیاپۆش) زاراوەی حەقیقەت بەکاردەهێنێت و زاراوەی ریالیزم و واقعیەت پشتگوێدەخات. هەروەها ئەرکی هۆنراوەی حەقیقی بەکارێکی میکانیکی و رونوسکردن نازانێت ، بەڵکو ئاکامێکی راستەقینە پەیامدار لە قەڵەم دەدات. پرسیاریش دیسانەوە بۆ دڵنیایی ئەوەیە، ئایا ئەم بۆچوونەی ڕەخنە سازەکانمان لاساییکردنەوەیەکی رێبازی ریالیزمی سوشیالیزمی و رێبازی پەرناسیزم و رێبازی رۆمانسی ئەوروپیە؟ یان کارێکی خوڵقێنراو و رەسەنە؟ بەرپاکەری ئەم پرسیارە، رەنگە تێبینی بکات، کە هەندیك لە چەمکەکانی ئەو رێبازە ئەوروپیانە ، لەبۆچوونەکەی ڕەخنەسازی ناوبراو دایە، رەنگیان داوەتەوە بەتایبەتی سێ بابەتی ڕەخنە سازی ئەوروپی گرنگە کەئەمانەی خوارەوەن:"

**یەکەم**:بابەتی پێناسەی هۆنراوە(بەتەرجەمانی دڵ). کە بناغەی رێبازی رۆمانسی ئەوروپیە لە دەستنیشانکردنی سەرچاوەی ئەم هونەرەدا.

**دووەم** : بابەتی سنوردانانی ئەرك و پەیامداری هۆنراوە بەچرایەك ! ( شیعر چرایەکە تاریکی رێگەی ژیانمان بۆ رۆشندەکاتەوە و یارمەتیماندەدات، لە دۆزینەوەی حەقیقەت)،کە دروشمی سەرەکی رێبازی ریالیزمی سۆشیالیزمە.

**سێیەم** : بابەتی دەستنیشانکردنی سەرچاوەی هۆنراوە، بە پەچەلادان لەسەر پەنهان، کە تێڕوانینێکی گرنگە لە تێڕونینەکانی رێبازی پەرناسیزم". [3]

---

[1] رۆژنامەی ژیانی ساڵی (٧) ، ژمارە(٢٣٥)، رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژ ١٩٣٢ ،ل٥.

[2] هەرئەو سەرچاوەیە،ل٦.

[3] د. کامل حسن بصیر، رەخنەسازی، مێژو و پەیرەوکردن،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا،١٩٨٣،ل١٣٦.

جگەلەم ڕەخنانەی ، کە لەم گۆڤارە دا بڵاو کراوانەتەوە پێگەیەکی دیاری بۆ ڕەخنەی کوردی دیاریکردووە، بەوەی توانیویەتی لەو ساتە ناسکانەدا، زەمینەی ڕەخنەیەکی دروست و تەواو بهێنێتە گۆڕێ بۆ نموونە لەساڵی ١٩٤٣ ژمارە(٩)دا بابەتێك لەژێر ناونیشانی (م.کاردۆخی لەتای تەرازووی شیعردا بە پێنوسی (ف.بێکەس) دا بڵاوکردۆتەوە ، لەم ڕەخنەیەدا ف. بێکەس باس لە هەژاری فکری نووسەری بابەتەکە دەکات، کەوتارێکی لەسەر لابردنی عەبا و پەچە لە گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە(٧)دا بڵاو کردۆتەوە.

لەگەڵ باسنەکردنی خراپەکانی پەچەو هەژاری وشەکانی دارشتنی نووسەر وەك دەڵێت:" لێرەدانامانەوێت باسی قازانج، یان زیانی عەبا و پەچە بنوسین، بەڵام تەنیا مەبەستمان ئەو لاوازیەکەتازە دەستیان داوەتە قەڵەم"[1].

دواتر دەڵێت:" لەچەند بەیتێکی پێشەوەیدا خراپەیەکی عەبا و پەچەی نەخستۆتە ڕوو، جگەلەوەش لەبەیتێکیدا چەند وشەیەکی ڕێزکردوە، کە هیچ پێویست نیە وزۆر ناشیرین دێنە بەرچاو".[2]

کەواتە ڕەخنەگرتنە لەم ژمارەیەدا ، زیاتر قسەکردنە لەسەر وشەکان و چۆنیەتی ڕێزکردن لە دروستکردنی واتاکانە.

بەدەر لەمەش نوسەر چەند نموونەشیعرێکی (م.کاردۆخی) هێناوەتەوە لەبارەی پەچەوە، ڕەخنەی لێگرتوون وەك :

**ئەگر دقت بکەن امرۆ لە مالی کوردی زۆر جێگە**

**بە پەچە و عەبا و دەواری رەشی بەبێ ناوەوبەبێ جێگە[3]**

ئەم شیعرە مەوزونە، بەڵام وادیارە کە(م.کاردۆخی)لە ئەحواڵی شیعرا شارەزا نەبێت، چونکە دوا وشەی هەردوو مصرعەکە (جێگە)یە دەبێت کەلیمەی پێش(جێگە)لەسەرەیەك وەزن بن،بەدەر لەمەش نموونەی شیعری تری هێناوەتەوە ، وەك :

**چوار لام شیعری (کارۆخی) دواخستوو لەناوی برد**

**نەمامی فکری هەڵکیشا لە خاك و رۆژ وئاویکرد"[1].**

---

[1]د. کامل حسن بصیر، رەخنەسازی، مێژو و پەیڕەوکردن،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا،١٩٨٣،ل٥٦.

[2] هەرئەو سەرچاوەیە ،ل٥٦.

[3] ف.بێکەس، گ.گەلاوێژ، ژ(٢) ، ١٩٤٨، ل ٥٦.

"ئەمەیە سەری لە ئێمە تێکداوە، ئەمەیە بەداخەوە پێوەی دەتلێنەوە وتێی ناگەین، ئەمەیە(معنی فی بطن شاعیر) هاوار خوێندەوار و شاعیرانی کورد، لەم تەلیسمە رزگارمان بکەن، یا بەداخەوە سەردەنێینەوەو مەبەست چیە لەم شعرە ، تێمان بگەێنن"[٢].

لە کۆتایی بابەتەکەدا بێکەس ئەم حەقیقەتی ڕەخنە گرتنەی دەخاتە ڕوو دەڵێت:" ئەگەر مەبەستی نوسین هەر وشە ڕێزکردن بێت هیچ نرخێکی نابێت".[٣]

لە ژمارە(٥)ی ساڵی ١٩٤٤ بابەتێك لەژێر ناوی( پێشکەشە مامۆستا (أ.ب. هەوری) لەلایەن بێکەسەوە نوسراوە، ئەم بابەتە وەڵامی ڕەخنەیەکە ، کە( أ.ب.هەوری) ، ژمارەی(٤) دا وەڵامی( ف. بێکەس) ی داوەتەوەو ئەویش روونکردنەوەی لەسەر داوە، لەسەرەتادا دەڵێت:- مەبەست لە ڕەخنەگرتن لە (اشعار و ئەدەبیات اصلاح و ڕێگایە نەك شەڕە قسە)لەم نوسینەدا دوبارە قسەکردنە لەسەر زمان و رەسەنایەتی زمان و وەك دەڵێت:" جەنابی مامۆستا أ.ب. هەوەری ڕەخنەکەی من بۆ زمانی کوردی نیە، تەنیا بۆ شیعرەکانی تۆیە کە رەونەقی زمانی کوردی شکاندوە، هەر کەسێك بیخوێنێتەوە نەفرەت لە زمانی کوردی دەکات"[٤].

جگەلەمەش لە ژمارە(١)ساڵی ١٩٤٤ بابەتێك لە ژێرناونیشانی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و دڵدار) بڵا, کراوەتەوە، تیایدا نووسەر ئاماژەبە نووسنیەوەی رەفیق حیلمی دەکات کەلەسەر دڵدار نوسیویەتی" مامۆستا رفیق حیلمی لە نوسینەوەی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیا باش ورد، نەبۆتەوە و لێرەدا ناڵێم مامۆستامان لە مەعنای شیعر نەگەیشتووە، یان ناڵێم لەو چەند دیڕەی نامیلکەی ( یادگاری لاوان) ، کە لەژێر عنوانی (شاعیرەکانمان) دا نوسراوەو ورد نەبۆتەوە ، بەڵام ئەو شیعرانەی کە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی پێ پڕکراوەتەوە و ، ئەومەعنایە ناگەیەنن، کە (یادگاری لاوان)یان مەعنای شیعر داوای ئەکا"[٥].

لە ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٤٤ بابەتێکی تر لە "ژێر ناوی( محەمەد ئەمین بەگ جاف و تەرازووی شیعر) بە پێنووسیی( ج.ب. رۆژبەیانی) یەوە نووسراوە لەبەر ئەوەی محەمەد بەگ دۆستێکی بەنرخە حەزمکرد بەپێش یەکێکی تردا ئەم نارێکییەی بخەمە ڕوو:

پارچەی دووەمی هەڵبەستەکەتان مەبەست بەدەستەوە نادات:

---

[١] ف.بێکەس، گ.گەلاوێژ، ژ(٢) ، ١٩٤٨، ل٥٦.

[٢] هەرئەوسەرچاوەیە، ل٥٧.

[٣] هەرئەوسەرچاوەیە، ل٥٨.

[٤] هەرئەو سەرچاوەیە ،ل٥٧.

[٥] هەرئەوسەرچاوەیە، ل٥٨.

**بێنەوە کوردینە وا دایکی وەتەن هاوار ئەکا**

**دادو فەریادی لەدەستی دوژمن وبەدکار ئەکا**

چونکە(ی) پاش ( فەریادی)ئەگەر بۆ( ضمیر)پەیامەکەت لە رابردوە، ئەبێ بڵێت:"دادو فەریادی لە دەستی دوژمن و بەدکار ئەکرد"[1]، ئەگەر (ی) کەت( اداة الوحدة) یە مەبەست یەك فەریادە ، ئەمە ستەمە، چونکە وەتەن بەهەزاران جار فەریاد ئەکا، ئەگەرخۆی(ی)ەکە هەڵەیە ئەوە شتێکی ترە.

**٤ - پێوەری پۆلێنکاری :**

**کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد**

لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەستەنبوڵ لەلایەن ئەمین فەیزی بڵاوکراتەوە تێدا پێوەری پۆلێنبەندی پیادەکردووە، لە ڕێگەی پۆلێنبەندی و دیاریکردنی رەوتی مێژوویی قسەی لەسەر شاعیرەکان کردوە.

" (شێخ ڕەزای تاڵەبانی ) شاعیر زۆر بەجوانی وەسفی قەدرو بەهای فەیزی دەکات چونکە پایەومەقامێکی گەورەی لای هەبووە وەك دڵسۆز و هاوڕێیەکی خۆی تەماشای کردوە، چونکە لە ستایشدا تەواو راستگۆ وبەوەفایە بەرانبەرئەوانەی ستایشی کردون ، بۆیە لەم دێرە شیعرەدا دەڵێت:

**کەتەشریفی هـــــــــــات ئەمین فەیزی بە میوانی**

**لە عوهدەی شوکری درناچم مەگەر خۆم بکەم بە قوربانی"** [2]

بەمانایەکی تر لە ڕاستیدا ئەمین فەیزی بەنیازی ڕەخنەوە ئەم کتێبەی نەنوسیوە،ئەم نوسەرە وەك خەمخۆرێکی ئەدەبی کوردی بەو کارە هەڵساوە ، وەك لەپێشەکی نامیلکەکەیدا دەڵێت:

" ئودەبا و شوعەرای کورد زۆرن، لاکن ئاپاریان بەتەواوی جەمع و تەئلیف نەکراوە، من نیەتم کرد کە بەعضێ لەئەشعاری کوردی بابان طەبع ونەشر بکەم تابزانرێت مولْکی بابان چەند

[1] ف.بێکەس، گ.گەلاوێژ، ژ(٢) ، ١٩٤٨، ل٥٧.

[2] د. محمد احمد سعید، شێخ رەزای تاڵەبانی لەنێوان ستایش و داشوریندا ، گ. رۆڤار ، ژ(٥٣)، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،٢٠٠٩، ل٤٢.

مەنبەعی فەیض و ذەکایە"[1]، لە شعری هەر شاعیرێ چەند پارچەیەکم انتخاب کردە لەو مونتەخەباتە رسالەی (ئەنجومەنی ئەدەیبان) م هێنایە وجود، بەم وەسیلەیە تالبیان و راغیبان کەمێك خەلاص بوون لە شیعر نوسینەوە، لەسەردەفتەر، پارچە پارچە، حەزیشم کرد لەپێش هەمووشتێ نویزە لەئەوصافی ئەو شاعیرانە بەیان بکەم، لەوانە کەشەوکەتیان هەیە ئەمانەن :" مەولانا ضیاء الدین شێخ قادر ،مەولانا خالید ١٧٧٩-١٨٢٦، مەلا خضر (نالی)(١٨٠٠-١٨٧٤)،شێخ رضا(١٢٥٣ك- ١٩٠٩ز) ، ئەحمەد کۆری مەلا صالح ئاهی، سید عبدالرحیم (مەلەوی)(١٨٠٦-١٨٨٢)، هیجیری – کوردی(١٨١٢-١٨٥١)، سالم (١٨٠٠-١٨٦٦) ، سائرە ، واتە خەڵکی تر"[2]. لەم روونکردنەوەی ئەمین فەیزی دەردەکەوێت، "زیاتر مەبەستی خزمەتی شیعری کوردی بووە، بەنیازی لەناونەچوونی دەست نووسەشیعریەکانە، واتە ئەو شیعرانەی بڵاوکردۆتەوە، کە تا ئەوکاتە بڵاونەکراونەتەوە، هەروەها زیاتر کارێکی خستوتە سەر هەندێ شیعری ناوچەی بابانیەکان، هەروەها ئەمین فەیزی شاعیرانی یەك لەدوای یەك لەنێو ئەم نامیلکەیەدا باس و رێزنەکردوە، بەڵکو بەشێوەیەکی میزاجی بەوشێوەی دەستی کەوتوون کۆپلەی شیعری لە شیعرەکانیان داناوە، گەورەترین دیاردەی ئەم نامیلکەیە لەوەدایە هیچ بۆچوونێکی ڕەخنەیی تێدا نیە، تەنها پۆلێن بەندی شیعرەکانی شاعیرەکانی کردووە، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە ئەمین فەیزی زیاتر ئەدەب دۆست بووە ، نەك ڕەخنەگر.

بەڵام د.مارف خەزنەدار دەڵێت:" ئەم کارەی ئەمین فەیزی و عەلی کەمال باپیر ،مەبەست لە نوسینی پاراستنی بەرهەمە ، نەك هەڵسەنگاندن، یاخود هەڵبژاردنی بەرهەم ، ئەمەیش دەبێتە سەرەتای ڕەخنەی میزاجی "[3].

لەنێو توێژەرانی کورد، لەوانەیە ئەمین فەیزی(١٨٦١-١٩٢٩) یەکەم تویژەر بێ کەلەنامیلکەی(ئەنجوومەنی ئەدیبان) دا باسی نالی لە تورکیا کردبێت و دەنووسێت:"زەکای نالی ئینکار ناکرێ ، لاکین ئەوەندە سەناییعی لەفزییەی ئیستعمال کردووە ، پیاو ڕەنگە بڵێ: شیعری ئەو نەتیجەی عیلم و ئیشتیغالە".[4]

وشەی (زەکایە) تارادەیەك دەتوانین بەڕەخنە لە قەڵەمی بدەین، بەڵام ڕەخنەیەکی زۆر ساکار و سادەیە، دوور لە شیکردنەوەی وردی زانستی .

---

[1] ئەمین فەیزی بەگ، ئەنجومەنی ئەدەبیانی کورد ئەستەنبول ، ١٩٢٠،ل٢١.

[2] هەرئەو سەرچاوەیە ، ل٢١.

[3] لوقمان رەئوف، سەرەتایەك بۆ رەخنەی ئەکادیمی ، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی، ٢٠١١، ل٢٢١.

[4]ئەمین فەیزی بەگ، ئەنجومەنی ئەدەبیانی کورد ئەستەنبول ، ل٦.

ئەم کتێبە چەند پارچە هۆنراوەیەکی کردۆتە بنەمای هەڵسەنگاندنی شاعیر ، هەروەها چەند جۆری و هەمەرەنگی بابەتەکان و ئاستی دیاری شیعرەکانی بەکارهێناوە ، لە شیعردا هەمان پێوەرکانی کوڕی سەلامی جەمحی گرتۆتەبەر ، بەمەش پێوەری چینایەتی بەپێی ناوچەکان ودیالێکت گرتووەتەبەر.

**لە کتێبی گول دەستەی شعرای هاو عەسرم**

لەلایەن (علی کمال باپیر ئاغا) لە ساڵی ١٩٣٩ نوسراوە: لەم کتێبەدا کورتەیەك لە ژیانی شاعیران(ئەحمەد موختار جاف،ئەسیری، ئەمین زەکی، بێخود، پیرەمێرد، گۆران، حەمدی، مەلاحمدوون، رشید نەجیب، تایەر بەگ، مەجدی، موفتی پێنجوێنی، میرزا مارف، شێخ نوری، نامیف، سەلام، عبدالواحید نوری، رفیق حیلمی ..."، باسکردووە ژیان ونموونەی هەریەکەشیانی بڵاوکردۆتەو، بەڵام پاش چاپکردنی ئەم کتێبە، ساڵی مردنی شاعیرەکانی بۆ زیادکراوە، چونکە لەو کاتەدا هەندێ لەو شاعیرانە لە ژیاندا بوون.
سەبارەت بە بوونیەتی ڕەخنەو ئاراستەی ڕەخنەگرتن، بەڕاشکاوی لە پێشەکی ئەم کتێبەدا، خودی نوسەر دەڵێت:" لەجاری دووەمدا ئەمین زەکی رەشید نەجیب ، عبدالواحد افندی) م نەخستە ناو کتێبەکەوە، چونکە دیوانی شیعر ییان نیە، تا من لەم گوڵدەستەدا بەشاعیریان لە قەڵەم بدەم "[1].

ئەم رستەیەی علی کمال باپیر ئەو حەقیقەتە دەخاتەڕوو، کە مەبەستی نوسەر کۆکردنەوەی بەرهەمی شاعیرانی خۆدەرخستوە، شاعیر یاخود ئەوانەی توانای شاعیریەتی خۆیان سەلماندووەکەبەلای نوسەرەوە بونیەتی دیوان بووە،چ وەك ژیان ، چ وەك بەرهەکانیان، لەم کتێبەدا ناویان بەرێت، نەك هەڵسەنگاندن ورەخنەگرتن، ئەم حەقیقەتەش بە ڕوانین لە ناوەرۆکی کتێبەکەدا دەخرێتە ڕوو،چونکە جگەلە ژیان و نموونەی شیعری هیچی دی تێدا بەدیناکرێت، جگەلەمەش لە نوسیندا هەموو شاعیرەکانی لەسەریەك شێوە نوسیوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پێویستە ئەم کتێبە وەك مێژووی ئەدەبی بخوێنرێتەوە و قسەی لەسەر بکرێت، نەك وەك ڕەخنەی ئەدەبی .
ئەم کتێبەش هەمان پێوەری کتێبی پێشووە ، لە رووی دیاریکردنی شاعیرەکان ، یاخود بەرزی شیعرەکەی ، کردوتە بنەمای دەقەکە ، لەم پێناوەشدا شیعری هەمەجۆری هەڵبژاردووە.

---

[1] علی کمال باپیر ئاغا، گول دەستەی شعرای هاوعەسرم، چاپخانەی پێشکەوتن، سلێمانی.، ١٩٣٩،ل٣.

## پێوەری پۆلێنکراو :

ڕەفیق حیلمی لە کتێبی ( شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا لەهەردوو بەرگی ئەم کتێبەدا (٢٤) شاعیر خستۆتەبەر شەنوکەوی ڕەخنە دیارە ئەم ژمارەیە لەوانی تر زۆرترە، چ لە ڕووی شاعیرەکانەوە چ لە رووی چەندێتی بەرهەمەکانیانەوە، بەشێکی زۆر کەم لەدابەشکردنی (٢٤)شاعیرەکە بەسەر هەردوو بەرگەکەدا، کە بەرگی یەکەم(١٤)و دووەم(١٠) شاعیری گرتۆتەخۆ، لەسەر بنەمای شێوەیانە، واتە کۆن و نوێ ... بەمەش زیرەکی ڕەفیقی حیلمی لەچاو ئەمین فەیزی و عەلی کەمال باپیر ئاغا دەردەکەوێت ،پۆلێن بەندی شیعرەکانی شاعیرەکانیان کردووە، لەسێبەری بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك هۆنراوەی شاعیراندا ، لەبەر دوو هۆکار :-

١- پانتایی لێکۆڵینەوە وشیکردنەوەکانی لەودوانەی تر فروانتر وزانستیانەترو قوڵترە و وەك دەردەکەوێت، کەم تا زۆریش سوودی لە تاقیکردنەوەی دی وەرگرتووە.

٢- خودی خۆیشی بەهرەوئاستی زانینی باڵاتر بووە لەم بوارەدا .

دیارە لێرەوە جیاکاری لەنێوان هۆنراوەی کلاسیك و نوێدا دێتە کایەوە بەشێکی تری دابەشکردنەکە پەیوەندی بە میزاجی مامۆستا ڕەفیق حیلمیەوە هەیە ؛ هەر بۆ نموونە سالمی خستووتە بەرگی دووەمەوە، کە ئەمە هێڵەکانی تازەگەری و کلاسیك لەلایەك و تەمەن لەلایەکی ترەوە دەبەزێنێ و بە پێچەوانەوە دەکەوێتەوە، بەهەمان شێوە بیخود و بێکەسی خستووەتە پێش حاجی قادری کۆییەوە، موستەفا بەگی کوردی ونالی پەڕاندووە، کەئەم دووانە ئێجگار دیار و بەرچاون و لەوان لە مێژینەترن.

لە راستیدا پرۆگرامەکەی بابەتیانە و زانستیانە دەبینرێت لەبەر ئەوەی : -

**یەکەم** :دابەشکردنی بەپێی کات و سەردەم.

**دووەم** : دابەشکردنی بەپێی بابەت و مەبەست، وەك هۆنراوەی دڵداری،داشۆرین، سوارچاکی، و پیاهەڵدان.

**سێیەم** : دابەشکردنی بەپێی شوێن و بەتایبەتی لەناوچەکانی ئیمارەتی بابان و هەندێ شاعیری ناوچەی کۆیە وەك( حاجی قادر ،دڵدار ، لە کەرکوکیش (ئەسیری) وەرگرتووە.

کەواتە ئەم دابەشکردنە و ریزبەندییە لە هەردوو بەرگەکەدا، هەروەها پاش و پێشخستنی شاعیرەکان لە سەر بنەمای تیۆرێکی ڕەخنەیی و بڕیارێکی پێشوەختەی سیستماتیك نیەو زیاتربە میزاج وچۆن بۆی بگونجێ، کارەکەی فەراهەم کردووە.

**٥ - پێوەری واقیعی :**

**(ڕەفیق حلمی ) لە کتێبی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ) دا :**

لە شیعری ( سکاڵا لە تەك مانگدا) ڕەخنە لە بێکەس دەگرێت بەوەی گوێی بە سەنعەتی لفظی وتنی شیعر نەداوە،تاوکوچەند گوزارشتێك بۆ شیعرەکە زیاد بکات، خۆی ماندوە کردووە، بەدەرلەمەش وێنەیەکی زۆر سروشتی خستۆتە سەر کاغەزولەبەرزی و بەپێزی بیرەکەی زۆر دڵنیابووە، بۆیە بیری لەکەموکوڕی وشەکان نەکردۆتەوە ، لەبەر ئەمە نوسەر دەڵێت:" پێوایە بێکەس لەبری گرفتار (گیرۆدە)یان توشی بەبیردانەهاتبێت، بۆیە لەبری هەردوو گرفتاریەك ئاهی سەردین بڵێت، هەردوو گیرۆدەی یەك ئاهای سەردین، یان هەردوکمان تووشی .." [١].

هەروەکو ئەمە، ئاگری کاڵی و ناپوختەیی ، لەنگییەکی سووك، وشەیەکی بێگانە، لەقی و یاکەمتەر خەمییەك لە هەندێك جێگەی بەدی دەکرێت:-

**"دەخیلتم، ئەی مانگ قیبلەی دڵداران**

**دەرمانی دەردی دڵەی بیماران**

**وبێ یار و هادەم (عاجز)و تەنیام**

**ودڵزار و بێزار( خەیلێ) غەمگینم**

**وگیرۆدەی(داوی) لیلی شیرینم**

**ودڵ بەندی( عشقی) ئەو بەڵەك چاوەم**

**و لەوساوە(ئەوم)کەوتۆتە خەیاڵ**

**وگریانە پیشەم (بوومە) کۆی زوخاڵ " [٢].**

لە غەرامیاتی(سالم) [١]دا وەسفی دەکات بەوەی ( سالم)لە عەشق و غەرامیاتا شیعری تابلێی سوارە، غەزەلەکانی، تابتەوێ بەزەمزەمەو شیرینە. بۆنموونە :

---

[١] ڕەفیق حیلمی ، شیعر و ئەدبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٤١،ل٦٦.

[٢] هەرئەو سەرەچاوەیە، ل٦٨.

**دڵم شادە لەبەنـــــــــــــدی سیل سیلەی گیسوویی دڵبەردا**

**لە شانە خەوفناکە دەفـــــــــــــعەیی لەم داوە دڵ بەردا.**

**گڕی بەست دڵ لە سینەمدا لە حەســـرەت سروودی میهری تۆ!**

**گەە حەتتا ئاگری پڕ گڕ ئەسوتـــــــــــــێنێ لە مەحجەردا**

**تەحەممولکە زەمانی کوشتنی من سورعـــــــــــــەتی ناوێ**

**لە دڵمایە بگێڕم خۆم بەدەوری دەست و خەنجـــــــــــــەردا[٢].**

رەفیق حیلمی دەڵێت:" چاوتان لەم جیناسە بێ کە لەوشەکانی (دڵبەر)و ( دڵ بەردا) ن بەکاری هێناوە نازانم ئایا زمانی شیرینی کوردی بۆ (سەنعەتی جیناس)ئەوەندە دەس ئەدا وەیا شاعیرەکانی کورد بە هۆی (سەلیقەی ئەدەبی) و زەوقی شاعیرانەی خۆیانەوە کە لەم سەنعەتی ئەدەبەدا ئەوەندە بە دەسەڵات بوون؟"[٣].

ئەی لەم بەلاغەتە ئەفکرن کە لەم( تەعلیل)و عوزر و هێنانەوەیە ولەم خەیاڵە ورد و شاعیرانەیەدایە کە خراوەتە میسرەعی دووەمی ئەم بەیتەوە؟

**تەحەممول کە زەمانی کوشتنی من سورعەتی ناوێ ،**

**لە دڵمایە بگێڕم خۆم بەدەوری دەست و خەنجەردا [٤]**

ئەم شیعرانەی سەرەوە گەواهێکە ، کە ( سالم) ( ئەورەحمانی بەگی ساحێبقران) لە شیعری غەرامی غەزەلیاتدا زۆر بەدەسەڵات بووە سەنعەتی ئەدەبی تێیدا بەکارهێناوە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی مەبەستە، ئەوەیە ، کە مامۆستا رەفیق حیلمی سەرەتایەکی مژدەبەخش و ڕووناکی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەرهەم هێناوە، کتێبی( شیعر و ئەدبیاتی کوردی)پێوەری جۆراوجۆری لە سەردەمی خۆی لە بواری شیکردنەوەی بەباڵاترین و نرخاندنی ئەو دەقانەی کە بەهای جیاجیای خۆیانی بۆ داناون بەکارهێناون.

**٦- پێوەری وشەو مانا :**

بەوپێیەی وشەبەهایەکی گرنگ دەداتە ئاخاوتن، چونکە یەکێك لە تێڕوانینە ڕەخنەییەکان لە ڕێگەی وشەوە دەبێت.

---

[١]رەفیق حیلمی ، شیعر و ئەدبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٤١،ل٦٩.

[٢]هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٦٨

[٣]هەرئەو سەرەچاوەیە ، ل٦٨.

[٤] هەرئەو سەرەچاوەیە، ل٦٨.

د. کامل بەسیر لە کتێبی (مێژووی رەخنە سازیدا) بایەخی زۆری بە وشەو مانا داوە لەم بارەیەوە دەڵێت:" جوڵانەوەی زمان، کەبەرهەمەکەی وشەیە بۆ دەروون، بارێکی کەسی نیە، بەڵکو یاساکانی لەلایەن کۆمەڵەوە دانراون و لەبەر تیشکی دەستووردا چەسپێنراون "[1].
سەرەنجام دەتوانین بە وشە بیربکەینەوە، بەهۆی وشەوە بەڵگەکانمان بگەیەنینە خەڵکی و پێی ڕازی بن.

وشە ئاکامی تاقیکردنەوەکانی ژیانی ئادەزمیزادە لە هەست و نەست و دەروونی ئادەمیزاد و کۆمەڵدا تۆمار کراوە، چونکە زۆربوونی وشە لای شاعیر، یەکێک لە هۆکانی ئەزموونی شاعیرە. بایەخدانە بەو وشەی زمان.

بۆ چەسپاندنی ئەو راستیە لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەرستۆ جیاوازی نێوان بێژە(لفظ) و وشە(کلمە) دەکۆڵێتەوەو دەڵێت:"ڕستە وتراوەکان ، واتە: بێژەکان نیشانەو رەمزن بۆ دەربڕینی بارەکانی دەروونی ئادەمیزاد. بەڵام وشە نووسراوەکان وێنەن بۆ تۆمارکردنی بێژەکان "[2].

## ٧ - پێوەری ڕەوانبێژی :

پێوەندی روانبێژی بەڕەخنەسازییەوە لەڕووی بابەت و مەبەستەوە زۆر پتەو و بەتینە، چونکە:" ڕەوانبێژی بەهەر سێ زانستەکەیەوە( زانستی واتا- واتا ناسین و زانستی ڕونبێژی و زانستی جوانکاری – بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی درەختی ڕەخنەسازی"[3].
بۆیە د. کامل بەصیر دەڵێت :" هەڵبەستەکەی مامۆستا(کامران موکری) بەناونیشانی (کچە بەرتیلە)شیبکەینەوە و بزانین لەچ ڕوانگەیەکی جیاوازەوە وێژە و مێژووی و وێژەو ڕەوانبێژی و ڕەخنە سازی تەماشای دەکات "[4].

**کچـــــەکـــــەی بەرتیلە**

**لامان دایە، دێ یەك .. بچوك**

**باخـــی ڕازاوە، وەکو بووك**

**ماڵی ئـــــاغا بەگەچ سپی**

---

[1] د.کامل حەسەن بەصیر، مێژووی رەخنەسازی ، ب١، دار الحریە للطباعة، بغداد، ١٩٩٣ ،ل٩٠.
[2] رەفیق حیلمی ، شیعر و ئەدبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٤١،ل٩٠.
[3] هەرئەو سەرچاوەیە، ل١٧.
[4] د.عەبدوڵلا ئاگرین ، دیوانی کامران موکری ، ئامادەو لێکۆڵینەوە و پێشەکی وپەراوێزی بۆ نوسیوە، چ٢ ، هەولێر، ٢٠١٣ ،ل١٥٠.

**داوێـــــــــــــنی گوڵی پەمەیی**
**بۆنی خۆشـــــــــی، ئاوازە و بەستە**
**کام دەنگ، بزوێـــــــــــنەی هەستە**
**ئەیان دا لەپـــــــــــــــەردەی دڵم**
**زۆر خۆش بوو بەستـــــــــە(ئای گوڵم)**
**لەڕێگەی کانی کەڵـــــــــــــەك بەرد**
**کیژی ڕوومەت گوڵی بێ گـــــــــــــەرد**
**ئەهاتە لەنجە ،ـ ورد، بۆمـــــــــــــاڵ**
**سنگ ئەی لەرانەوە دەسمــــــــــــــاڵ**
**لەگەڵ لەرینەوەی لـــــــــــــــــــەشا**
**هەڵ هێنانی چاوی گەشـــــــــــــــــا**
**پەپوولەی خۆشەویستی گیـــــــــــــان**
**ئەفڕین بۆ شینایی ئاسمان .. تـــــــــاد.** [١]

لـەڕووی بـەراوردکاری هەڵسـەنگاندنی زانسـتی هونەرییـەوە ، بـۆ وێـژەو مێـژووی وێـژەو ڕەوانبێژی ، ڕەخنەسازی بڕوانینە ئەم بەرهەمە.

ڕوانبێژی لەو شیعرەی (کامـەران مـوکری)دا ، سـەرنج دەداتـە دەربڕینـی (بـاخی ڕازاوە- وەکو بووك) و باسـی ئـەوە دەکـات کـە (بـاخی رازاوە) لێکچـووە( بـووك) لێچـوواوە وشـەی (وەکو) ئامرازی لێکچوواندنە.

هەروەها دەربڕینی( ماڵی ئاغا بەگەچ سپی) درکەیە، مەبەست واتای دووری و لێکدانەوە کـە نیشانەی دەوڵەمەندی و دەستەڵاتداری ئاغایە"[٢].

ڕەوانبێـژی جگەلەمـە ڕەنگـە هـۆی جـوانی و ناشـیرینی هەنـدێك لەدەربڕینـەکانی شـیعرەکە بخاتەڕوو، بەڵام ئامانجی سەرەکی لەم خستنەڕووەدا هەڵسەنگاندن و نرخ پێدان نیە، بـەڵکو بـۆ روونکردنـەوەی دەسـتورو چەسـپاندنی هونـەرەکانی وشـە سـازییە، ڕەخنـەگر هەڵبـەت پێویستی بە ڕووناکییەك لە زانستی مێژووی ئەدەب و ڕەوانبێژی هەیە ، جگەلەمەش دەبێت لەڕوانگەی بابەت و واتاکانی شیعرەکەوە ، تەماشای شێواز و سۆزو ئەندێشەی بکات چونکـە ئەم شیعرە هەروەکو دیارە، لە تەنگو چەڵەمەییێکی ئابووری کۆمەڵایەتیشەوە هەڵقوڵاوە، ئەو

---

[١] کامل حەسەن بەصیر، مێژووی رەخنەسازی ،ل١٨.
[٢] هەرئەو سەرچاوەیە،ل٩٠.

تـەنگ وچەڵەمەیـەش هـەژاری و نادادپـەروەری بـاری ئـابووری کۆمەڵگـەی کـوردی بـوو کـە لەسەردەمی پاشایەتیدا باڵی ڕەشی بەسەر میللەتەکەماندا کێشابوو بۆیـە ڕەخنـەگر لایـەنی هونەری هەڵدەسەنگێنێ ، واتە تەکنیکی هەڵبەستە شێوەی کورتە چیرۆکی گرتۆتەوە ، سۆزو ئەندێشەی تایبەتی خۆی درکاندووە.

## ٨ - پێوەری دەروونی :

لەم پێوەرە رەخنەییەدا نووسەر دەیەوێت لەڕێگەی دەروون و ئەو کاریگەریی و کارلێکانەی راسـتەوخۆ کاریگـەریی لەسـەر نووسـەر، یـان خوێنـەر هەیـە بخاتـە ڕوو ، بەمانایـەکی تـر دەیەوێت کارلێکراوی پێوەری دەروونی لەسەر خوێنەر پیشان بدات .

هەروەها لەبەر رووناکی دەروونـدا بەرهـەمی وێـژەی هەڵبەسـنگێنین.جگەلە " دەروونـی هەسـتیار بەسـەرچاوەی هـۆنراوە دەزانـێ چەشـنەکانی هـۆنراوەیش لەسـەر بناغـەی جۆربەجۆری دەروونی ئادەمیزاد، دابەش دەکات" [1]. بەهرەی شیعریش ڕۆڵـی گەورەی هەیە لای شاعیر.

د. کامل بەصیر دەڵێـت:" هـۆنراوەی ( کـوردی ڕەوان) ی پیرەمێـرد رەنـگ و بـۆنی بەرامـەتی دەروونی تایبەتی خـۆی سـازکردووە، لـە ڕوانگـەی هەسـت و نەسـتی کەسـی خۆیـەوە، ئـەو بەیانییە تەماشای بەفر بارینەکەی سلێمانی کردووە "[2].

واتە لەرێگەی دەروونەوە دەیەوێت کاریگەرییەکان بەرجەستە بکات.

د. کامیـل بەصـیر دەڵێـت:" ئـەم هەڵبەسـتەی پیرەمێـرد لـە وەسـفی بـەفر بارینێـك لەشـاری سلێمانی دەنگی دەروونی بەهرەی خاوەنەکەیەتی و ئاوێنەیەکی بێگەردی هەست و نەستی بەئەندێشـە و سـۆز و هـەڵچوونی هونەرەکـەی سـازکراوە ، باشـترین نموونەیـە بەدەسـت پەیڕەوانی پێوەری دەروونی لە ڕەخنەسازی دا "[3].

کەواتە پێوەری دەروونی لە ڕەخنە سازیدا لەبەر تیشـکی وێنـە هونەرییـەکانی شـێوازی هەڵبەسـتەکەدا بریـاری ئـەوە دەدەن کـە هەسـت و نەسـت و سـۆزو هـەڵچوونی تایبـەتی دەربارەی بابەتەکەی بنوێنێ، لە هەمان کاتدا بابەتی هەڵبەستە وەکو بابەتی هۆنراوە مرواریە و پێوەری دەروون هەڵدەگرێت، کەواتە ئەندێشە ، خەیاڵ ، لایەنێکی زاڵە لە شیعردا بـۆیە لە ئاسانی هەڵناسەنگێندرێت .

---

[1] عبدالرحمن بدوی، فن الشعر ارسطو (ارسطوطالیس) ، ط٢، دار الثقافة ، بیروت، ١٩٧٣،ص٢٥.
[2] د.کامل حەسەن بەصیر، مێژووی رەخنەسازی ، ب١، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٣ ،ل٤٤.
[3] هەرئەو سەرچاوەیە ، ل٤٤.

## پێوەری واقیعی :

کاکەی فەللاح سەبارەت بە شیعری ( گوڵێکی نەوشکفتەی شیعر) ی گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢) : دەڵێت" بەم جۆرە (گۆران) قوتابخانەی ڕۆمانتیکی لە شیعر دا بنیاتنا و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرز و بەزرتر بووە تا وردە وردە ، بەرهەمی ریالیزمی و ریالیزمی ڕەخنەگرانە و شۆرشگێڕانە و سۆشیالیزمی لەبەرهەمەکانیدا سەریان هەڵداوە. تێکڕا لە چلەکان بەدواوە ئاسۆی بەرهەمی هێڵێکی ديارو درشت،بەرەو مەڵبەندی روناکی کاروباری بابەتی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و سیاسی ومرۆڤایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی وردە وردە سەرکەوت"[1].

## ١ - پێوەری کۆمەڵایەتی :

کاکەی فەللاح لەکتێبی ( کاروانی شیعر نوێی کوردی) دا هەوڵی داوە پێوەرێکی کۆمەڵایەتی بەبەرگێکی سیاسی پیادە بکات وێڵە بەدەوری ئەوهەوێن و کەرەسەی بیرو وێنە و شێوازو شێوە و مەبەست و ئامانجەکانی لە شیعری ریالیزمیدا پێویستن وبەکاردێن بریتین لەمەسەلەی گەل و ئازادی و ماف و دادو ئاشتی و برایەتی وکاروباری کۆمەڵایەتی تر و مرۆڤایەتی و چینایەتی و هەموو ئەو دەردوناسۆریانەی لە کۆمەڵگە نەخۆش و دواکەوتوودا تەشەنەیان کردووە، وەك شیعرێکی ریالیزمی تینوی شێوەی هونەری تایبەتی خۆیەتی، بۆیە لە شیعری (بەستەی نەبەز)، کە وێنەیەکی خۆیەتی بۆ هاوڕێیانی دەگێڕێتەوە. چونکە گۆرانی شاعیر لەڕوانگەی چەوساندنەوەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیەوە، وەك شاعیرێکی دڵسۆزو پەیامدار هەستی وروژاوە ، هەوڵی ئەوەی داوە ئازارو ئاواتی گەلەکەی و دایکی نیشتمان دەربخات و هیواو ئاواتیان پێ شێل نەکرێ و جوانیەکانی تێك نەدەن.

لە کتێبی کاروانی شیعری نوێی کوردیدا ئەو راستییەش بەرجەستەبووە ، دەشێت پێوەر ڕەخنەییەکان ئایدۆلۆجی و کۆمەڵایەتی بن،شیعری هەزراندن (توظيفي) خزمەتی سەردەمی خۆی دەکات ، هەردوو پێوەرەکە دەچنەناو چوارچێوەی چەوساندنەوەی چینایەتیەوە، بۆیە دەشێت پێوەری مارکسی ئوممەمی و پێوەری کۆمەڵایەتی پێوەری ڕەخنەیی واقعیین.

[1] کاکەی فەللاح ، کاروانی شیعری نوێ کوردی ،ل٥٤.

## ٢ - پێوەری واقیعی :

کاکەی فەللاح دەڵێت :" گۆران یەکێکە لەو شاعیرانەی کە زۆر خولیای زانین و فەلسەفە بووە، تینیوێتی شاعیر و خۆشارەزاکردن لە سەرچاوەی ئەدەبی کلاسیکی ، هەروەها قەڵەمی پێشەوای شیعری تەواو دیار و سەرکەوتووی رۆژگاری خۆیەتی، لە مەیدانی شیعری دڵداری و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی، زمان و ئەدەبی کوردی، نیشانەی هەستێکی دڵسۆزانەی قووڵ و دیارە"[1].

کاکەی فەللاح دەڵێت :" بەپێی شیعرەکانی ناو دیوانە چاپکراوەکەی ، سەرەتا دانانی شیعری کلاسیکی و کێشی عەروز و شیعری چنیوە. بەلای منەوە زۆرتری ئەم چەشنە شیعرانەی بەشێوەی هۆنراوە، واتە نظم هۆنیوەتەوە،تێکڕا شێوەی راستەوخۆی خطابی وئامۆژگاری کردن و رێگاپیشاندانی زەوق و چاکردنەوەیان پێوە دیارە . لەو شیعرانەدا زۆرتر پەیڕەوی حاجی قادری کۆیی کردووە، کە تەنیا مەبەستی دەربڕین و، کارتێکردنی بیروباوەڕەکەی بووە بەبێ ئەوەی گوێ بداتە شێوەو زمانی شیعرەکانی"[2].

## ٣ - پێوەری مانا :

کاکەی فەللاح دەڵێت:" لەبەر ئەوەی بایەخی شیعر بەلای دڵدار، گەیاندنی ناوەرۆك بووە، زیاتر لەوەی جوانکاری ومەرجە بنەرەتییەکانی پێ گەیاندنی شیعری تێدا رەنگ بداتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دڵدار زیاتر مەبەستی گەیاندنی فکرەکەیە لەپێناو پێشخستنی نەتەوەکەی دووبارەکردنەوەی بارودۆخی ئەو رۆژگارە، لەلایەکی ترەوە دڵدار شیعری وەکو مەسەلەیەك وەرگرتووە،بەرهەمی دڵدار بەتەواوی بووە بە هێمایەکی دیار لە تاقیکردنەوەی دروستکردنی شیعردا، چونکە تاقیکردنەوەی شیعر و خوڵقاندنی شیعر ، یان داهێنان بەلای دڵدار راستگۆی بووە لەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکەی .

## ١ - پێوەری واقیعی :

د.دڵشاد عەلی دەڵێت:" گومانیشی تێدا نییە کە دیلانیش سەردەستەی ئەو شاعیرانەیە و دیارترین دەنگی شۆرشگێڕی شیعری هاوچەرخی کوردیمان بووە و راستەوخۆ تاقیکردنەوە شیعرییەکانی ئاراستەی بنیاتنانی دوا رۆژێکی گەش بۆ مرۆڤایەتی و بۆ نەتەوەکەشی

---

[1] کاکەی فەللاح ، کاروانی شیعری نوێ کوردی ،ل٥٤.

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ،ل١٠٢.

کردووە "[1]، چونکە دیلان تەنیا شاعیر نەبووە بەڵکوو توانیـویەتی لە ڕووی هـونەرەکەیەوە ڕاستەوخۆ داوای فەراهەم کردنی ئازادی و سەرفرازی بۆ نەتەوەکەی بکـات، دوور لە زوڵـم و ستەمکاری.

## ٢ - پێوەری چێژ:

لە ڕووی وێنەی هونەری شیعرییەوە دیلان دەسەڵاتێکی شاعیرانەو چێژێکی وردی هەیەو بەئاوێنـەکردنی گەوهـەری خـەیاڵ و هەوێنـەکانی سروشـت ،چەشـنەبایەخێکی جـوانی و بـەهرەی بەخشـیوە، کـەم تـازۆر ئـەم هونـەری وێنەیـە بـەدی دەکرێـت و هەیـە، شـیعرەکانی سەرجەم وێنەیەکی گشتیان هەیە و هەرمەبەستەش بۆ دەربڕینـی بیرێکـی تایبـەتی وێنـەی خۆی هەیە وشاعیرانە لەسایەی هونەری ڕەمزەوە ئاوێتـەی یـەکتر کـراون، بۆیـە بـەناچاری خوێنەر دەخەنە دنیای بیرو لێکدانەوەو سەرنجەوە.

### - بزووتنەوەی ڕوانگە:

سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەك جا سیاسی بێت یان ڕۆشـنبیری پێویسـتی بـە پـلان و بەرنامە ڕێژی هەیە لەلایەن کەسانی شارەزا و لێهاتووەوە باسەرەتا بەشێوەیەکی سـاکاریش بێ، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات و زیاتر برەو پێدان بەرەوگەشەسەندن و قوڵبوونەوە دەڕوات .

هەرسەردەمێـك بەبـەراوردکردنی لەگـەڵ سـەردەمی پـێش خـۆی بـەنوێ دادەنرێ،کەواتـە جیـاوازی نـوێ لەکەسـێکەوە بۆکەسـێکی دی و لەکاتێکـەوە بـۆ کـاتێکی دی لەوڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکی دی دەگۆڕێت.

د. هیمـداد حوسـێن دەڵێـت:" نـاوەرۆکی نوێخـوازی بەمۆرکـە جیهانیەکەیـەوە کامـل دەبێت"[2].

کەواتـە نوێخـوازی بریتییەلـە کۆمـەڵێك ڕوانینـی نـوێ سـەبارەت بـە ئـەدەب و مێـژووی دێرین، ئەو ڕوانینەی کەکۆمەڵێك دەرگای بەسەردونیای پێشوو ئەمرۆماندا دەکاتەوە.

سەرەتا( ڕوانگە) چۆن سەری هەڵدا ، چۆن توانی دەستەواژەی ( وتـەی نـوێ، بیـری نـوێ، کرداری نوێ ) ، بە خەڵکی ئاشنا بکات[1].

---

[1] د.دڵشـاد عـەلی ، دیـلان و تاقیکردنـەوەی شـیعری ، چ١، چاپخانـەی دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧،ل٥٥.

[2] هیمداد حوسێن، بزوتنەوەی ڕوانگەو شاعیرانی حـەفتا و هەشتاکانی، هـەولێر، چ١،چاپخانـەی کـارۆ، ٢٠١١، ل١٦.

سەبارەت بە دارشتنی بیرۆکەی ڕوانگە، شیرکۆ بێکەس دەڵێت:" بیرۆکەکە بیرۆکەی هەموومان بوو ، ئێمە ئەوکاتە لەبەغدا دەژیاین ، وابزانم لەپێشدا بیرۆکەکە لەباڕەکانی ئەبی نەواس سەری هەڵدا ئەوەی راستی بێ پێموایە ئەو کاتە جۆرێك لەنائومیدی دروستبوو بوو لەلای هەریەکێکمانەوە بەرامبەر بە بزووتنەوە سیاسییەکان ، ئێمە یەك سەقفی ئایدۆلۆژی کۆی ئەکردینەوە بەڵکو کۆمەڵێك گەنج بووین خەونمان هەبوو، کە جۆرێك یاخی بووبین لەئەدەبدا ئەنجام بدەین بەتایبەتی لە دارشتنەوەی مانا و زماندا"[2].

لە بانگەوازی ڕوانگە دا هاتووە : **ئێمە نوسینمان قالبووی ئازارە... بۆیە دژی ئازارئەجەنگێین، جوانی پەرستە... بۆیە ناشیرینی ناگرێتە خۆی نوێخوازە .. بۆیە لەکۆن یاخی ئەبێت،**

**سەربەست و ئازادە .. بۆیە گشت کۆت و زنجیرێگ ئەپچڕێنێت،**

**شۆرشگێڕە.. بۆیە لەئاستی هیچ کۆسپ و مەترسیەکدا سڵ ناکاتەوە،**

**مرۆڤی کورد ئەینوسێت بۆیە بۆنەتەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ"[3].**

گروپی ڕوانگەییەکانی هەولێر ، صلاح الدین شوان دەڵێت: " ئێمە لەم ڕێگەیەوە راپەرینێکی ئەدەبی بەرپا ئەکەین وبەوەش وازناهێنین کە لەم پلەیەدا بوەستین، بەڵکو هەردەم لە بزوتنەوەیەکی بەردەوامدا ئەبین و هەمیشە شانبەشانی ئەرك و پێویستییەکانی گۆران و پێشکەوتن ئەرۆین بانگەوازەکەمان لەپێش هەموو شتێك هۆیە، ئینجا ئەنجام هۆیەکە بۆ تەقینەوە لەپێناوی ئەنجامێکدا، کە نوێخوازییە، بانگەوازەکەمان (بڕوا و ئیمانە) بە تازەکردنەوەی ئەدەبی نەتەوەکەمان لەگەڵ پێشکەوتنی ئەم سەدەیەی خۆیدا، بانگەوازەکەمان پەیامێکە، پەیامێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ نوێخوازی ، بەڵام دەربڕینی، ئەم خۆشەویستییە، لەبەرهەمدا قۆناغێکی دوورودرێژی ئەوێت کە بتوانێت بەشێوەیەکی فراوان خۆی بنوێنێ و بوونی خۆی ساغ بکاتەوە، ئەمەیش کاتێك پێکدێت کە

[1] هیمداد حوسێن، بزوتنەوەی ڕوانگەو شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی، هەولێر، چ١،چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١،ل١٠٣.

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٦.

[3] حسین عارف ، ڕوانگەو یاران و نەیارانی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٥ ، ل١٠-١١.

تاقیکردنەوەکانی ناو ئەو بڕوا و خۆشەویستییە تەواو لەبۆتەی خۆیاندا قاڵ ئەبن و ڕەنگی تایبەتی خۆیان لەسەر زەوی وتازەکردنەوە.. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەڕێژن"[1].

لەم سۆنگەوە ئەوە دەردەکەوێت ، پێوەرە ڕەخنەییەکان لای گروپی ڕەوانگەش لایەنی روخسارو ناوەرۆك دەبێت چونکە ئامانجیان بریتین لە گەیشتنە جوانی و ئازادی بیرەکان ، چونکە ناوەڕۆک بەهێز دەکات .

## أ - رووخساری شیعریی :

### ١ - کێش :

شاعیران کێشی خۆماڵیان بەکارهێناوە،چونکە پێیان وابوو شیعری نوێ دەبێت رەچاوی ئەم کێشانە بکات ، لە ڕووی جۆری کێشەوە . لەم ڕوانگەوە فەرەیدون عەبدول بەرزنجی دەڵێت:" ئەوەی گرنگە گیرسانەوەی هۆنراوەی ئازادە بە دوو کێشی خۆماڵییەوە ، کە ئەو دووانەش بریتن لە کێشی هەشت بڕگەی ٤+٤ و کێشی دە بڕگەیی ٥+٥ هۆکاری خۆبەستانەوەی شاعیران بەم دوو کێشەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەئاسان لەتکردنی ئەم دوو کێشە بۆ دو پێی چواربڕگەیی و پێنج بڕگەیی "[2]. بۆنموونە : جەلالی میرزا کەریم دەڵێت :

**هێــــشــــتـــا مـــــناڵ بووم**
**چۆلەکەیەکی بێ پەڕو بــاڵ بووم**
**تەماشای ژیـــــان ... گـەلاریزانی**
**تەماشای ژیـــــان ... ڕانم ئەزانی**
**ئـــــەوەی لام خــــۆش بـــــوو**
**حەمامۆکی بوو... خۆڵەپەتانێ [3]**

پێیان وابوو کێشی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر گوێگر و ڕەنگدانەوەی لە تێگەیشتنی مانا وگەیاندنی مەبەستدا هەیە جگەلەمەش بیرووێنە نوێکانی، تەنیا دەتوانرێت لەڕێگەی ئەم جۆرەکێشەوە بخرێتە روو ، بۆیە کێش بریتی بوو لەهەنگاوی گرنگ لەشیعری ئەم گروپەدا.

[1] هیمداد حوسێن، بزوتنەوەی ڕوانگەو شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی، هەولێر، چا،چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١، ل٢١-٢٢.
[2]هەرئەو سەرچاوەیە ، ل٢٢.
[3]هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢١-٢٢.

## ٢ ـ سەروا:

(مەبەست لە دابەشبوونی سەروا چۆنیەتی دوبارە بوونەوەی سەروایە لە هونەری شیعریی جیاجیادا وەکوو غەزەل و قەسیدە و سێینە و چوارینە و پێنجینە و ........ تاد) [1]

سەروا بەشێکە لە زمانی شیعری چونکە سەروا بۆ شیعر وەکوو پەرژینێک وایە بەڵام ڕەها کردنی شیعر لە هۆنراوەی نوێدا نابێتە کاری فکر و ناوەڕۆک، شیعر بە سەروای تۆکمەوە بە یاسا و ڕێسا شیعرییەکان ناتوانێت ناوەڕۆکی تەواو بە دەستەوە بدات، بەپێی ئەم گروپە شاعیران ئازادن لەبەکارهێنانی سەروای ئازاد لە شیعرەکانیاندا ئازادبون ، ئەگەرچی لە قۆناغی پێش ڕوانگەش ئەم جۆرەسەروایە بەکارهاتووە، بەڵام بەشێوەیەکی فراوان تر لای شاعیرانی ئەم قۆناغە دەبینرێت، وەك ( شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵلا پەشێو، لەتیف هەڵمەت،فەرهاد شاکەلی ، ئەنوەرقادر جاف .. تاد) لە هۆنراوەکانیاندا سەروا بیرو هەست و سۆزی شاعیران بەند ناکات ئەوەی سەروا داوادەکات هەستی دڵی شاعیرە و بەس ، نەك قاڵبێکی سنوورداری داسەپێنراو، بەمانایەکی تر پێوەری سەروا بریتی بوو لە پێوەرێکی هەڵسەنگاندنی دەق چ لەڕێگەی شێواز یان مانا و مەبەست ، بۆیە ئەم گروپە لەپێناو دروستکردنی کاریگەری لەسەر خوێنەر و گەیاندنی مەبەستی سەرەکی کە ئازادی بیروڕایە بۆیە شاعیر گرنگییەگی زۆری بەسەروا داوە . بۆنموونە:

عەبدوڵلا پەشێو دەڵێت :

**خـــــــــــــــــۆشـــــــــەویستم**
**بیستم لەپیاوێکی گـــــــــــــــــــەرۆك**
**لەلای ئەوان، کچانی کـــــــــــــــــۆك**
**لەباتی گوڵ، هۆنراوە ئەدەن لەبـــــــــەرۆك**
**گەورەکانـــــــــــــــــــــــــیان**
**بۆ پەیکەری هونەرمەندێ دێنەسەر چـــــــۆك**
**خۆشەیستـــــــــــــــــــــــم**
**لە گشت کوردســـــــــــــتانا [2]**

---

[1] عەزیز گەردی، کێشناسی کوردی، چ.نارین – چاپی یەکەم ، ڕانیە ، ٢٠١٤ ، ل٢٨١

[2] عەبدوڵلا پەشێو، وەرزی پێنجەم –سێ نامەی کورت، (نامەی ٢)مطبعة النعمان، النجف الاشرف. ١٩٧٠، ل٧٠-٧١.

## ٣-نیشانە :

ئەگەرچی بەگشتی  شاعیران زیاتر خواستنیان بەکارهێناوە، بەڵام ئەمە ئەوەناگەیەنێ کەوا هونەرەکانی تری ڕەوانبێژی وەك( لێچواندن و خوازەو درکە... تاد) بەکار نەهێناوە، بەڵکو شاعیران بەشێوازی ترو دەبڕینی جیاواز لەوەی پێشوو بەکاریان هێناون، بەمانایەکی لەرەخنەی نوێ دا نیشانەکان دەبنە جێگرەوەی هونەری رەوانبێژی کەلە رەخنەی کۆندا ، گرنگی خۆی هەبووە ، بۆ هونەرەکانی رەوانبیژیش بەشێوەی رەخنەو نیشانەکان بەکار هێنراوە، چونکە شاعیری ئێستا خەمی گەورەی خولّقاندنی ئەو پێوەندیانەیە کە ئاماژە بۆ حاڵەت ،یان هەڵوێست یان حاڵەتەکانیش زەنگێکە لە شاعیرەوە بۆ دۆخی گشتی سۆزی دەروونی یا بیری ، کە دەیەوێ بەخوێنەری بگەیەنێ بۆنموونە، شیرکۆ بێکەس دەڵێت:

**تـــــــاوان تـــــــــاوان**
**کـــــاتــــــێ پیشەی چری تاوان**
**دەس دەنـــــــێـــــتــــە بینی ژیان**
**چنگە ئەخاتــــە ، جــــەرگـــی ئاسۆی**
**بـــــەرەبـــــــــەیـــــــــــان**
**دەریـــــــای ئـــــــــــاگـــــــــــر**
**بـــــەرئـەخاتـــــە خەرمانی رەنج [(١)]**

دەتوانین بڵێین شیعری نوێ لەگەڵ لەدایکبونیدا، ڕەوانبێژی  تایبەت بەخۆی دێنێتە گۆڕێ و هیچ پێشمەرجێ لەبەرچاو ناگرێ، بۆیە دەتوانین بڵێین وێنە لە شیعری نوێدا بەزۆری خۆی لە جوینەوە و لاسایکردنەوە رزگاردەکات، شاعیران زیاتر بەدوای وێنەی شیعری نوێ دەگەڕێن.

یاخود دەڵێت:

**بـــــــــــــــــە(داس)م وت**
**لەبەرچی وا کــــــــۆم بوویتەوە؟**
**وتی : لە دروێنـــــەدا  وام لێ هات!**
**بە( هەڵەکـــــــــــــۆك) م وت**
**تۆ بۆچی وا تەمـــــــــەن کورتی**

---

[(١)] روانگە(١) شیرکۆ بێکەس، وەرزی پێنجەم، مطبعة النعمان، النجف الاشرف، ١٩٧٠،ل٤٧. .

وتـــــــــی: بۆچی لەدوای بەفر
ژیان تـــــــــامی تیا نەمێنێ. [1]

## ب ـ ناوەڕۆکی شیعریی :

باشــترین شــیعر ئەوەیە کە ڕوخســار و نــاوەڕۆک هــاوکێش بــن، چــونکە یــەکێك لــە تایبەتییــەکانی شــیعری شــاعیرانی ڕوانگــە دیــاردەی یــاخیبوون بــوو ، یــاخیبوونیش لــەم قۆناغەدا خۆی لە دوو جۆری تایبەتی دا دەدۆزێتەوە.

## أ ـ یاخی بوونی کۆمەڵایەتی .

## ب ـ یاخیبوون دژ بە دەسەڵاتی سیاسی .

ڕوانگەییەکان رۆحێکی ڕەخنەگەراییان تیابوو،واتە پێوەرێکی یاخیبوونیـان دەگرتـە بـەر ئەمەش هۆکارێکە بۆ باشترکردنی نووسین و ئەدبیات، کاکەمەم بۆتانی ئامـاژە بـەوە دەکـات کـەوا :" ڕوانگـە ئـەڵێت: قـوڵ بیربکـەرەوە ، بـەچاوی ڕەخنـەوە تەماشـای ژیـان و کـردەوەی مـرۆڤ بکـە،بۆ ئـەوەی بـە قـوڵی وڕاسـت گـۆیی بنووسـی وە لەشـێوەیەکی ئـەدەبی نوێـدا داڕێژرێت(بیری نوێ، وتەی نوێ، کرداری نوێ) [2] .

بێگومان هەرئەم هاوارەی ڕوانگەییەکان بوو کەوا لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێ دەنگی دژ و نەیاریشـی جـوڵان، کـە تائـەوکات بێـدەنگ بـوون ، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی سـەرەتا، بـا ڕێگەیەکی تەنگ و باریکیش بێ لەبەردەم ڕەخنەی کوردیدا و بۆ یەکەمجار لەدوای چەندین ساڵ نەبوونی دیالۆگ و ڕەخنە جۆرێك لە مشتومڕی ئەدەبی و ڕای جیاوازی هێنایە کایەوە.

### ـپێوەری هێما(رەمز) :

شـاعیرانی ڕوانگـە زیـاتر لـەچاو قۆنـاغی پـێش خۆیـان ئاوڕیـان لـەورەمزە بەهـەموو جۆرەکانییەوە داوەتەوە، وەك ( ڕەمزی ئەفسانەیی ، ڕەمزی ئاینی، ڕەمزی مێژوویی، ڕەمـزی کلتوری .. تاد) ، لەم سۆنگەوە، شیعرکانیان پڕیەتی لە رەمزی جیاجیا شاعیر پەنای بۆ بردووە ، تاوەکو لەپشت ئەو رەمزەوە مەبەستی تایبەتی خۆی بپێکێ. بۆنموونە( صلاح الدین شوان)

---

[1] هیمداد حوسێن، بزوتنەوەی روانگەو شاعیرانی حەفتا و هەشـتاکانی، هـەولێر، چ١،چاپخانـەی کـارۆ، ٢٠١١، ل٢٥.

[2] روانگە(١) شیرکۆ بێکەس، وەرزی پێنجەم، مطبعة النعمان، النجف الاشرف، ١٩٧٠،ل٥٩.

لـه شـيعرێكدا بەناونیشـانی(لەڕوانگـەی یـاخبوون و شۆرشـی مەرگـەوە)، (ئاتـەش گـەدە و زەردەشتی) وەکو ڕەمزێك لەبری شۆرشی بەکارهێناوە ، دەڵێت:

**چـــــــــــاوەكــــانت**

**دوو بـــــــــــۆمـــبــايە**

**بەدوای ئاتـــــەش گـــەدەی**

**زەردەشتەكـــــەی كوردستانا**

**بەبێ وچان هـەر ئەگەڕێش [1].**

بێگومـان ڕوانگەییـەکان لـە ڕووی ڕوخسـارو ناوەرۆکـەوە بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـەوا پێویستە ڕوخسار و ناوەڕۆك تەواوکەری یـەکتری بـن و لەیـەکتر جیانەکرێنـەوە، هەرلەیـەك بۆتەدا قاڵ بن و بەیەکەوە لەدایك بن جالەبەر ئەوە پێیـان وایـە شـێوە و نـاوەخنی ئـەدەبی تێکڕا ئەبێت لە کۆڕی ژیان وبزوتنەوە و تازەکردنەوەدا پەل بهاوێن و نەشونما بکەن.

بەدەر لەم پێوەرانە،بە پێوەری سیاسی و ئایدۆلۆژیاوە دەقـەکانیان هەڵدەسـەنگاند، ئەمـەش بەئاشکرا لەڕاگەیاندنی بەیاننامەکەدا رەنگیدایەوە، چونکە بەیاننامەکە زیاتر بەیاننامەیـەکی سیاسی بوو وەك لەئەدەبی .

## گروپی (کفری ـ کەرکوك):

گروپی کفری خۆیان بە گروپێکی گەرمیانی سەربەخۆ دادەنا، خۆیـان نەبەسـتبووەوە بە روانگەوە، بگرە مشتومڕی زۆر لەو میانەدا هەبوو، بەیانی ئەدەبی خۆیـان هەبـوو (لەتیـف هەڵمەت) ئەندامێکی چـالاکی گـروپەکە بـوو، زۆرجـار کـە بـاس دێتـە سـەر بزاڤـی ڕوانگـە ، کەسانێکی تریش ئەو ڕایە دەخەنەبەردەست کە ئـەوانیش نوێگـەریبوون ، پـێش دەرکردنـی بەیاننامەی ڕوانگەیش هەستیان بەوە کردووە ، کە دەبێت گوڕو تینێکی تر بدرێت بەئـەدەبی کوردی .

ئەو دەستەیە خۆیان بە گروپی(کفری ـ کەرکوك) دەناسێنن و ناوی گروپ لەخۆیان دەنـێن لە زۆرچاوپێکەوتن و سیمیناردا ئاماژە بە رۆڵی خۆیان دەکەن وگلـەیی وگازەنـدە ئاراسـتەی

[1] صلاح الدین شوان ، روانگە، لە روانگەی یاخیبوونی شۆرشی مەرگەوە ، ژ(٢)ی ساڵی ١٩٧١ ، چ١، چاپخانەی چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠١١ ، ل٦٩ .

ڕەخنـەگران دەکـەن بـەوەی کـە بایـەخیان پێنـەداون و مانـدوو بوونیـان فـەرامۆش کـراوە. گرووپی(کفری ـ کەرکوك) لەو کەسانەپێکهاتبوون :( لەتیف هەڵمـەت ، لـەتیف حامـد ، فـەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی).

(سەرەتا هەروەك خۆیان ئاماژەی پێدەکەن، کە لەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبیدا بوون و کۆمەڵەی هۆنراوەی(المسرح والمرايا) (ئەدۆنیس)، یان خوێندبووەوە بەتایبەت لەساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ بـەدواوە) [1]. جـگە لەوەش (ئەدۆنـیس) گۆڤـارێکی لە فەڕەنسـا دەردەکـرد نـاوی (المواقف) بوو، شیعری شاعیرە نوێ خوازەکانی تیادا بڵاو دەکردەوە.

(لەتیف حامد)یش دەربارەی( لەتیف هەڵمەت) دەڵێت :

"باشترین ئەدەیب لەم بوارەدا لای من شاعیری تازەپێگەیشتوو (لـەتیف هەڵمـەت)ە ، ئـەوەی لەتیف لەوانی تر جیادەکاتەوە ، گیانی بەرەنگاری و یاخیبوونێتی، دیوانە شیعرییەکەی (خوا و شارە بچکۆلەکەم) مزگێنی و نوقڵانەی شیعری نوێی تێدایە".[2]

دوای دەرچوونی بەیاننامەکەش ناکۆکی کەوتە نێوان ئێمـەو ڕوانگەییەکانـەوە، دیـارە ئەم ڕێنەکەوتنەش کۆمەڵێك هۆکار لەپشتیەوە بوو.

بێگومان نەشونما کردنی هەردوو گروپەکە لەیـەك ئاسـتدا نـەبوو، ڕوانگەییـەکان زیـاتر پەیوەست بوون بەبەرهەمی شـاعیران و ڕۆشـنبیرانی کـوردەوە، ئەمـەش ڕەنگدانەوەیـەکی بەرچاوی لەبەرهەمەکانیاندا هەبوو، هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ حـوکمی جوگرافیـا وبـاری مێژوویـی و سیاسـی ناوچەکـە، بەپێچەوانــەوە گروپـی (کفـری – کـەرکوك) دووربــوون لەکەلەپوور و ڕۆشنبیری کوردی ، زیـاتر لەئـەدەبی عەرەبییـەوە نزیـك بوون.نـاکۆکی نێـوان ڕوانگەییەکان و گروپی(کفری – کەرکوك) خۆی گەیاندە نێو کۆڕ و سیمنارەکان.

## یەکەم : پێوەری لادانی یاخیبوون : گروپی (کفری – کەرکوک)

لە بانگەوازی گروپی (کفـری – کـەرکوك) دا هـاتووە:" هەڵبەسـتی کـوردی هێشـتا دیلـی ئـەو قاوغەیە، کە هەر لە منالییـەوە کـراوە بەپۆیلانـەی ، کـاتی ئـەوەهاتووە، کـە شۆڕشـێك بـەرپا بکەین بەسەر هەموو ئەو دەسـتور و یاسـا و ڕژێمانـەدا، کـە تـاکو ئێسـتا هەڵبەسـتی کـوردی شەتەك داوە، گۆرانیش بێ شۆرش نابێت ".[3]

[1] د. ئازاد عبدالواحیـد کـەریم، سـەعید محەمـەد عەبـدوڵلا ، شیعر لـەنێوان پـەیوەستبوون ویاخیبوونـدا، ، گۆڤاری سلێمانی بەشی (B) ،سلێمانی، ٢٠١٠، ل٨.
[2]هەر ئەو سەرچاوەیە ،ل٦٢.
[3] جەلال میرزا کەریم ، پرسیار .. بۆهاتنی گۆدۆ ، گ. روانگە، ژ.(٢)، ل٨.

## دووەم : پێوەری لادانی یاخیبوون : گروپی (ڕوانگە)

لەخاڵێکی تری بانگەوازەکەدا هاتووە هەمان خاڵی بانگەوازی یەکەمە:" .. دەسا بەبێ ترس دان بەوەدا بنێن، کە هەرچیمان هەیە تەنیا تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووە بۆیە ئێمەش کە لەپووری هۆنراوەییمان بەشێوەیەکی گشتی لێی یاخی نەبین و سزای پشتگوێخستن و بەرەڵلاکردنی بەسەردا ئەدەین".[1]

کەواتە باوەڕیان وابوو ئەو پێوەرانەی رابردوو، کە دەقی شیعریان پێ نوسراوە کۆنن و لەگەڵ هەل و مەرجی ئەم سەردەمەدا ناگونجێ ، بۆیە دەبێت لێیان یاخیبن و لەپێناو پێوەرێکی نوێدا کار بکەن ، وەك لە بانگەوازەکەیاندا هاتووە، جگە لەوەش شیعر پێداویستی قۆناغە، شیعری سەردەم، دەبێت مەرجەکانی سەردەم هەڵبگرێت و پەیڕەوی بکات.

## سێیەم : پێوەری زانیاری ( ڕۆشنبیری) :

لەم پێوەرەدا ئاستی زانیاری ڕەخنەگر کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی دەقەکە ، وەك لەم بانگەوازەدا هاتووە :" هەستیاری راستەقینە ئەبێت شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لە هەموو رۆشنبیری جیهاندا، لە پشکنینی ،دەروونی خۆیدا تاوەکو بتوانێ ئەو وێنەیەمان پێشکەش بکات کە ئەیەوێت".[2] چونکە ڕۆشنبیری کەرەستەیەکی بەهێزی شاعیرە

هەڵبەتە بزاڤی نوێخوازی و بانگەوازەکەی بەرلە پراکتیزەکردنی و جێبەجێکردنی ستراتیژ و بەئەنجام گەیاندنی بیرۆکەکەی بەکردار ... دیارە بۆیە شیرکۆ ئەوە روون دەکاتەوە کە ئێستا سەردەمی زانست وپێشکەوتنە ، کەچی لای ئێمە خەڵکی هێشتا باوەڕیان بەئەفسانەیە:

**جـــــادووگـــــــــەرانی سەر شانۆی سحربازی**

**ئێســتاش هـــــەروەکــــــــــو جارانی ناو**

**ئەشکەوتی کۆن گڕی ئەفسانە قـــوت ئەدەن**

**مارو دووپشك و شەوگەردی تۆپـــــیو ئەخۆن**

**نــوشـــتــــە لــە ئـــەپــۆلــۆ ئــەکــەن**

---

[1] شیرکۆ بێکەس ، من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ ، ل ١٠٠-١٠١.

[2] حسێن عارف ، گیانی یاخیبوون و بەگژدا چوون لە شیعری نەوەی نوێماندا ، گ. روانگە، ژ:(٢)، ١٩٧١، ل٥٧.

ئـــــێـــســــــتـــــاش هـــــــەروەك جاران ناو
ئـــــەشـــــکـــــەوتـــــــــــی کۆن
خڕ و بە کۆپانی (جــەجاڵی) دنیای چۆلەوە ئەبینن!
دەرزی لـــــە یـــــەخـــــەی جــنۆکـــــەی
گـــــرانـــــەتـــــای منــــــداڵ ئەدەن
مـــــو بـــــۆ دێـــــــوی گروی رەش و
حــەوت قوللەی قان ئـــــەپروزێـــــــــنن
مـــــەنـــــجـــــەنـــــــیق بۆ :
(گـــــالـــــــیـــــلۆ) ی زانست دا ئەخەن [١]

[١] شیرکۆ بێکەس ، من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ ،دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٧٢، ل ١٠٠-١٠١.

## بەشی دووەم

## پێوەرە هزرییەکانی ڕەخنەی دەقی شیعریی لەئەدەبی کوردیدا

پاژی یەکەم : پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان.

پاژی دووەم : پێوەرە ڕامیارییەکان .

پاژی سێیەم : پێوەرە دەروونییـــــەکان .

# بەشی سێیەم

## پێوەرە هونەرییەکانی ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا

پاژی یەکەم : زمانی شیعریی .

پاژی دووەم : وێنەی شیعریی .

پاژی سێیەم : ئاوازی شیعریی.

## پـــــاژی یەکەم : زمـــانی شیعریی

چـەمك و زاراوەی پێـوەرە هونەرییـەکان، لەبـەر تیشـکی ئـەم پێـوەر ڕەخنەییـە دا ، ڕاستەوخۆ دەمانگەیەنێتـە مـەودای داڕشـتنی تـەکنیکی دەق ، کـە لـە چوارچێـوەی زمـان و ڕێزمان و ڕەوانبێـژی و جـۆری دەقـە ئەدەبییـە هونەرییەکانـە. کـەوابوو دەبێـت ڕەخنـەگران ئاگایان لە دەستوری ئـەو زانسـتانە بێـت ،کـەرەچاوی دەکـەن و مەرجـە پسپۆڕیشـیان تێـدا هەبێت ، بەم جۆرە هەنگاوی ڕاستەقینەی بەکارهێنـەری ئـەم پێـوەرە بـۆ دەستنیشـانکردنی جۆری پێوەری هونەری ئەو دەقە ئەدەبییە دەنرێت، کـە دەیـەوێت لێـی بکۆڵێتـەوە و هـەڵی بسەنگێنێ.

(چۆمسکی) دەڵێت:" زمان بریتیـە لـە کۆمـەڵێك ڕستەیەکی سنوردار و بـێ سـنور، هـەر ڕستەیەکیش درێژییەکەی سنوردارە ، هەروەها هەر ڕستەیەك لـە چەنـد یاسـایەکی سـنودار پێکهاتووە)[1] هەر لەو چوارچیوەیەدا دەڵێت:-

(زمان کەرەسـتەی سـەرەتایی شیعرە ، بـەکارهێهنانی زمـان لـە نووسـینی زانسـتی و ژیـانی ڕۆژانە دا تەنیا بۆ گەیاندنی بیرە ، بەڵام لـە (شـیعر)دا، یـان (ئـەدەب)دا زمـان دەگۆڕێـت بـۆ ڕەمز، چونکە زمانی شیعریی ئامرازێك نییە بۆ بـەجێهێنانی شـتێك ، بـەڵکو خـۆی لـەخۆی دا ئامانجیکــە، فۆرمالیســتەکانیش هەربەهــەمان شــێوە دەڕوانــە زمـــانی شــیعریی کــە (سیسـتەمێکی زمانییـە) و ڕۆڵـی گەیانـدن تیایـدا کـەم دەبێتـەوەو بنیـاتی زمـانی بـەهای سەربەخۆ بەدەست دێنێت.) [2]

هەر لە دووتـوێی خسـتنەڕووی پێناسـەی زمـانی شـیعرییدا ، هەنـدێک لە ڕەخنـەگـران دەڵێن:(زمان کەرەستەی ئەدەبە. هەر لە خودی ئەم پێناسەیەوە ئەوە دەکەوێتەوە ، کە زمان لە پێوەندیدا بە ئەدەبەوە وەک کەرەستەیەکی سـەرەتایی وایە، وەک ڕەنـگ لە نیگارکێشـان، بەرد لە پەیکەرتاشی و دەنگ لە مۆسیقا دا.)[3]

زمانی شیعری بە دیارترین بابەتی ئەدەبی دادەنرێت، بەوەی کە پـەیامێکـەو دەرەنجـامی هـەڵچـوونی نـاخی دەقنووسـەو داهێنـانی لـێ دێتـە ئـاراوە ، هـەروەها لـە کـاتی چـۆنێتیی

---

[1] عثمان کەریم : بونیادگەری فێردناند دی سۆسێر و پێکهاتە سینتاکسییەکانی نوام چۆمسکی ، ٢٠٠٩ گۆڤاری ڕامان ،ژمارە ١٤٢،ل٢٢٥.

[2] جبار ئەحمەد حسین: ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی"چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨،ل٩٠.

[3] هەرێم عوسمان – لیریکی گۆران، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم ، سلێمانی ٢٠١٨ ، ل ١٩٥

بەرجەستەکردنی داهێنانی شیعرییەوە ، دەکرێت شاعیر یەکسەر پەیامە نوێیەکەی بگەیەنێت ، لەلایەکی ترەوە داهێنان وەکو بەرهەمێکی ڕۆشنبیری و نوێگەری دادەنرێت.

قسەکردن لەسەر داهێنانی زمانی شیعری ، قسەکردنە لەسەر پێویستییە ئەدەبییەکان ، وەکو دڵنیایی کردنی دیوی بەرهەمێك لەگەڵ هاوشێوەکەی ، یاخود دەکرێت پێگەیەك بۆ داهێنانی فۆرمێك لەو بابەتانانەی کە نیشانەی بەرهەمێکی نوێیە ، یاخود کاریگەریی دەقێکە لەسەر خوێنەر .

داهێنانی شیعری سەردەمییانە، ملکەچی یاسای ڕەخنەیی نوێ دەبێت ، نوێگەری و ملکەچ بوونی بە ڕەهەندە تازەکان ، مانای بڕوا بوونە بە ڕۆشنبیریی سەردەمییانە ، کە لە کۆتا بەرهەمیدا چینێکی شاعیری ڕۆشنبیری دەستەبژێر هەڵدەکەوێت ، کە باز بەسەر شێوازی شیعری تەقلیدیدا دەدات.

لەو ڕوانگەیەوە ، داهێنانی زمانی شیعری دەبێتە هۆی شیاندن و ناساندنی ئەرکی ڕەخنە لەگەڵیدا بۆ ماوەیەکی درێژتر ، ئەوەش ئەکتیڤییەتی ڕەخنەو داهێنانی زمانی شیعری ڕون دەکاتەوە ، کە هەردووکیان بەیەکەوە پەیوەستن و هەر یەکێکیان ئەوی تریان تەواو دەکات.

( داهێنانی زمانی شیعری دەرچوونە لە یاسا ڕاگیراوو تەقلیدییەکان ، بە ئامانجی خوڵقاندنی وێنەیەکی جوان ، واتا بەرهەمێکی ناتەقلیدی کە پەیوەستە بە هەموو وێنەیەکی جوانەوە )[1]، ئەوەش بە گرنگترین بنەماکانی ڕەخنەی نوێ دادەنرێت ، داهێنانی زمانی شیعری لەسەر بنچینەو بنەمایەکی یاسایی دیاریکراو نەهاتووەتە کایەوە ، بەڵکو لەسەر بنەمای دەرەنجامی گۆڕانکاریی بەدەستهاتوودا دەبێت ، کە بەسەر دەقە کۆنەکاندا دەکرێت ، بەو مانایەی کە بە پرۆسەیەکی ڕەخنەیی دروستتر لە پێشوودا تێدەپەڕێت ، پاشان لەمیانەی پرۆسەیەکی ڕەخنەیی نوێوە دەقە داهێنراوەکە هەڵدەسەنگێندرێت ، بەو مانایەی کە ڕەخنەگر دەتوانێت جۆرو شێوازی داهێنانە شیعرییەکە دەستنیشان بکات.

هەندێك لە ڕەخنەگران ( دەقی نوێ – بەپێی ئەو پێوەرانەی کە ڕەخنە دیاری کردوون- بە سەنگی مەحەکی داهێنانی شیعریی ڕاستەقینە و گرنگترین قۆناغەکانی دادەنێن ، ئەو دەقەی کە ڕەخنە هەڵدەگرێت ، جۆرە پێوەندییەك لەگەڵ ڕەخنەدا دروست دەکات)[2] ،

---

[1] أحمد المديني،أسئلة الابداع في الادب العربي المعاصر،دارالطليعة ، بيروت،ط(١) ، ١٩٨٥ ، ص٣٢.

[2] عبدالمنعم مجاهد، نظرية الآدب ومناهج الدراسات الادبية ، ج(١) ، ط(١) ، مكتبة الفلاح ، (د.ت) ، ص١٢٧.

جگە لەوەی کە زۆرجار بابەتەکانی ڕەخنە هەمووی لە دەقێکدا کۆنابێتەوە ، (چونکە شیعر نووسین پێویستیی بە بۆچوونی تازەو هەستی ئەدەبی و توانای گشتاندنی یاساکانی ڕەتکردنەوەی تەقلیدییەتی ستایلی نووسین هەیە)[1].

بێگومان توێژینەوە لە سازاندنی شیعر ، واتا پێوندی بەستن بە سەرجەم بەشەکانی و هەڵسەنگاندنی ،( بەرهەمی شیعری بابەتێکی زاتییە کە بە پلەی یەکەم میزاج ڕۆڵی تێدا دەبینێت ، بەڵام شێوازی کۆتایی ، لە توانای بە بابەتی بوونی دەقەکەوەیە ، بە مانایەکی کە ، ئەرکی شاعیر فەراهەم کردنی شێوازێکی نوێیە ، بە میزاجێکی هونەریی تایبەت ) [2]،هەر ئەوەشە کە وا دەکات شاعیر ملکەچ بێت بۆ پەیامەکەی ، نەوەکو تەنیا بە فۆرمە تایبەتییەکەی خودی تەکنیکیی دەقنووسی خۆیەوە .

به بۆچوونی بوونگەراییەکان ، داهێنانی زمانی شیعری بیرکردنەوەیە لە گەڵاڵەکردنی ستراکچەرێکی تایبەت ، لەبەر ئەو هۆیەشە کە شاعیر لە زماناس و نووسەرانی تر جیادەکرێتەوە ، بەوەی کە شاعیر " لەمیانەی بنیاتنانەوەی زمانێکی تازەوە ، هەست بە زاتێکی عاقڵانەو داهێنانی شیعرییانە دەکات،چونکە لە ئاست قەناعەت پێکردنی بۆچوونی کەسانی هزرمەنددادەقەکەی ملکەچ دەکات"[3].

بێگومان ڕوونیی هەر کردارێك ، پێوەندیی بە جۆری داهێنانی زمانی شیعری و سەرچاوەی پەیام و شێوازی دروستبونییەوە هەیە ،" ڕێنیە وێلليك و ئۆستن وارین لەڕووی داهێنانی زمانی شیعری و کرداری نووسینەوە ، هەندێك لە دەستەواژەکانی ئیستاتیکای وەکو خەیاڵ و شێوازگەرییان داهێنا" [4] ، ئەو بنەمانایەش کە بابەتی داهێنانە شیعرییەکەی لەخۆ گرتووە ، پابەندی کۆمەڵێك سیستمی پەیڕەو کراون ، ئەوەش وای کردووە کە ڕەخنەگران بەردەوامن لە گەڕان بەدوای یەکەمین سەرچاوەی داهێنانی زمانی شیعری و دەرەنجامەکەی ، لەگەڵ ئەوەشدا ، ڕەخنەی نوێ ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە داهێنانی شیعرییەوە هەیە، کە هیچ بەهایەك بۆ تێڕوانینە تەقلیدییەکانی تر دانانێت ، بەوەش جۆرێك لە ڕەخنەی بنیاتنەریی تایبەت سەرهەڵدەدات.

---

[1] عاطف فضول ، النظرية الشعرية عند أليوت وادونيس ، ت: اسامة أسبر، المجلس الاعلى للثقافة ، ٢٠٠٠، ص١٧١.

[2] يوسف ميخائيل أسعد، سايكولوجيا ألابداع في الفن والادب و الموسيقى،دارالشؤون الثقافية ذسبالعامة،بغداد،١٩٨٨ ،ص٢١.

[3] حسين خمري ، بنية الخطاب النقدي ، ط(١) ، بغداد ، ١٩٩١ ، ص٢٧.

[4] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ٢٩.

## تێڕوانینه ڕەخنەییەکان بۆ داهێنانی زمانی شیعری:

بێگومان داهێنانی زمانی شیعری بە ئیلهام و لێهاتویی شاعیرەوە بەستراوە ( هەموو دەقێکیش سەرەتا لە ناکاودا دروست دەبێت ، بەبێ دەستێوەردانی عەقڵا و ویستی داهێنەر، بەرهەمی هونەریش لەمیانەی سەربەخۆیی بیرەوە دێت و پەیامێکی تایبەتی بە خوێنەر دەبەخشێت) [1] ، پاشان ئەو پەیامە لە چوارچێوەی ئاگاییدا پۆلین دەکرێت ، لەسەر ئەو بۆچوونە ، نیچە بەنمونە دەڵێت: " ئیلهام لە کاتی گەشەو سەرخۆشی و بێئاگاییدا دەبەخشرێتە کەسی داهێنەر،وەکو چۆن خەیاڵی هونەری لە کاتی سەربەخۆیی هەستەکاندا،یان لە ساتەکانی هەڵچووندا گەڵاڵە دەبن ".[2]

ئەو بۆچوونە ، هەمان بیرە، کە (برجسۆن) بۆی چووە ، " بەوەی کە کرۆکی داهێنانی زمانی شیعری لەمیانەی کاردانەوەکانەوە سەرهەڵدەدات ، ئەوەی کۆتاش واتا گڕگرتنی ئاگری ویژدانە لەکاتی هەڵگیرسانی گڕی سوتێنەریی هزردا ، بەشێوازێك کە لەگەڵ بڵێسەکەیدا داهێنەر شتێك دەردەبڕێت و وا گومان دەبات کە بۆی ناکرێت بە ئاسانی دەری ببڕێت ، بەڵام هەموو شتێك لەلای کەسی داهێنەر ئاسانەو دەکرێت ".[3]

داهێنانی زمانی شیعری لەسەر دوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی کاردانەوەی دەبێت ، (دەکرێت یەکێکیان بەرپرس بێت لە دەرکەوتنی هەندێك بیروبۆچوون لە ناو کرۆکی داهێنانە شیعرییەکە ، هزرەکانیش لە خودی شاعیرەکەدا لەدایك دەبن ، ئەو بیرەی کە سەرەتا بە ڕووداوێك ناودەبرێت ، پاشان گەشە دەکات)[4]

ئەوەش هەمان ئەو بۆچوونەیە کە (برجسۆن) جەختی لەسەر دەکاتەوە. پاش ماوەیەك ئەو تێڕوانینە بوو بە بەشێك لە ڕابردوو ، تەنانەت یەکێك لە ڕەخنەگرەکان گاڵتەی پێ دەکرد ، (ئیلیۆت ، وای دەبینێت کە شاعیر بە هەڵچوونە کەسێتییەکانی و ئەو ڕوداوانەشی کە لە ژیانیدا هەڵیدەچنێت ، ئەوانە نابنە هۆی داهێنانی زمانی شیعری ، تەنانەت هەندێك جاریش

---

[1] مصطفى سويف،ألاسس النفسية للابداع الفني في الشعر خاصة ، دار المعارف،مصر،(د.ت)،ص١٩٣-١٩٤.

[2] جان ماري جويو،مسائل فلسفة الفن المعاصر،ت:سامي الدروبي،المؤسسة العربية للدراسات والنشر،بيروت،١٩٧٣،ص١٩.

[3] د.علي عبدالمعطي محمد، مشكلة ألابداع الفني - رؤية جديدة-، دار الجامعات المصرية ، (د.ط) ، ص٥٢.

[4] قاسم حسين صالح ، ألابداع في الفن ، دار الرشيد ، بغداد ، ١٩٨١ ، ص ٧٦.

دەكرێت هەڵچوونەكانی سادە یان ساردو سڕبن ) [1] ، جگە لەوە (بەرهەمهێنانی دەق تێڕوانینێكی ئاڵۆزو ناڕوونە و بە ئاسانی شیكاری و ڕوونكردنەوەی بۆ ناكرێت ) [2].

لەپێناو ئەوەدا ، هەندێك لە ڕەخنەگران ئەوەیان ڕەتكردۆتەوە ، كە بەهرەمەندی جگە لە ڕوونییەكی سروشتی و ڕاستگۆیی و داهێنانی بیر شتێكی تر بێت ، وێڕای ئەوەی كە خوێندنەوەی زیرەكانە وا لە خوێنەر دەكات كە بە چاوی شاعیری گەورەوە تەماشای دەقنووس بكات و هەست بە هەستەكانی ئەو بكات.

شاعیر هەڵگری بیرو تێڕوانینێكی فرەڕەهەندە ، كە هەوڵ دەدات لەمیانەی كێبەركێیەكی فیكری لەگەڵ مادەی نووسیندا لە گۆشەنیگای گەیاندنی پەیامێكەوە گوزارشتی لێ بكات، (بەو شێوەیە دەسەڵاتی ئەدەبی بۆ دەقە داهێنراوەكە دەگەڕێتەوە ، بۆیە شاعیر لەسەر بنەمای سەربەخۆیی بوون و داهێنانی شیعرێكی دروستكراو هەوڵی پاراستنی پەیامەكەی دەدات، ئەوەش كردنەوەی دەرگای مشتومڕێكی ڕەخنەیی داهێنەرانەیە " [3].

ئەو داهێنانە ، ( سیگمۆند فرۆید ) ناوی لێ ناوە میكانیزمی وروژاندن كە،پاشتر (بەرهەمێكی باڵایی، زاخاوی مێشك و دڵا، یان بیانوو هێنانەوە بۆ سەرنج ڕاكێشانی كەسی دووەمی پەیاموەرگر، بێت ، جگە لەوەش ئەو میكانیزمەی بەرپرسە لە چارەسەركردنی خەسڵەتەكانی وێنەیەكی قبووڵكراو ، بەڵام باڵایی ئەو داهێنەرە دەگەیەنێتە ئاستی دەرخستنی بەهرەمەندی و تایبەتمەندێتیی ئستاتیكی " [4].

لە ڕەخنەدا جەخت لەسەر پێویستیی شاعیر دەكرێتەوە لە بەرجەستە كردنی هەست و نەستی شاعیر ، كە " دەبێت لەچوارچێوەی ئەدەب و ڕەخنەدا ئەزمونی پیشەیی شاعیر بكرێت بە هاوكێشەی دووتای پەیامدەرو پەیاموەرگر ، كە كار لەسەر كەرەستەی خاوی دەق دەكرێت ، تاكو مەبەستەكەی خۆی بهێنێتەدی ، كەرەستەكەش یان ووشە یان دەنگ و زمانی ورووژاندنە ،كە تواناو لێهاتویی شاعیرەكە دەخاتەڕوو". [5]

دیڤید دیتش جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە ڕەخنە لە دەقێك دەگیرێت ، كە پێویستی بە گوتارێكی ئەدەبی هەبێت " ئەوەش جەوهەری ڕەخنەو مەبەستەكانێتی ، هەر لادانێكیش لە

---

[1] جیروم ستولینتیزم ، النقد الفني ، ت: فؤاد زكريا،المؤسسة العربية للدراسات والنشر،١٩٨١، ص ١٤٦.

[2] د.علي عبدالمعطي محمد ، مشكلة الابداع ، ص ١٥٤

[3] رمضان بطاويسی محمد، علم الجمال لدى مدرسة فرانكفورت ١٩٣١-١٩٦٩، أدورنو انموذجا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر ، ط(١) ، بيروت ، ١٩٩٨ ، ص ١١٤.

[4] جيروم ستولينتيزم،النقد الفني،ت: فؤاد زكريا، ص١٢٤..

[5] م.فرايتشتكو، ذات الكاتب الابداعية ،ت: نوفل نيوف،عاطف ابوحمزة، وزارة الثقافة،دمشق،١٩٨٨،ص٣٨٥.

ئامانجەکانی ڕەخنە لادانە لەڕێساکانی دەقی ئەدەبی ، واتا ئەگەر بەهۆی بەکەمدانانی پرۆسەی ڕەخنەوە دەقێك لە دەست بچێت ، ئەوە مانای لە دەستدانی هاوکێشەی ڕۆشنبیریی شاعیرە ، چونکە دەبێت ئەو دەقە هیچ پەیامێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی پێ نەبێت "[1] .

(جاك لاکان) بەنمونەوە لە تیۆری (لاشعور) لایداوە ، لەکاتێکدا جەختیکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە " زمانی دەق،دەستنیشان کردنی نیشانکراوو بۆ نیشانکراوە،وەکو دوو ڕێسای تایبەتمەند بۆ کۆمەڵێك دەربڕین و لایەنە گۆڕاوەکان لە دەقدا،کە چۆنێتیی شیکاریی دەقی لەسەر وەستاوە"[2] .

## زمانی شیعری و پەیامی دەق:

ئەرنست فیشەر گوتوویەتی: ( دەمەوێت قسە لەسەر مەزنترین داهێنانی زمانی شیعری بکەم ، کە لەو داهێنانە شیعرییەوە سەرچاوە دەگرێت ، کە لە (من) ی لۆکاڵەوە دەردەچێت بۆ جیهانبینییەکی تر ، وەکو چۆن ئەو بەرهەمە سەرەتا بە (من)ە بەرتەسکەکە بەستراوەتەوە ، بەڵام بەلای بوونگەراییەکانەوە دواتر دەبێت بە بەرهەمێکی هاوبەش ، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە بەرهەمی تاکە کەسی دەگاتە ئاستی کۆمەڵایەتی) [3]. داهێنانی زمانی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا ، بریتییە لە پرۆسەی شیکاریی ڕەمزە کۆمەڵایەتییەکان ، ( کە لەوێوە لە سیاسەت و سروشتی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەگر ناتوانێت بەو ڕاستییە بگات ، کە شاعیری داهێنەر لەکۆی خەڵکانی تری جیا دەکاتەوە ، چونکە شاعیر لە میانەی بەرهەمەکانییەوە لە لاشعوریی گشتیدا دەژی) [4]، نمونەی ئەو جۆرە دەقە شیعرییانە لە کۆی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا بەرچاو دەکەوێت.

## پێوەری زمانی :

لەگۆڤاری بەیانی ژمارە(٦٣) ساڵی (١٩٨٠) بابەتێك لەناونیشانی کەشیعرەکانی ژمارە (٦٠) بەیانم خوێندنەوە لەلایەن ( لەتیف هەڵمەت) سەبارەت بە دەقێکی عوسمان شەیدا کەتێیدا دەڵێت:"

---

[1] جیروم ستولینتیزم،النقد الفني،ت: فؤاد زکریا، ص١٢٤.

[2]د.بهرام مقدادی ، فەرهەنگ اصطلاحات نقد أدبی، چاپ أول ، انتشارات فکر روز، تهران ، ١٣٧٩ ، ص٢٧٥.

[3] ارنست فیشر ، ضرورة الفن ، ت: أسعد حلیم ، الهیئة المصریة العامة للتألیف ، القاهرة ، ١٩٧١ ، ص ٩٠٨.

[4]د.خیری ابو منصور،النقد البنیوي الحدیث (نصوص،جمالیات،معطیات)،ط(١)،دارالجبل،بیروت،١٩٨٥، ص١٠٩.

به بۆچوونی ڕەخنەگرەکە سەرجەمی شیعرەکە زمانێکی توندو تۆڵ و کوردییەکی رەوان وقوڵ و ئاسانی هەیە، هەست بە توندوتۆڵی وشە ورەوانی رەستە وپاراوی زمان و رێکوپێکی مۆسیقا دەکەین .

**کـــــچـــــی دەریـــــا**

**هۆ کچەکەی خۆر وبــــەهار**

**ئاسمان گریا خۆت نیشــاندا**

**کە خۆر سوتا تۆ دەرکەوتـــوە**

**هەرکاتێ بەهار بەسەرچـــوو**

**کراسی سەوز لەبەرکـــــــە**

یاخود دەڵێت :

**تۆش بەکراســـی زۆر تەنکی رەنگ سەوزەوە**

**دەرمـــــەکـــــــــــــــەوە**

**بەهار عیشق و خۆشەویستیە بۆ گیانـــــم**

**نەبا گڕی حەز عیشق و خۆشەویستـــــــی**

**شەونمەکەی ناو گیای سەوزی بەهارەکـــــەم**

**کۆتی زیوی بۆ رۆحی خاوێنی ئـــــــــازار**

**کچـــــــــی بەهـــــــــار**"[1]

وەك دەردەکەوێت لەتیف هەڵمەت لەنووسینەکەیدا زیاتر هەربایەخی بەدەرەوەی شیعرەکەو مۆسیقای وشەکان داوە، بەڵام نەیتوانیوە لەچوارچێوەیەکی نوێدا باسی ئاڵۆزی و تەماوی ناوەرۆکەکە بکات ، بۆیە لەم سۆنگەیەوە بۆ هەلسەنگاندنی دەقەکە پێوەری زمانی پەیڕەو کردووە.

لە گۆڤاری بەیان ژمارە(٥٩) ساڵی (١٩٨٠) بابەتێك بەناونیشانی (زمان لە شیعری هێمن دا) لەلایەن محەمەد ئەمین مەحەمەد بڵاوکراوەتەوە و دەڵێت:( لە شیعری جوانی بەس نیە)دا ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لەم شیعرەدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە، مەبەستمان ناوەرۆك نیە، دەبوایە ئەو شیعرە لە قۆناغی لاوێتی بوایە ،کەچی لە شیعری (جوانی بەس نیە) دا وێنەکان دەستکردن ، وشەکان سادەو قسەی رۆژانە زیاتر پێیانەوە

---

[1] لەتیف هەڵمەت ، کە شیعرەکانی ژمارە (٦٠)ی بەیانم خوێندنەوە، گ. بەیان ژ(٦٣) دار الحریە للطباعة ، بغداد، ١٩٨٠ ، ل٣٤.

دیاره له قاڵبی شیعر دەردەچێت دەبێتە پەخشانێکی هونەری چونکە وا هەستدەکرێت کە مامۆستا هێمنی شاعیر لەو شیعرەدا بەزۆر دەیەوێت وێنەو ڕستەو وشەی بێاخنێ کێشێکی ڕق و تەق بەکار بهێنێ ، کە مەبەستم ناوەرۆك نیەو بەڵکو رەق و تەقی ووشەکانە.

**بـــــەڵام هەی تف لە کیژی وا**

**حـــــــاشا لەگەلی خۆی بکـــا**

**بێزم لــــــە جوانی هەڵدەستێ**

**زێدو گـــــــەلی ئەپەرســــتی**

**ژیان هــــــــەواو هەوەس نیە**

**جوانی بەتەنـــــێ بەس نیە" .[1]**

دەردەکەوێت محەمەد ئەمین محەمەد ڕەخنەیەکی زبری لەبارەی بەکارهێنانی زمان لە هێمن گرتووە، چونکە پێیوایە کە بەکارهێنانی هەندێ وشەی ناوازەی لە شیعرەکەدا بەکارهاتووە،بەو پێیەی لاوازییەك لەم شیعرەدا بەدی دەکرێت ، بۆیە لەشیعریەتی دەقەکەی کەم کردۆتەوە ، بەڵام پێمان وایە ، کە بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا هەندێك جار وادەخوازێت کە شاعیر جۆرە سادەیەك لە زمان بەکار بێنێت، کە لەگەڵ زەرورەتی شیعرەکەدا بگونجێ، لەچوارچێوەی سیستەمی هەماهەنگی لەنێوان زمان و کێش و ڕیتمی شیعرەکە، لەوەشدا لەلای هێمن شێوەزاری موکریانی ناوچەکەی خۆی بەکاربهێنێت ، چەند وشەو زاراوەیەك دەسەپێنێت، کە دەرئەنجام دەقێکی سادەی بێ ئاوازی لێ دەردەچێت بەتایبەتی ئەو دەقانەی کە باس لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن.

لە گۆڤاری بەیان ، ژمارە (٣١) ساڵی ١٩٧٥ بابەتیك بەناونیشانی ( علی عارف ئاغا شاعیرێکی دڵتەڕو شیعر سوارە) لەلایەن فەرەیدون علی ئەمین بڵاوکراوەتەوە کەباس لەچەند دەقێکی عەلی عارف ئاغادەکات و دەڵێت :

"علی ئاغا لەمەیدانی خۆشەویستی ودڵداریدا شیعری وای هەیە پیاو حەیرانی ئەبێت،وشەی وا هەڵدەبژێریت پیاو،سەری سوردەمێنێت ،خۆشەویستییەکی توندو تیژ لە شیعرێکی رەوان وبێ گرێ و گۆڵدا، کە سەیری ئەکەیت وا ئەزانیت بەهەموو کەسێك دەوترێت، کە دێیتە سەر ئەوەی لە وێنەی ئەوە بڵێیت ، سەیر ئەکەیت قوەتت بەسەریدا ناشکێت:

---

[1] محەمەد ئەمین محەمەد :گ.بەیان، ژ.(٥٩)، دەزگای رۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی ، بەغدا ساڵی (١٩٨٠)،ل ١٢.

**درۆیـــــه تۆ لەئینسان بی ، ئەمە ئەقڵم قبـــوڵ ناکات**

**پەریش حەددی نیە وابێ ، ئەبەد حۆریش بە تۆ نابێ**

**بتی تۆ ئـــەتپەرستم من عیبـــــــادەت بۆ خوا ناکەم**

**ئەگەرچی جوملەی جـــەهەنم بـــــۆم لەکارا بێ" [1]**

بـەتێڕوانینی فەرەیـدون عـەلی ئـەمین ، عـەلی عـارف ئاغـا زمانەکـەی زمـانێکی سـادەیە، شـیعرێکی رەوان و بێگـرێ و گۆڵـە، ئـەو رازە لـە دڵێکـی بـێ گـەردی خۆشەویسـتیەوە هەڵدەقوڵێت بەڕوونی ،چی لـەدڵ و دەرونیـدا بـوو بێـت بـە خـەڵکی گەیاندووە،واتـە زمـانی سادە لە شیعردا هەروەها سانا نیە ، دەبێت شاعیر شارەزا بێت ەل دارشتنی وشەو مانـادا بـۆ ئـەوەی سـەلیقەی زمـانی شـیعری بخاتـەڕوو ، بەمانایـەکی تـر نابێـت ڕووخسـارو نـاوەرۆك فەرامۆش بکات، ئەمەش کـارێکی ئاسـان نیـە، دەبێـت سـامانی فەرهـەنگی وشـەکان پـڕبن ، وشەی پاراوی پڕمانا هەڵبژێرێت، هەرچەنـدە لـە قسـەی رۆژانـەی خەڵکیشـەوە نزیـك بێـت ، لایەنی هونەری و جوانکاریشی تێدا بێت. بۆیە پێوەری زمانی بەکارهاتووە.

" علی عارف ئاغا هیچ سڵ لەوەناکاتـەوە، کـە وشـەیەکی بێگانـە بچێتـە شـیعرەکانی یـەوە، بەڵکو ئەوەندە شارەزایانە ئەو وشانە دائەڕێژێت ئەگەر چەند دانەکیشیان لەتـەنیا بەیتێکـدا بن تۆ کـە بەیتەکـە دەخوێنیتـەوە ماناکـەی ئـەبات لەگـەڵ خـۆی ووشـەبێگانەکان بـە هـیچ کلوجێك سەرنجت راناکێشن و هەر ئەڵێی وشەی خۆماڵین:

**لە دنیــــا لە تۆ جوانتر ، لە تۆ شیرین و مەحبوبتر**

**ئەگەر دەعــــواچی یەك مابێ، درۆ ناکا دەسا بابێ**

**دەسا بابێن، بەسەف یەکسەر، هەموو چاومەست**

**ڕووم‍ـــــــــــــــــــــــــەت گوڵ**

**بزانین چۆن ئەبێ مەحبوب، ئەبێ وا لافی لێ دابێ**

لە ڕێگەی هەڵبژاردن و وشەی کورت و پڕ واتاوە ، خاوەن شێوازێکی روونی سادەیە،جگەلەوەش هونەرێکی رەوانبێژی تێدایە ، کە ئەویش کورتبڕییە لە رەوانبێژی دا ، مانای زۆر بەوشەی کەم دەربڕێت، واتا ئەگەر ماناو وشەکان بەرامبەر بکرێن وشەکان لەماناکەی کەمتر بن و تەرازوەکە بەلای ماناکەوە بێت ، بۆیە لەدەقەکەدا پێوەری زماین شیعری بەکارهاتووە.

---

[1] فەرەیدون علي ئەمین : علي عارف ئاغا شاعیریکي دڵتەرو شیعر سوارە , گۆڤـاری بـەیان، ژ(٣١)، تشـرینی دووەم ، ١٩٧٤ ، مطابع أوفسیت ، دار الحریة ، بغداد، ل٧.

له گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد – ساڵی ١٩٨٠ بابەتێک بە ناونیشانی (بنەڕەتیەکانی ڕەخنەسازی و هۆنراوەی دێرینی کوردی ) لە لایەن
( دکتـۆر کامـل حسـن عزیـز البصـیر) سـەبارەت بـە زمـانی شـیعری شـیعرەکانی سـالم بـڵاو کراوەتەوە ، کە تێیدا دەڵێت :-
" سـالم لە بنەرەتیەکـانی رەخـنە سـازی سـەردەمەکەی نە پچـڕا بـوو وەکـو نـالی بەشـداری مەسەلەی زمانی هۆنراوەی کردووە، شانازی بە نرخی هەڵبەستە کوردیەکانیەوە دەکات:-

**زیرە سەرمایە بۆ ( ســـــالم ) و ( کرمان ) ی دەبـــــا**

**شیعری کوردی کە بدا جیلوە لە لای شێخی کبیر "[1]**

واتە دکتۆر کامیل بـەصیر لە ڕوانـگەی پێـوەری زمـانی هـونەرییەوە لە شـیعرەکاندا ڕەخنەی خستۆتە ڕوو، وەکو دیاردەیەکی بیری سکاڵای لە هاوزمانی کردوە ، ئەم سیمایە لای خودی شاعیر بە زیندوێتی دەمێنێتەوە، بەمەش سەرکەوتنەکانی خۆی ئاشکرا دەکات ئەوەی لە ڕووی بیرییەوە مەبەستی بوو ئەنجامی بدات .
یاخود کوردی دەڵێت:-

**دوڕ و یاقووت دەبــارێ لەم کەلامە شیرینەی ( کوردی )**

**خوا ســـــا کوا لە دونیا دا قەدر زانێ ، خریــــــدارێ " [2]**

ئەمەش ڕەنگدانەوەی خواست و لایەنی بیرۆکەکەیـە بەرامـبەر بە خەڵـک لەو ڕۆژگـارە دا ، وەک دەڵێت:-

**( کوردی ) دلێری عەرصـــــەیی نەظم و فەصاحەتە**

**جەولان دەکا هەمیشە وەکو بەرقی تیـــــژ ڕەو " [3]**

ڕەخنەگرەکە ئەوە دەردەخاتە کە ئەم ڕاستیەش لە ڕۆژگاری خۆیـدا دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو ژینگە ڕەخنەییە کە شەن و کەو گفتوگۆی زمانی و ڕەوانبێـژی ئـاوێتەی یەکتـر بـوون . بـۆیە دکتۆر کامل البصیر پێورەی ڕەوانبێژی بەکارهێناوە چونکە زاراوەی ( نەظم ) و ( فەصاحەت ) وەکو دوو زاراوە بۆ شیعری کوردی بەکار هاتوون ئەمەش چێژ بە شیعرەکە دەبەخشـێت،لە چوار چێوەی زمانی شیعریدا .

---

[1] دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر بنەڕەتیەکانی ڕەخنە سازی و هۆنراوەی دێرینی کوردی گ . کـۆڕی زانیـاری عێراق – دەستەی کورد – بەرگی حەوتەم – چ – کۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا ١٩٨٠ ، ل٢١٩.

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢١٩.

[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢٢٠.

لە گۆڤـاری کـاروان ، ژمـارە (٨) ئایـاری سـاڵی ١٩٨٣ ، بابەتێـک بە ناونیشـانی ( شـێخ ڕەزای کۆمیدی و سالووک ) لە لایەن عبد الرزاق بیمارەوە بڵاو کراوەتەوە ، دەڵێت :- " وەکـو ژیـانی شێخ ڕەزا ، ژیانێک بێت بتوانێ بە کەیفی خۆی زمانی لەم و لەو ڕابدات و قسەی سەر زمانی نەگێڕێتەوە :-

**بە مارف بەگ بڵێـــــت قەتعی مەعاشی من نەکا چاکە**

**زمـــانی من لە بۆ ئـــــەعدا وەکو مــارێکی ضحـــاکە**

**تۆ هـــــەتە تیغی دەبـــــان و من هەمە تیغی زوبان**

**فەرقی ئـــەم دوو تیغە هەروەک ئـاسمان و ڕێسمان "** [1]

ڕەخنەگرەکە پێیوایە زمـانی شـیعریی سروشـتێکی تـایبەتی وەردەگرێـت ، بەوەی لە یاسا و ڕێساکانی زمان لا دەدات و لە ڕێگەی دەربڕینی باوی زمـان دوور دەکەوێـتەوە ، واتـە نهێنی شیعر لە دەربڕینی ئەو جیهانە دایە کە زمانی ئاسایی ناتوانێـت دەری ببڕێـت ، چـونکە ئەو زمانە سنوودارە ، لە کاتێکدا ئەو جیهانە سنووری نییە و ناشتوانین بە سـنووردارێک بـێ سنوورێک دەبڕین. ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە وریـایی ڕەخنەگرەکـە ئاشـکرا دەکـات، هەربۆیـە پێوەری زمانی شیعری پەیرەو کردووە.

لە گۆڤاری کاروان ، ژمارە (٢٠) ساڵی ١٩٨٤ بابەتێک بە ناونیشانی( سـەلیقەی شـیعریی لە (چەپکێ گوڵ و خونچە) ی عەلی عارف ئاغا لە لایەن ( محەمەد عەزیـز مەلا ڕەحـیم ) بـڵاو کـراوەتەوە، لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی نـاوەرۆکی نـوێی شـیعری و دارشـتنی وشـەی ناسـکی شیعریەوە، دەتوانین بڵێین عـەلی عـارف ئاغـا شـاعیرێکی پێگەیشـتووی ئـەم کۆمەڵگەیـەی ئێسـتامانە ، توانیـوێتی وەك پزیشـکێکی دەروونـی بخـەملێ لەگـەڵ ئـازار و ژانـی کۆمەڵـدا ، بۆنموونە کە عەلی عارف ئاغا دەڵێت:

**پیاوی خائن ، ووڵات فـــــــرۆش بۆ زێڕ و زیو**

**لە تەویلەی پیسی مـــــــێژوو ئەتلێنـــــەوە**

**نــاویش مەگەر بۆ هەمـــــوو کەس باقی نابێ**

**بەد خوو ناکەس بازینـــدوش بن ئەتوێتەوە** [2]

---

[1] عبد الرزاق بیمار ، شێخ ڕەزای کۆمیدی و سالووک گ ، کاروان ، ژ ٨ ، طبع دار افاق عربیة – بغداد ، ١٩٨٣ ، ل ٢٢ ، ٢٣

[2] محمەد عەزیز مەلا ڕەحیم ، سەلیقەی شیعری لە ( چەپکێ گـوڵ و خـونچە) ی عەلی عـارف ئاغـادا ، گ ، کاروان ، ژمارە ، (٢٠) ، طبع دار افاق عربیة ، بغداد ، ١٩٨٤ ، ل٣٠.

ڕەخنەگرەکە پێیوایە دەقنووس توانیویەتی بە سەربەستی هەست و نەستی دەربڕێت ،بە زمانێکی فۆتۆگرافی دروست لە کەلێنێکی ڕاستگۆیانە نەخشە دەکێشێت بۆ قووڵ بوونەوەی هیواو شۆڕبوونەوەی مرۆڤ بە ناخی ژیاندا ، واتە ئەوەش لە بیرێکی ڕیالیستەوە هەنگاو دەنێت بەرەو دنیای پێشکەوتن . ئاشکرایە شیعر زمانێکی جیاوازی هەیە ، چونکە زمانی فۆتۆگرافی لە شیعریدا بەو مانایە دیت کە پشت بەکورتبڕی دەبەستێت دوور لە واتای ساکار، ئەمەش بەشێکە لە جوانی و ئەفراندن، بەرامبەر بەو ڕۆژگارەی کە گوزرەی تێدا کردووە. هەر بۆ ئەم مەبەستە محەمەد عەزیزمەلا رەحیم بۆ هەڵسەنگاندنی دەق لە سۆنگەی پێوەری زمانییەوە لە دەقەکەی ڕوانیوە .

" نوسین لە بارەی شیعر وەك شیعر نووسین خۆی وایە، وەك چۆن لە شیعردا بەتەنیا خۆت و خۆت دەمێنیتەوە، خاڵی لەدەنگی ئەوانی دی، بە جۆرێك شاعیر دەبێتە گوێگری خۆی واتا خۆی دەبێتە گوێگرو یەکێکی تر قسەمان بۆ دەکات ئەو یەکە بەدەر لە هەرکۆلاژوو دەنگێکی دیکە، ئەوەیە کە منی (شاعیر) هەر شاعیرێکیش بەدەربێت لە دەنگی ئەو منە شیعرییە، چونکە شیعر وەك جیهانێك بە تەنیا ئەو دە توانێت خاوەنی بێت و تیایدا دامەزرێت" [1].

یاخود دەڵێت:

**پێم مەڵێن ئاغا نەوەک فیزی درۆ پەیدا بکەم**
**بۆ بڵندی ئاسمان هەر گەردن و سەر هەڵبــــڕم**
**پێم مەڵێن بۆ پارە تۆ بەرگی کەرامەت پارەکـە**
**بـــەرگی ئازادی مەحاڵە من لەبەرمـــــا دا دڕم**
**پێم مەڵێن بۆ ماڵی میر ئامادەیە بۆ نــان و خوان**
**ئاووی ڕووی خۆم من بە پەنچەی پیسی زیللەت ناسڕم " [2]**

ڕەخنەگر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی نوێی ی شیعریی و داڕشتنی وشەی ناسکی شیعرییەوە توانیویەتی باری ناکۆکی و جیاوازی چینایەتی بەم جۆرە شێوازە لە هەستیدا بخەملێنێت و تێکەڵ بە ئازار و ژانی کۆمەڵ بێت ،واتە ئەمەش هەوێنی وێنەگرتنێکی زیندوو دەگرێتەوە و بە دەربڕینێکی قووڵ لەدەقەکەدا ئەو گرێ و ئاڵۆزانە دەکاتەوە . ویست خواستەکانی بەڕوونی دەگەیەنێت.

---

[1] ارنست فيشر ، ضرورة الفن ، ت: أسعد حليم ، الهيئة المصرية العامة للتأليف ، القاهرة ، ١٩٧١ ، ص ٩٠٨.
[2] محەمەد عەزیز مەلا ڕەحیم ، سەلیقەی شیعری لە ( چەپکێ گوڵ و خونچە) ی عەلی عارف ئاغادا، ل٣١.

له گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق ، ساڵی ١٩٨٤ بابەتێك بە ناونیشانی( مەعسووم ، یا عاسی ) لە ناو شاعیرە كلاسیكی یەكانماندا) لە لایەن د . عیزالدین مصطفی رسول بڵاوكراوەتەوە و دەڵێت :- " زمانی شیعرەكانیشی سەر بە زمانی شیعری كلاسیكی ی كوردی یە . بەڵام هەندێك جار بە لای كوردی یە ساكارەكەدا هاتوە .بۆنموونە كە عاسی دەڵێت:-

**مەكە مەنعم كە گەردن كە چ ئەوەستم**

**لە شۆڕشدا سەرم سەرسەنگە ئەمشەو**

یا لە باسی ڕۆژدا دەڵێت :-

**تەماشا كە فـــــەلەك خانەی بـــڕووخێ**

**لەگەڵ من چەن بە بوغـــز و قینە ئەمڕۆ** [1]

بـەبۆچوونی ڕەخنەگرەكـە شـاعیر لە نێـوان شـەو ڕۆژ دا پێوەنـدی دەخولقێنێـت ، ڕەگەزی جوانی واتای شیعرەكە تێكەڵ بە یەكتر دەكات ، ( جوانی ) فۆڕمە ، واتا ( شێوەیە ) ئەمەش بەشێكە لە خوڵقاندنی هونەری شیعریی .

كەواتە شاعیر تیژی بیر ، وردی مانا ، جوانی وشە دەردەبڕێت لە ڕێگەی هونەری زمانەوە بەهای شیعرەكانی دەردەخات ، بۆیە دكتۆر عیزە الدین مستەفا رەسول بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەكە پێوەری زمانی بەكارهێناوە.

لە گۆڤـاری كـۆڕی زانیـاری عێـراق ، بەرگـی سـیازدەهەم سـاڵی ١٩٨٥ بابەتێـك بە ناونیشـانی (زمـانی نـالی ) لە لایەن ( دكتـۆر امین علی موتـابچی ) بـڵاو كـراوەتەوە تێیـدا دەڵێت:-(ئەوەی من مەبەستمە زمانی ئەدەبی یە، بەواتای شیعر ، بۆ وێنە ئەم بەیتەی نـالی ،كە دەڵێت :

**" بۆچـــــــــــی نەگریم ، سەد كەرەتم دڵ دەشكێنی**
**بـــــۆ مەی نــــەڕژێ ، شیشە لە سەد لاوە شكـــاوە**
**كە خاكی ، خاكی دامەن بە ، وە گەرنە ، تۆزی بەربادی**
**كە ئاوی ، ئـاوی گەوهەر بە، وە گەرنە، بڵقی سەر ئاوی**
**گـــــــــــــلە ناكەم ئەوەندەی دەنكە جۆ بی**
**ئەگەر كەللــــــــــــــــەی سەریشم پڕ لەكا كەی**
**گوتت نالی ئەتۆ بــــــــــــــمرە ئەمن دێـــم**
**خودا كەی بێ ، خودا كەی بێ ، خــــــودا كەی "** [1]

---

[1] دكتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ مەعسووم یا عاسی گۆڤاری كۆڕی زانیـاری عێـراق – بەرگـی یـازدەهەم – چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا – ١٩٨٤ – ل١٧٢ ، ١٧٣.

له بۆچوونی ڕەخنەگرەکەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت ،کە کاریگەری شێوەی زمان له ڕووی وشەو واتاوە لە هونەری دارشتندا ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە ،چونکە زمان بە مانا جەوهەرییەکەی شیعرە ، هونەری داڕشتن پێوەندی بە ئاگایی مەعریفییەوە هەیە ، چونکە وشە ئاستەکانی قوڵی مانا لە داڕشتندا ڕێکدەخات ، ئەم چەمکە زمانەوانیە مەعریفیە ئاوێتە بووە ، لە ڕوانگەی دەقەکەوە پێوەری زمانی بۆ دەقەکەی بۆ هەڵسەگاندنی دەق بەکارهیناوە، هەر بۆیە دەرگای شیعر نووسینی بە ڕووی شاعیرەکانی هاوچەرخی دوای خۆیدا والا کردوە بۆیە وابەستەی زمانێکی ستانداری پڕماناو شیعریەت بووە کە نەمری و بێهاوتایی بەرقەراردەکات، بۆیە لەم سۆنگەوە دەڕوانێیە پەیامی شیعریی کە پەیامێکی زمانی یە .

لە گۆڤاری بەیان ، ژمارە (١٤٤ ) حوزەیرانی ، ١٩٨٨ ، بابەتێک بە ناونیشانی ( هەندێ لایەنی رۆمانتیکی لە شیعرەکانی پیرەمێرد) لە لایەن ( خورشید رەشید ئەحمەد ) بڵاو کراوەتەوە ، دەڵێت :-

" بەو زمانە سادەیەی ناوچەی کوردستان شیعرەکەی دەربڕیوە و روخسار و ناوەڕۆکێکی سادەی پێ بەخشیوە و لەمە دا وەک شاعیرێکی میللی خۆی پیشان داوە بە تەواوی چووەتە ناو هەست و هۆشی میللەتەوە تینوێتی لە ڕێگەی دووری بەم شیعرە سادە و ڕەوانە شکاندوە :-

**ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بە شەو**
**وەک من بە داخەوەن ، نەسرەوتیان هەیە و نە خەو**
**دوێ شەو بەری بەیان بوو ئەگریان بەسەرمنا**
**منیان کەساس ئەبینی لە ناو دۆست و دوژمنا**
**دڵسۆزی وام نەدیبو ، کە بۆم بگری وەک خەشیم**
**فرمێسکەکەی ئەوان بوو بە ئاونگی تێگەییم " (٢)**

تێڕوانینی ڕەخنەگرەکە ئەوە دەردەخات کە ئەم جۆرە بابەتە شیعریانە لەسەر شێوەی دراماتیکی یەکێکە لە تایبەتیەکانی ڕێبازی ئەدەبی رۆمانیسزم ، کە دیاردەی ژیان بە

(١) دکتۆر امین علی موتابچی زمانی نالی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (( دەستەی کورد )) ، بەرگی سیازدەهەم – چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق بەغدا – ١٩٨٥ ، ل٧٥.

(٢) خورشید رەشید ئەحمەد ، هەندێ لایەنی ڕۆمانتیکی لە شیعرەکانی پیرەمێرد ، گ بەیان ، ژ ، ١٤٤ ، دار الحریە للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٨ ، ل٣٤ ، ٣٥

شێوازێکی جوان دەخاتە ڕوو ، هەربۆیە زمانی شیعر و وشەکان ڕێک دەخات و پر واتایان دەکات ، بەمەش توانیویەتی خەیاڵ ، یان مێشکی خوێنەر بجوڵێنێت . لەم سۆنگەیەوە پێوەری زمانی پەیرەوکردووە.

لە گۆڤاری بەیان ، ژمارە ( ١٤٤ ) ، ساڵی ١٩٨٨ بابەتێک بە ناونیشانی ( پێنج پارچەی شیعریی بڵاو نەکراوەی ( صابری ) لە لایەن( محمود ئەحمەد محمەد) بڵاو کراوەتەوە .

دەڵێت :- " تا بڵێیت نازک خەیاڵ و بیر تیژ و هونەرمەندە وشەی ناسک و ڕەوان و مەعنای ورد و قوڵ و پڕ سۆز و ئەندێشە لە شیعرەکانیدا ڕەچاو دەکرێ :-

**چینی زوڵـــــــــــفت ئایەتی ( واللیل ) پێم خواند ئیبتیدا**

**شەعشەعەی ڕوخســـــــــــــارت ، ئەمجا پێ ی نیشـــاندام**

**( والضحی ) طاقی ئەبرۆت ئایەتی ( نـــــــون ) ی ئەگەر پێم کرد ڕەوان**

**چاوی بیمارت بە سورەی (صاد) کـــــــــــــــــردم شارەزا"** [١]

ڕەخنەگرەکە ئەوە دەردەخات کە دەقنووس بە توانایەکی بەرز و وێنە و واتا و زمانی شیعری ئاوێتەی یەکتر کردون ، ئەم داهێنانە لەگەڵ گیان و هەست و خەیاڵدا دەدوێت ، جگە لەمەش زمانی شیعری جۆری شێوازی دەستنیشان دەکات ، کەدەشێت توانستی خۆی بخاتە گەڕ بۆ داهێنانی شیعریی .

بۆیە ئەم ئاوێتە کردنە بووتەهۆی کە لەمیانەی خستنەڕووی ئەرکی زمان لە چوارچێوەی بەرجەستەکردن و وێناکردنی وشە لەبازانەی ڕەوانبێژی و هاوتاکردنی وشە بە سیمای خەیاڵێکی لەڕادە بەدەر ، کە هەستی جوانی شیعر و توانای شاعیرێتی دەردەخات. لەم سۆنگەیەوە ڕەخنەگر پێوەری زمانی بەرجەستە کردوە

لە گۆڤاری سروە ، ژمارە ٤٩ ساڵی ١٣٦٩ بەرانبەر ١٩٩٠ ز بابەتێک بە ناونیشانی( ڕەخنە لەسەر شیعریی خاک ) لە لایەن ( ساڵح سووزەنی ) سەبارەت بە دەقێکی محەمەد حەمە باقی بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت :- " زمانی شیعرەکە جوانە ، هەڵبەت کێش سەری وشەی خواردووە :-

**وردە وردە دیـــــــار نــــــــامێنن**

**نەک کەویشیان دەدا باڵندە خەو "** [١]

---

[١] مەحمود ئەحمەد محەمەد ، پێنج پارچەی شیعری بڵاو نەکراوەی ( صابری )، گ بەیان ، ژ ١٤٤ ، دار الحریە للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٨ ، ل٢٧ ، ٢٨

ڕەخنەگرەکە پێیوایە ،کە دەبوایە شاعیر وشەی (دیار نامێنن ) لەبری وشەی ( نەدیو دەبوون) ی بەکاربهێنایە ، هەروەها وشەی ( نەکەو )لەبری وشەی ( نەک ئەو) ی وشەی ( لە باڵندەی خەو بوایە ) بەکار بهێنیت .

کەواتە لەگەڵ بۆچوونی ڕەخنەگرکەداین چونکە ئەوەی لەدەقەکەدا ئەنجامدراوە هۆی لەبەرچاونەگرتنی دووپاتکردنەوە لە چەند جێ دا زمانی شیعریی لە دەست داوە. ئەم تێڕوانینەش دروستەو تەواو زانستیە لە میکانیزمی ڕەخنەییدا. بۆیە (ساڵح سوزەنی ) پێوەری زمانی بەکارهێناوە.

لە گۆڤاری سروە ، ژمارە ، ٥٣ ، ساڵی ١٣٦٩ ، بەرانبەر بە ١٩٩٠ ز بابەتێک بە ناونیشانی(شاعیرانی لاو لە هەڵسەنگاندنی ئەدەبی دا ) لە لایەن ( ساڵح سووزەنی )سەبارەت بەدەقێکی بڵاوکراوەی (بەرۆژئاکرەیی) ، دەڵێت :-

( زمان لە شیعر دا ئەوەندە گرینگە کە بە تەنیا بەشێکی گەورەی جوانی و چێژی هونەری شیعر دەگرێتە ئەستۆ ، زمان مانای وشەکان بەرینتر دەکا :-

**جا بۆت بڵێم لە شەوانم**

**ئەو شەوانەی کە دێوی خەم**

**پێ دەنێتە سەر شەقامی ناو چاوانم " [٢]**

واتا (ساڵح سوزەنی) مەبەستێتی ئەوە بخاتە ڕوو کە شاعیر دەبێت بە کەمترین وشە شیعرەکە تەواو بکات ، بە جۆرێک هیچ کەسێک نەتوانێت تەنیا وشەیەک لە شیعرەکە دەربێنێت،ئەمەش خاڵیکی لاوازە لەلایەن شاعیرەوە پەیڕەو کراوە بۆیە ( بەرۆژ ئاکرەیی ) خاڵی دوپاتکردنەوەی لە شیعردا زۆر کەم لەبەرچاو گرتووە، بۆیە دێری یەکەمی شیعرەکە زیادەیە ، شاعیر نەشینوسیایە هیچ لەمانای شیعرەکە کەم نەدەبۆوە، ڕەنگە جوانتر بێت، هەر بۆیە وەك ڕەخنەگرێك ڕوانینی بۆ هەڵسەنگاندنی دەق پێوەری زمانی شیعرییە.

لە گۆڤاری سروە ، ژ ، ٥٥ ، ساڵی ١٣٦٩ بەرانبەر ١٩٩٠ زایینی بابەتێک بە ناونیشانی (چاوخشاندنێک بەسەر شیعری ( شاری سوارە ) لە لایەن ( باوکی تارا ) سەبارەت بە

---

[١] محەمەد ساڵح سووزە ، ڕەخنە لەسەر شیعری خاک گ . سروە . ژ ، ٤٩ ، ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی – ارومییە ، ١٣٦٩، بەرانبەر ١٩٩٠ ز ، ل١٩ .

[٢] ساڵح سووزەنی شاعیرانی لاو لە هەڵسەنگاندنی ئەدەبی دا گ ، سروە ، ژمارە ، ٥٣ ، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی اورمییە ، ١٣٦٩ ، بەرانبەر ١٩٩٠ ز ، ل٢٠ .

[٢] باوکی تارا ،چاو خشاندنێک بەسەر شیعری (شار)ی سوارە گ ، سروە ، ژ٥٥ ، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی اورومیە ، ١٣٦٩ ، بەرانبەر ١٩٩٠ ز ، ل١٩.

دەقێکی (سوارەی ئێلخانی) بڵاو کراوەتەوە ، دەڵێت :- ( لە بارەی زمـان و ڕواڵەت و رەسـەن بـوونی وشـەکانیەوە بـێ کەم و کـووڕی نـیە ، بـۆ نمـوونە ئەگەر سـەیرێکی ئەم بەشـەی هۆنراوەکە بە ووردی بکەین ، دەبینین کە دەلەنگێ و بە تەواوی مانـا نابەخشـێ و وشـەیەک کە هەڵبژاردراوە لاواز و بێ دەسەڵاتە لە گەیاندنی مانادا:-

وەک دەڵێت :- **بـــــە هەر نیگـــــــایەک و پەتا یەکا**

**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت ، گوڵم "** [1]

بۆنموونە سوارە دەڵێت :-

**"ئاخۆ کـــــەی بێ سۆزی دەرون بە خاتری پاروویە نان**

**نـــەسوتێت و بـــۆکڕوزی نەگـــرێت ئاسمـــان "** [2]

تێڕوانین ڕەخنەگرەکە دەریـدەخات کـە شـیعر بریتییـە لـە: گونجانـدنو هاوسـەنگییەکی لەنێوان وشـەو مانـادا ، کـە لـە ئـەنجامی هۆکـاری مەعریفییـەوە بەدەسـت دێـتو لـەبارێکی هەسـتیدا دەردەکـەوێت، وەسـتانو هەسـتی مـرۆڤ بەرامبـەر ئـەو هەماهەنگیـە بڕیـاری جوانناسی لێدەکەوێتەوەلەڕووی زمانەوە هـەر ئـەو بڕیاردانەشـە کـە پرنسـیپی چارەسـەرە لەڕووی تەرتیبی زمانەوانییەوە ،بەم شێوەیـە شـیعر دەبێتـە پانتاییـەکی گـەورەی خـەیاڵ و ئاوێتە بەسۆز و هەست دەبێت زمانیش دەبێتە کەرەسەی دربڕینەکە.

کەواتـە لەشـیکردنەوەی دەقەکـەدا پێـوەری زمـانی بەکارهـاتووە بە خسـتنە ڕووی کەم و کوڕی لە بارەی زمانی شیعر و بەکارهێنانی وشە و مانا کە وەکو پێویست مانا نابەخشێت بە دەقە شیعرییەکە ، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو وشانەی بەکاری هێنـاوە لاوازن لە گەیانـدنی مانـا دا ، لەگەڵ ئەوەشەدا شیعرەکەی لەنگ کردوە.

## ١-بەرجەستەکردنی وشە و زمانی شیعر:

زمان کەرەسـتەیەکی گرنگـی دەربـڕین و پێکهاتـەی هونەرییـەو و ئـەم گرنگیـەش لـە تایبەتمەنـدی زمانـــەوە دێـــت ، وەك ئـــەوەی زمـــان کەرەســـتەیەکی بنـــەرەتی دەق پێـــك دەهێنێـت" ئـەو زمـان دەچێتـە نـاو پێکهاتـەی دەقـەوە دەگۆڕێـت و دەبێـت بـە زمـانێکی جیاوازترلە زمانی ئاسایی.

[1]باوکی تارا ،چاو خشاندنێک بەسەر شیعری (شار)ی سوارە گ ، سروە ، ژ٥٥ ، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی اورومیە ، ١٣٦٩ ، بەرانبەر ١٩٩٠ ز ، ل١٩.

[2]هەرئەو سەرچاوەیە ، ل٥٢.

له گۆڤـاری کـاروان ، ژمـاره ( ٦٢ ) سـاڵی ١٩٨٨ ، بابەتێـک بە ناونیشـانی ( زڕه خەو له تەمومژ له دەوری مەحوی تۆقەڵەوه) له لایەن ( مسعود محەمەد) بڵاوکراوەتەوه ، کەلەباسی زمـانی شـیعری مـەحوی دا ، دەڵێـت :- " له هەڵنـانی بەیتەکـانی ئەو مـامەڵه لەگەڵ وشـه دا دەکات که وەستای بەننا دێت بۆ دۆزینەوەی جێگەی لەبار به دوا بەردی له بـاردا دەگەڕێـت ، گەلێـک له بەیتەکـانی ئەوەنـده سـفته دەڵێـی وشـەکانی له پـاڵ یەکتـر هەڵناوەشـێن لەو وەستاییەشدا ناو ناوه دەگاته تۆقەڵانی ئەو تۆ هەر دارەوان و شاخەوانی مەعلان دەیگاتێ:

**ببینێ یـــــــــا نەبینێ من داد و بیدادێ دەکەم**

**گوێ بداتێ یـــــــا نـــەداتێ ئاهو فەریادی دەکەم**

**بێستوونی عیشــــــــقی شیرینێک ئەوا هاتۆته پێش**

**گەر له حەق بێم و نـــــەیەم تەقلیدی فەرهادێ دەکەم**

**زمـــــــانت که ببڕی قـســـــەت دێ بـــــــەکـار**

**قـــەڵەم دا دەدەم پەنـــــــدی خــــودا دەدەم )** [1]

لەلای مەسعود محەمەد دەردەکەوێت که وشـەو دەربڕینەکـان جگه له واتـا دروسـتەکەی ، هونەری ڕەوانبێژی دێنێته کایەوه دەبێته ستوونی سەرەکی شیعریی هونەری ، جگه لەوەش زمانی شیعر وشەکان ڕێکدەخات و پڕ واتایان دەکات ، ئەمەش ئەو راستییه دەردەخـات کـه ئەو واتـایەی که له ئەنجـامی بەکارهێنـانی زمـانەوه هەڵـدەقوڵێت ،ئـەو وشـانەی کـه شـاعیر بـەکاریهێناوون ئـاوازێکی سـەرنج راکیشـیان هەیـه ، بەمانایـەکی تـر وشـه کەرەسـتەیەکی سەرەکی پێکهاتەی هەموو دقێکه ، لەگەڵ ئەوەشدا وشه هەڵگری بیره، بۆئـەم مەبەسـتەش پێوەری زمانی ڕەچاو کراوه .

یان دەڵێت :- " وەک دیاره مەحوی و نالی و نـاو نـاوه به زاری دەرەوەی بابـان دواون ئیتـر له وشەیەک له تەعبیرێک بێت، مەبەستیان پێ دەربڕیوه نالی دەڵێت :-

**وای فەرموو که ماچت نەدەمێ ڕوو ڕەشی ( تۆ ) بم**

**ئەمســــــــاڵــــه بەجێ دێ ئەسەری وەعدەی پاری**

مەحوی دەڵێ :-

**ئەم عالەمه کـــه فیتنه خێرای جلیوەی ئەو مەهەن**

**دەمرن بەو ئینتظاره هەموو لا ( بلا خصوص ) )** [1]

---

[1] مسـعود مـحەمەد ، زڕەخەو له تەمـومژ له دەوری مەحـوی تـۆقەڵەوه ، گ ، کـاروان ، ژ ٦٣ ، چاپخـانەی دار الحرية للطباعة ، بغداد ١٩٨٨ ، ل٤١ ، ٤٢ .

واتا بنیاتی زمانی شیعری، بەشارەزاییەوە مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکانی زماندا دەکات ، وشەی شیعریی کەرەسەیەکی هەرە گرنگ و سەرەکی ڕوخساری شیعرە ، ئەمەش بنیاتی هونەری زمانی شیعریی یە .

لە گۆڤاری کاروان ژمارە ٦٥ ساڵی ١٩٨٨ بابەتێک بە ناونیشانی ( وشەی شیعریی لە لای مەحوی) لە لایەن ( کەریم مستەفا شارەزا ) بڵاوکراوەتەوە دەڵێت:- (لێرە دەتوانین دەوری وشە لە داڕشتنی شیعردا بە دەوری ئەو ڕەنگە جۆراو جۆرەی بەر دەستی وێنە کێشێکی هونەرمەند بچوێنین کە بە توانا و بەهرەی هونەری خۆیەوە ، بتوانێ بیر و هەست و سۆز و ئەندێشەی لە بارەی بابەتێکی دیاری کراوەوە لە تابلۆیەکی هونەری دابکێشێ و ڕەنگ و ڕوخسارێکی شیاوو گونجاو بە ئەدگار و دیمەنەکەی بدات تاوەکو تابلۆیەکی جوان بخولقێنێ و سەرنجی بینەرانی پێ ڕابکێشێ :-

**ئەرێ دڵ بێ شەرابی لەعلی گوڵ رەنگت لـــــە گوڵ چ بکا ؟**

**کە جیلوەی گوڵ لە گوڵشەن دا نەبێ ، بولبول لە چڵ چ بکا)[٢]**

ڕەخنەگرەکە بەووردی ئەوە ئاشکرا دەکات کە لەم دەقەدا کۆمەڵە وشەیەکی شیعری جوانی وەکو ( دڵ ،شەراب ،گوڵ ،گوڵشەن ،لەعلی،گوڵ ڕەنگ، جلیوە، بولبول ، چڵ)پێکهاتووە و، هەموویان کەرەسەی روخساری جوانن بەشدارییان لە پێکهاتەی شیعریدا کردوە .کەواتە کەریم مستەفا شارەزا پێوەری زمانی بەکارهێناوە بەو مەبەستەی کە لە دەقەکەدا وشەی جوان و ناسک شیعری بەهێز و پتەوی داڕێژراوە . ئەوشێوازەش پێکهاتەیەکی زمانی ئیلهام بەخشەولەگەڵ پانتایی دەقەکەدا لەواتا و دەلالەت یەکانگیر دەبێتەوە.

یاخود دەڵێت:-"توێژینەوەکە لە ناوەڕۆکی شیعر بەندە بە توێژینەوەکە لە ڕووی دووەمی شێوەی دەربڕینی شاعیر ، ئەویش روخسارە ، ئەمەش لایەنی هونەری و وێنەی شیعری ، زمان و وشەکان دەگرێتەوە :-

**کە هەڵ گیرسا لە نـــــووری بادە شەمعی حوسنی جانانە**

**نـــەچێتە سەر تەریقەی حەزرەتی پەروانـــــە چ بکا )[٣]**

---

[١]مسعود محەمەد ، زڕەخەو لە تەمومژ لە دەوری مەحوی تۆقەڵەوە ، ل٤١ ، ٤٢.

[٢] کەریم مستەفا شارەزا ، ( وشەی شیعری لە لای مەحوی) ، گ . کاروان ، ژ ، ٦٥ ، چاپغانەی دار الحریە للطباعة بغداد ، ١٩٨٨ ، ل ١٩ ،٢٠ .

[٣] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٠ ، ل٢١.

کەواتــە کرۆکــی پێکهاتــەو بنیــاتی زمــان لــە کۆمــەڵێك وشــەی مۆســیقی بــەمانای جــوان دروستبووه، وەکو :(هەڵگیرسا ، نــوور ، بــادە ، شــەمع ، حوســن ، جانــانە ، تەریــقە ، حەزرەت ، پەروانە ، دڵ ) ئەمانەش کەرەسەی جوان و سروشتی بەخشن بنیاتی شیعرە .
یاخود دەڵێت :-

**خەندەی لەب و عەبیری خەتی تۆ بوو وەک مناڵ**

**تۆوی تکـــــا کە خونچە ، وەنەوشە مل شکا !! [1]**

لە ڕووی بەرجەستەکردنی زمـانی شـیعرییەوە هەنـدێ گوزارشـتی جـوانی وەکـو ( خەنـدە ، لەب = لێو ، عەبیری خەت ، خونچە ، وەنەوشە ) کەرەسەی جوانی داڕشتنی شیعرەکەن .
یا خود دەڵێت :-

**خەرامی ناز ئەگەر هێنایە لەنجە ســـــەروی مەوزوونت**

**وەکو لەیلا ، لەسەر ڕێی پرسشێ کە حاڵی مەجنونت [2]**

ئەو وشانەی کە ئاوازی زمانەوانی وشیعرییان هەیە وەکو ( خەرامـی نـاز ، لەنـجە ، سـەروی مەوزوونت ، لەیلا ، مەجنوون ) بنیـاتی شـیعرەکە دادەڕێژێـت و جـوانترین واتاشـی بە بەردا دەکات .
یاخود دەڵێت :-

**دەترسم گەردی خوێنی من لەشـــــیشـــــەی گـــــەردنت نیشێ ،**

**وە گەر نا ، غەم نی یە بمرم ، لە حەسرەت لێوی مەیگوونت !! [3]**

کەواتا بۆچوونی ڕەخنەگرەکە ئەوە ئاشکرا دەکات کە لەم دەقەشیعریەدا بەهەمان رەوتی شیعری وشـە و دەربڕینـی وەکـو ( گەردی خـوێن ) و (شیشـە گەردنـت لیمـۆی مەیگـوون) ، وشەی جوانن و ،( غەم)،(حەسرەت) یش هەرچەندە خۆشی نـا بەخشـن ، بەڵام بـۆ ڕاگرتنـی بەرانبەر بە خۆشـی و شـادی ئەوانـیش وەک وشـەی جـوان و خـۆش لە بنیـاتی شـیعرەکە دا خۆیان دەنوێنن،هەربۆیە وشە لە داڕشـتنی بنیـاتی شـیعردا کـاریگەری سـەرەکی هەیە ، بـەو مانایەی کە پێکهاتەی شیعر لەچوارچێوەی داڕشتنی زمانییەوە مۆسیقای ناوەوە و تەکنیکـی داڕشتن و سـەرواش دەگرێتەوە ، نـاوەڕۆکیش ، هەسـت و سـۆز و بیـر و ئەندێشـە و مانـای

---

کەریم مستەفا شارەزا ، ( وشەی شیعری لە لای مەحوی) ، گ . کاروان ، ژ ، ٦٥ ، چاپخانەی دار الحریە للطباعـة بغداد ، ١٩٨٨ ، ل٢١.

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢١

[3]هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢١.

تێکڕای شیعرەکە دەگرێتەوە،هەر بۆئەم مەبەستەش پێـوەری زمـانی بـەکارهێناوە. ئەمـەش ڕادەی بیری ڕەخنەگرەکە ئاشکرا دەکات بەرامبە ر بەکارهێنانی زمانی شیعری لەدەقدا.

## ٢-دووبارەکردنەوەی وشەو کایەکانی رەوانبێژی :

دوبارە کردنەوەی وشە لە شیعردا .. هەر لە کۆنەوە ، وەکو دیاردەیەکی هونەری شیعر ، لە ئەدەبی کلاسیکدا لە قەسیدە و چوارین و پێنج خشتەکی ، بە وردی بەدی دەکـرێ . هەروا لە شیعری هاوچەرخیشدا ، خەریکە بەرە بەرە ئەخرێتە نێو گیـان و جەسـتەی قەسـیدەی تـازە بەخشەوە.

لە گۆڤاری کاروان ، ژمارە ( ٦٥ ) ، ساڵی ١٩٨٨ بابەتێـک بە ناونیشـانی( وشـەی شـیعری لە لای مەحـوی ) لە لایەن ( کەریـم مسـتەفا شـارەزا ) بـڵاو کـراوەتەوە ، کـە تێیـدا دەڵێـت :- (بەکارهێنانی وشەی دووبارە کـراوە لە پێنـاوی ڕەوانبێـژی دا ، گەلێ جـار مەحـوی شـاعیری هونەرمەند وشەی شیعریی لە پێنـاوی پێکەوەنـانی هـونەری جوانکـاری ڕەوانبێـژی دووبـارە کردۆتەوە بەم کارەیشـی هەنـدێ هـونەری جوانکـاری وەک رەگەزدۆزی پێکەوەنـاوە و جـۆرە هێـز و جــوانییەکی داوە بە شــیعرەکانی ، چــونکە مــامەڵە کردنــی لەگەڵ هونەرەکــانی جوانکارییدا تایبەتمەندی یەکی دیاری شیعری کلاسیکی کوردی بـووە و پێـوەری سـەرکەوتن بووە لە کرداری شیعر ووتن دا :-

**عەنبەری سارای ووتم : زوڵـفی ، ( نەبات ) ی میصری لێو**
**زوڵفـــی ئاڵۆزا ، ووتی : لێـــوی کە ناوی من ( نەبات )**[1]

ڕەخنەگرەکە پێیوایـە لەم دێـڕە شـیعرە دا دوو جـار وشـەی ( نەبـات ) ی تێـدا بەکارهێنـاوە ، یەکەمیان:بە مانای جۆرە شەکرێکی شـیرینە ، دووەمیـان بە مانـای( نەهێنـان ) دێ ، ئەم دوو جۆرە بەکارهێنانەی مامەڵە کردنە لەگەڵ هونەرەکانی جوانکـاری رەوانبێژیـدا بـۆیە هـونەری ڕەگەز دۆزی تەواو بەکارهاتووە ، کەواتا دەردەکەوێت هونەری ڕەوانبێژی لە هونەری شیعردا گرنگـی بە قـووڵیی واتـا و ڕێکخسـتنی وشـەکان داوە ، بـۆ ئەم مەبەسـتەش ڕەخنـەگرە بـۆ هەڵسەنگاندنی دەق پێوەری زمانی پەیرەو کردووە .

**چاری قـــــەدەر بزانە نی یە ، چەندەی چاری وا**
**بێ چارە مابوو بە دو پەنجەی قەزا دوچار "** [2]

---

[1] کەریم مستەفا شارەزا ، ( وشەی شیعری لە لای مەحوی)، ل ٢٣.
[2] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٢٣.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لەم دێڕە شیعرە دا لە نێوانی وشەی ( چار) ی یەکەم و ( چار ) دووەم دا رەگەزدۆزی تەواو هەیە و ، لە نێوانی ( چار) و ( ناچار ) یـن ڕەگەزدۆزی نـاتەواو هەیە ، ئەم جۆرە رەگەزدۆزیە هێز و جوانی یەکـی داوە بە دەقـە شـیعریەکە لەهـەمان کاتـدا بەهێزیشی کردوە .

**هەموو عـــــــالەمەمتە پابەند و لە دامان**

**کــــە چی دەستی کەست ناگاتە دامان** [١]

لە نێوان هەردوو وشەی ( دامان ) دا رەگەز دۆزیی تەواو هەیە .

**لە سەیری عەشقی ئەو خەستەیە ، ئەوی سەوزەی کەوا شینە**

**لەسەر هەرخەســــــتە دێ یا خۆلیندنی یا سینە یا شینە !!"** [٢]

دەبینین شاعیر دووجار وشەی ( شین ) ی بەکار هێناوە لە نێـوان هەردووکیانـدا رەگەزدۆزی یەکی تەواو هەیە .

**وتم : بۆ ڕووت و قــــــووتن ئەو کەسانەی عاشیقی ڕووتن**

**وتی : شـــان و شـــــکۆهی زیندە دڵ هەر ژەندە پۆشینە** [٣]

لەم دێرە شیعرەدا دوو جار وشـەی ( ڕووت ) ی بەکارهێنـاوە لە نێـوان هەردووکیانـدا رەگەز دۆزیی تەواو هەیە ،

**پرسشی کا حاڵی ( زار ) ی ئـــــێمە ، ( زار ) ی کردەوە**

**لەو ددانانە کە دەدرەوشایەوە نەجـــمــی فوتووح )**[٤]

لێرەشدا دووجار وشـەی ( زار ) ی بەکارهێنـاوە ، لە نێـوانی هەردوو ( زار ) دا رەگەز دۆزی تەواوی پێکەوەناوە . کەواتا وشە و مانا دوو دیوی شاعیرن هیچ کامێکیان بە تەنیا ناتوانێت کەواتا تێڕوانینی ڕەخنەگرەکە لـە ڕووی ڕەوانبێژیـەوە بـۆ هونـەری شـیعر ئیلهـام بەخشـەو دەقنـووس توانـوێیتی لـە ڕووی رەوانبێژیــەوە بەدروسـتی پێکهاتـەی دەق بنیـات بنێـت، جگەلەوەش لەڕیگەی هونەری ڕەوانبێژیەوە دەتوانین بگەینە مانـای دەق، بـۆیە گونجانـدنی وشە و ماناکان بە پێی پێوەندیەکی ڕەوانبێژی دەبنە مـایەی ڕەسـەنایەتی داهێنـان ، ئەمەش لایەنی هونەری زمان و وشەکان دەگرێتەوە .

---

[١] کەریم مستەفا شارەزا ، ( وشەی شیعری لە لای مەحوی)، ل٢٣

[٢] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢٣

[٣] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢٣

[٤] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢٣

له کتێبی (چەند سەرەنجێک له پیرەمێردی شاعیر ) ساڵی ١٩٧١ ، (فەرەیدوون عەلی ئەمین ) دەڵێت :- " نابێت له بیر بچێت که پیرەمێرد ئەو ووشانه به شێوه له یەک نزیک و به مانا دوورانەی هەر له زمانی کوردیدا دۆزیوەتەوه ، که ئەمه شارەزایی له زمانەکه دا دەردەخات .

**ئـــــــــــــــەم ڕۆژی ساڵی تازەیه نەورۆزه هاتەوه**

**جەژنێکی کـــــــــــــۆنی کورده به خۆشی و به هاتەوه**

**مایەی ژیـــــــــــــــــانی ئێمه کە ، با ، بێ**

**بۆ نەی گۆڕمەوه من به کــــــــــــــــــــــــە با بێ**

**لقی شۆڕی درەخت میوەی ئەخۆن بێ ئەرکی بـــەرد و دار**

**یەڵی بەرد بۆ یەلی بەرزه ، له قەیشه بۆ لقی بـــــــــەردار**

**چرا ڕووناکی بۆ ژێر خۆی نی یه رەحمەت له بابی ، بـــــــا**

**ئەوی ڕووناکی که چ بینایه گۆڕه ڕەنجی با ، بیـــــــــــبا**

**بابه : توخوا با ئەم بەرخـە هی من بـــــــــــــــــــێ**

**وای لێ ئەکەم قۆچ لێ نەدا و هێــــــــــــــــمن بێ "**[1]

هەروەها "دەقی ئەدەبی توخم و پێشهاتەیـەکی ڕووتو ڕەهانییـە دوربێـت لـە ژیـان یان تا ئاستێك بەرزبێت تەنیا ڕووکارێکی جوانی و خودی خۆی هەبێت، بەڵکو پێکهاتەیـەکی داهێنەرانەی زیندووە، لـە ژیـان هـەڵقوڵاوەو بـەردەوامی ژیـان دەبەخشێت تێپـەڕاندنیشـی لەخودی خۆی بەمەبەستی زیاد کردنی بەهای جوانی ژیانە، نەك تەنیا وەسفو ڕەخنە گرتنی، بەڵکو لەپێناو گۆڕانو نوێکردنەوەو چێژ بەخشین بەرەدەوامە)[2]

یـا خـود دەڵێـت :-" که شیعرەکانی ( نـالی ) م ئەخوێنـدوەوه و دوو ووشـەم ئەبینـی که به (شێوه ) له یەک نزیک و به ( مانا ) له یەک دوورن ، با یەکێکیان کـوردی بێـت و ئەوی تریـان کوردیش نەبێت ، هەر بەو ووردەکاری و وەستایم ئەزانی :

**ئەی ســـاکنی ریاضی مەدینەی ( منوره )**

**لوتف بکه بفەرموو مەدینەی منەوەره)**[3]

---

[1] فرەیدون عەلی ئەمین، چەند سەرەنجێك له پیرەمێردی شاعیر،ل٢٥-٢٦.

[2] عیزەدین مستەفا ڕەسول : له دەفتەری لێکۆڵینەوە و ڕەخنە، گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٢٤، تشرینی یەکـەمی ١٩٨٦، ل١٧.

[3] فەرەیدوون عەلی ئەمین، چەند سەرەنجێک له پیرەمێردی شاعیر ، چـاپی یەکەم – چاپخـانەی ئیرشـاد – بەغدا ، ١٩٧١ ، ل٢٥ ،٢٦

( دیسانەوە هەر ( نالی ) ووشەی ( لبیب ) ەی عەرەبی دوو ووشەی (لەبی، بە ، ی) کوردی ئاوها لە دێڕێکا خستۆوتە پاڵ یەک :-

**نالی لـــــــــەبی حەبیبە ئەی طیبە هـــــەم طیبــە**

**خولاسە و " لبیب )) ە ، فەرمانبەری " لەبی ، بە )** [1]

بە بۆچوونی فەرەیدون عەلی ئەمین زمانی شیعریی هەڵگری زیندوێتی و بەستنەوەی مانایە ، هەر وشەیەک هەڵگری مانای خۆیەتی ، کەواتا ئەمەش ڕادەی خستنەڕووی زمانی مانایە لە شیعردا ، چونکە زۆر شارەزایانە وشەکان لە تەک یەک ڕێکخراون ، ئەم ووردە کاریە زمان و ماناکانی شیعر بە جوانی بەسەر دەکاتەوە .

"زمان کەرەسەی ئەدەبە. هەر لە خودی ئەم پێناسەیەوە ئەوە دەکەوێتەوە کە زمان لە پێوەندیدا بە ئەدەبەوە وەک کەرەسەیەکی سەرەتایی وایە، وەک ڕەنگ لە نیگارکێشان، بەرد لە پەیکەرتاشی و دەنگ لە مۆسیقا دا". [2]

هەربۆیە تێڕوانینی ڕەخنەگرەکە ئەوە دەخاتە ڕوو کە پیرەمێرد سەرەنجی ووردی داوەتە وشەی کوردی و زۆر ووردی کردۆتەوە ، زانیوێتی هەر تەنیا ئەو وشەیە بە چەند مانایەک دێت ، بۆیە بایەخدانی بەو وشانەی کە بە شێوەیەک نزیک و بە مانا دوورن ، جیاوازییەکەی هەست پێ بکرێت لە ڕووی زمانەوە ئەم یاریکردنە بە وشە نیشانەی خەیاڵێکی ناسک و لێکدانەوەیەکی ووردە ، هەربۆیە ڕەنگدانەوەی ئەمەش بەشێکە لە هونەری شیعریی لە ڕووی زمانەوە ، زمانەکە توانای مانا دەرخستنی تەواوی هەیە .

ئەگەر پەنا نەبەینە بەر هونەرەکانی زمان و ڕەوانبێژی بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی دەق ئەوا ناتوانین نوێ بوونەوە بە مانای دەق ببەخشین .

لە کتێبی کاروانی شیعری نوێی کوردی ساڵی ١٩٨٠ کاکەی فەلاح سەبارەت بەبەرجەستەکردنی زمانی شیعری لەچەند دەقێکی گۆراندا دەڵێت :-" لە ماوەیەکی کەمدا بە تایبەتی پاش دانانی بە مامۆستای لادێ و ئاوەدانی جەوهەری تیغی زمانەکەی بە بڕشتی بژارکردن و بەخێوکردن و گەشە پێدان بەو خێراییە پێش کەوت و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەو وشە و دەربڕینە بێگانانە لە زمانە شیعرییەکەیدا کەم و کەمتر دەبوونەوە ، تا وای لێ هات ئەو هەموو ئاهەنگ و زەمزەمە و پێزە ، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ، بخاتە بەرهەمەکانییەوە لە

---

[1] فەرەیدوون عەلی ئەمین، چەند سەرەنجێک لە پیرەمێردی شاعیر ، چاپی یەکەم – چاپخانەی ئیرشاد – بەغدا ، ١٩٧١ ، ل٢٨.

[2] هەرێم عوسمان – لیریکی گۆران، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم ، سلێمانی ٢٠١٨ ، ل ١٩٥.

ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی پەتی کوردی و دەربڕینی خۆماڵی و بایەخدانێکی لە شیعردا ئەوە بوو دوای ئەو قۆناغی شیعری مەدەنیەت و لاسایی ئەدەبی تورکیە ، مەگەر لەبەر ناچاری کێش یان پێویستی قافیە یان وشەیەکی فارسی یان عەرەبی بەکارهێنا بێت ، ئەویش لە جێی خۆیدا بووە :

**هەنـــــگە زەرد ئەبرێ رێی دور**

**بۆ بـــــــــینینی گوڵاڵەی سور**

**تانە گــــــــــەڕێ مێرگی بەهار**

**دەم نائێتە نـــاو دەمی یار " [١]**

بە بۆچوونی ڕەخنەگرەکە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی رۆمانسیسزمەکان گەڕانەوە بوو بۆ زمانی گشتی، بۆ نموونە گۆران لە شیعری ( بەستەی دڵدار) دا ئەوبەرجەستەکردنە بەرچاو دەکەوێت کە دەڵێت :-

**" نە لە شـــــــــار و نە لە دێ**

**نــــــە مــــــــــــدی کەس**

**وەک تـــــۆ جــــــــوان بێ !**

**تـــــۆ یـــــت و بـــــــەس " [٢]**

کەواتا زمان لە ئەنجامی ئەوەوە دروست دەبێت ، کە بە شێوازێکی ڕۆمانسیانەو بە میکانیزمی شیعریەت ئەو زمانە بەکاردەهێنێت ، تاوەکو بتوانێت مانایەکی نوێی جیا لە مانا ئاساییەکەی بگەیەنێتە خوێنەرلەو میانەوە پێوەری بەرجەستەکردنی زمانی شیعری پەیڕەوکراوە.

مەحموود زامدار لە کتێبی ( لە بانێژەی شیعرەوە) ساڵی ١٩٨١ ، سەبارەت بە هەندێ دەقی شیعری دەڵێت :-" وشە لە لای شاعیری لێهاتووی شارستانیدا لە زاوزێ دایە و ژنێکی بەسۆز و شفتە ژێیە لە ڕێی وشەوە تەجرەبە و خەون و ژانەکانی خۆی لە مێشکی خەڵکی تردا ئەچێنێ :-

**هەرچەن هەڵبەستێک دەنووسم**

**هـــەر چی وشەی گێتـــی هەیە**

**هــــــــــــــــاوار دەکەن :**

---

[١] کاکەی فەللاح ، کاروانی شیعری نوێی کوردی ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی حسام ، بەغدا ، ١٩٨٠ ل ٤٨ ، ٤٩.

[٢]هەرێم عوسمان – لیریکی گۆران ، ل٤٩.

**ئەی شاعیری وڵاتی گوێز و بەفر**

**بۆ نامـــــــــانکەی بە شیعر " [1]**

تێڕوانینی ڕەخنەگرەکە بەووردی دەردەکەوێت ، کە لە گەشە کردنی زمانیشدا ، وشە زیاتر رۆڵی خۆی دەبینێت ، واتا یـاریکردن بە وشـە شـاعیر خەون و تاقیکردنەوەکانی لـەناو بنیانی شیعر بە خوێنەر ئاشنا دەکات ، بە گۆڕانکاری و نوێکردنەوە و چێژ وەرگرتن لە شیعری کوردیدا کەواتا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زمانی شیعری بە رەگەزێکـی سـەرەکی شـیعر دادەنرێت . واتا زمان کۆڵەکەی پێکهاتەی شـیعرە ، لەو سـۆنگەوە مەحمـوود زامـدار پێـوەری زمانی شیعری پەیڕەو کردووە.

دووبارەکردنـەوە سـیمایەکی تایبەتـە ، کـە هەنـدێکجار شـاعیرانی کـوردی کـۆن و نـوێ لـە شیعرەکانیاندا بەرجەستەیان کردووە ، بۆنمونە وەک شێرکۆ بێکەس دەڵێت:-

**ئەی فریشتەی دەنگی سپی**
**بیڵێ و با ڕوخساری گرەی هاتووم بەسەر**
**ئەم ژیلەمۆی سەفەرەدا ، بخەمە بەر**
**ئەو پروشەو کزە بایەی**
**کە لە کوێستانی دەنگتەوە**
**ورد**
**ورد**
**ورد**
**دێتە خوارێ**
**ئەت**
**وێ**
**نەوە**
**دێتە خوارێ و ئینجا منیش لە گەڵیانا**
**ئەتوێ**
**مەوە**
**و**
**ێ**
**م**
**ە**
**و**
**ە" [1]**

---

[1] محمود زامدار ، لە بانێژەی شیعرەوە ، چاپخانەی ڕۆژنامەی عێراق – بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ٥١ .

بۆچـوونی ڕەخنەگرەکـە بـە وردی ڕوونـی دەکاتـەوە کـە دووبـارە کـردنەوە  لە شـیعردا پێوەنـدیەکی قـووڵی بە مانـای وشـەوە هەیە ، واتـا لە ڕێـگەی وشـە و واتـاوە گەمەی زمـانی ئەنجـام دەدرێـت بـێ ئەوەی هـیچ چەشـنە کـاریگەریەک بکـاتە سـەر ڕۆح و جەسـتەی دەقە شیعریەکە . بۆیە وا دەردەکەوێت لە شیعردا وشەی نوێ باو دادەهێنێت هونەرمەندانە وشـە لە شوێنی خۆیدا بەکار دێت .

ئەم دووبارە بوونەوەیە ئەشێ جێ ی خـۆی بگرێـت و لە شـوێنێکی تـردا نـاگونجێ وئەبـێ بەلەمپەرێکی چاوچنۆک و ناقوڵاو ئامڕازێکی نادروست .

بە تێڕوانینی ڕەخنەگرەکە لای حەمدی و گۆران هەمان دووبارە کردنەوە هەیە ، هەنـدێ جـار بە پێ شوێن لەفزێ ، یا ئامرازی دووبارە ئەکرێتەوە وەکو گۆران دەڵێت:-

**( کام ) ئەستێـــــرەی گەش ( کام ) گوڵی کێوی**

**ئاڵە وەک کـــــوڵمی ، گۆی مەمکی ؟ لێوی " [٢]**

هەنـدێ جـاریش دەقـی تەواوی بەیـتە شـیعرێ خـۆی دووبـارە دەکـاتەوە وەکـو حەمـدی صاحێب قران دەڵێت:-

**ڕەبیی مووی لێ بێ زمــــــانی ، پەنجەکانی هەڵوەرێ**

**هەر کەسێ گوڵشەن بە دەردی کوڵخەنی دۆزەخ بەرێ**

محمــود زامــدار دەڵێــت:- ( بە شــێوەیەکی گشــتیش لە شــیعری هاوچەرخمانــدا ئەم دیاردەیە،بەشـێکی گـرنگە لەتـان و پـۆی قەسـیدە و لـێ ی دابـڕ نـابێ ، گەر دابـڕا ، هەمـوو میعماری قەسیدەکە ئەڕوخێت .. بە زۆریش ( فیعل ) و ( ناو ) و  ( ئاوەڵنـاو ) و ( ژمـارە ) و ئامرازی  ( هاوەڵکار ) و ( ڕاناو ) و دەستەواژەی درامایی .. تاد  دووبار ئەبێتەوە ) [٣]

کەواتا لە تێڕوانینی ڕەخنەگرەکە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە وشە لە خودی خۆیدا چەندەها واتای جیاواز بونیاد دەنێت ، بـۆیە دەقەکـە لە ڕووی زمـانەوە تەفـاعولی تەواوی کـردووە لە دروستکردنی بناغەی بونیـادی زمانـدا . هـەروەها لە ڕوانـگەی چـڕ و پـڕی شـیعر و جـوانی و هاوسەنگی نێوان ڕوخسارو ناوەڕۆک بە وشەو جۆری جوڵانەوەی کات و شوێنی ئەو وشەیە و ، هەنـدێک جـاریش لە ڕێـگەی گەمەی زمـانیەوە ئـاوازو ئیقـاعێکی سـیحراوی لە شـوێن و

---

[١] محمود زامدار ، لە بانێژەی شیعرەوە ، طبع بمطبعة جريدة العراق، ساڵ ١٩٨١ ، ل٥٤ ، ٥٦ ، ٥٧

[٢]هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٥٨

[٣]هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ٥٩.

ساتی نێو دەقە شیعرەکە دروست دەکەن لەبەر ئەوەشە وشە زیاتر لە واتایەک دەگەڕێتە خۆی ، بۆیە لەو ڕوانگەوە پێوەری زمانی شیعری بەکار هێناوە .

سەبارەت بە رەمزی شیعریش کەلەچوارچێوەی زمان دروست دەبێت ، محمود زامدار دەڵێت:

" ڕەمز و بەکارهێنانی ڕەمز لە شیعرو بەرهەمی ئەدەبیدا شتێکی ئەوەندە نوت و نوێ بێت ، تەنیا بە میرات بۆمان مابێتەوە ، بەڵکو هەزاران هەزار وردە رەمزی جوان و دەربڕ لە نێو شیعرە پاراوەکانی ( نالی ، مەحوی ، شێخ ڕەزا ، شێخی جزیری ...... تا د ) هەیە :- بۆ نموونە نالی دەڵێت :-

**بە نەشئەی سستی و مـــەستی وەها مەستوور و مەخمورە**

**ئەزانم خـــەو لە چاوت دایە ، یا چاوت لە خەو دایـــە**[١]

مەحوی دەڵێت:-

**فـــەلەک هەر گاە کەسێـــــــکی هەڵبڕی وەختی هیلاکـــەتییە**

**کەسەر بۆ گەیینە پەت بێ ، پێ لە کورسی و ئەسکەمیل چبکا ..** [٢]

واتا ئەدەبی کوردی وەک ئەدەبێکی ڕەسەن ، لەم دیاردە ڕەسەنەی شیعر و فکر، بێ بەش نیە و لەسەر بنەمایەکی بەهێز بنجی داکوتاوە .

محمود زامدار پێیوایە شاعیرانمان زۆر ووریایانە ڕەمزیان لە شیعرەکاندا بەکار هێناوە ، چونکە لە نێو ڕەمز و خود و بابەت و خەون و واقع و زانست و یەکدەگرنەوە ، زۆر زیرەکانە بە کارامەی سوود لە ڕەمز و توانا میتۆدەکانی ڕەمز وەرگرتووە ئەزموونەکانیان خۆی لە ڕۆشنایی هزرو جوانی ئەدات ، هەر بۆیە نائومێدی و بەد بەختەی دەسەوسانی نەکردوون بەوەی ڕەنگی هەزاران شتی ڕەنگین و جوان و پڕ لە نهێنی و مەتەڵی نێو ئەم گەردوونەیان هەڵڕشتووە . بۆیە مەوداو دەرونی هزری خۆیان زانیویانە چۆن خەون و ڕوانگە و سەرنج و بینینی خۆیانی پێ فراوانتر بکەن و بیخەنە ئاستی چێژێکی تر و چەشەی خوێنەرو گوێگری شەیدای پێ بزاخێنن ، شاعیرانمان دڵگەرمانە بە ڕەمزی پاک و قووڵ و مەزنەوە ڕوویان لە شیعر کردووە ، هەمیشە خۆیان بە دۆست و هاوژانی خەڵک زانیوە و بە وێنەی شیرین و بە ڕەمزی قوڵ و زراقەوە ، لەگەڵ ئەو خەڵکە دەروگەرمانە دا

---

[١]محمود زامدار ، لە بانێژەی شیعرەوە ، طبع بمطبعة جريدة العراق، ساڵ ١٩٨١ ، ل٣٤.

[٢]هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٣٥.

دواون ، چونکە ڕەمز هەموو ڕووخسارەکانی جوانی و هەڵوێست و خەون و خەم و ئامانج و سەرجەمی مرۆڤایەتی دائەڕژێ و زۆر بەهێز خۆی دەردەخات .

ئەگەر بمانەوێت کێرڤی ڕەمز و ئیقاعی ناو شیعری کلاسیکی ببیستین ئەبێت پێش هەر شتێک مانا فەرامۆش بکەین و تەنیا ببیستیت ئەو کاتە هەست بەو ئیقاعە هەڵپەو چەند ڕەمزییە توند ئەکەیت کە نۆتە مۆسیقایەکی هەمیشەيی ناو دنیای شیعر.

کەوا لەدەقنوس دەکات لە ڕوانگەی هونەرەکانی پێوەری زمانەوانیەوە دەقەکەی برازێنێتەوەولەلای خوێنەریش جوان بێت.

## پەخشانە شیعر: لەنێوان پەراوێزی شیعر و ڕەهایی زمان:

"پەخشانە شیعر پشت بەئاستی سیمانتیکی دەبەستێت ، نەوەك ئاستی دەنگی. بۆیە دەتوانرێت ناوی قەصیدەی سیمانتیکی لێ بنرێت"[1]

"پەخشانە شیعر وەرگێڕانێکە دژە بە زاڵترین بەشەکانی زمانی شیعری کە دەنگەو لەجیاتی ئەو شێوەزی میتافۆر پەیرەو دەکات "[2]

" پەخشانە شیعر ریتم و فەزای شیعری لەشیعر وبەلاوەنانی کێشیش لە پەخشان وەردەگرێت، بۆیە ناکرێت پەخشانە شیعر بەنەیار و پێچەوانەی شیعر دابنرێت"[3]

(محمود زامدار)لە کتێبی لە(بانێژەی شیعر)ەوە لە بۆچوونێکدا دەڵێت:-

" پەخشانە شیعر ، واتا : دیوی ئەو دیوی وشەی ئاوازەدار و بەسۆز و تینوارەی دەرونی(وشە) و جیهانە بەر بەرینەکەی ناخی وشە و ژانە بێ هەواداران و بریس برێسەکانی وشەی مەست و ترینگە تێکەوتووی لێوەندە و پڕ لە دەنگ و ناڵە و نوڵەی: نوزەی برسی و میتەی کارو نرکەی داهێنان و سرتەی بنیادنان و پرمەی گریان و لۆغەی سەرە مەرگی خەباتێگێڕە ..!

وەک کەمال میراودەلی دەڵێت:-

**"هـــــــــــــــــــــــۆ کچەکە !**
**تا کەی غەمی چاوەکانت بە فرمێســـــک دەشۆی**
**بڕوانە ئاسمانی شـــــــــــــــــــــین**
**گەر هەمو ئەستێرەکان بە یەکەوە پێنەکەنـــــــن**

---

[1] حاتم الصگر ، ما تؤدیە الصفة ، مجلة الاقلام، عدد(٥)، بغداد، ١٩٩٠ ، ص٥٨..
[2] د.ئازاد عەبدالواحید، ڕەنگاڵەکانی دەقە، ل٨٤.
[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٨٥.

چـــــــــۆن ئـــــــــاوا ، دەڕازێتەوە ،
بڕوانە باخ و گوڵزارەکـــــــــــــــــــــان
گەر هەمو گوڵ و درەختەکان ـــــوانی و بۆن و سێبەریان
ئەبەخـــــــــــــــــــــــــــــشن
چۆن ئاوا ڕەنگین و بـــــــــــــــــــژوێن دەبن
بڕوانە شانـــــــــــــەی هــــــــــــەنگوین
گەر هـــــــــــەمـــــــــــــو هەنگەکان
بــــــــــــەیەکەوە ڕەنـــــــــــــج نەدەن
چـــــــــــۆن ئاوا شــــــــــــــیرین دەبێت
بــــــــــڕواتـــــــــا دڵـــــــــــم
گـــــــــــەر تــــــــــــــــۆی تیا نەبێت
چ هـــــــــــەوارگــــــــــــەیەکی وێرانە ... ؟!
هــــــــــــۆ کــــــــــــچەکــــــــــــە
دەســـــــــــــت بــــــــــــــدە دەســـــــــتم
بــــــــــا ئەم دیـــــــوارە ژەنگاویانە ، بڕوخێنین
بچـــــــــــــــینــــــــــــــە دەرێ ، دەرێ ، دەرێ
بۆ ئەو زەمــــــــــــــــینەی پـــــانە : هێندەی ئازادی
جـــــــــــــــوانە : هـــــــــــێندە خۆشەویستی ..
کــــــــــــــچــــــــــــــەکــــــــــــە .... !
تــــــــــا کەی غەمی چاوەکانت بە فرمێسک دەشۆی
هەمـــــــــــــــــــو باڵدارەکـــــــان چاویان پشکووت و
هـــــــــــــێلانــــــــــــــەکانیان بە جێ هێشت
تـــــــــــا کــــــــــــەی تـــــــــۆ ،
چوار دیواری زیندانــــــــەکەت جێ ناهێـــــــــــــڵی
دەســـــــــــــتت بــــــــــــدە دەســـــــــتم
تـــــــــاودە پـــــــــــــاچ لەگـــــــــەڵما
تـــــــــاودە پـــــــــــــاچ لەگـــــــــەڵما
تـــــــــاودە پـــــــــــــاچ لەگـــــــــەڵما

**ئــــــــــەم ژیــانە نوێیەی ئێمە دروستی دەکەین**
**نــــــــــــــــە زینــــــــــــدانی تۆ دەبێتو**
**نە خەڵوەتخانــــــــــــــــەی خەمی من" [1]**

لەلای ڕەخنەگر دەردەکەوێت کە لەو پەخشانە شیعرەدا تەکنیکی هزری بووە مایەی ئەدەبی ، زیاتر ڕەگی جوڵانەوەی لەسەر زەمینەی چێژو بیرو ئەدەبی کوردی دابمەزرێ برەو بە ئامانجە جوانەکانی خۆی بدات و بەرە وفراوانی دنیای شیعری هاوچەرخ هەنگاو بنێت و وورد وورد نازنامەیەکی دیارو شیاوی بۆ بدۆزینەوە ، بۆ چوونە نێو جیهانی شیعرو داهێنانەوە .کەواتە هەر لەم گۆشە نیگایەوە فۆرمە شیعرییەکە خۆی دەخاتە ڕوو بە فۆڕمە شیعریەکەی لە چوار چێوەی ڕیز بەندیەکی دانەبڕاو پەیوەست بە هێنانە ناوەی چەمکی ڕووداو لێکدانەوەیان و پەڕینەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی ، بۆ ئەوەی بگات بەو حەقیقەتەی ئەگەری بەدیهاتنی هەیە فەزایەکی ڕووناک ئاوەڵا بکات . چونکە شیعر هەوڵە بۆ دەرچوون لە چەقبەستن و شکاندنی سنوورەکان و دەرچوون لە بازنەکان .

"ئەم زمانە شیرینە ئەلوێ و زۆریش ئەلوێ ، بە ڕەنگی هەمە ڕەنگی پەخشانە شیعر بڕێژێ و وشەکان خەنی بکات و بیوروژێنێ" [2]

وادەردەکەوێت کەماڵ میراودەلی توانای نێوبوونەوەی بەردەوامی هەیە،دەتوانێت نوێبونەوە لەسەر ئاستی زماندا دابهێنێت.

نوسەر دەڵێت:- ( بێگومان هەموو وەچەکان ، هەمو خانە ژەنگرتووەکان هەر لە جەمیل صایب شێخ نوری رشید نجیب و گۆران شاکر فەتاح و سەجادی و پاکیزە رەفیق تا دەگاتە خامە بە پێزەکانی ئەم وەچەیە : میراودەلی و هەڵمەت و ئومێد ئاشنا ... تا د مێژوویەکی جوان و زەمینەیەکی بەتینی ئەم هونەر بەرزەن و خۆشی لە خۆی دا مایەی مزگێنی یەکی گەورەی ووشەی پڕ لە ژان و ژووری زمانی زیندووی ئەم کوردەیە " [3]

جگە لەوەش " جوانی زمان لە تاکرەهەندیی مانای وشەدا نییە، لەوەدایە مانای نەگۆڕ ببەخشینە وشەکان، بەڵکو زمان بەوە جوان دەبێت، کە وشەکان لە ڕستەدا بتوانن بەهۆی چەند مانایی و جێگۆڕکی و سەماوە ، بەهۆی جێگیر نەبوونیانەوە، ئەو گومان و دوو

---

[1] محمود زامدار، لە بانێژەی شیعرەوە ، طبع بمطبعة جريده العراق، بغداد ، ساڵ ١٩٨١ ، ل٦٩ ، ٧٠ ، ٧١.
[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٦٩ .
[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٧٢ .

دڵییەی ناو هۆشیاری بهێنێتە دەنگ کە بەڵگەی جێگیر نەبوون و دوو دڵیی مرۆڤە لە ناو واقعیشدا" [1]

لە تێڕوانینی ڕەخنەگرەکەوە ئەو ئەونجامە دەردەکەوێت کە زمان وەکو جەوهەری شیعر دەردەکەوێت ، بەڵام شیعر بە تەنیا بەرجەستە کردنی زمان نییە ، بەڵکو لەگەڵیدا بەرجەستە کردنە بۆ ئازاد کردنی واقع و مرۆڤ . ئەم واقع بینییە لای مەحمود زامدار مزگێنەیەکی گەورەیە بۆ دوا ڕۆژی کورد هەیە هەربۆیە ئەم بیر وردیە پەخشانە شیعری ڕازاندۆتەوە و بەدەربڕینی واتاو وێنەی هونەری و خەیاڵی قوڵ و پڕ لە هەست و جوانی لە ڕێگەی زمانەوە بەرجەستەکردووە بۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەکە پێوەری زمانی پەیرەو دەکات.

" نووسین لە بارەی شیعر وەك شعر نووسین خۆی وایە، وەك چۆن لە شیعردا بەتەنیا خۆت و خۆت دەمێنیتەوە، خاڵی لەدەنگی ئەوانی دی، بە جۆرێك شاعیر دەبێتە گوێگری خۆی واتە خۆی دەبێتە گوێگرو یەکێکی تر قسەمان بۆ دەکات ئەو یەکە بەدەر لە هەرکۆلاژوو دەنگێکی دیکە، ئەوەیە کە منی (شاعیرە) هەر شاعیرێکیش بەدەربێت لە دەنگی ئەو منە شیعرانیە، چونکە شیعر وەك جیهانێك بە تەنیا ئەو دە توانێت خاوەنی بێت و تیایدا دامەزرێت" . [2]

لە کتێبی کاروانی شیعری نوێی کوردیدا لە ساڵی ١٩٨١ چاپکراوە کاکەی فەللاح دەڵێت بەختیار زێوەر، بەم چەشنە غەزەلە گوزارشت دەکات زمانی شیعری پژاوە :-

**بێ شەوقە قەمەر وەختێ کە هەڵدێ لە هیلالا**
**مۆمێکە لە چــاو حوسنی ڕۆخی دولبەری والا**
**شێتی ئەبێ تـــۆم ، وێڵم مەجنونی بیابـــان**
**پەروانەیە دڵ ، وێـــڵە بە دۆی دیدەی کـــاڵا**

ئەم دەستپێکردنە ، چ بەقاڵب کە غەزەلە و چ بە کێش کە عەروزە و چ بە کەرەسەی وشەو وردە کاری و ڕەوانبێـژی و چ بە بـابەت کە دڵـداریە هەر تەواو پەیـڕەو کـراون و لاسـایی کردنەوەیەکی سەرەتاییانەی شاعیرە کلاسیکیکەکانە .

---

[1] ڕێبوار سیوەیلی – سۆفیستەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپی دووەم – سلێمانی ، ٢٠٠٠، ل١٩٠

[2] پێشڕەو عەبدوڵا: ئەدەبو شێوەکار ، تیۆر، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپچانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل٤٥.

لەسەرێکەوە،مانگ ئەگەر چی لە ڕووی لاوازی و ناچاری قافیەوە بچوک کراوەتەوەو بووە بە هیلال کە مانگی یەک شەوەیە و لە پێزی ماناکەی کەمکردۆتەوە . " [1]

کاکەی فەللاح لەسەر زمانی دەقەکە قسە دەکات ،چونکە بەمانای ئەوە زمانەکە پەیرەوی هەمان یاسا ودەستوورەکانی زمانی شیعری کلاسیکیە، هەربۆیە زمانی شیعری بەشدارە لەپرۆسەی داهێنان و سەرهەڵدانی وشەی نوێ، سەرنج وئاڕاستەی لە هەندێک لە وشەکان داوەو پێیوایە بۆ نمونە هیلالی لە بری مانگ بەکارهێناوە کە بەلایەوە ماناکەی تەواو نیە . ئەم ڕوانینە دەچێتە چوارچێوەی پێوەری زمانییەوە.

**" نەوەک وەختت بڕەنجێنی لە نێو جێگاو نوێنت بێ وشەی(نوێنت بێ**

هاو قافیەی بەیتەکانی دی نیە ئەگەر شێوەی خوێندنەوەی ئەو وشەیە لە ناوچەی کۆیەدا ڕاستی نەکاتەوە.ئەو هۆنراوەیەی سەرەوە وەک نمونەیەکی هۆنراوەکانی دی لەم بابەتەی( دڵدار) تێکڕا مۆرکی ئەم خطابی و ڕاستەوخۆ بێ و ئامۆژگاری بیرە جوانە پێشکەوتن خوازانەی پێوەیە ، بەڵام لە ڕووی زمان و بە تایبەتی لایەنی شێوە هونەرەیەکەی هەتا بڵێی کز و لاوازە و جێی ڕەخنە گرتنە ،ئەمەش وا دیارە هۆی ئەوەیە کە شاعیر وەک ڕۆشنبیرێکی لاوی تازەی شاعیری ئەو سەردەمە تەنیا مەبەستی ، وەک لە پێشەوە وتم ، تێگەشتنی و چاوکردنەوەی خەڵکە نەخوێنەوارەکەیە". [2]

لەم نیوە دێڕە شیعریەدا کاکە فەللاح پێوەری زمانی بەکارهێناوە دەربارەی وشەکانی زمانی بەختیار زێوەر باسی زمانەکەی دەکات چونکە زمانەکە گوزارشت کردنە لە زمانی کلاسیزمی پڕ لە وشەی عەرەبی وشەکە کەرەسەی سەرەکی شیعرە و یەکێکە لە هۆکارەکانی جوانی وکاریگەری لە شیعردا ، لەبەر ئەوە دەتوانین زمانی شیعری بە ڕەگەزی هەرە سەرەکی بنیاتی دەقی شیعریی دابنێین . لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین شیعر بەوە بناسێنین ، کە چالاکیەکی زمانییە ، هەوڵی پێکهێنانی جوانی دەدات . کە ئامـاژەیە بۆ واتای دەرونی و بیری کۆمەڵایەتی .... تاد . بەم شێوەیە لە بنیاتی ئەم زمانی غەزەلە دا ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی چالاکی زمانیی ڕۆڵیان لە دروستکردنی بنیاتی بیری غەزەلەکە لێکدەداتەوە . هەروەها کاکەی فەللاح لە درێژەی دەربڕینەکاندا دەڵێت :ـ دڵدار بەم چەشنە زمانی شیعری بەرجەستە دەکات.

---

[1] کاکەی فەلاح ، کاروانی شیعری نوێ کوردی ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، چاپخانەی سالم . بەغداد ساڵی ١٩٨٠ ، ل٨٢.

[2]هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٠٥.

کاکەی فەللاح باسی زمانە شیعرییەکەی دڵدار دەکات کە زمانێکی سادە و ڕاستەوخۆ بووە . بۆیە بەم شێوەیە بووە ، پەنای بردۆتە بەر وشە و گوزارشتی سەرزاری ڕۆژانەی خەڵکی سادە ، کەواتا بە پێوەری زمانی خەڵکی ڕۆشنبیرو خەڵکی سادە ئەو دەقەی شیکردۆتەوە ، جگە لەوەش سەروا بنەمایەکی گرنگی مۆسیقای شیعرە ، ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شیعریی کوردیدا لەو ماوەیەدا هاتووە ، مەرج نیە هەموویان بە داهێنان دابنرێن ، چونکە زۆر جار پرۆسەی نوێکردنەوە ، گەڕانەوەیە بۆ بنەماو کەرەسەی پێشوو، بەڵام نوێیەتی ڕەنگە لە شێوەی مامەڵە کردندا بێت لەگەڵ ئەو کەرەستانەدا ، شیعریی نوێی کوردی لە ڕووی کێش و سەرواوە گەڕانەوە بوو بۆ سەر کێش سەروای خۆماڵی بەڵام شاعیران تەنها بە بەکارهێنانی یەک جۆر کێش و جووت سەروا ڕانەوەستاون ، بەڵکو هەوڵی تێکەڵکردنی کێشەکانیان دەدا، لە ڕووی سەرواشەوە مەرج نیە هەر دوو لەت یەک سەروایان هەبێت ، جاری وا هەیە چەند لەتێک یەک سەروایان هەیە. لە کاروانی شیعری نوێی کوردیدا دڵدار دەڵێت:-

**" لغاوی ئەسپەکەت فکر و علیم ئاوزینگو زینگو زینت بێ**

کاکەی فەللاح لەم نیوە دێڕە شیعرەی دڵدار دا پێوایە لە ڕووی چێژی ئەدەبیەوە:

**( فکر) لغاو بێت و(علیم) ئاوزینگ و زین بێت ، دەبێ چ چێژێکی هونەرمەندانە بێت"** [1]

کەواتا زمانێکی تایبەتە ولە ڕووی ڕێکخستن وگونجاندنی وشەکانەوە جیاوازە لە زمانی ئایسایی ، دڵدار لە ڕێگەی زمانەوە هەوڵدەدات جیهانێکی پڕ لە جوانی وتاسەبەخش بونیادبنێت.

---

[1]کاکەی فەللاح . کاروانی شیعری نوێ کوردی ، ل١٠٥.

## پــــاژی دووەم : وێنــــــــەی شیعـــــریی

چـەمکی " وێنـەی شـیعری ئامـاژە بـۆ (image)،(صـورة)ی ئینگلیـزی دەکـات ، کـە هاوبەشەلەگەڵ ڕەگی ئەندێشەدا(imagination)،(خیال)و پەیێوەندییەکی بەتین هەیە لـە نێوانیانـدا ، چونکـە ئەندێشـەو وێنـە لەشـیعردا بەرجەسـتە ئـەکات و لەمـەودای مەعریفیـدا هاوبەشن" [١]

وێنـەی شـیعری وەك ئـامرازێکی ڕەخنـەیـی و پێـوەرێکی گرنـگ بـەکاردێت، کـەرێگا بەرەخنەگر ئەدات، بەناخی دەقدا تێپەڕ بکات و نهێنیەکانی جیهـانی دەق بـەدی بکـات، بۆیـە یەکێ لەڕاکانی دکتۆر جابر ئەحمـەد عصـفور ئـەڵێ: " وێنـەی ئـەدەبی کرۆکـی هەمیشـەیـی شیعرە " [٢]

(درایـدن (Dryden): بـەم شـێوەیە گرنگـی وێنـە پیشـان دەدات :(وێنـە خـۆی لـە خۆیـدا شکۆمەندی و ژیانی قەصیدەکەیە" [٣] ، کەواتە وێنەی شـیعریی جەوهـەری وێنـەی شـیعرەو واتای سـەرەکی لـەوەوە دروسـت دەبێـت، کـە شـاعیر بەیاریـدەی خـەیاڵ وبـەهۆی وشـەوە وێنەی بیرۆکەکانی خۆی دەکێشێت ، ئەو وشانەی بەشداری دەکەن لە پێکهێنـانی وێنەیـەکی شیعریی دا ، هەموویان وشەی ئاسایین ، بەڵام لەئەنجامدا پێکهاتەیـەکی نائاسـایی دروسـت دەکات، پێویسـتە وێنـەی شـیعریی لـە چەنـد رەگـەزێکی بنیـادی پێـك بێـت ، گرنگتـرین ئـەم ڕەگەزانەش : زمان وشێوەکانی رۆنانی ، مۆسیقا بە کێش و ریتمـەوە، ئامـاژەو ئـەو هەسـت وروانگەو وێنە بێ سـنوردارانەی لێـوەی هەڵـدەقوڵێ، بـەم شـێوەیە بنیـاتی وێنـەی شـیعریی وێنەیەکی بنیاتی دەقە شیعرەکەیە.

زۆرجار وێنەی شیعری لەچوارچێوەی سیمۆلۆژیادا گوزارشت لە شیعر دەکـات ، چونکـە هەنـدێك جـار لـەبارودۆخێکی نالـەباری سیاسـیدا ، شـاعیر پـەنا بـۆ سـیمۆلۆژیا دەبـات بـۆ دەستنیشان کردنی ڕووداوێك یان باس کردن لە نەتەوەیەك یان لە خاك ونیشتمان.

---

[١] د. صلاح فضل، اللغة الشعرية فى خطاب النقد العربي، ص٦٧.
[٢] الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي ، ص٧.
[٣] سيسل دى لويس ، الصورة الشعرية ، تر: د. احمد نصيف الجنابى ، ار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٢، ص٢٠.

**ڕەمــز:**

" بریتییە لە  دیاریکردنی بابەتێك بەڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ، شاعیر بیرەکەی بەهۆی چەندین ڕەمز، یا ژمارەیەکی زۆر لە ڕەمز دەخاتە ڕوو". [1]

" ڕەمز دیاردەیەکی هونەری و مەعنەوییەو ، هەرلەگەڵ سەرهەڵدانی ئەدەبدا دەرکەوتووە ، بەڵام لەئەدەبی نوێ بەگشتی و هاوچەرخ بەتایبەتی زیاتر سیماکانی بەشێوەی ڕونتر ناسراوەو ، بارودۆخی ژیانی کوردیش یارمەتیدەرێکی زۆری سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە بووە ، کەباری ڕامیار  کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ...تاد . کۆمەڵگەی کورد ناوەندێکی چاك و بزوێنەر بووە بۆ بەکارهێنانی ئەم هونەرە یان بەواتایەکی تر ئەمە تاقە دیاردەی هونەری بووە کەشاعیران بتوانن لەپەنایەوە ئەم بارە ئاڵۆزەی کورد لەچەندین قۆناغی جیاجیادا ، دەربڕن سەرباری لایەنی ئستاتیکی شیعر کەهەمیشە پێویستی بە پەردەیەکی پڕلە ڕەمزودیاردەیەکی تر هەبووە ).[2]

ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی شیعری نوێ ڕەمزە چونکە ڕەمز ئاسۆی بەردەمی خوێنەر ڕونتر و فراوانتر دەکات ، بەمەش هەموو وێنەکان هەم لە ڕووی زمانەوە هەم لە ڕووی جوانیەوە لە ناو پێوەندی یەکانی دەقدا پێکدێن و هەموو دەقێکیش کردارێکی زمانیە ئەم ، ئەگەر چی وێنەی شیعری هەر لە کۆنەوە لەگەڵ شیعردا هاتووە و پەیوەست بوون بە یەکەوە زیاتر لە ڕوانگەی ڕەوانبێژییەوە خۆی بینیوە ، لەبەر ئەوەی شیعر هونەرێکی زمانییە وێنەکانی لە زمان پێکهاتوون خودی زمانیش کۆمەڵێک پەیوەندییە .

١) لەو ڕوانگەیەوە دەشێت رمز سێ ئەرك ببینێت یارمەتییەکی زۆری شاعیر دەدات، کە ئامانجەکانی لەماوەی ڕەمزو بەرکارهێنانەکانی بهێنێتە دی، کە تاکە بابەتە لە پەنای خۆیدا، کۆمەڵێك شت حەشاردراوە و دەیان وروژێنیت ، وەك لەم دایەگرامەدا ، ڕوون کراوەتەوە :-




---

[1] د.بهرام مقدادی ، فەرهەنگ اصطلاحات نقد أدبی، چاپ أول ، انتشارات فکر روز، تهران ، ١٣٧٩ ، ص٥٧٦.

[2] پەخشان سابیر حەمە ، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا (١٩٧٠-١٩٩١) ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی صەلاحەددین هەولێر – ٢٠٠٢ ل٨٠.

(کۆڵردچ)پێی وایە، کە (ڕەمز)، یان هونەری رەمزی لەنێوان جیهانی سروشتی (هەقیقەت) وجیهانی ئەندێشەییدایە. [1]

٢) چڕکردنەوە و ناراستەوخۆ لە دەربڕیندا و پیشاندانی سیمایەك، کە مەبەست ئەو سیمایە نەبێت، بەڵکو ئەو دیوی سیماکە بێت، واتە سیماکە تەنیا پەردەیەکەوئەودیوی حەشاردراوە.

٣) گواستنەوە لەنێوان ئەو بابەتانەو تێکەڵکردنیان لەئاکامی ناکۆکی نێوانیان وگونجاندنی دژە واتاکان لەگەڵ یەکدا .

ڕاستەوخۆ ← ناراستەوخۆ

هەست ← نەست

روون ← لێڵی

بەجێ ← نابەجێ

ئەگەر لەبنەرەتدا پێوەندییەکە سروشتی بێت، ئەوا شاعیر لەئاکامی چۆنێتی بەکارهێنانی رەمزەکانی لە سیستەمی ڕستەکاندا پێوەندیەکە دەگۆڕێت ، یاخود شێوەیەکی تری پێدەبەخشێت لەوانە چەندین هەنگاو لە سروشتی بنەڕەتیەکەی دوور بخاتەوە ، ئالین تیت (Allen Tate)( ١٨٠٩- ١٨٩٢) دەڵێت :( هەرچەندە رەمز بەشە وردەکانی واقع وەردەگرێت و شاعیر لەگەڵ حاڵەتە دەروونی و بیرو ڕوانگەکانی خۆیەوە دەیانگونجێنێت، بەڵام وەکو خۆی نایاهێڵێتەوە، بەڵکو پێوەندییە سروشتیەکانی تێك دەشکێنێت بۆیە دەتوانین بڵێین ، رەمز ئەبستراکتە [2].

لە ڕوی پێکهاتەوە رەمز پێویستی بە سێ ڕەگەز هەیە:

١) دال/ نیشانکار : ئەمەش ئەوەیە، کە شوێنی شتێکی تر دەگریتەوە، واتە خودی ڕەمزە.

٢) مەدلول/ بۆنیشانکراو: ئەوشتەیە کە (دال) شوێنی دەگرێتەوە.

٣) دەلالەت:ئەمەش پێوەندی نێوان (دال و مەدلول)ە ،پێویستە هەستی پێبکرێت و شیبکرێتەوە.

---

[1] أر.ال . برتە تخیل، ترجمة : مسعود جعفری، نشر مرکز تهران، ١٣٧٩ ، ص٧٩.

[2] د.بهرام مقدادی ، ص٥٧٦.

جاك لاكان(١٩٠٠-١٩٨١) ڕێکخستنێکی سێلایی داڕشتووه، تێیدا دیاردەکانی بەم شێوەیە دابەشکردووە:




(جاك لاكان) پێیوایە، کە ئەم سیانە دەتوانێ گشت بنچینەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکانی لەسەر بنیادبنرێ و بەرانبەر بە سیانەکەی(*) فرۆیدەوە هیچ پێوەندیەك لەنێوان دال و مەدلول ناتوانێ کاریگەری هەبێت بەبێ بوونی ئەم سێلایە. (١)

ڕەمزلەسەر بنچینەی لێکچوون و نزیکبوونەوەی حاڵەت وتێڕوانینی نێوبیرو دەروونی شاعیرە، لەئاکامی بەراوورد کردنێکی شاراوەونهێنی لەگەڵ بابەتەکانی دەوروبەر بەهەموو لایەنە هەمەجۆرەکانیەوە سەرهەڵدەدات.

مرۆڤ لە ڕیگەی هۆشەوە ، کە هەوڵی دۆزینەوەی پێوەندیە شاراوەکان دەدات. سنوری شتەکان ڕیگەی پێ ناگیرێ و بەئاسانی دەیانبڕێ وێنەی شیعریە کە سنوری شتەکان دادەبەزینێ و وادەکات لە دەمارەکانی دەروون دا هەوڵی شیعری لە دەست بەسەراگرتنی ئەو ڕاستیانەی کە لەقولایی دەروون دا شاراوەتەوە بخاتە ڕوو .

لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی دوهەم ، بەشی دوهەم ساڵی ١٩٧٤ بابەتێک بە ناونیشانی ( چەپکێک لە گوڵزاری نالی لە لایەن ( مەسعود محەمەد ) بڵاو کراوەتەوە ، کە تێیدا باسی نالی دەکات و دەڵێت:-

( نالی زیهنێکی وەها هەستیاری هەبوە هەر دەڵێی جامی کامێرایە لە تروکەیەکدا وێنەی جیهانێکی بەرینی تێدا نەقش بەستۆ دەبێ ، بە ڕواڵەتی دیمەنیش دانامەزرێ ، وێنەی دەرون

* سیانەیەکەی فرۆید بریتین لە:

(١) من –ego = سەرچاوەی وەرگرتنی مەعریفەو پەیوەندیکردن بەجیهنی دەرەوە، ئەرکی بیرکردنەوەی لۆژیکی یە.

(٢)منی باڵا-super ego = ئاراستەی رەوشتی وچاودێری هەڵسوکەوتە لەسەر من.

(٣) ئەو-i d- مەبەست جیهانی ناوەوەیە تێدا هەموو ئارەزووە کپ بووە لەبیرکراوەکان بەهۆی بیروباوەڕویاسا وداب ونەریت کۆبوونەوەتەوەو کۆگای سۆزە ، توانای (من) و (منی باڵا ) دەرخرێتەگەڕ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی (ئەو) . بڕوانە: جان لچت، پنجاه متفکر بزرگ معاصر ،ت: محسن حکیمی " انتشاراتی مجنسته" تهران، ١٣٧٨، ص٣٦.

(١)محی الدین اسماعیل، الفکر المعاصرة، ط١، دار الشؤون الثقافیة العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص٢٢٤-٢٢٥.

و وردیلەكانیشی دەكێشێ . بێ گومان هونەر كار لە نەخشە كێشانی ورد و قوڵدا ، مەبەستی تایبەتیشی نەبێ ، وێنەكەی پڕ دەبێ لە ناوەڕۆك:-

**یا عەكـــــسی ئاسمانە لە ئاوێنە دا كـــە وا**

**ئەستێرەكانی رادەكشێ وەك شیهابی نور)**[1]

تێڕوانینـی ڕەخنەگرەكـە ئـەوە دەردەخـات كـە لەپێوانـەكردنی دەقەكـەدا پێـوەری ڕەوانبێـژی بەرجەسـتە كـردووە لە ڕوانـگەی جـوڵەی زمـانەوە بـوونی وشـە و واتـا، ئەمەش ئارایشتی هونەری جوانی وردەكارییە ، ئەمەش ئـەوە ئاشكرا دەكـات كـە تـەنیا (وشـە) یـان (واتـا) ی یەكـانگیر نەكـردووە بەڵكـو وشـە و واتـای لە بەیـتەكەدا گونجانـدوە ، ئەم جـۆرە ڕواڵەتە جوانیەكی دروستكردوە، چونكە زمان هـونەرێكی بیـرییە لەگەڵ هـونەری داڕشـتندا وێـنەی ڕازاوە و زینـدوو لە شـیعردا دەخولقێنیت.دەردەكـەوێت، كـە مـەسـعود مەحەمـەد پێـوەرێكی رەخنـەیی بـۆ وێنـە شـیعریەكانی نـاو دەقەكـە بـەكارهێناوە، كـە تێیـدا زمـان لـە چوارچێـوەی بزاوتێـك وێنەیـەكی دروسـتكردووە ، كـە ئیحـای ڕەنگدانـەوەی ئەسـتێرەیە لـە ئاوێنەی ئاسماندا.

## پێوەری وێنەی شیعری

لە گۆڤاری بەیان ژمارە ٤٦ ساڵی ١٩٧٨ بابەتێک بە ناونیشـانی( شـیعر و لە دایـک بـوون ) بڵاوكراوەتەوە ناوی خاوەنەكەی نەنوسراوە . لەباسكردنی دەقێكی (نەجیبە ئەحمەد)دا وەكو نموونە بۆ وێنەی شیعری ئەیهێنێتەوەو دەڵێت:- " دوو وێنەی شـیعری بەهێزمـان دەكەوێـتە پێش چاو یەكەمیان ئەوەیە ئەگەر دایک دەركی ئەوەی بكردایە زەرنەقوتەی هیواكـان بەرەو كام ئاسمان هەڵدەفڕێن ، كام وڵات و كام هێلانە باوەشیان بۆ دەكاتەوە ئەوسا دایک سـۆمای چاوەكانی خۆی بۆ دەكردە ئاسمان و پرچەكەشی بە هێلانە و وڵات ، یان كاتێ وشە و شـیعر لە بیر دەچێتەوە چەندین چیرۆک و هۆنراوەی (بێـدەنگ) لە نـاخی ( بـێ دەنگیـدا ) هەر بە ( بێدەنگی ) سەر هەڵدەدەن و گۆرانی بۆ تۆزقاڵێ ڕۆشنایی دەڵێن..

**" بـــەڵام نەک هەر تۆ دایە گیان**

**هـــــــەزارانی وەكو تۆ هەن**

**لە زمانـــی ئێمە ناگەن .. "** [2]

---

[1] مەسعود محەمەد چەپكێک لە گوڵزاری نالی گۆڤاری كۆڕی زانیاری كـورد ، بەرگی دوهەم ، بەش دوهەم – چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد – بەغداد ، ١٩٧٤ ، ل٤٧ .

[2] شیعر و لە دایک بوون گ . بەیان . ژ. ٤٦ ی كانوونی دووەمی ١٩٧٨ - دار الحرية للطباعة، بغداد ، ل٢٦.

ڕەخنەگرەکە پێیوایە دەقەکە وێنەیەکی هەست پێکراو نیشان دەدات ومەبەستەکەی ڕووندەکاتەوە ، لەمەشدا جۆری پێوەندییەکەی دەبێتە پێوەر بۆ سەرکەوتنی دەقەکە . لەم ڕوانگەوە پێوەری وێنەی شیعری بەکارهاتووە.

کەواتا لەبەرئەنجامی تێڕوانینی ڕەخنەگرەکەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە وێنە ڕۆح و جەوهەری جەستەی شیعرە، چونکە وێنە دەبێتە بونیادی ناوەندی شیعر، لێرەوە دەردەکەوێت وێنەی هونەری تەنیا ئامرازێکی جوانکاری نییە ، کە بتوانین پشتگوێی بخەین لەکاری داهێناندا ، بەڵکو وێنە بوەتە ئامرازی گەشکردنی ماناکان و ئاشکراکردنی بابەت و هەڵوێستەکان ، بەم هۆیەشەوە وێنەکان دەبنە چنراوێکی شیعریی، ئەویش خودی کارە هونەریەکەیە.

لە گۆڤاری بەیان ژمارە ٧٣ ی ساڵی ١٩٨١ بابەتێک بە ناونیشانی ( ناری و پێ ناسێکی کورت ) لە لایەن کاکەی فەللاح بڵاوکراوەتەوە . دەڵێت:-

(ناری) لەبەرجەستەکردنی وێنەیەکی شیعریدا کە دووری یارەکەی بەبێ کەسی و نامۆیی شوبهاندووە ، کە وەکو چاوەڕوانی گۆدۆ وایە ( وەک نیشانەی ڕاستی و وەفا و سۆزی ڕاستەقینەی خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت:-

**گەر چی تەقسیری نەهاتن هۆیی بەندی قاچمە**
**دەم بە دەم داوێنی پاکت پاکی جێگەی ماچمە**
**دوور لە تۆ دایم ئەناڵم وەک نەخۆشی بێ طەبیب**
**چاوەڕێی ئاوازی دەنگی خاکە ناز و پاچمە )**[1]

کەواتە کاکەی فەللاح پێیوایە دەقەکە چڕ و پڕە لە وێنەی جوان لەم چوارینەدا داڕشتووە، ئەمەش بووەتە هۆی بوونی هونەری ئیستاتیک ،هاوشان لایەنی تەکنیک و دارشتنی خۆشەویستی بە ناخی راستەقینەی تێکەڵ دەبێت، واتا و وێنەی شعیریی ناسک بە ووزە و توانایەکی نوێ بە ژیان دەبەخشێت .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وێنەی شیعریی جەوهەری هونەری شیعرە واتای سەرەکی لەوەوە دروست دەبێت شاعیر بە یاریدەی خەیاڵ و بە هۆی وشەوە وێنەی بیرۆکە دەکێشێت . ئەو وشانەش بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی وێنەیەکی شیعریی ، هەموویان وشەی ئاسایین ، بەڵام لە ئەنجامدا ، پێکهاتەیەکی نا یاسایی دروست دەکەن ، کە لەمیانەی کایەکی ڕەوانبێژیەوە دەچێتە پێوەری وێنەی شیعریەوە.

---

[1] گ . بەیان ، ژمارە ، ٧٣ ، ساڵی ١٩٨١ ، دارالحرية للطباعة، بغداد ، ل٤٣.

له گۆڤـاری بەیـان ژمـارە ٦٨ ی کـانوونی دووەم سـاڵی ١٩٨١ بابەتێـک بە ناونیشـانی (سـەمای بەفـری ئێـواران )ی جـەلال بـەرزنجی لە لایەن (ئـازاد عبدالواحـد)ەوە، سـەبارەت بەدەقێکی بڵاو کراوەتەوە، دەڵێت :-

" هەر بۆ نموونە من بە دەیان وێنەی شیعریم دەربارەی چاوەڕوانی بەر چاو کەوتـووە ، بەڵام سەیر کەن ئەم وێنەیە چەند جوان و ناسکە :-

**شەوان درەنگ رەوە ســـەگی خوار دێ**

**دەوەڕن .. دەڵێـــم دیێـــتـــــەوە ... !**

یا خود دەڵێت :-

**دڵـــــم وەک و دڵی ئـــەو ڕێبـــواره نا ڕەحەتە**

**ئێوارە بێ و بۆ سەفەرێکی نا بە دڵ بکەوێتە ڕێ**

یان کە دەڵێ :-

**داڵەکان ئاســـمانیان گرتووە ،**

**دەبێ تەرمێکی زۆریان لەسەر**

**زەمین دا دیــــــــــبـــــێ !**

**بە درێژایی ئـــــــــەو ڕۆژە**

**ئەو ناوەیان بەر نــــــــەداوە**

**گەر تا ئێوارەش بمێننــــــەوە**

**دڵیشم شـــــــــەق دەبا "[1]**

ڕەخنەگرەکە پێیوایە دەقنووس زۆربەووردی گوزارشتی لەڕەنگدانەوەی ئەزموونی رۆژگاری خـۆی کـردووەو تـێکەڵ بە کۆمەڵێـک وێـنەی بیـری بـووە، واتـا وێـنە لە نـاو وێـنە ، ئەمەش نیشـانەی ئەزمـوونە ڕاسـتگۆیانەکەیەتی ، لەگەڵ ویژدانیـدا دەژیـت .لەگەڵ ئەوەشـدا وێـنە هەست پێکراوەکان کە لە ئەزموونەکەی خۆی نـزیکە ، دەتوانێـت جـێ پەنـجەی خـۆی زیـاتر لەسەر نەخشەی شیعری کوردیدا جێگیر بکات ، جگە لەوەش دەقەکـە پـڕە لـە وێـنەی ورد و بەهێـز ، لە ڕووی زمـانەوە مانـا و واتـا بە ئاسـانی بە دەسـتەوە دەدات ، بەوەی جـوڵانەوە لە ناوەوەی شیعرەکە دروست دەکەن . ئەمەش ئەوەدەسەلمێنێت کـە بـابەتەکە وەک بـابەتێکی ئاڵۆز ناخرێتە ڕوو ، ئەم تێکەڵبوونی وێنانە لەگەڵ یەکتر و توانەوەیان لەناو یەکتردا ، وەکـو

---

[1] ئازاد عبدالواحید سەمای بەفری ئێواران گ . بەیان – ژ ٦٨ - دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کـوردی – بەغدا ، ساڵی ١٩٨١ ، ل١١، ١٢

تێکەڵ بوونی هێڵ و ڕەنگ وایە لە تابلۆیەکی زەیتی دا . واتا ئازاد عبدالواحید بۆ هەڵسەنگاندنی دەقە شیعرییەکان پێوەری وێنەی شیعریی بەکارهێناوە .چونکە لە ئەنجامی یەکگرتنی وێنەکان وێنەیەکی گەورە دروست دەبێت .

لە گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە (١٢) خولی دووەم ، ساڵی ١٩٨٣ بابەتێک بەناونیشانی (دڵدار و شیعریی ریالیزم) لە لایەن (کەریم شارەزا)وە بڵاوکراوەتەوە کە تێیدا دەڵێت::

"دڵدار لە هەڵبەستە ریالیستییەکانی تەنیا جۆری فۆتۆگرافی گرتووە، هەروەک لە هەڵبەستەکەی ( لالە باس)دا کردوویەتی وەک وێنەکێشێکی لێهاتوو زۆر بەوردی تابۆی ئەدگاری جووتیاریکی کلۆڵی ڕووت و تێکشکاومان بۆ دەکێشێ ، دەڵێت:

**ڕۆژێکی پاییز لە پاش نیوەڕۆ**

**لالە باسم دی زەوی ئەدا تۆ**

**رووت و زگ والا ، پیر و تێک شکاو**

**پشتی چەماوە، لووت لەسەر ئەژنۆ**

**گۆچانی دەستی دەستەندووی جووت بوو**

**دەنگی بووسا بوو بەهێ هێ و هۆ هۆ"[1]**

کەریم شارەزا لایەنی واقعی ڕەنگ و ڕوی ژیانی (لالەباس) ی جوتیاری هەژاری کلۆڵی یەکیانگرتووە ، بەبێ ئەوەی بۆ دیوی ناوەوەی مەسەلەکەی ئەو هەژاری چەوسانەوەیە شۆڕ بێتەوە و ، هەندێ جوڵە و کرداری دەروونی و چارەسەرکردنی گیروگرفتی چەوسانەوە و لەناوبردنی دەرەبەگایەتیمان بۆ دەستنیشان بکات ، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم وێنەکێشانە فۆتۆگرافییەی دەیمەن و سیمای پیری تێکشکاو دەردەخات ، دەبوایە ڕەخنەگرەکە بەشێوەیەکی گشتی سەرەنج لە جۆرەکانی جوانترین وێنەی شیعری بدایە کە ئەندێشە (لالە باس)ە لە شیعردا ، ئەمەش جوانی وسەرنج راکیشانی کاریگەر دەخوڵقێنێت زۆرجار ئەو ئازارە لە وێنە شیعریەکە کاریگەر تروهەستپێکراوتر دەبێت ، ئەو دیمەنانەش لە میانەی وێنەیەکی شیعریدا بەرجەستە کراوە.

لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد - بەرگی یازدەهەم ساڵی ١٩٨٤ بابەتێک بە ناونیشانی ( وێژە و توێژینەوەی ) لە لایەن د. کامل بەصیر دەربارەی بێکەس بڵاو کراوەتەوە ، دەڵێت :-

---

[1] کەریم شارەزا ، دڵدار و شیعریی ڕیالیزم گۆڤاری نووسەری کورد، ژ١٢، خولی دووەم . چاپخانەی الحوادث، بغداد، ١٩٨٣ ، ل ١٤.

" بۆ بەڵگە تێبینی دەکەین هەستیاری کوردی نەمر ( فایق بێکەس ) کە وسفی مـانگی کـردوە و لە گەڵیـدا کەوتـوتە ڕاز و نیـازەوە و وێـنەی مـانگی لە بـاری دەروونـی خـۆیەوە کێشـاوە و دەڵێت :-

**ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاو دەردین**

**هەردوو گرفـــــتار یەک ئاهی سەردین**

**تۆ وێڵ و ڕەنـــــگ زەرد بە ئاسمانەوە**

**منیش دەر بـــــە دەر بە شارانــــەوە**

**دەخیلتم ئەی مــــانگ قیبلەی دڵداران**

**دەرمـانی دەردی دڵـــــــەی بیمــاران**

**شەوێکە و ئەمشەو بگـــــــەرە فریام**

**بێ یار و هاو دەم عاجز و تەنـــــــیام**

**دڵزار و بێزار پەست و غەمگینــــــــــم**

**گیرۆدەی داوی یاری شیرینــــــــــم "**[1]

کامل بەصیر لە ڕوانگەی دەروونی شاعیرەوە خویندنەوەی بۆ دەقە شیعرییەکە کردووە ، چونکە لەدەقەکەدا وێنەی راستەقینەی (مانگ) بەزمانی ئەندێشـەو خـەیاڵ لێکچوانـدنی بـۆ کردووە هەر ئەم هۆکارەیە کە لەگەڵ ئەوەشدا ئاوێتەی سـۆز و ڕەگەزی مۆسـیقای نـاوەوە و دەرەوە دەبێت بەمەش تابلۆیەک لە وێـنەی شـیعریی ناسـک لە ڕێـگەی جـوڵانەوەی زمـانەوە دروست دەکات و بەمەش ڕوانینی بۆهەڵسەنگاندنی دەقەکە وێنەی شیعرییە .

لە گۆڤـاری بەیـان ژمـارە ( ١٠١ ، ١٠٢ ) کـانوونی یەکەمـی سـاڵی ١٩٨٤ بابەتێـک بە ناونیشـانی (کانیلە و خۆشەویستی) کۆمەڵە شیعرێکی عەبدالرزاق بیمارە لە لایەن ( کەمال غەمبار) ەوە شیکارییەکی رەخنەیی بۆ کراوە دەڵێت:- " ئافرەتان بـۆ کـوڵ دەچـوونە دەم ڕووبارەکـانی و سەرچاوەکان ، ئەگەر ئەم جۆرە دیمەنانە بە لای خەڵکـی ئاسـایی بـێ و سـەرنجی ڕێبـواران ڕانەکێشێ لەچوارچێوە هەڵسەنگاندنی ئەدەبیدا دیمەنێکی دڵفرێنی نازدارە ، کـانیەکە تەنیـا ئاوێکی ڕوونی ئاسایی نیە ، ئەوەنـدە ڕوون و بـێ گەردە دەڵـێ ی زیـوە ، بە بـۆن و بەرامـی ئافرەتی جوان بۆن گوڵاو بووە .

---

[1] دکتۆر کامل بەصیر ، وێژە و توێژینەوەی گۆڤاری کـۆڕی زانیـاری عێراق - بەرگـی یـازدەهەم – چاپخـانەی کۆڕی زانیاری عیراق – بەغدا - ١٩٨٤- ل١٢٨.

ئەتۆ ڕێبـــــــــــــواری لێی تێدەپەڕی
تەنکە دووکەڵێـــــــــــک دەبینی سەری
ڕاکێشاوەتە سەر سنـــــــــــــگی ڕووبار ..
لە پشـــــــــــــــــــــت دەوەنی
لـــــــــــــــــە دەم کـــــــــانی یەک
قـــــــــانــــــــــگ دەرا قـــــــازان
ئەوا .. گوڵ دەکا ئافرەتێکی جـــــــوان " [1]

تێڕوانینی ڕەخنەگرەکە ئەوە دەخاتە ڕوو کە جوانی سروشت و ئافرەت لەناو دەقەکاندا، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە مرۆڤ پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سروشت و جوانیدا هەیە راستەوخۆ کاریگەری گواستۆتەوە بۆ ناو دەقی شیعریی لەئەنجامدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە سروشت و دیمەنی کوردستان و جوانی ئافرەت لەو چوار چێوە جوانەدا وایکردوە زیاتر ئەو پێوەرەی بۆ بەکاربهێنێت چونکە دیمەنی جوانی سروشت و ئافرەتی تێکەڵ بە یەک کردووە ، دەقەکە وەسفی سروشتی کوردستان دەکات و وێنەیەکی فۆتۆگرافی و تابلۆیەکی زیندو تێکەڵ بە خەم پەژارە و دەروونی خۆی کردووە .

تۆ هـــــــــــەرزەکارەی ڕێبواری شاری
لـــــــــــــــــە کــــوێ دەزانـــێ
ئەمڕۆژە ڕۆژی گـــــــــــــــوڵ و کانیە
گوایە تۆش ( مانێ ) ی یاخود ( ڕێنواری )
کارت نەخشانی وێنەی جـــــــوانیە ؟! " [2]

لێرەوە دەردەکەوێت خەیاڵی شیعریی پێوەندیەکی توند و تۆڵی بە ڕواڵەتەکانی شیعریەوە هەیە ، چونکە سروشت و خەیاڵ هێزێکی دروستکەری لە بن نەهاتوون . لەگەڵ ئەوەشدا هێزی دەربڕین لە وێنەیەکی زەمینی یەوە پەیدا دەبێت ئەڕژێتە سەر وێنەی تر شیعری هەر ئەم هێزەش نرخ و نموونەیەکی هونەری جوانکاری ئەدابە شیعرەکە .

---

[1] کەمال غەمبار ،کانیلەو خۆشەویستی ، گ . بەیان ، ژ ، ١٠١ ، ١٠٢ دار الحرية للطباعة بغداد ، کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤ ، ل١٣٣ .
[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٣٣.

له گۆڤاری سروه ، ژماره ٣٧ ، ساڵی ١٣٦٨ بەرانبەر ١٩٨٩ زایینیی بابەتێک بە ناونیشانی ( زمان و ئەدەب ) لە لایەن حاجی رەئووف سەلیمی ) بڵاو کراوەتەوە ، دەڵێت :- ( گۆران بە جۆرێکی زۆر جوان وەسفی تەبیعەتی کردووە کە تا ئێستا هیچ شاعیرێک نەیتوانیوە بەم جۆرە وەصفی بکات :-

**" کانێیکی ڕوونـــــــــــی بەر تریفەی مانگە شەو**

**لـــە بینا بلەرزێ مـــــــــرواری زیـــخ و چەو**

**جوانترە لە لای من لە دەریـــــــــای بێ سنوور**

**شەپۆلی باتە بەر تـــــیشکی خۆر شڵپ وهۆڕ ) (1)**

یا لە تابلۆی وەسفی هەورامان و قەرەداغی کە بە راستی سەر سوڕهێنەرە و دەڵێت :

**کۆمەڵە شاخــێ بەرز و گەردەنکەش**

**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش " (2)**

کەواتە ڕوانینی ڕەخنەگرەکە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە کاریگەری وشە لە داڕشتنی شیعردا وەکو تابلۆیەکی هونەری کێشراوەبە ڕەنگ و ڕووخساری گونجاو بە دیمەنەکە دەدات ، تاوەکو تابلۆیەکی هونەری بخولڤێنێت و سەرنجی بینەر رابکێشێت جگەلەوەش ئەمەش بەرەنجامی ئەو دەرخستنە یە کە باسی هەست سۆز و ئەندێشەی لە بابەت هەورامان و قەرەداخ کراوە ، ئەم وێنانەش پڕ بە سەردەم و لەگەڵ سەردەمدا گونجاوە . وێنە شیعرییەکان دەنگیکی نوێی بۆ ئەدەبی کوردی کێشاوە . واتا هەر لەم سۆنگەیەوە حاجی رەئوف سەلیمی بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەکە پێوەری وێنەی شیعری پەیڕەوکردوە.

هەروەها سەبارەت بەدەقێکی مەلا حوسامەدینی بۆکان دەڵێت :" دەبێ ناسک خەیاڵ بن و بە تەشبیە و مەجاز و کینایە و ئیستعارە ، هەستی خۆیان بێنە بەرچاوی خوێنەران بۆنموونە کەدەڵێت:

**لێوی لە علت جنێوی داوە بە من**

**رقی بنیادەمە ، منیش گەزتم )(3)**

---

(1) حاجی ڕەئوف سەلیمی زمان و ئەدەب گۆڤاری سروە – ژ ٣٧ ، ئینتیشاراتی صلاح الدین ئەییووبی – أرومییە – ١٣٦٨ ، بەرانبەر ١٩٨٩ ز ، ل١٢

(2) هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٢.

(3)هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٢.

یا خود دەڵێت :ـ

**بە سوغڕایی دەم و کـــــــو بڕایی چاوت مەتڵە بێکم بوو**

**بە سەد دەورو تەسەلسول هاتە پێش زولفی پەرێشانت** (١)

لێرەدا ئەو پەیامە دەخرێتە ڕوو کە جگە لە بیر و باوەڕ و عەقڵی لۆژێکی ، شیعر تێکەڵ بە خەیاڵی ناسک و لێکچوواندن کراوە ، چونکە ئەو وشانەی بەر گوێی خوێنەر دەکەوێت ئاڵۆز و دژوار نەبن، بەو مانایەی هەر وشەیەک مانای خۆی ببەخشێت ، ئاڵۆزی لە نێوان وشەکاندا دروست نەبێت .

گۆڤاری سروە ، ژمارە ٤٦ ساڵی ١٣٦٩ بەرانبەر ١٩٩٠ زاینی بابەتێک بە ناونیشانی (فرمیسکی لێڵ ) لە لایەن (باوکی تارا ) سەبارەت بە دەقێکی ئیدریس حوسێنی بڵاوکراوەتەوە دەڵێت:

" بەر لە داڕشتنی دیمەنێک لە شیعردا پێویستە شاعیر بۆ ئەو دیمەنە مەرجی ژیان و حەیات قایل بێ . دەبێ دیمەن زیندوو بێ . لە ڕوانگەی شاعیرەوە ، گیا ، گوڵ ، ڕووبار ... هەموو گیانیان هەیە . قسە دەکەن لە نێو بەستێنی شیعرەکە دا ژیانیان پێ دەدرێ ئەگەر شاعیر نەیتوانی بۆ ئەو وێنەیە لە زەمینەیەکی باش بۆ ژیان . مانەوە ساز بکا . لە چوار چێوەی شیعرەکەدا گیایەیەکان وشک هەڵدەگەڕێن ، گوڵەکان سیس و ژاکا و دەبێ و ڕووبارەکان لە جۆش و خرۆش دەکەون :

**فـــــــــــرمێسکی لێـــڵ**

**دڵـــــــــۆپێک فرمێسکی لێڵم**

**گەر بێمە خوار لە ڕووی خەمبار**

**ئـــــــــــەم دنیـــایـــە**

**بە سێڵاوی تورە و لێڵم دەشوێنم**

**هـــــــــــەر وەک ڕووبـــار**

**باخچـــــــەی بزە و گوڵی شادی**

**هــەر ئینـــــــــــسانـــێ**

**بە گۆمی لێـــــــــــڵی بێ ڕوحم**

**دەشـــــــــــەمزێنـــم** "(٢)

---

(١) حاجی ڕەئوف سەلیمی زمان و ئەدەب کۆڤاری سروە ، ل١٢.

(٢) باوکی تارا، ڕێنوێنێ ئەدەبی ،گ سروە ، ژ ، ٤٦ ، تهران خیابان، انقلاب ، نبش صبای شمالی طبقه دوم ، ١٣٦٩ بەرانبەر ١٩٩٠ ز، ل ٣٦، ٣٧ .

ڕەخنەگرەکە پێیوایە مەبەست لەدەقەکە ئەوەیە کە وەکو بەرهەمێکی شیعریی ، نەتوانراوە دیمەنی زیندو بە وێنە شیعرییەکان ببخەشێت . بەو مانایەی لە ڕێگەی کەرەسەی زمانەوە وشەی ( گوڵ ) ، ( خەمبار ) ، ( شادی ) ، ( فرمێسک) ، ( ڕووبار ) ئاوێتەی یەکتر بکات ، کەواتە ئەم جۆرە داڕشتنە ، گرفت بۆ بەرجەستە کردنی وێنەی شیعریی دروست دەکات، لە کاتی گواستنەوە گرفت بۆ هەست و بیر و خەیاڵ و زەینی خوێنەر ئاڵۆزدەبێت . جگە لەوەش دەقەکە ڕەگەزی شیعریی تێدایە دەکرێت لە مێشکی مرۆڤدا جێبگرێت و هونەری شیعریی پێکبهێنێت ، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە تێڕوانین و هەڵسەنگاندن بۆ دەقەکە وێنەی شیعرییە.

لە گۆڤاری سروە ، ژمارە ٤٩ ، ساڵی ١٣٦٩ بەرانبەر ١٩٩٠ ز بابەتێک بە ناونیشانی ( ڕەخنە لەسەر شیعریی خاک) لە لایەن ( محەمەد ساڵح سووزەنی ) سەبارەت بە دەقێکی محەمەد حەمە باقی بڵاوکراوەتەوە ودەڵێت :-

" وێنەیەکی جوانە و تەواو ماناکەی دڵی شاعیر دەگەیەنێ . ئیدی چ پێویستی بەوەی ناکا دیسان وێنەکانی خۆی شی بکاتەوە :-

**گەمارۆی گـــــوند و خەونیان دا**
**ساوایان لە کـارژۆڵە دا چەڵەکاند**
**دایکیـــــــــان ترســـــان**
**کچ و کوڕیان لــــــــە پەری خەو**
**لە باڵندە خەو ڕا پـــــــەڕاند "** [1]

بەڕای ڕەخنەگرەکە وێنەکان جوانن و تەواون ، ئەو مانایەی لەدەقەکەدایە دەقنووس گەیاندویەتی ، بەڵام ئەوەی زیاتر مەبەستێتی بخاتە ڕوو ، ئەوەیە کە لەدەقەکەدا وێنەکان دوپات دەبنەوە ، ئەمەش بە زیادە لە قەڵەم دەدات ، ئەگەر نەنوسرێت هیچ لە مانای شیعرەکە کەم ناکاتەوە ، واتا دەگەینە ئەو ڕایەی کە لە شیعردا کورت بڕی بکرێت نەک دوپات کردنەوە ، چونکە پێوەندی تایبەتی لە نێوان وێنەکاندا هەیە وەکو شێوەی زەینی ، جگە لەوەش بە مانایەکی دی وێنەی شیعریی نوێ و بوونی وێنەکان واتا وێنەی خەیاڵی یان دۆزینەوەی پێوەندیی نوێ لە نێوان دیاردەکانی سروشت و مرۆڤدا هەیە، بۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەکە پێوەری وێنەی شیعری بەکارهاتووە.

[1] محەمەد ساڵح سووزە ڕەخنە لە شیعریی خاک ، گ – سروە ، ژ ، ٤٩ ، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی - أرومیە ، ١٣٦٩ ، بەرانبەر ١٩٩٠ ز ، ل ٢٠-٢١.

**"جوامێر حەز ئەکا بچێتە بەر ئەو تـــــــــــــاقگەی نووری خوایـــــە**
**نووری خوا بەسەریا بڕژێ و ئەم لەبەریا بە ئەسپایی بتوێتەوە "[1]**

چونکـە شـیعرەکە وێـنەی جـوانی تێـدایە و سـۆزی تـایبەتی هەیە ، بەڵام دووبـارە دەیەوێت ئەوە بخاتە ڕوو کە لە شیعری کوردیـدا( دوپـاتکردنەوە ) واتـا( اسـهاب ) هەیە ئەم جۆرە دوپاتکردنەوەیە لای شاعیرانی کورد لەبەر چاو نەگیراوە.

لە کتێبی کاروانی شیعری نوێی کوردی ساڵی ١٩٨٠ کاکـەی فـەللاح دەڵێـت:"ڕەمـز لەلایـەن دیلانـەوە بـۆنی ئـەوەی لـێ دێ کـە سـەبارەت بـە بەشـداربوونی خـەبات و نـەدانی بەڵگـە و پاڵەپەستۆی هێزی تاریکی و ستەم نەیویستوە مەبەسـتەکانی یـەکالا بکاتـەوەو زۆرتـر بۆیـە خۆی بۆ ژێر سێبەری فێنکی ڕەمز کوتاوە تا لەو ڕێیەوە کەف و کـوڵی داخ و زوخـاو لافـاوی بیرو مەبەستی خـۆی بڕێژێـت و بحەسێتەوە،بەم ڕەمـز بەکارهێنانـەش چەشـنە هونـەرێکی ڕەنگین و رادەیەکی بەهرەدارانەی دیاری بەبەرهەمەکان گەیاندووە " .[2]

بۆیە دەڵێت:

**ئـــــــــەی پرچ پەڕەی سپی و نەرم**
**ڕۆمـــــــــــەت بـــــــلـــــــور**
**چاو سەرچـــــــاوی مەستی و شەرم**
**بـــــــــــریـــــــــــســـــــەی دێ**
**وەك کۆمـــــــەڵە ئالـــــــــــتونێکی**
**زاخـــــــــــــــــــــا و دراو**
**دەمـــــــــــــــــــــــی زەردت**
**ئەروانـــــــــێتە بریقـــــــــەی بەرو**
**بەقەدپاڵ و گردۆڵـــــــــــکە و هەرد[3]**

" لەم کۆپلەیەدا وێنەی نێرگزێکی پرچ سپی چاوپڕ لە شەرمی دەم ولێو زەرد ئەبینی ، کـە سـۆراخی بـای وەشـت ئـەکات و وێنەکـە لەچەنـد شـاویتەکردنێکی نـاواقیعی بـەواقیعی دروستکراوە لە ڕۆژی لێچوونەوە کە پەڕەی سپی پرچەو روومەت بلوورەو چاو سـەرچاوەی

---

[1]محەمەد ساڵح سووزە ڕەخنە لە شیعریی خاک ، ل٢١.
[2] کاکەی فەللاح ، کاروانی شیعریی نوێی کوردی ،بەرگی(١)، چ٢ ، چاپخانەی حسام، بغداد، ١٩٨٠، ل٢١٧.
[3]پەخشـان سـابیر حەمـە ، ڕەمز لەشـیعری هاوچـەرخی کـوردی کرمـانجی خـوارووی کوردسـتانی عێراقـدا (١٩٧٠-١٩٩١) ، ل٢١٦.

شەرم ودەمی زەرد ئاڵتونی زاخاو دراوە و بەتایبەتی (روانین ) کەلەڕووی هەستەو هی چاوەو شاعیر بۆدەمی بەکارهێناوەو گیانێکی تەواو زیندووی ، لە رۆژی دەربڕین و مەبەستەوە بەبەرئەم وێنەیە هونەرییەدا کردووە.." [1]

**" تۆ پرسیارت لەبای وەشتە**

**کاتێ گۆپکە**

**لێوی گرژی ئەبزوێنێ**

**کاتێ چرۆ**

**چاوی نووستووی ئەتروکێنێ**

**یا ئەرخەوان**

**خونچەی لێوی ئەنەخشێنێ**

**تۆ پرسیارت لە بای وەشتە**

**کەی ئەگاتە**

**بەهەشتی مێرگ**

**وەڵام نیە**

**هەرچی هەیە**

**وەك تەمەنی گوڵاڵەی سور**

**تیژ دێت و گورج تی دەپەڕێ" [2]**

لە چنینەوەی تێڕوانینەکانی کاکەی فەللاحەوە دەگەینە ئەو بۆچوونەی ، کە وێنەی شیعری لە زمانەوە دروست دەبێت ، بەوپێیەی کە بنەمای هونەری دەقی شیعری پێش هەموو شتێك زمانە، بەو مەبەستەی کە پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئەندێشەو وێنەدایە، چونکە سەرچاوەی وێنە ئەندێشەیە و وێنەش بۆخۆی پێکهاتەیەکی زمانەوانیە،کەلەناو دەقەکەدا وێنەکان لە چوارچێوەی زمان دا بەرجەستەدەبن .

لە کتێبی (چەند سەرنجێک لە پیرەمێردی شاعیر)، ساڵی ١٩٧١ لەلایەن (فەرەیدوون عەلی ئەمین) چاپکراوە، دەڵێت :- " لە شیعری پیرەمێرد لە ناو گوڵان دا بە پەنجەی خەیاڵ ئەوگوڵانە ئەگرێت و سەیریان ئەکات، تا تێرتێر بۆنیان ئەکاو بەو بۆنە مەست ئەبێ ، وا

---

[1] کاکەی فەللاح ، کاروانی شیعری نوێی کوردی ، ل٢١٨.

[2] پەخشان سابیر حەمەد ، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا (١٩٧٠-١٩٩١) ، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٢، ل٢١٧- ٢١٨.

ئەزانی ئیتر هیچی بیر نەماوەو هیچی لە خەیاڵا نییە گوڵی جوان و باخی رازاوە نەبێ ، بۆ هەرگوڵە وە سفێک ئەدۆزێتەوە کە وەک کاڵایەک وا بێ بە باڵای :-

**( گــــــــــــــوڵە بە ڕۆژە ) عاشقی تەواوە**

**ئەســـــــــــــوورێتەوە ڕووی لە هەتـــــاوە**

**" وە نەوشـــــــە )) ی سەرشین لە شوێن هەواران**

**گەردن کــــــــــــــــە چی خەم دووری نزاران**

**"لاو لاو )) عـــــــــــــــــــاشقی نەوبەر نەمامان**

**تێــوە دەئاڵێ سەرتا بـــــــــــــە دامــــــان "** [1]

ڕەخنەگرەکە پێیوایە دەقنووس بەو مانایەی لە ڕێگەی وێنەوە دەچێتە نێو جیهانی سروشتەوە ، وێنەش ڕەنگدانەوەی بارێکی دەروونی دیاریکراوە ، ئەوەی دەق مەبەستێتی بیخاتە ڕوو بۆیە ئەمەش خستنە ڕووی وێنە شیعرییەکانە کە ئاوێتەی زمانێکی پەتی و پڕ لە هەست و سۆزی دەروونە ، لەگەڵ ئەوەشدا وێنەی جوانی ڕەوانبێژی تێدایە لە جۆری خواستن .ئەمەش دەبڕین و نەخشاندن وتابلۆی دەقەکەیە.بۆیەلەم دەقەدا پێوەری وێنەی شیعری بەکار هاتووە .

لە کتێبی ( ووشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ) ساڵی ١٩٧٩، حەمە سەعید حەسەن دەڵێت:-" نائومێد نابین ئەگەر بۆ وێنەی نوێ سەرکەوتوو بگەڕێن لە ناو دیوانەکەی صلاح شوان دا ، زۆر جار بە یەک دوو ڕستەی شیعری یان پتر وێنەیەکی باڵا دەکێشێت لەو دیو شێوەیەکی هونەری بەرزەوە ، ناوەڕۆکێکی قووڵ بە دەستەوە دەدات . " تەنانەت هەندێ جار وێنەی وەهای کێشاوە کە دەتوانم بڵێم شتی تازەی خستۆتە سەر شیعری نوێ ی کوردی " بۆنموونە کە دەڵێت:

**لە هۆنراوەی بە ڕوونی لەبەر بارانی لەزەتدا**

**چ شـــــــــــــــــیعرێکە سووتێنراوە**

**وا ئەمشەو بـــــــــــۆ کرووز دنیای داگرتووە**

**لە هۆنـــــــــــــــــــــــراوەی پایزە بارانە**

**خۆشـــــــــــــــــــــم ئەوێیت و ئەزانم**

**چـــــــــــــەند زەوی ووشـــــــــــــکی پایزان**

---

[1] فەرەیدوون عەلی ئەمین – چەند سەرنجێک لە پیرەمێردی شاعیر – چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئیرشاد – بەغدا – ١٩٧١ – ل٤٠

**تا ســـــــەی دڵۆپێکی پاکی باران دەکات**

**ســـــــــــــــەد ئـــــەوەندە**

**دڵـــــــــــــــۆپ بە تاسەوە هانا**

**بۆ شەقاری سینگی ووشکی زەوی ئەبات )** (١)

ڕەخنەگرەکە پێیوایە هەستی جوان لە لایەک و لە دامەزراندنی پێکهێنانی بیر و سۆز لە لایەکی تردا لە شیعر نزیک دەبێتەوە ، لە هەمان کاتدا لە هەڵچوون و سۆز ونیگادا هاوکێشەیەکی هاوسەنگ ئامادە دەبێت وێنە شیعریەکان بۆ چەمک و گەیاندن و گوزارشتکردنی ڕاستەوخۆ دەگرنە بەر واتە ئەم دیاردەیەش لە ڕێگەی زمانەوە لە ناخ و بونیادی دەقە شیعرییەکەدا بوونیادێکی زیندوو دروست دەکات بۆ گەیاندن و دەربڕین چالاک دەبێت . بۆیە لەدەقەکەدا پێوەری وێنەی شیعریی پەیڕەوکراوە.

لە کتێبی ( ووشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ) حەمە سەعید حەسەن سەبارەت بەمارف ناسراو دەڵێت:-"لە خەیاڵی سەمای ڕەنگ و بزێوی ڕۆحی وشە وێنەیەک نیشان ئەدات کە هاوکێشەی شەپۆلەکانی رازیبوون و ڕەتکردنەوەی ناخ هاوسەنگ بکات .

دەڵێت:

**نـــــــــــــــەشمیل ، نەشمیل**

**بـــــــۆ نازانی دەریا زمانی هەناسەی**

**گیـــــــــای دەورو پشتی خۆی فێر بوو**

**ئەوانەی تۆ پێت ئەووتم ، لێت تێ ناگەن**

**ئـــــــــــەمـــــــــــــــڕۆ هەموو**

**زمانی باڵنـــــــــــــــــدەی ووشەی**

**ناو شیعـــــــــــــــــــرەکانم تێ دەگەن**

**تەنها هـــــــــــــــەر تۆ لێم تێ ناگەی**

**نـــــــــازانــــــــم بـــــــۆ ؟ "** (٢)

---

(١) فەرەیدوون عەلی ئەمین – چەند سەرنجێک لە پیرەمێردی شاعیر – چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئیرشاد – بەغدا – ١٩٧١ – ل٢٨.

(٢) حەمە سەعید حەسەن ، ووشەکان دەگەڕێتەوە مەداری خۆیان ، مطبعة علاء ، بغداد ، ساڵی ١٩٧٩ ل٤٣.

واته بەهۆی وێنەی شیعرییەوە ئەندیشەیەکی بەهێز دروست بووە، جگەلەوەش سۆز و ئەندێشەی شیعری لەخۆگرتووە، ئەمەش وایکردووە ببێتە کۆڵەکەیەکی گرنگ و سەرەکی زمان وبنیاتی هونەری شیعر .

حەمە سەعید حەسەن لە کتێبی (شیعر و هەڵوێست ) ساڵی ١٩٧٩ ، هەڵسەنگاندنی بۆ دەقی شیعری شێرکۆ بێکەس کردووە پێوەری وێنەی شیعری بەکارهێناوە.

" شیعر وێنەیەکی بگۆیە ، وێنە شیعرێکی بێ دەنگە ، وێنەی شیعری سەرکەوتوترین هۆیە بۆ گەیاندنی فکری شاعیر، شاعیری ڕاستەقینە دەتوانێت بە وشە وێنە بکێشێت ، وێنەیەک زرپ و زیندوو بێت ژیانی لێ بشکێ ، شاعیر ئەگەر ڕەنگی لەبەر دەستدا نیە ، بەڵام وێنەکانی ڕەنگدانەوەی سروشتییانەی ئایدیاکانێتی ، بە مامەڵە کردنی زیرەکانە لەگەڵ وشەدا دەتوانێت ڕەنگ ، سێبەر ، دووری ، نزیک ، بەرزی ، نزمی ، شادی ، خەم ، هیواو بێئومێدی وێنە بکێشێت :

**هێشتا شیعرم بەهارانە گوڵ بارانی**

**باڵای شاربازێڕی ئەکرد**

**لە تەوقە سەری چوارتاوە دائەنەوی و**

**کڕنووشی بۆ سوور کێو ئەبرد**

**بە کلوێچکی پەنجەی دابان**

**وەکو هەلاج هێواش ورد ورد**

**چاوی ئەستێرەی سیوەیل و گمۆی ئەڕشت )** [1]

ڕەخنەگرەکە بەووردی ئەوە دەردەخات کە لەم دەقەدا وێنەی هونەری خوڵقاندووە بە خستنە ڕووی جوانی سروشت لەناو دەقەکاندا، واتە ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە مرۆڤ پێوەندی ڕاستەوخۆی سروشت وکاریگەریەکانی گواستۆتەوە بۆ ناو دەقی شیعریی .

یا خود دەڵێت:ـ " ڕەمز هۆیەکە بۆ خۆ دەرباز کردن لە درێژدادڕی و ڕاستەوخۆی ، ئەوی ڕەمزێکی سەرکەوتوو لە وشەیەکدا دەریدەبڕێت ، نووسێنێکی ئاسایی ، یان شیعرێکی ڕووت و برسی بە چەند لاپەڕەیەک بۆیان ناگوترێ .

---

[1] حەمە سەعید حەسەن ( شیعر و هەڵوێست ) چاپخانەی ڕاپەڕین و سلێمان ، ١٩٧٩ ، ل٤٢.

**گـــــــــــــەر بە دەنووک کۆتری سپی**

**گـــــــــــــەڵا زەیتوونی بۆ هێنام**

**ئەگەر کـــــــــــــوردستان پێ کەنێ**

**ئازادی لەسەر لـوتکەوە خۆی نیشان دام )** [١]

واتە بەهۆی کۆمەڵێك هەل و مەرجی دژوارەوە ، پەنا بۆ زمانێکی خوازەیی دەبات، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەمز و هێماوە ، لەشیعری نوێدا ئەم خەسڵەتە دیار وبەرچاوە.

دکتـۆر عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـوڵ لە کتێبـی ( شـێخ ڕەزای تاڵەبـانی)، کـە لە سـاڵی ١٩٧٩ چاپکراوە دەڵێت:- " هەر وێنەی ئەو شێخەیە کە شێخ ڕەزا بەو پەڕی گاڵتە پێکردنەوە ڕووی تێ کردووە ، دەڵێت :-

**لازمە بۆ شـــێخ سبەینان گورگە خەو**

**تا بڵێــن شێخ عابیدە و نانوێ بە شەو**

**بێ گومان ئەم چەشنە وێنەیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا شتێکی تازە نی یە . )** [٢]

ڕوانینی ڕەخنەگرەکە ئەوە ئاشکرا دەکات کە لەم دەقەدا زادەی بیـرو شـێوەی گـاڵتە ئامێزی خۆی پێی دەڕوانێت ، لێرەدا پێچ و پەنا نازانێت بە ڕەوانی ڕاستـیەکان دەردەخـات ، ئەمـەش ئەفرانـدن و هـونەری ئەم جـۆرە وێـنە و وشـە دەربڕینیـانە بنـاغەی خوڵقانـدن و ئەفراندنە. بۆیە لەگەڵ فراوانی هەمەڕەنگی دیمەنەکانی ژیاندا جیا ناکرێنەوە ، بۆیە دکتـۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەکە پێوەری وێنەی شیعری بەکارهێناوە .

مەدهۆش دەڵێت:

**" لە شوشەی دڵ شەرابی ئاڵی بۆ تێکەم لەبەردەمیا**

**لەسەر سینی لەگەڵ گۆشت و کەبابی جەرگی برژاوم**

**نەسیم لەو باخەوە بهێنە بۆنێکی گوڵی یارم**

**هۆزاری مات و بێ دەنگ بۆم ، بە نەشئەی تۆیە جوڵاوم**

**لەبەر دەرد و مەراقی ئەو دەمێ ژیر و دەمێ شێتم**

**دڵم خاڵی نیە ساتێ ، لەبەر ئەم بەزمە خولقاوم**

---

[١] حەمە سەعید حەسەن ( شیعر و هەڵوێست ) ، ل٤٤.

[٢] دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، بەغداد ، چاپخانەی عەلاء ، ١٩٧٩ ل٥٦ ، ٥٧

یان لە شیعری ( لە گریانام ) دا دەڵێت:-

**لە عەشقی خاڵی لێوانت بە قـــــوربان من لە گریانام ،**
**بە شوعلەی کوڵمی ئاڵت هەر وەکو زولفت لە سوتانام**
**ئەزانی من بە دەوری کوڵم و زولف و گەردنـــــی تۆدا**
**وەکو بلبل دەخوێنـــــم ، تا لە باخی شێوە جوانا نام**
**بە گیان و مـــاڵەوە قوربانی باڵات بم ، ئەڵێی سەروە**
**هەواڵم گـــەر دەپرسی من لە باوی عەشقی جارانـام**
**لە سایەی یادی لێوی پڕ لە خەندەی تۆوە سەر خۆشم**
**بە خۆشی چاوی تۆوە بێ خەمم دایم لە ســـەیرانـــام**
**لە خۆشی و شادی و بەزما ، ئەگەر چی من لە دڵتـــا نیم**
**لـــــە ئێش و دەردو گریانا ، هەتا مردن لەگەڵتـــانـــام "[1]**

بە ڕوانینی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دانانی شیعر و پەیڕەوی شاعیر دەردەکەوێت ، لە پێشدا ویستویەتی بە شێوەی کێشی عەرەبی و بابەتی کلاسیکی وەک شیعرەکانی نالی بێتە مەیدانەوە .

واتە بەم پێیە دەبینین دەسەڵاتێکی باڵای هەیەلە وشەداڕشتن و شێوەی دەربڕین و ڕازاندنەوەی مانادا . جگە لەوەش بە شێوەیەکی ناسک و پڕ سۆز مامەڵە لەگەڵ کەرەستەی شیعردا کراوە .

لە کتێبی ( لە بانێژەی شیعرەوە ) ساڵی ١٩٨١ دا چاپکراوە محمود زامدار دەڵێت:-
لە( وێنە شیعر ) تەنیا ئەو ووردەکاری یە نیە ، کە بۆ وەسف و بۆ هونەری وەسفکاری ئەسازێزێت ، کە شاعیرە کە لە واقیعەکەی خۆی هەڵئەهێنجێ وئەیکا بە (وێنە) و ڕەنگی بۆ ئەڕێژێ ... چونکە ساتوسەداو پڕ لە پەژارەی شاعیر . ساتو سەداو تێکچڕژان و ترشانێکی روکار میکانیکایانە کرد نیشانەی توتیانە نییە وبێگومان وێنە شیعر و بزۆز ، زادەی وشە لە نێو ئاتوونی ئازار و عەشق و زامەکانیەوە سەربە جیهانی ناخی مرۆڤە"[2] .

هەر بۆیە مەحمود زامدار دەیەوێت بەراورد لە نێوان دوو دەنگدا بکات ، دەنگی یەکەم ( سعد الله پەرۆش) ە ، دەنگی دووەم ( ئەنوەر جاف ) ە لە ڕووی وێنەی شیعریەوە لە

---
[1] دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، ل١٢٣ - ١٢٤.
[2]محمود زامدار ، لە بانێژەی شیعرەوە ، طبع بمطبعة جريدة العراق ، بغداد ، ساڵ ١٩٨١ ، ل١٤ .

دەنگی یەکەمدا دەردەکەوێت دەقەکە بە سۆزێکی وێنەی شیعری داڕێژراوە، بەڵام لە دووەمدا دەردەکەوێت وێنەی شیعریی زۆر بە هێمنی بە گیانێکی درامیانەی سەر بە سروشت لە دایک دەبێت . وەک دەڵێت:-

**وەرن فـــــــریـــــــام کـەون وەرن**
**فریشتەکانی یادگاری شەش حەوساڵەی بەر لە ئێستام ،**
**خێـــــرا بگەن بە بـــــارەگەی دورە شاری فەرامۆشیم ،**
**وەرن ئەمشەو ، خـــــــێڵە ساتی کۆچەری دڵەی غەریبم**
**کۆچ و کۆچباری بێکەســـــــی و غەریبی لێک ئەنێ و ئەڕوا..**
**دە خـــــــــــــێرا دەی دەروێشەکانی دەفژەنی**
**بـــــــیرەوەری هـــــــەڵاو گـــــــرتـــــــووم**
**دەقـــــــــی ژانی مـــــوچر کاوی ، لە تەکیەی گیانی وێرانی**
**نــــــامــــــرا دیــــــمان لــــــێ بــــدەن**
**ئــــــەوا شێــــــخی دڵــــــی سەرخۆشی عەشقیشم**
**لــــــەگــــــەڵــــــتــــــانــــــە**
**لــــــە کــــــۆڕی زیــــــکــــر و حاڵ دایە .. "** [١]

ڕەخنەگرەکە پێیوایە دەقەکە لە دوو ڕوانگەی جیاجیاوە وا دەبینێت ، دەنگی یەکەم هەڵچوونی پڕ لە ڕاچەنینی هەست و سۆزی دەروونە ، چونکە هزر کردنی پڕ لە هەست و خورپە و تاسەی دەقەکە پێوەندیەکی بەتینی بە ناخی مرۆڤەوە هەیە. یاخود دەڵێت:-

**جــــار جار کەژێ دەمی تینــــــــووی**
**بۆرومەتی ڕوبار ئــــەباو هەر پــــــــێ ی ناگا**
**دوای ئاوڕ لە کانیاوی سەر سینەی خۆی ئەداتەوە**
**کانیــــــــاوەکان کیژۆڵەی سرت و بزێــــون**
**پێئەکەنــــــــــن ، لە ژێر دەستی ڕائەپسکێن**
**ئــــــــــــــــــەڵێن ئێمە :**
**دڵۆپ دڵۆپ ، ئەبین بە شیریـــــــــنی ڕووبار "** [٢]

---

[١]محمود زامدار ، لە بانێژەی شیعرەوە ، ل١٩.
[٢]هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢١

هەروەها لە دەنگی دووەمدا وەک دیالۆگ ( من ) ی جێناوی کەسی سەربەخۆی تاک قسە دەکات ( ئێمە ) ی جێناوی کەسی سەربەخۆی یەکەمی کۆ وەڵام دەدەنەوە بەوەی تێکئاڵانی دیالۆگ و سروشت سەفەرێکی دۆستانە یە لە باوشی یەکدا دەنون ، بۆیەدەردەکەوێت لەدەقەکەدا زۆر بەوردی تەکنیک بەکار هاتووە ، لە هەمان کاتدا ڕەگەزی سروشت بە دیاریکراوی ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ دەربڕینی هەست و ویژدانی دەقەکە بە تەواوەتی بە خەیاڵی تەڕ و ئاواز و چینەوەی ووشەوە لە ڕوانگەی زمانی دەقەوە ئاوێزانی سروشت و وێنە بووە ، بۆیە مەحمود زامدار پێوەری هونەرەکانی وێنەی شیعری بەرجەستەکردوە .

کەریم شارەزا لە کتێبی (نالی وزمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی) ساڵی ١٩٨٤ دەڵێت:-
"لەو کاتەی کە وەسفی زوڵف و چاوە نێرگزەی یەکەی ئەو یارە شیرینەی دەکات ، دەبینین چەن هونەرمەندانە ئەم چەند دێرە شیعرەمان بۆ دەرێژێ .

**لە سایـــــــــەی کوفری زوڵفت دڵ ( فنافی النور ) ی ئیمانە**

**مەڵێن زوڵمـــــــــــەت خراپە وەصڵی پەروانە لە شەو دایە**

**هەناسەم زوڵــــــــــفەکەی لاداو مەیلێکی نــــەکرد چاوێ ،**

**نەسیم ئەنگوت و شەو ڕابردو و نەرگس هەر لە خەودایە** " (١)

ڕەخنەگرەکە پێیوایە دەقنووس وەسفی یارەکەی و دەربڕینی هەستی خۆشەویستی دەردەخات ، چونکە زمانی دەقەکە ڕیتمی مۆسیقایە لە هەمان کاتدا زمان دەبێتە سەر ڕیتمی قسە کردن بۆ ئاخاوتن و دروستکردنی وێنەی شیعریی ، هەمیشە جوانی تێکەڵ بە گیانی مرۆڤ دەکات ، بە خەیاڵی قووڵی سەر مەستی نەشئەی بۆن خۆشی شەوبۆی زوڵف و یار. بۆیە پێوەری وێنەی شیعری پەیرەو دەکات.

یاخود دەڵێت:-

**زولفت کە لـــــــــــەسەر ڕوو بەخەم و تابشە ئەمڕۆ**

**دوودی ســــــــــــیەهی عوودە لەسەر عاریزی پشکۆ**

**شەو بۆی ســــــــــــەری سونبولی زوڵفی لەسەری دام**

**ئێستەش سەرەکەم مەستە لەبەر نەشئەی شەوبۆ** ) (٢)

---

(١) کەریم شارەزا ، نالی و زمانی یەکگرتووی کوردی ، دار الحریە للطباعە ، بەغداد ، ١٩٨٤ ، ل٣٤.

(٢)هەر ئەو سەرچاوەیە ،، ل٣٥.

له كتێبی ( له بارەی مەحوی لوتكەوە) ساڵی ١٩٨٦ له لایەن عەبدوڵلا عەزیز خالد ، بڵاوكراوەتەوە .

دەڵێت :- " وەک ئاشكرایە شیعرێكی ( مەحوی ) زۆرتر له ڕووی قووڵ بونەوەی مانا و داڕشتنەوە ، ڕێچكەی بابەتی وردەكاری و سفت و سۆڵیی و چنین و پتەوی ئێجگار زۆرە .

**ئەرێ دڵ بێ شەرابی لەعلی گوڵ ڕەنگت له گوڵ چبكا ؟!**

**كه جیلوەی گوڵ له گوڵشه ندا نەبێ ، بولبول له چڵ چبكا ؟! "[1]**

عەبدوڵلا عەزیز خالید له ڕووی ڕەوانبێژییەوە له دەقەكانی ڕوانیوە ، وێنه شیعریەكه له ڕووی ڕەوانبێژییەوە خواستی دركاوی دروستكردووە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كه سەرچاوەی باوەڕ بەخۆ بوون و خوڵقاندن و بەرهەمی جوان بووە له پێناوی دەرخستنی پاراوی و نرخ و بەهاداری دەقه شیعرییەكان .

لەلایەكی ترەوە محەمەد ساڵح دیلان :- دەڵێت :- " شیعری مەحوی چەكوش كاریە ، قورسە ، داخراوە ، ئەبێ زۆر لێ ی وورد بێتەوە ، ئەبێ تەماشای كتێبی بۆ بكەی ، له شەرحەكانی و حدیث و تفسیری قورئان و دیوانی شاعیره گەورەكانی فارسی " شارەزای بێت ، شەوێک تا شەو زرەنگایەوە خەریكی مانا لێكدانەوە بووم :-

**گوڵ و لالەی كەژو كۆ .. كۆ هكەن دێنێتەوە یادم**

**كه خوێنی نا هەقی ئەو مەوج ئەدا ئێستەش له كێو و شاخ )[2]**

محەمەد ساڵح دیلان له ڕووی ڕەوانبێژییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەقه شیعرییەكانی كردوە ، له ڕووی ڕەوانبێژییەوە وێنه شیعرییەكه دركەی یەک بوون یان هاوگیرییە ، واتا وێنەكه وێنەیەكی هونەری ناڕاستەوخۆیە . بەم جۆرە قووڵی مانا و ئەفراندن له بواری ڕەوانبێژی كوردیدا دەردەخات .

له كتێبی (كاروانی شیعری نوێی كوردی) ١٩٨٧ (كاكەی فەللاح)، سەبارەت بە شیعرەكانی گۆران دەڵێت:- " سروشت، بە تایبەتی سروشتی كوردستان، بە هەموو تەلیسمێكی جوانی و كەم هاوتاییەوە، ئافرەت بە هەموو پڕشنگە دیار و نادیارەكانی جوانی و شۆخییەوە، وای لێكردبوو، هەر شیعرێكی وتبێت له دنیای ڕۆمانسییانەدا وێنه و تابلۆی كەم وێنەی شیعری كوردی بێت:-

---

[1] عەبدوڵا عەزیز خالید – له بارەی مەحوی لوتكەوە – چاپی یەكەم – مطبعة سومر – بغداد ، ١٩٨٦ ، ل٦٩ ، ٧٣.

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ٨٩ - ١٠٤

**خۆم بـــــــه خۆم ئەڵێم ! یاران من چیم کرد**

**بۆ چ عـــــــومری جوانیم وەک پیر بەسەر برد**

**منیـــــــــــش لە دایکی تەبیعـــەت زاوم**

**بۆ چ کـــــــــــــردەوەی ئەو نابینـــێ چاوم**

**منیش لە مـــــــــــــەوپاش وایە بڕیـــارم**

**تیـــــــــــشکی خۆر بێ لام ناز خەندەی یارم**

**تا گـــــــــــــەرمایی ژین ماوە شادی کـەم**

**ئیـــــــــــــتر واز بێنم لە ئاشنای خەم " [1]**

تێڕوانینی ڕەخنەگرەکە ئەو راستیە ڕوون دەکاتەوە، کە سروشت وجوانی ئافرەت لەدەقەکەدا ئەوەندە کاریگەری بووە بەو ژینگەیە تەنانەت مۆرکی ئەو ژینگەیە بە شیعرەکانیەوە دیارە و جیاوازە لەگەڵ هەر دەقێکی دی ، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سروشتی کوردستان و ئەو ناوچەیە جیاوازانەی پێیدا گوزەری کردوە و تێیدا بۆتە سەرچاوە ، لەگەڵ ئەوەشدا سروشت و جوانی ئافرەتی ئاوێزانی یەکتر بوون ، وبووە بە وێنە و گەوهەری بریقەدار. لەم ڕوانگەیەوە بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەکە پێوەری وێنەی شیعری بەکارهاتووە.

---

[1] کاکەی فەللاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی ، بەرگی یەکەم ، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٧، ل ٣٩، ٤٠

## پـــاژی سێیەم: ئـــــاوازی شیعـــریــــی

ڕیتم(Rhythm) لەزمانی عەرەبیدا:(زمانی ڕوودانی دەنگی دەسکەجۆنی (ئاوەن) ەکان ، ڕیتم ، ڕیتمی ئاواز و گۆرانییەوئاوازی مۆسیقای لەنێوانیاندادروست دەکات)[1]

ڕیتم لەنێوان کێش وئاوازدا،گونجاندن پەیدادەکات،هەروەك (سەجل ماسی) ڕیتم وکێش بـەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە، کاتێـك دەڵێـت:(شـیعرلەلای عـەرەب گوتـەی کێشـدار وهاوسەنگە،بۆدانەریش ئاخاوتنێکی پڕ لە ئەندێشەیە) [2]٠

داڕشـتنی ئـاواز، لەزانسـتی مۆسیقاشـدا:( کۆمـەڵـە بڕگـەیەکە،چەنـدکاتێکی دیاریکراو،کەهەریەکـــەیــــان توانســــتی ســــووڕی هـــەبێت بـــە یــــەکیان دەبەستێتەوە،لەتەرازووکردنێکی تەواوداهەمووکاتەکان وسووڕەکان یەکسان دەبن" [3] .

**ئــــاوازی شیعریی:**

"ئەو ڕووپۆش و وتارو قاڵبەیە، کە تێکستی ئەدەبی تیایدا دەمەێیت وخۆی تیادا پێشکەش دەکات، ئەمەش لەگەڵ مەبەست ناوەرۆکدا لە گۆڕانێکی بەردەوامدا دەبێت و تـەعبیر لـە ئـەزموون و تاقیکردنـەوەی شـاعیردا دەکـات ، لـەبار و دۆخ و سـەردەمێکی دیـاریکراودا، یەکـەم ئاکاری رووخساری شیعریی لای هـەر شـاعیرێك لەسـەرەتادا زمـان و دەربڕینەو ئەنجا لایەنی تەکنیك و فۆرمی ئەو دەربڕینانەیە، کە ئـەزموونی شـاعیری تێدا بەرجەســتە دەبێـــت و خـــۆی لـــە هۆنراوەکـــانی کـــێش وقاڵبـــەکێش وســـەرواوە دەدوزێتەوە". [4] .

نیشـانەی ئاشـکرای هـۆنراوەش ئـەو ئـاوازە رێـك و ڕەوان و دڵکێشـەیە، کـە لێیـەوە هەڵئەستێ ، جا ئەو ئاوازە لە خودی تاکە تاکی وشە هەلبژاردەکان بپژێ ، یا زادەی ئەو رێخت و دارشتن و لێکگونجاندنەی وشە تێکهەڵکێشراوەکان بێت کەبەسەر هەست و سۆزی تەقیوی دڵی هۆنەردا رژاوەو کەفو کوڵی ئەو سۆزەی لەناخی دەروونەوە دەرهێنراوە."[5]

---

[1] د٠احمد مطلوب، معجم النقد العربي القديم، ص ، ٢٥٧ .

[2] أبومحمدالقاسم السجلماسي، المنزع البديع في تجنيس اساليب البديع، تحقيق: هلال الغازي،ص ،٢٨١ ٠

[3] محمد الفتوح احمد ، ظاهرة الايقاع في الخطاب الشعري(مقال) ،موقع الايلاف، ٢٠١٨، ص ١٦٠ ٠

[4] د. عوسمان دەشتی ، لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢ ، ل١٢٢.

[5] عەزیز گەردی : ئەدەب و رەخنە، چاپخانەی الحوادث ، بەغداد، ١٩٧٤، ل٦٩.

هەر لەو بارەیەوە (دکتۆر کامل بەصیر) دەڵێت:( ئاوازی هۆنراوەی ناوخۆیی واتە( الموسیقى الشعرية الداخلية)، کەلە پێوەندی نێوان وشەو دەربڕین ورستەکانی هەڵبەستەکەوە هەڵدەقوڵێ و شوێنەواری چۆنیەتی دەنگەکانی ئەم ڕەگەزە خۆرمیانەیە).[1]

(مەبەست لەئاواز مۆسیقای دەرەوەی هۆنراوەیە کە پابەندی کێشە وەکو رەگەزێکی سەرەکی بنیاتی شیعریی و هەرئەویشە کە نەزم وئاهەنگێکی چێژبەخشی و دڵپەسند لەدەرونی مرۆڤدا بەرپادەکات ، ئەنجا بەو هۆیەوە ئاوازی هۆنراوە دەبێتە دیاردەیەکی دڵکێش کە گیان بەبەر وشەو دەستەواژەکاندادەکات،ئەوەندەی ترماناومەبەستەکانیان بەرجەستە دەکات)[2]

لەمیانەی ئەو پێناسانەدا راستەخۆدوولایەنی گرنگی هۆنراوە بەدیدەکرێت:

**یەکەمیان:** هۆنراوە دەربڕینی هەست وگیانی کارتێکراوە کە شاعیرە.

**دووەمیان:** رازاندنەوەی ئەو دەربڕینە یە لە ئەندێشەو خوازەی رەنگاو رەنگەوە ، ئەمە جگەلەوەی کە دەستنیشانی ئەوتایبەتیە گرنگیەش دەکات ، کە ئەو دوولایەنە ئەنجامی دەدەن ، ئەویش تایبەتێتی هەست ودەروون هەژاندنە. لەگەڵ هەمووئەوانەشدا ئاگاداری ئەوەش بووە کەئاوازیش رەگەزێکی سەرەکی هۆنراوەیەو ، ماهیەتی هەقیقەتی وەزن و قافیە ئاهەنگە و جوانیش بەئاهەنگ دێتە وجود.[3]

هەرئەو هەست و سۆز دەربڕینەی کە بنەمایەکی دیاری چەمکی هۆنراوەیە لای شێخ نوری لەلای رەخنەگرێکی تریشمان بەدی دەکرێت کە بەناوی (سیاپۆش)ەوە ، نووسینەکانی بڵاوکردۆتەوە ، دووبارە بەلای( سیاپۆش)ەوە ، هۆنراوە گەوهەری ئەدەبیاتەو شیعر تەرجومانی دڵە. چی بەدڵا بێ ئێش وئازار و دەردو خەفەت و هیواو نائومیدی ، شین و شادی ، شیرینی و تاڵی ... لەواتەی رێك و پێك لە شێوەیەکی دڵگیردا بۆ دەردەخات کە هەموو کەسێك لەدەمی خوێندنەوەیدا شێوەیەکی دڵی خۆی تیائەنوێنێت. هەروەها بەلایەوە شیعر وەك ئەڵێن وتنێکی وەزنداری قافیەدارە، بەڵام ئەبێت بزانین کە وتە لەشە ومەعنا گیانیەتی، لەوانە رێك وپێك مەعنای بەرزو بڵند بەشیعر پەیدا دەبێت. ئەوەی لێرەدا و لەسەرجەمی باسە رەخنەیەکەی (سیاپۆش) دا دەبینرێت ، ئەوەیە کە بەڕەگەزی کێش و

---

[1] د.کامل حسن عزيز البصير: ڕخنە سازی مێژوو وپەیرەوکردن، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٣،ل١٩٣.

[2] دڵشاد علی،بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چ١، چاپخانەی رەنج ،سلێمانی ، ١٩٩٨، ل٨٧.

[3] هەرئەو سەرچاوەیە، ل١٦.

سەروا قایل نابێت و داوای رەگەزی تر لە هەستیارە کوردەکان بۆ بنیاتنانی هەڵبەستەکانیان دەکات و ئەو رەگەزەش کە ( سیاپۆش) داوای دەکات کەم وزۆر پێوەندی بەچەمکی هۆنراوەوە هەیە، لەرێبازە رۆمانسیەکەیدا، بەو پێیەی لەپێناسەکردنی هۆنراوەدا، راستەوخۆ، ئاوڕ لە بیرو ڕای (شیلی) دەداتەوەو، دەڵێت:" شیعر وەکو شیلی دەبێت وێنەیەکی ژیانە لەراستی ئەزەلیەوە ، وەرگیراوە،ئاوێنەیەکە ناشرینی تیاجوان ئەبینرێت".[1]

بەڵام ئەوەی لێرەدا سەرنج رادەکێشێ کە (سیاپۆش) زیاتر ئاوڕ لە بیرە گەشبینیەکەی ئەو رێبازە دەداتەوەو چەمکی شۆرشگێڕییەتەکەی وەردەگرێت، واتە ئەو چەمکەی کە بە رۆمانتیکی شۆڕشگێڕانە دەناسرێت.

و"یەکێك لەرواڵەتەگرنگانی فۆرمی شیعر مۆسیقایە،" مەبەست لە مۆسیقای شیعر ئەو ئاواز وئیقاعانەیە لەئەنجامی تێکچرژانی ئەو وشەو دەنگ وێنانەوە پێکدێن ، کە ئەبنە چوارچێوەیەك بۆ بیر و هەستی شاعیر، ئەمەش زیاتر لە چێژدا خۆی ئەنوێنێ، کێش ئەو ئاواز مەبەستە شیعرییەی پێ لە نوسنێکی تر جیائەکرێتەوە، ئاشکرایە سەرچاوەی مۆسیقای شیعر دەنگەکانی سروشتە کێشیش هەوێنی شیعرە).[2]

ئاواز و ریتم لەدەقی شیعریدا کاریگەری راستەوخۆ لەسەرهێزی سستی و جۆری توێژینەوەکەیە، چونکە هیچ دەقێك بەبێ ئاوازە نابێت ، هەروەها ئاوازەکانیش کاریگەری و جێکەوتەی خۆیان هەیە، لێرەوە شاعیر وایکردووە بەوردی و بەشێوەیەکی دیار بەکاری بهێنێت.

## پێوەری ئاوازی شیعری :

لە گۆڤاری بەیان ژمارە(٥٩) سالی ١٩٨٠ ، بابەتێك بەناونیشانی( زمان لە شیعری هێمن دا) لەلایەن محەمەد ئەمین محەمەدەوە بڵاوکراوەتەوە کە تێیدا دەڵێت :( لەم کۆپلە شیعرانەدا لە ڕەنگ و ڕوخساردا لە مۆسیقای ناوەوەی سەختییەك بەدی دەکرێت لە هەمان کاتدا حەز لە خوێندنەوە و بیستنی دەکرێت و، وشەکان لە دەربڕینی سۆزدا، بە هەستێك دەخزێنە ناخەوە ): وەك دەڵێت:

**بـــــابا تاهیر منیش دەڵێم وەکو تۆ**
**ئاخ لەدەست دیدە وای لە چەنگی دڵ**
**دڵی جوانی پەرست وچاوی هەوەس**
**شـــەو هەتا ڕۆژ بەمن دەدەن گینگڵ**

---

[1] دڵشاد علی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل٣٣-٣٤.
[2] ئەنور قادر محمد، رۆژنامەی هاوکاری ، ژ ٢٧٦ ، ١٩٧٥، ل٣.

وەک دەڵێت:

**کە ڕێــک دەگوشم پەنجەی نــەرم**

**لـــەشی ســڕم دەبێ گـــــەرم )** [1]

یان دەڵێت:

**کێ دەزانێ بە شەو لە من چی دەکا**

**ئەو خەیاڵــە پەشێــوو و ئاڵۆزەم !**

**کێ دەزانێ کــە چــم بــەسەر دێنێ**

**ئـــەو دڵە پڕ بڵێســـــە و ســـــۆزم )**[2]

واتـە بـەکارهێنانی وشـەکانی نـەرم ، گـەرم، ئـاڵۆز، بەسـۆز، لـە ڕووی ڕەوانبێژییـەوە دەچێتە نێو بازنەی بابەتەکانی رەگـەز دۆزی و خواسـتن و ئامـاژە بەهاویـەك كردنـی ڕیـتم و دەنگ و یەکگرتنی سەروا، کە دەرئەنجام وێنەیەکی شیعری و ئـاوازێکی ریتمـی مۆسـیقایی بەرهەم دێنێت، پێمان وایـە ڕەخنەگرەکـە وەکـو پێویسـت ئامـاژەی بـەم لایەنـە نـەکردووە ، چونکـە مەسـەلەی وشـە لـە زمانـدا گرنگـە بـۆ دارشـتنی شـیعر ، جگەلـەوەش لـە رەنـگ و ڕوخساردا، لە مۆسیقای ناوەوەی وشەکاندا لە دەربڕینی سۆزدا ، ئاواز بەدیدەکرێت.

لە گۆڤاری بەیان ژمارە ١٣ ساڵی ١٩٧٤ بابەتیک بەناونیشانی (ئەسیری شاعیری شەیدای کوردسـتان) لەلایەن (کەریـم شـارەزا) بڵاوکـراوەتەوە .دەڵێـت:- (لە گوڵشـەنی دەورووپشـتی هەوارگەی خۆیەوە دەست پێدەکات و لە ئـاوی جـۆگە و رووبـارە شـیرینە سـازگارەکانییەوە ئەدوێ، وەک نیگارکێشێکی بەهرەوەر تابلۆی نیگارەکەی بە گیانی شینی بەهار و شەتڵی بۆن خۆشـــی لالە و بنەوشـــە و نەســـرین و ســـومبول و یاســـەمین و سۆســـەن و ژاڵەی ئـــاڵ دەڕازێنێـتەوە و جـوانی ئەم دیـمەنە جوانـانە تـێکەڵاو بە ئـاوازی خـوڕەی ئـاوی قەڵـبەزەی خۆشتر لە دەنگی عود و ساز دەکات :

**دەوروپشتی خانوو جێگەی هەوارم گوڵشـــەنە**

**ئاوی جۆگە و گوڵ و ڕووبارم شیرینە و ڕەسەنە**

**گیای بەهاری مێرگ و دامێنی چیا و کێـــــوی من**

**نەرگز و لالە و ترنجۆک و بنەوشە و رەیحـــەنــــە**

**لێوی جۆگەی خورەم و زۆر ساف و سمین دلبەرم**

---

[1] محمد امین محمد، زمان لە شیعریی هێمن دا ، ل ١٢.

[2] هەرئەو سەرچاوەیە ، ل ١٢

**ژاڵە و نەسرین و سومبول ، یاسەمین و سەوسەنە**
**دەنگی خورەی ئاوی ژێردارم بەسەر بەرد و و پــەلا**
**خۆشترە سەد جار لە دەنگی عود و ساز و دەندەنە)[1]**

لــە تێڕوانینـــی ڕەخنەگرەکـــەوە دەردەکـــەوێت دوو ســـەرچاوەی لەبـــن نەهـــاتوودا هەڵدەهێنجرێت سروشت و خۆشەویستی کوردستانە ئەفسونی خۆی لەگەڵ هەست و نیازی دەروونی خوێنەردا تێکەڵ دەکات ، سروشتی هەڵقوڵاوی هەست و سۆزی  و دەنگی دلێری و پرشنگی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری بەسەر هەموو دەشت و چیاکاندا بڵاوبوونەوە ،پێمـان وایــە ئــەو دیــمەنە جــوان و دڵفرینەکـانی ڕازاوە و پــڕ لە وێــنە و ئــاوازی مۆسـیقا تـێکەڵ بەیەککردووە، بۆیە لێرەوە کەریم شارەزا ڕوانینی بۆ دەقەکە ڕوانینی ئاوازی شیعرییە.

لە گۆڤاری بەیان ژمارە ٤٩ ی ساڵی ١٩٧٨ بابەتێک بە ناونیشـانی(لەو شـیعرەوە هەنگاوێـک بەرەو ڕەسەنایەتی ) لە لایەن ئازاد عبدالواحید بڵاو کراوەتەوە .

سەرەتا نوسەر ئاماژە بە شیعری (لاژە)ی محەمەد حەمە باقی دەکات و دەڵێت:-

"ســـەرتاپای شـــیعری ( لاژە ) وەکـــو ســـێبەری درەختێـــک ( بـــا ) بـــات و بیهەژێنـــێ ، لە جوڵانەوەدایە.. بەڵام لە ڕوانگەی چەمکە مادديەکەی مێژوو - وە نەبێ چــووبێتە دەر ، هەروا گۆترە باسی غەیبیات بکات .. چونکە سێبەرەکە ، سێبەری شـتە ماددیەکـانی بەردەسـتمانە .. ئەو جــوڵانەوەیە وەکـو بەردەوامــی وڕەی ئــاوی ڕووبـار ، بەردەوام دەمێنێــتەوە یـان وەکــو جــوڵانەوەی ســەمایەکی - بــاڵی - دێــتە بەرچــاو لە شــێوەی بــاڵە فــڕێ ، لە بەرز بــوونەوەو هەڵنیشــینە .. ئەم جــوڵانەوە بەردەوامەش لە واقعیــەوە دەســت پێــدەکات بــۆ هــاواری دوای ڕۆژێکی گەشاوە. وەک دەڵێت:-

**ڕەنگت لە ڕەنــــــــــــــــــــــگی ئاو ئەچێت**
**لە نزیکا کە ئـــــــــــەتبینم ، هەموو دنیات تیا ئەبینم**
**کە دووریـــــــــــــــــش ئەکەویتەوە ، دەریایەکیت ،**
**شـــــــــــــــــــــــــین ئەنوێنێ**
**ســــــــــــــــــەوز ئـــــــــــــەنوێنێ**
**بۆیە هەزاران کیشوەری ، خۆزگە و تاسەی دیدە نیمت تیا**
**ئـــــــــــــــــــــــەخنکێ و نایان بینێ**
**ئەڵـــــــــــــــــــــێ ی ئەو بازنی عەشقەیت**
**بە منالی ، کـــــــــــــــــراویتە مەچەکی بارێکی ڕۆحم**

---

[1] کەریم شارەزا، ئەسیری شاعیری شەیدای کوردستان ،گ- بەیان - ژ ١٣ ساڵی ١٩٧٤- چاپخانەی دار الحريه – بەغداد – ل ٥.

**ئێستا ڕۆحم گەورە بووە و تیا دەرنایەیت**
**ئـــــــــــەی بارانی هەتاوەکە .**
**لە دەریـــــــــــای منالیمەوە تا ئێستا**
**بە بێ دەنـــــــــگی خۆشم وویستویت**
**گیـــــــانە بێ دەنگیش هەر دەنگە !**
**گیانە بـــــــێ دەنگیش هەر عەشقە!"** (1)

ڕەخنەگرەکە پێیوایە لە داڕشتنی شیعرەکە دا لەسەر شتێکی دیاریکراو جێگیـر نـابێ و ، لە دوایشدا وشە بۆتە ئاوازو مۆسیقایەکی هێمنانەو ختووکە و گەرمیەک دەبەخشێتە گیان.

پێمان وایـە بیرۆکەکـە وێـنەی سـرک و زینـدو ڕوانیـنە پـڕ لە هەڵشـاخیەی زۆرە ، ئەو هەستە وشە سازیە هەیە، دەبێت بە سیفەتی موسیقای شیعرو سـەدای نـاوەڕۆکەی ، واتـا لە سەرەتای شیعرەکەوە بە وێنەی زینـدو دەسـت پـێ دەکـات ، بـۆ دەربڕینـی ئەو هەڵچینیـنە ، چونکە ئاشکرایە جوانی دەقی شیعریی بەستراوە بە جوانی و دلڕفێنی وێنەکانییەوە جوانی وێنەش خۆی لە خۆیدا لە جوانی ئەو زمانەوە سەرچاوە دەگرێت ، کە بەر جەستەی دەکات ، زمانیش لە لایەکەوە لە ڕێگەی دەنگ و وشەکانەوە لە بنیـاتی دەقەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێـت ، ئەو ڕەگەزەش مۆسیقای شیعرییە ، بـۆیە نوسـەر لەم ڕوانـگەیەوە پێـوەری زمـانی بەکارهێنـاوە چونکە لە ڕێگەی ڕایەڵـی واتـاییەوە ، وشـەو مانـا بە پێوەنـدی نـوێ پـێکەوە گرێـدەدات و لە ئاکامیشدا زمانی شیعری جیاواز لە زمانی ئاخاوتن دێتە کایەوە .

لە گۆڤاری بەیـان ژمـارە ٦٢ ی سـاڵی ١٩٨٠ بابەتێـک بە ناونیشـانی ( کـورتەیەک دەربـارەی قوتابخانەی شیعریی کلاسیکی کـوردی ) لە لایەن دکتـۆرە شـکریە ڕسـوڵ بڵاوکـراوەتەوە و دەڵێت:- عەروزی عەرەبی کاری کردە سەر شیعری فارسی و کوردی و لە شیعری کوردیدا بوو بە بەشێکی دیار و بەرچاو ، ئەم عەروزە لەسەر بناغەی دابەشکردنی شیعر بە چەنـد( بەحـر) دامەزراوە کە هەر بەحری ئاوازێکی تایبەتی و شێوەی تایبەتی خۆی هەیە . بـۆ نمـوونە نـالی دەڵێت:-

**لە کن من باو وجودی ناس و ئەجناس**
**کـــــەسی تێدا نی یە ئەم شارە بێ تۆ**

---

(1) ئـازاد عبدالواحیـد لەو شیعرەوە هەنگاوێـک بەرەو ڕەسـەنایەتی گ . بەیـان – ژ – ٤٩ ی مـایش ١٩٧٨ – دار الحریة للطباعة – بغداد ، ل ١٧.

یا خود دەڵێت:-

**ئـــــــەسێترە هەمووی مەحوە لە نێو نووری قەمەردا**
**با شــــــــــــەمسی جەمالی شەوی گێڕاوە بە فەردا**

یا خود دەڵێت:-

**ئەی بێ نـــــــەزیر و هەمتا ، هەر تۆی کە بەر قەراری**
**بـــــــــــــــێ دار و بێ دیاری ، بێ دار و پایە داری**

یـــــــــاخود مستەفا بەگی ساحێب قڕان دەڵێت:-

**دێ لە تــــــــاو ئەشکی دوو چاوم وەکو دجلە وفرات**
**مەزرەعـــــــەی غەم سەوز و تێراوە لەبەر ئەم دووشەتە**

یا خود سالم دەڵێت:-

**یــــــــارم لـە ئەندەروون هات دەستی ڕەقیب لە دەستا**
**غەمــــــــناک و شادومانم ، ڕەحمەت عـەزابی هێنا (١)**

ڕوانینی ڕەخنەگرەکە ئەوەدەخاتە ڕوو، کە ئەوە قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی بەکارهێنانی هونەری ڕەوانبێژی یەوە وردەکاری زۆریان بەکارهێناوە شیعرەکانیان بە هونەری ڕەوانبێژی ئەبینرێت بۆیە لێرەوە ڕوون دەبێتەوە شیعرەکانیان بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی رازاندۆتەوە . وەکو نالی و کوردی سالم و حاجی . . . تاد . لە ڕوی جیناس و ڕەگەزدۆزی و وەک یەک و پێچانەوە و خواستن و تەواوکردنەوە . . چونکە لە شیعریی کلاسیکی کوردیدا بایەخێکی یەکجار زۆر بە خەیاڵ و ئەندێشە دراوە کە لە چوارچێوەی شیعرەکەدان کە بابەتی شیعریی دەوڵەمەند کردوە بە جۆرێک لە کاتی چواندندا وێنەکانی خەیاڵی زۆر ڕازاوە و جوانن . ئەم هەولسەنگاندنە دەچێتە چوارچێوەی ئاوازی شیعریەوە.

لە گۆڤاری بەیان ژمارە ٧٠ ئاداری ١٩٨١ بابەتێک بە ناونیشانی ( هەندێ وورده ڕاز دەربارەی هۆنراوە ) لە لایەن ( مارف عومەر گوڵ ) بڵاو کراوەتەوە ، دەڵێت :-

" خـوێنەواری وریـا کە لە دەرگـای هـۆنراوە و بەرهەمـی شـاعیرێک دەدات و نـاخی دەخـوێنێتەوە ، دەتوانێـت ئەوە دیـاری بکـات کە تـا چ ڕادەیەک ئەو شـاعیرە توانیـوێتی ڕاستگۆیانە بدوێ و بە ئەمانەتەوە توانا و بەهرەی خۆی پێشکەش بکات و تا چ ڕادەیەکیش مۆسیقا و لایەنە جوانەکانی هۆنراوە بپارێزێ وەکو هونەرێکی سەر بە کێشەی مرۆڤ و هەڵقوڵاوی بار و زروف و دەوروبەر :-

---

(١) دکتۆرە شوکریە ڕەسوڵ کورتەیەک دەربارەی قوتابخانەی شیعریی کلاسیکی کوردی گ . بەیان ژمارە ٦٢ ، ساڵی ١٩٨٠ ، دار الحریة للطباعة بغداد ، ل ٣ ،٤

**بینــــــــــــیم کەژ سەریان نابوو بە ..**
**گوێ ی دەشت و لێرە کانەوە و دەیانچرپاند !!**
**بـــــــــەسەر هاتی کوژانەوەی کەف و کوڵی**
**دەریـــــــایـــــــــەکیان ڕادەگەیاند !!** [1]

بە ووردی لای ڕەخنەگرەکە دەردەکەوێت کە لەدەقەکەدا مۆسیقای ناوەوەو قـافیەی هەمە چەشن و یەکیەتیەکی مەوزوعی لە پارچە شیعرەکەدا پێکهاتووە ،پێمان وایە وشەکان وەسـتایانە چنـراوە و مۆسـیقای نـاوەوەی پاراسـتوە و ئەمەش لە ڕاچەنیـین و داهێنـانی بەردەوامدان .

یا خود دەڵێت :- " لەبەر ناسکی و تەڕی ئەم پـارچە هـۆنراوە تێـر و تەسـەلە پـڕ مۆسـیقایەی کاک ( ئەنوەر قادر ) دا خوێندەوار دەکەوێـتە سـەر لەقانـدن و وردە تێڕوانینـی : ( ڕوخسـار . تەم . شەقام . بێزاری . ئەو . شیعر . دارکاژ . کوکوختی . خەم . ئاسمان . سەری سەوز . رۆژگار . دڵنیایی . زەوی شـیرین . نەخشـی سیمایەکی گەش "[2] ، ئەمـانە جـوانی بینـا کـاری یەکـی سـەرکەوتووانەیان داوە بە شـیعرەکە ، لێـرەوە دەگەیـنە ئەوەی بڵـێین زمـان و داڕشـتنی ئەم هۆنراوەیە ئەوەندە شێلان و ئەمسەر و ئەو سەری کـردوە لە بیـر و مێشـکی شـاعیر دا ، هەر خۆشی بە دەست و قەڵەمی شـاعیرانەی دیسـانەوە ئەمسـەر و ئەوسـەر و پـاش و پێشـێکی زۆری بە وشە و ڕستە و داڕشتنە کە کردوە، ئەم وەستایەتی یە سەرباری ناوەڕۆکی پوختی هۆنراوەکە خۆی زیاتر سەرکەوتنی پێ بەخشیوە ، لە نەخشەی هۆنراوەکەی بەم جۆرە چاکتر ئاشکرا دەبێ کە هۆنراوەی بەهێز و خۆ ڕاگر هەرگیز دیوێکی نابێ بە قوربانی دیوەکەی تـری و ڕوخسار و ناوەڕۆکەکەی یەکدەگرن .

**( گـــــەر ڕوخساری تەماوی خۆم شەقام بوایە**
**هەموو ڕۆژێ لێم ئەنووسی ( بێزارم لێت )**
**بـــــــــــــــــەڵام لە تۆ . .**
**شیعرەکانم دار کـــــاژن و کوکوختی خەم**
**بە دەوریانا گـــــــــــڕ ئەخوا بە حەواوە**
**لەسەر سەری سەوز و بەرزیان را ئەوەستێ**
**بای ڕۆژگار ئەیــــــــــانبات و ئەیانهێنێ**
**دڵنیابە ! ئەوان لــــــــە ڕووی زەوی شیرین**
**سیمای گەشـــــــــــی تۆ نەخش ئەکەن)**[3]

[1] مارف عومر گوڵ هەندێ ووردە ڕاز دەبارەی هۆنراوە گ ، بەیان ، ژمارە ٧٠ ، چاپخانەی دارالحریە للطباعـة – بغداد – ١٩٨١ ل٢٣

[2] هەرئەو سەرچاوەیە، ل٢٤.

[3]هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٥

جگەلەوەش داڕشتنی دەقەکە ورد و پڕ دیقەتە ، بۆیە بە سەرنج و وردەکارییەوە تێکەڵ بە جوڵە و ئەفراندنی زمان دەبێت ، لە داڕشتنی وشە و رستە دا ، چونکە یەکگرتنی روخسار و ناوەڕۆک نیشان دراوە ، ئەمەش تابلۆی جوانی لە وێنە دروستکراوی تیادا دەبینرێت ، ڕەوانی و بێ گرێی هۆنراوەکە شەپۆلی مۆسیقا و ئاواز تام و چێژی تایبەتی بەخشیوە بە هۆنراوەکە .

لە گۆڤاری بەیان ژمارە ( ١٠١، ١٠٢ ) کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤ بابەتێکی کەمال غەمبار بە ناونیشانی ( کانیلە و خۆشەویستی ) بڵاو کراوەتەوە وتێیدا دەڵێت:.

"بیماری شاعیر بە دوای بەهار عەودالە ، هەرچەندە لە هۆنراوەی ( لە یاریگا دا ) کەوتۆتە باوەشی دونیای مۆسیقا و سەرما و جەوێکی تایبەتی ، بەڵام وا دیارە شتێکی بێ هودە بوو ، ئەو بەهارەی نەهێنا شاعیر پێ ی ببوژێتەوە تەنیا وەک خەیاڵێک هات و ڕەوی یەوە ، شاعیر دوور نیە چاوەڕوانی دڵبەرێکی کرد بێ ، ئارەزووی شۆخێکی کرد بێ کە لەگەڵیا دابنیشێ و لەو بەزم و ڕەزم و ئاهەنگ دا هۆگری بێ و تینوویی بشکێنێ یا دڵی ساردوسڕی گەرم بکاتەوە بە پشکۆی خۆشەویستی و گفتوگۆی شیرین .

**ڕێژنەی مۆسیقا ی بە تاو بوو**
**بوو بە شەست و بوو بە لافاو**
**بەڵام بەهاری نەهێنا**
**تا گوڵێکی لە یەخەم دەم !**
**هەر ئەو گڕەی دایسا بوو**
**بێ پشکۆ بوو ، جەهەندەم بوو**
**چی نەخایەند ،**
**ڕستەی گوڵی لیمۆی سووتاند ! (1)**

ڕەخنەگرەکە پێیوایە ئەم جۆرە زایەڵە و سەدایەکی دەرونی و چەشنە گرمە و هاژە و دەنگ دانەوە لەگەڵ هەستی ڕاستگۆیە بە ئاهەنگێکی خۆماڵی کوردەواری لەگەڵ کیژۆڵەیەکی کوردی جوانی خۆڕسک بدوێنێت و بە زەردەخەنەی گەش گیانێکی دیکەی بخاتە بەر بۆیە لێرەوە دەردەکەوێت کە کاریگەری دونیای مۆسیقا و سروشت یەکێکە لە

(1) کەمال غەمبار ، کانیلە و خۆشەویستی ، گ . بەیان ، ژ ، ١٠١ - ١٠٢ دار الحریە للطباعة بغداد کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤ ، ل١٣١، ١٣٢

هۆکارەکانی و ئاوڕدانەوەی (بیمار) لە سروشت و خۆشەویستی و ڕەزم و ئاهەنگ وایکردوە نوسەر پێوەری ئاوازی شیعری بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەکان بگرێتە بەر .

دیلان دەڵێت:-

**خـــت خـــت خـــــــــت خـــت**

**چـــــاو مــــــــــۆری مت = ٤ بڕگەی**

**دێـــــــــــــــــــــــی بۆ لەوەڕ**

**بــــــــــۆ خواردنی کۆترەکانم=٨ بڕگەی**

یان دەڵێت:-

**دەستە مۆ و ماڵی هۆگر بێ = ٨ بڕگەی "**[1]

تێڕوانینی ڕەخنەگرەکە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات ، کە ئەم دەقە شیعریە کێشـەکەی دیاریکراوە بە پێوەری کێش و قافیەی ئەم کێشە دەگمەنەی ئاوێتەی کێشی ٨ بڕگەیی بووە ، لە ڕوی کـێش و مۆسـیقا و ئـاوازی شـیعرەکەوە ، لێـرەوە ئـەوەمان بۆڕووندەبێتـەوە کـە دەقنووس زۆر جار لەسـەر کێشـی پەنـجەی خۆمـاڵی شـیعریی چنیـوە و چەشـنە ئـاوازێکی ئاهەنـگ سـوار وفێنیکـی پـێ بەخشـیون. بـۆیە هەمیشـە توانیـویەتی تـابلۆی هەسـت و تاقیکردنەوەکـان بـرازێنێتەوە چونکـە ریـتم لە هـونەری داڕشـتندا سـەمای وشـە ئاسـتەکانی قووڵی مانا لە داڕشـتندا رێکـدەخات، بـۆیە کـاکەی فەلـلاح لەم سـۆنگەیەوە پێـوەری ئـاوازی شیعری پەیڕەو کراوە.

لە گۆڤاری بەیان ژمارە ( ١٢١ ) ساڵی ( ١٩٨٦ ) بابەتێـک بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشـانی ( ڕشـید نەجیب و مادەی نوێکردنەوەی شیعر و نووسینی کوردی ) لە لایەن ( ئومێد ئاشنا ) ەوە بـڵاو کراوەتەوە ئەگەر چی لە سەرەتا دا چەنـد بۆچـونێکی لەسـەر ڕەشـید نەجیـب هێنـاوەتەوەو بەڵام دواتر باس لە چەند دەقێکی شیعریی شـاعیر دەکـات پێیـوایە بـۆ پێـوەر کردنـی دەقە شیعرییەکانی بۆ:- " ئەم شاعیرە لە شیعریی عەشق و خەیاڵ دا ساڵی ١٩٢٧ زۆر بە گەرمـی و شاعیرانە دەستی دایە ، شیعرەکە لە هەموو ڕویەکەوە نوێیە .

مەگەر شیعر ژیانی ئادەمیزادی شێخ نووری بتوانێ هاوشـانی بێـت ، لەسـەرەتادا خـوێنەر وا دەزانێ شیعری ( عەشق و خەیاڵ ) موستەزادەکە دەنووسێت .

**(ئەو قاتێ ئەبێ ، ڕۆحم ئەکا تەرکی وەک تەیری جنانی"**[1]

---

[1] کەمال غەمبار ، کانیلە و خۆشەویستی ، ل١٣١، ١٣٢

ئەم دێڕە موستەزادە چواردە برگە و بەرانبەری شەش بڕگەیە ، بەڵام هەر دوای ئەم دێڕە شاعیر سەربەستی خۆی دەنوێنێت ، یاری بە کێش و وشەکان دەکات و ناهێڵێ مۆسیقا و ئاوازی شیعرەکە بمرێت دێری سێیەم دەکاتەوە چواردە و نیوەی موستەزادەکە دەبێتە پێنج بڕگە .

دێری حەوتەم دەبێتە سیانزە و دێڕێکی چواردەیی بە دوایدا دێت و تاد ....) [٢]

یاخود دەڵێت:-

" هەر چۆن بێت لەم شیعرەدا دابەش بوونی کێش و مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە و سەرواى وشەکانی دوای ڕستەکان ، سەرەڕای ئەو ئسلوبە نوێ یەی ئەو مانا بەرزەی خۆی پێ دەربڕیوە عەشق ، ئەبەدی بێ ، لە عەدەم خەیلێ بە دوور بێ ! " [٣]

بەنموونەوە شیعرەکانی ( ئالای بە شەر) و ( بۆ شێخ نوری شێخ صالح ) ( عەشقی بێ سوود ) و ( فریادی دووری ) و ( شادی بەدبەخت ) ی هێناوەتەوە ، بەڵام لە توێژینەوەیەکی (د . دڵشاد عەلی ) ی لە گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ژمارە (١٠) ٢٠١٦ بە ناونیشانی ( بنیاتی هاوتەریبی لە دەقە شیعرییەکانی ( ڕەشید نەجیب ) دا بڵاو کراوەتەوە ، ئەو پێوەری کە ئومید ئاشنا بەکاری هێناوە بۆ پێوەری شیعرەکانی بە هەڵە دەزانێت و پێوایە پێوەرکانی مستەزادنیە،جگە لەمەش هەندێک لە وشەکانی بە هەڵە بەکار هێناوە بەمەش پرسیار لەسەر ئەو پێوەرانە دروست دەبێت کە نوسەر بۆ کارەکەی گرتویەتیەبەر .

پ . د . دڵشاد عەلی دەڵێت:- ( ئەم دەقەمان تەنیا لە لای ( ئومێد ئاشنا ) بەدی کردۆتەوە و ئەم گۆڕانکاریانەشی تیادا کراوە :

١- شێوەی کۆپلەی دەقەکە تێکدراوە ، ئەمەش بۆتە هۆی شاردنەوەی ئەو سیستەمە ئاوازەییەی کە قافیە پێکی هێناوە.

٢- ناونیشانی سەرەکی دەقەکە لە(ئینطیباعاتی هەورامان)ە،نەنووسراوە و(بۆ شێخ نوری شێخ صالح)کراوە بە ناونیشان،ئەم هەڵەیەش بووەتە هۆی ئەوەی کە(ئازاد عەبدولواحد) بۆ ئەوە بچێت کە ( ڕەشید نەجیب ) لەو دەقەیدا باسی شێخ نوری دەکات و بە کێوی بڵند پایە ناوی دەهێنێ،ئەمە لە کاتێکدا ( کێوی بڵند پایە ) کە ( هەورامان ) ە نەک ( شێخ نوری )

---

[١] ئومێد ئاشنا رشید نەجیب و مادەی نوێکردنەوەی شیعر و نوسینی کوردی ، گ بەیان ، ژ ، ١٢١ دار الحریە للطباعة بغداد ، ١٩٨٦ ، ل٤٤

[٢]گ . بەیان ، ژمارە ١٢١ ساڵ ١٩٨٦ دار الحریة للطباعة بغداد ، ل٤٤

[٣]هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٤٤ -٤٥.

٣- له دێڕی دووەمی کۆپلەی یەکەمدا،وشەی ( جەلبی ) کراوە بە( جەزبی )[1]
بۆیە لێرەوە د.دڵشاد پێیوایە ئومێد ئاشنا شێوەی کۆپلەی دەقەکانی تێکداوە، ئەو پێوەرەی ئومید ئاشنا بەکارهێناوە بۆ پێوەری شیعرەکان، بەهەڵە دەزانێت.

بە گشتی ئەو دەقانەی نوسەر بەکاریهێناون کەم و کورتیان هەیە و هەم لێکدانەوەکانیان هەم پێوەرکان،هەر لەم سۆنگەیەوە نوسەر ئەو ئامانجەی کاری لەسەر کردوە وەکو پێویست نەهێنراوەتەدی بۆیە ئەوەی نوسەر مەبەستێتی بیخاتە ڕوو، خستنەڕووی ئەو کێشانەیە کە شیعریی کوردی پێیدا تێپەڕیوە، چونکە ئەمەش گوزارشتە لەنەمری مۆسیقا و ئاوازی شیعریی کوردی.

له گۆڤاری سروە ، ژمارە ، ٣٧ ، ساڵی ١٣٦٨ ، بەرانبەر بە ١٩٨٩ زاینی بابەتیک بە ناونیشانی (زمان و ئەدەب ) لە لایەن ( حاجی رەئووف سەلیمی ) بڵاوکراوەتەوە ، کە تێیدا دەڵێت :- ( قافیە دوو وشەیە کە کە لەدوای کەرتە شیعرەکە ، یا لەپێش رەدیف دا دێ ئەو دوو وشەیە ، دەبێ پیتێک ، دوو پیت یا زیاتر یان وەک یەک بچن . وەک دوو وشەی (سەبەب و ئەدەب ) لەم شیعرەی نالی دا :-

**ئەحواڵی تەفرەقە نەزەر تەقوییەتی سەبەب دەکا**

**عاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا "**[2]

یاخود دەڵێت :- " هەڵبەت پێویست نیە کە هەر کەرتە شیعرێک رەدیفی تێدا بێت ، بەڵام پێویستە لە شیعری مەسنەویدا ، لە دوای هەر کەرتە شیعر و لە شیعری غەزەلدا ، دوای هەر شیعرێک قافیە بێ ".[3]

ڕەخنەگرەکە ڕوونیدەکاتەوە ، جوانترین تابلۆی عریفان و سۆڤیگەری خولقاوە ، جوانی داوە بە وشە جگە لەوەش ئەو ئاواز و کێشانە لە زانستی زماندا ناسکی و تایبەتی بە زمان و ئەدەب بەخشیوە و خەیاڵ خامەی تابلۆی جوان و ئاواز و شادی پێوەیە .

بۆیە پێمان وایە جوانی سیحری وشە و ئاشکرایە مانای گونجاو و بە جێ دروست دەکات . چونکە سەروا لە زانستی ڕەوانبێژیدا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە شیعردا ، جگە لەوەش ئاوازی تایبەتی شیعرەکە لەگەڵ ئەو ئاوازانە جۆر دەبێتەوە لەنگ نابێت وەکو

---

[1] پ . د . دڵشاد عەلی گۆڤاری زانکۆی گەرمیان - ژمارە ( ١٠) - ٢٠١٦ ، ل٣
[2] گۆڤاری سروە ، ژ ، ٣٧ ، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی ، أرومیە ، ١٣٦٨ ، بەرانبەر بە ١٩٨٩ ز ،ل١٣
[3] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٣.

ئاوازی ڕەمەل و مەسنەوی و چوارینە غەزەلدا ، بۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی دەق پەیڕەوی ئاوازی شیعری کردوە .

فەرەیدوون عەلی ئەمین لە کتێبی ( چەند سەرنجێک لە پیرەمێردی نەمر ) ١٩٧١ دا ، دەڵێت:- " قافیەی چاک ، ئەوەیە کە لەگەڵ وشەو ڕستەکانی شیعرەکەدا سفت و چەسپاو گونجاو بێ لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەو وشەیە دا کە ئەم بە قافیە بۆی هاتۆتەوە ، هەتا زۆرتر حەرفیان لە یەک بچێت ، شیعرەکە مۆسیقا دارتر و ئاهەنگدارتر ئەکات بە واتا هونەری قافیەی بەجێهێنابێ .

**ئــــەو ئاوە جوانە ، لەو دەشتە وێڵە**

**چـــــاوی قـــــرژانگی لە چاوا لێڵە**

یا خود دەڵێت:-

**هـــــێشووی مرواری گەردنی بەرزی**

**بــــە بای غروری شۆخــی ئەلەرزی (١)**

واتا لە ڕووی ڕۆنانی ڕستە سازییەوە تەریبی یەکترن ، ئەم تەریبی و هاوسەنگییەش مۆسیقایی ناوەوەی دروست کردووە ، جگە لە کێش و سەروای شیعرەکە ، لە پێناو پێکهێنانی یەکیەتییەکی ئۆرگانی پتەو ، چ لە ڕووی مۆسیقاوە ، چ لە ڕووی زمانەوە ، چ لە ڕووی واتا و وێنەی شیعریەوە کە بە شێوەیەک هۆش و خەیاڵی خوێنەر لە خوێندنەوەی شیعرەکە دانابڕێت ، بۆیە فەرەیدوون عەلی ئەمین لەم ڕوانگەوە بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەکە پێوەری ئاوازی شیعری بەکارهێناوە ..

لە کتێبی ( ووشەکان دەگەڕێتەوە مەداری خۆیان ) لە ساڵی ١٩٧٩ چاپکراوە حەمە سەعید حەسەن دەڵێت:- ( تەم و مژ لە زمانی شیعر جیا ناکرێتەوە . شاعیر بە شێوەیەکی گشتی خۆی لە تەم و مژ پاراستووە ، ئەمە بێ ئەوەی قووڵی مانای هۆنراوەکانی پشت گوێ خستبێ وەک دەڵێت:- لە هۆنراوەی بێ سەرو شوێن :-

**ئـــــــــەڕۆم لەگەڵ هەورا ئەڕۆم**

**لـــــــەگەڵ بارانا دێمـــــــەوە (٢)**

(١) فەرەیدون عەلی ئەمین ، چەند سەرنجێک لە پیرەمێردی نەمر ، چ ، ئیر شادە بە یارمەتی کۆمەڵی ڕۆشنبیری کورد ، بەغداد ، ١٩٧١ ، ل٢٢ .

(٢) حەمە سەعید حەسەن ، وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ، مطبعة علاء ، بغداد ، ساڵ ١٩٧٩ ، ل٢٥.

بەتێڕوانینی ڕەخنەگرەکە دەردەکەوێت شیعر بە هۆی زمانەوە تایبەتمەندیەک پەیدا دەکات ، یان چڕیش لە شیعردا نرخێکی تایبەتی بۆ شیعر کۆ دەکاتەوە ، بەوەی ئەگەر دەقێکی شیعر لە یەکەم خوێندنەوەدا خۆی بە خوێنەر بەخشی ئەوە دەقێکی دەوڵەمەندە و داهێنانی تێدا بەدی دەکرێت نووسەر دەڵێت:-

" زمانی ئەم شیعرە چەند شەفافە ئەوەندەش قووڵ و پڕ مانایە " [1]

پێمان وایە بە هۆکاری زمانی شیعر لە هونەری دەربڕیندا شیعر دەردەکەوێت ، بەوەی مانای وشە دیاردەی ( دەق ، کۆپلە ، بەیت ) دروست دەبێت . تێکڕای واتاکان لە ناوەندی تەوەری زماندا شوێنێک داگیر دەکات بۆیە نوسەر لەم ڕوانگەیەوە . پێوەری زمانی بەکار هێناوە ، چونکە زمانی دەق ئەو بەهاو نرخە دەبەخشێت ، چونکە حەمەسەعید لە ڕوانگەی زمانەوە دەقەکانی بەلاوە جوانە و پەسەندی کردووە .

لە کتێبی ( ووشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ) ساڵی ١٩٧٩ حەمە سەعید حەسەن سەبارەت بەدەقە شیعریەکانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی دەڵێت:-

( لە زۆربەی هۆنراوەکاندا شاعیر وەستایانە مامەڵەی لەگەڵ وشەدا کردوەو سەرکەوتووانە وێنەی شیعریی ناسک و نویێ ی کێشاوە .

فەریدون عەبدول بەرزنجی دەڵێت:-

**مـــــن شـــەو و**
**تەنها پارچە هۆنراوەیـــەک**
**مــــن شـــــــەوو**
**تەنــــها نیوە جگەرەیـــەک**

فەریدون عەبدول بەرزنجی دەڵێت:-

**ڕەنـــــجی هەزاران جوتیاری**
**مانـــدوو هیـــلاک بدا بە ئاو** [2]

"بەم کۆمەڵە شیعرەدا دەرئەکەوێ کە شاعیر پاشە ڕۆژێکی ڕوونی لە بەردەمدایە ، ئەگەر بە ئینسافەوە سەیری هۆنراوەی (ئاخۆ ئێستا) بکرێ پێویستە ئەوە نەشارینەوە کە شاعیر سەرەتایەکی بە هێزی هەیە و جێ پێ ی قایمە لە گۆڕەپانی هۆنراوەی پاشەڕۆژدا .

فەریدون عەبدول بەرزنجی دەڵێت:-

---

[1] حەمە سەعید حەسەن ، وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ، مطبعة علاء ، بغداد ، ساڵ ١٩٧٩ ، ل ٢٥

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٧٣.

ئـــــــــــــاخۆ ئێستا لە کام جێدا

بێ نـــــــــــــــاز کەوتووی !

ئاخۆ ئێستا ، لە کام سووچی ژوورەکەتا

پـــــــــــــــەژارەی دڵ

جێ مەینەتی بۆ ڕاخســـــــتووی ؟

ئاخۆ ئێستا هەر بە ئاگـــــــــــای

یاخـــــــــو وەنـــــــــەوز

پێڵووی چاوی پـــــێ داخستووی ؟ " [1]

ڕەخنەگرەکە پێیوایە خودی زمان بە پێی گۆڕانی دەلالەتەکانی دەرهاویشتەی نوێ دێتە کایەوە دەلالەتی وشە لە دروستکردنی واتا و لە دروستکردنی بابەتدا لە بونیادی دەقدا ، گەردونێکی فراوانی لێکدانەوەو چونەوە ناخی خودی دەقەکان پێک دێنێت.

پێمان وایە حەمە سەعید حەسەن دەقەکانی بەلاوە پەسەندە بۆیە ئەوە دەردەکەوێت دەقەکە پاشەڕۆژێکی گەش و پرشنگداری هەیە بۆ شیکردنەوەی دەقەکەکان پێوەری زمانی بەکار هێناوە.

لە کتێبی ( وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ) ساڵی ١٩٧٩ سەبارەت بە هەندێك لە دەقە شیعرییەکانی سەڵاح شوان لە دیوانی (دڵدارەکەم پایزە گەڵاڵەیەك نیە) حەمە سەعید حەسەن دەڵێت:- " وێنە شیعری یەکان تا چڕتر ئەنجام بە دەستە بدەن توانای شاعیر نیشان ئەدەن ، شاعیری ڕەسەن خۆی لە تێ ئازنینی هەندێ ووشە و ڕستەی ڕزگار دەکات کە نەبوونیان نەک هەر نرخی وێنە شیعری یەکان کەم ناکاتەوە بەڵکو لایەنی داڕشتنە کەیان بە پێزتر دەکات بۆنموونە سەڵاح شوان دەڵێت:-

ئـــــــــــــاگر و پووشی

دڵدارەکـــــــــــــــەم

پەلکە زێڕینەی دوا وەشـــــــتی

خەونی بەهاری شارەکــــــەم [2]

[1] حەمە سەعید حەسەن ، وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ، مطبعة علاء ، بغداد ، ساڵ ١٩٧٩ ، ل٧٦

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٦ ،١٧

یا خود دەڵێت:ـ

**خـــــــەون نـــــەبیـــــــــــــنم**

**دڵـــــــــــدارەکـــــــــــــــەم**

**تریفەی مـــــــــــــــــــانگی بێ گەردی**

**ســـــەر لێـــــــــوی فێنکی بەفری بەهارەکەم** (١)

یا خود دەڵێت:ـ

**خـــــــــــــــــۆشم ئـــــــەوێ ی دڵدارەکەم**

**ئەی زنجیرەی ئاڵتـــــوونینی گەردنی دڵە هارەکەم** (٢)

یا خود دەڵێت:ـ

**دڵـــــــــــــــــــــدارەکـــــــــەم**

**فرمـێسکی خوێنی هـــــــــــــــــــــەڵاتووی**

**چـــــــاوی دڵە بێدارەکـــــــــــــــــــــەم** (٣)

دەبوایە ڕەخنەگرەکە ئاماژەی بەو دووبارە بوونەوانە بدایە کە لەدەقە شیعرەکاندا بوونیان هەیە، بۆیەزۆر وشە و ڕستەی شیعری هاتۆتە ناو دەقەکەوە ئەگەر مەبەست نەشێواندنی کێشی شیعرەکان بووبێت یا لە پێناوی پاراستنی سەروا دا بێت لە نرخی هونەری وێنە شیعری یەکان و بینای شیعرەکانی کەم کردۆتەوە.

سەڵاح شوان لە هۆنراوەی دڵداری ئاوەنگی خەونەدا دەڵێت:

**یـــــــــــــاخی بوونی من لە یاسای ئەم کۆمەڵە**

**لـــــــــــــەوەدایـــــــــــــــــــە**

**تـــــــــــــــــــــا ئەو پەڕی خۆشەویستی**

**خــــــــــــۆشـــــــــــــــــم بۆێ ی**

**سەرکەوتنی ژیـــــــــانـــــــــــی من لە جەنگەڵە**

**لـــــــــــــەوەدایـــــــــــــــــــــە**

**تــــــــــا ئەو پەڕی جـــــــــوان پەرستی**

**خـــــۆشـــــــــم بـــــــــــــوێ ی** (١)

---

(١) حەمە سەعید حەسەن ، وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ، مطبعة علاء ، بغداد ، ساڵ ١٩٧٩ ، ل١٧

(٢) هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٨

(٣) هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٨

بۆنموونە دەڵێت:" دڵدارەکەم .. پایزە گەواڵەیەک نیە ، بە پێ ی دابەش کردنی شاعیر سێ بەشە ، بەشی یەکەم - دڵدارەکەم - ە هۆنراوە درێژ خایەنەکەیەتی کە بریتی یە لە چل پارچەی کورت کە پێم وایە تەنیا یەک هۆنراوەی درێژە و تا ڕادەیەکی باش یەکێتی بابەت ئەو چل پارچەیە بەیەکەوە دەبەستێتەوە " [٢]

ڕەخنەگرەکە پێیوایە لەدەقەکانی سەلاح شواندا هەست و هۆشەکی لە بەرەو پێشچوون و هەڵکشاندایە،ڕایەڵەیەکی ژیربێژی بەزێنێت تا خوێنەر بەرانبەر ناوەندێکی دی لە تاسان و سەرنجڕاکێش ڕاگرێت .

"مۆسیقا گیان و کاکڵەی شیعرە،زمان یا فکری شیعرەکە چەند گرنگە مۆسیقاش ئەوەندە گرنگە،شاعیر لەگەڵ ئەم بۆچوونەی خۆی دا نەکەوتۆتە ناکۆکی یەوە بە درێژایی هۆنراوەکانی ناو دیوانەکەی هەستم نەکرد مۆسیقا فەرامۆش بکات " [٣]

واتا لە ڕوانگەی دەقەکەوە بۆ بەهای هەڵسەنگاندن و جیا کاری سیفەتی بەرهەمی شیعری بۆ دروستکردن و هەڵنانی دەقێکی تایبەت هەوڵێکی پوخت دەبێت بۆیە پێوەری ئاوازی شیعریی پەیرەوکراوە .

هەربۆیە تێڕوانینی ڕەخنەگرەکە دەریدەخات ، کە شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە لە ناخ و بونیادی دەقە شیعرییەکە دا بونیادێکی زیندو دروستدەکات ، بۆ گەیاندن و دەربڕین چالاک دەبێت سەر ئەنجام بە هۆی زمانەوە پێوەندیەکی ناوەکی لە نێوان وێنەکان و واقعی ژیان پەیدا دەبێت .

لە تێڕوانینی ڕەخنەگرەکەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شیعر بە هۆی زمانەوە تایبەتمەندی بەهایی پەیدا دەکات ، بۆیە ئامادەییکی هەمیشەیی بە بیر و هۆش دراوە بۆ ئەوەی ناخی هۆنراوەکەی لە گریمانەکانی بیر وهونەر و داهێنان پڕ بکات .، ئەم تێڕوانینەش بەلامانەوە گونجاو و پەسەندە.

لە کتێبی ( ووشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ) حەمە سەعید حەسەن سەبارەت بە سیمای دەقە شیعرییەکانی ئیمان نەقشبەندی دەڵێت:- " ئیمان نەقشبەندی هەرچەندە وەک شاعیرێکی کۆن بە شێوەی موتڵەق خۆی نەبەستۆتەوە بە سەرواوە بەڵام پشت گوێشی

---

[١]حەمە سەعید حەسەن ، ووشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ، ل١٨.

[٢]هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٤.

[٣]هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢١

نەخستووە ، خوێنەر هەست دەکات ،کە بایەخێکی تەواوی داوە بە کێش و مۆسیقای شیعرەکانی چونکە سفت و بێ گرێن و خوێنەر ماندوو ناکەن .

**سەراب**

**وا ئەخوازم ئەو لافاوەی بە یەکجاری**

**ڕای ڕفانووم**

**نەک لافاوی سۆز و سەراب و ئەندێشە و**

**شێتی و فێ بێ**

**نەء گیانەکەم .. باوەڕت بێ**

**ئاواتمە هی مەرگم بێ** [1]

بۆیە پێمان وایە ڕیتم لە نێوان کێش و ئاواز دا گونجاندن پەیدا دەکات . لە بوار وکاریگەری هونەری و ئەدەبیدا ، هاوبەندی و پێوەندی نێوان بەشێک و بەشێکی دی بە یەکتر دەبەستێتەوە بۆیە کرۆکی ڕیتم بۆ ڕامان و واتا بەخشین ئاسودەیی زمانی پێوەر و گونجاو دەبێت .

دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە کتێبی ( شێخ ڕەزای تاڵەبانی ) ساڵی ١٩٧٩ دەڵێت:- " لە شیعری کوردیدا و لە هەموو هۆنراوەکانی عەشق و دڵداریی ڕۆژهەڵاتدا ، زۆر جار ئەو وێنەیە دەبینین کە باڵا تەشبیە بکرێ بە سەروو نەی یان تەنانەت باڵای یار بە بەرزتر و ڕێکتر دانراوە ، بەڵام خامەی شێخ ڕەزا ئەمەشی لە کۆڕی هێمن و تەشبیهی ناسک و هێواشەوە دەباتە کۆڕی بەزمەکەی خۆیەوە .

**سەر و نەچین کە لەگەڵ قامەتی تۆ بێنە نەبەرد**

**شەکەری خواردووە نەی سەروو ، سەری داوە لە بەرد**

**گەر دەلیلی وەکو نوقتەی دەهنت نەبوایە**

**منیش ئینکارم ئەکرد وەک حوکەما جەوهەری فەرد**

**لێی ئەپاڕێمەوە ئەی ڕۆحی ڕەوانم توخودا**

**چی یە دەرمانی دڵم ، پێم دەڵێ ، لاچۆ دڵە دەرد** [2]

ڕەخنەگرەکە پێیوایە شاعیر بە جۆرێک وشەکانی ڕێک دەخات کە ئاوازەکەی دەبێت بە دەربڕین و لایەنێکی فراوانی ئاوازی تایبەتی هەڵقوڵاو لە وشەکانی بەشێکی دانەبڕاو لەو

---

[1] حەمە سەعید حەسەن ، ووشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ، ل٣٥-٣٦ .

[2] دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ،شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، بەغداد ، چاپخانەی عەلاء ، ١٩٧٩ ، ل٥٨.

وشەیەی کە هەست و سۆزی شاعیر دەدات بە گوێگر یا خوێنەر ، کەواتا جوانی ئەم هونەری ڕەوانبێژەیە ئاوازی ناوەوەی دەقە شیعرییەکەی پێ سازاندوە ، ئەمەش بەلامانەوە گونجاوو پەسەندە، بۆیە پێوەری ئاوازی شیعری بەکارهێناوە .

د. عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـووڵ لە کتێبـی ( شـیعری کـوردی ) سـاڵی ١٩٨٠ سـەبارەت بـە شـیعرەکانی بـەختیار زێـوەر دەڵێـت:- " لە بەرهەمـی بەختیـاردا هەر لە سـروودی ( پیرەمەگروون ) ەوە سەرەتای جۆرە مۆسیقایەک دیارە کە شیعری کلاسیکی جیایە ، شاعیر لە دێڕێکـی چەنـد بڕگەییـدا سـەجعێک یـا قـافیەیەک دروسـت دەکـات ، ئەمە لە شـیعری لەمەودوای بەختیـار دا هەر لە سـنووری عەرووزی عەرەبیـدا دەبێـتە هەنگاوێـک بـۆ تـازە کردنەوە و چەشنە (موشەح). یان (بەحری سەربەست هێنانێک ).

**شاخی ڕەنـــــگاو ڕەنگ ، خاکی پڕ ئاهەنگ**

**جەنگـــــــــەڵی شیروان ، چوونە مەیدانم**

**ســـەرچـــــــاوەی ئاوات ، هیمەتی پیاوت**

**کـــوردی بێ بـــــاوت ماوە بـــــــــیزانم**

**دەشتی پڕ گەوهەر ، ناوی وەک کـــــــەوسەر**

**نــەشئەی نەشکاوە کـــــۆی هەورامـــانم** [1]

ڕەخنەگرەکـە ئـەوە دەخاتـە ڕوو وەکـو سـەرەتایەک دەیەوێـت کـرداری خـوڵقێنەر لە نـوێکردنەوەی شـیعریی کوردیـدا دروسـت بکـات ، ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت سـازان وگونجاندنی مۆسیقا و ئاواز لەگەڵ وشەی کوردیـدا و کـێش و قـافیەی نـوێ دروسـتکردن و ئـاوێتەکردنی نـاوەڕۆکی خۆمـاڵی لە دەقەکـەدا گیـانی نیشـتمانی وون نەکـردوە ، لەگەڵ ئەوەشدا و ئاگاداربون لەو پێوەنـدییە بەهێـزەی بـۆ نـوێکردنەوە و خۆشەویسـتی نیشـتمان هەیـەتی لەو چوارچێـوە ڕەنگیـنەدا وایکـردوە لەو سـۆنگەوە پێـوەری ئـاوازی شـیعری بەکاربهێنێت.

بەختیار زێوەر دەڵێت:-"

**شاخی دەماغ بەرز ، خاکی لەسەر تەرز**

**بێشـــــەی شێر ئەڵێت ، تەختی سەلمانم**

**ســــــــــەرچاوەم پاکە ، پیاوم بێ باکە**

---

[1] دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ،شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، بەغداد ، چاپخانەی عەلاء ، ١٩٧٩ ، ل١١٧- ١١٨

**کوردم غەمنـــاکە ، بۆ نیشتمانـــم**

**دەشتی بەرانان ، ئاوی پڕ ئیحسان**

**هەورامان ئەڵێت ، کێوی جارانـــم**

شـتێکی تـازەی تـری لەدەقەکـەدا هەیـە کە دوو دێـڕی یەکەمـی لەسـەر بەحـری (رەجەزی مەجزووء)ەو هەر نیوە دێڕە بریتی یە لە دوو(مستفعلن)، بەڵام دێڕی سێیەم سێ (مستفعلن) ەو دێـڕی چـوارەم (یەک) و پێـنجەم سـێ و شەشـەم یەت  بەم جـۆرە دەبینـین کە پـارچە دەکرێت بە شەش بەشەوە هەر بەشە (٦) دێڕە شیعرە و دوو دێڕی یەکەم بریتی یە لە چـوار (مسـتفعلن). هەر دووەی لە نیـوە دێڕێکیانـدا ، بەڵام جـوار دێـڕی دوای لە هەر پارچەیەکـدا جیایە ، واتا ژمارەی (تەفعیلە ) کە دەگۆڕێت " [1] .

هەربۆیە  لەڕووی نوێکردنەوەی کێش و قـافیەی شـیعری کـوردی بەرەو داهێنـانێکی نوێی بردوە ، بە دۆزینەوەی مۆسیقا و ئاوازی خۆماڵی کرداری خوڵقێنەرانە دروست دەکات . ئەمەش گونجاندنی ئەو ئامرازەیە لەگەڵ وشەی کوردیدا و کێش و قـافیەی نـوێی دروسـت کردنە .

لەدەقێکی تردا بەختیار زێوەر دەڵێت:-

**وا گــــــــــــــەڵا ڕێزانە گیانـە**

**بـــــــــــــــــۆ چەمە نـــزار**

**هـــــــاژە هـــــــــازی بای خەزانە**

**ڕوو بـــــــــــــــــە ڕووی شـــار**

**ئەو درەخـــــــــــتانەی کە سەریان زۆر بڵندە**

**ئەو گوڵانــــــەی ڕەنگ و بۆیان زۆر پەسەندە**

**ئەو مـــــــــەلانەی جێگە یان کاو و سەهندە**

**هـــــــــاتنـــی پـــایـــز لەبەر دڵیان گرانــە**

**چونـــــکە توندی و گرژ و مۆنیی پڕ جیهانە**  [2]

ڕەخنەگرەکە پێیوایە لەدەقەکەدا گیانێکی پڕ لە سۆز و وشەی کوردی پەتی تێکەڵ بە ئاوازی شـیعریی کـراوە ، بۆیـەئـەو ڕوانینـەمان لا پەسـندو گونجـاوە چونکـە  پێوەنـدی نـوێ لەگەڵ وشەی کوردیدا هەیە ، لە ڕێگەی وشەی ساکار وجوان بیـر و مەبەسـت و مۆسـیقاوە ،

---

[1] د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، شیعری کوردی  ، ل١١٨

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە  ، ل١٢٠ - ١٢١

له پـاڵ ئەمەشـدا گرنگتـرین ڕەگەزیـش لەم بنیـاتە جودایـانەی زمانـدا دەلالەتـی وشـەیە و دەلالەت لە ڕێچکەی داڕشتن و سیاقی نوسینەوە دەیهێنێتە ئاراوە ، ئەم بنیـانە جودایـانە بەختیار زێوەر تەواو دیار و جیاوازە .

دڵشـاد عەلـی لە کتێبـی ( دیـلان شـاعیر و ئـازدیخواز ) بەشـێکی تـایبەت کـردووە بـۆ قسەکردن لەسەر ڕووخساری شیعرەکانی دیلان و تێییدا باسی لە پێشی شیعرەکانی کردووە لە ڕوانگەی کێشی خۆماڵیەوە لە دەقەکانی ڕوانیوە وەک دەڵێت:-

" ئەگەر سەرنجێکی دیوانەکانی شاعیر بدەین ئەبینین ( دیلان) یـش لە پـاڵ بەکارهێنـانی کێشـە نەتەوایەتـی یەکەی هـۆنراوەی کـوردی دا کە کێشـی (١٠) بڕگەیـی یە ، زۆربەی کێشـە ڕەسەنەکانی تری بەکارهێناوە و شارەزایانە مامەڵەی لەگەڵدا کـردون . لە دیـوانی (دیـلان) ە کەیـدا جـگە لە هەر دوو پێـنج خشـتەکی یەکـی کە لەسـەر دوو پـارچە هـۆنراوەی(سـالم) ن و(سکالای کورت) لەگەڵ هەردوو هـۆنراوەی (بێخـودی شـاعیر) کە موستـەزادن و ئەتـوانین وەک هـۆنراوەی کلاسیکی مامەڵەیـان لەگەڵ بکەیـت ، ئیتـر سـەرجەمی هۆنراوەکـانی تـری لەسەر کێشی پەنـجەی کـوردین ، ئەوەی کە سـەرنج ڕائەکێشـی لێـرەدا ئەوەیە کە زیـاتر (٨) بڕگەیـی و (١٠) بڕگەیـی بەکارهێنـاوە هەنـدێ لەو هـۆنراوانەی کە لەسـەر کـێش (٨) بڕگەیـی یەکەن. چەشنە هاتوو چۆکردنێک بە بڕگەکـانی کـراوە و هەنـدێ جـار(٤+ ٤ +٨) یـا (٨ +٤) و (٤+٨) بەکاری هێناون ، لە هۆنراوەی (گوربە)دا ئەبینین لە (٤+٤) ە دێتە سەر (٤+٨) و (٨+٨) ..... ، لە هـۆنراوەی (ڕێگـای خەبـات) کە لەسـەر کێشـی شـارەزایانە هـاتووچۆیەکی ووردی کردووە لە نێوان (٨ +٤) و (٤ +٤) و (٨ +٨) و (٨ + ٦ +٢) دا .

وەک دیلان دەڵێت:-

**تـــــــــــــا . . قرچ و هوڕ**
**وەک گــــــــــــڕی سوور**
**شەو پـــــــــــەروانـــە**
**نــــــــــــە سووتێنێ**
**باڵی تەنک بۆ ئـــــــەفسانە . . !**
**بۆ نــەختێ ڕۆشــــــــــنایی**
**لــێ دیـــــــــــــار**
**بـۆ . . چـــــــــــاوەزار**
**لێوی بێزاری تاریــــــــــــکی**

**نـــــــــــاگـــاته نـــاو**

**مەشخەڵـــــــــــــی ڕووناکی**

**لـــــــــــــێ دیـــار**

**ئـــەبێ بـــەتـــــــــــاو**

**بیارێنێ پەڕی سووتـــــــاو " [1]**

هەروەها دەڵێت ( لە هۆنراوەکانی تری دیوانەکەشی ، دووانیـان (٧) بڕگەیـی و چواریـان (١١) بڕگەیی و پێنجیان (١٣) بڕگەیی یە ، تەنیا هۆنراوەیەکیش لەسەر کێشی (١٢) بڕگەیـی و هۆنراوەیەکیش لەسەر کێشی (١٤) بڕگەیی یە. . وەک ئەزانین کێش و سەروا لە هۆنراوەدا ڕووی دەرەوەی سۆزە ، جا کاتێک شاعیر سۆزێکی بەتین لە دەروونی دا کۆ ئەبێتەوە و بە هۆنراوە دەری ئەبڕێ ، ئەو سۆزە چەشنە ئاوازێک ئەدات بە هۆنراوەکە ، کەوا بوو کێش و سەروا ئەبێ دەنگدانەوەی سۆزێکی راستەقینە بێت لای شاعیر " [2]

هەریەك لە(وتە،کێش،سەروا،مانا)بنەمای سەرەکی شیعرن و بەنەبوون ولاوازی یەکێك لەمانە لەناو دەقێکی شیعریدا،شیعرەکە وەك دەقێکی بەرز نامێنێتەوە ولاوازدەبێت.

دیارەهەریەك لە(کێش و سەروا)پێکهێنەری دیوی دەرەوەی شیعرن و"کێش لەشیعری هەموو زمانێکدا هەیە،هەریەکە بەپێی تایبەتی خۆی،بەڵام سەروا مەرجی بنەڕەتی نییەبۆشیعری هەموو نەتەوە کۆن و نوێکان". [3] .

کەریم شارەزا لە کتێبی ( نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی) لە ساڵی ١٩٨٤ بڵاوکراوەتەوە و دەڵێت:- ( سەرکەوتنی نالی لە دەورگێڕانی لەو بزوتنەوە ئەدەبی یە نوێ یەی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ هێزی شیعرەکانی و هونەرمەندی لە شیعر دا ڕشتندا ، چونکە هەموو هونەرێکی جوانکاری ڕەوانبێژی لە لێکچوواندن و خواستن و گەلی جۆرە ووردەکاریی تری ڕەوانبێژی .

**وەک نالی دەڵێت :-**

**پێم دەڵێن مەحبوبە خێڵ و قیچە مەیلی شەڕ دەکا**

**خێڵ و قیچە ؟ یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا**

---

[1] دڵشاد عەلی ، دیلان شاعیر و ئازادیخواز ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق،بەغداد،١٩٨١،ل٥٠ - ٥١

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٥٢

[3] عەزیزگەردی،کێشی شیعری کلاسیکی کوردی وبەراوردکردنی لەگەڵ عەروزی عەرەبی وکێشی شیعری فارسیدا،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر,١٩٩٩,ل٦٨.

**عەکسی چاوی تـــــــــــۆ لە چاوی دا بە خواری تێ دەگەی**
**کە چ نەزەر کەی فەرقی خوارو ژوورو خێر و شەڕ دەکا [1]**

تێڕوانینـی ڕەخنەگرەکـە ئـەو ئاشـکرا دەکـات ،کـە مۆسـیقای زمـان بەشـێکی جیـا نەکراوەیە لە شیعر ، هەر لە شیعردا زمان مۆسیقای پەنهانی و ناوخۆی ئاشکرا دەکات .

پێمان وایە پەیامی بەهرەمەندانەی داڕشتووە زیـاتر دەربڕینـی هەسـتی هەڵچـون و کەف و کـوڵی دڵ و دەروون دەڕژێـتە دەروونـی گـوێگر و دونیـایەکی فراوانـی نـوێ لەسـەر ناسـکی وشەکان بۆ گوێگر زیندو دەکاتەوە هەر ئەو ئاوازە سەرنج ڕاکێشە کە یارمەتی گوێگر دەدات بۆ ئەوەی هەست و سۆزی پەرت و بڵاوی کۆ بکاتەوە ئاڕاستەی خاڵێکی دیـاری کـراو بکـات .

بۆ ئەم مەبەستەش ئاوازی شیعری پەیڕوکراوە.

---

[1] کەریم شارەزا ، نالی و زمانی یەکگرتووی کـوردی ، ئەمینـداری گشـتی ڕۆشـنبیری لاوان یـارمەتی لە چـاپ دانی داربغداد ، ١٩٨٤ ، ل٣١-٣٢

# ئەنجـــــام

١) ئەو پێوەرانەی کە لەئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانیدا کاریان پێکراوە، پێوەری فەلسـەفی و ڕەخنەیین.

٢) پێوەرە ڕەخنەیەکانی ئەدەبی رۆمانی کاریگەری ڕاستەوخۆی پێوەرە رەخنەییـەکانی ئەدەبی یۆنانی لەسەرە.

٣) یـەکێك لـە بنـەمای ڕەخنەسـازی لەئـەدەبی کوردیـدا ئـەوەیـە کـە لـەدەقی شـیعریدا جیاوازی لەنێوان بابەت چۆنێتی ڕەخساندنی زماندا بکرێت.

٤) بەپێی ئەو پێـوەرە شـیعری و لەمیانـەی ئـەم توێژینەوەیـەوە دەتـوانین شـێوازەکانی ڕەخساندنی زمانی شیعری دیاری بکەین و بزانین لە ڕووی هاوتـەریبکردن وسـازدانی دووماناي لەیەکچوو یان جیاوازەوە جۆری دەقە شیعرییەکان دەستنیشان بکەین.

٥) پێویستە لە لایەنی واتـا و ئامـانجی ئـەو مانایانـە بکۆڵینـەوە کـە وەکـو پێوەرێـك لـە پێکهاتەی زمانی شیعریی بەرجەستەکردنی وێنەدا دەردەکەوێت.

٦) سنوورو ئاراستەکان لەدەقی شیعریدا بەهۆی زمانەوە دەناسرێن ، بۆیە زمان خاڵێکی بنەرەتی بوونی دەقە.

٧) ڕەمز پێوەرێکی هونـەری گرنگـەو لـەخودی شـاعیردا پـەیامێك دەشـارێتەوە، لەگەڵ ژیاندا گوزەر دەکات ، بەردەوام مانای نوێ بەپێی سەردەم دەبەخشێت.

٨) بەگشتی پێوەرە رەخنەییەکان لە نووسەرەوە دەگوزارێتەوە بۆ دەق .

٩) ڕەخنـەگر لەسـەر چـۆنێتی پـەیام و مەبەسـتی دەق ، زۆر جـار پێـوەری سیاسـی ، کۆمەڵایەتی، دەروونی، دەکات بە پێودانگێك بۆهەڵسـاندنی دەقی ئەدەبی ، کەلەسـەر بنەمای ژینگە و بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگە بەرجەستە دەبن،.

١٠) پێوەرەکان بوونەتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ هێزی دەقەکە.

١١) پێوەری هونەری ڕەخنەی شیعریی لـەدەقی ئەدەبیـدا شوناسـی دەقـە، بـەو هۆیـەوە ناوەرۆکی دەق زیاتر ناسێنراون.

١٢) پێوەرەکان کاریگەری دەوروبەری خۆیان لەسەرە بۆ بڕیاردان لەسەر دەقەکە.

# سەرچاوەکان

**یەکەم : کتێب :**

- **بە زمانی کوردی :**


١. أحمەد سالار، رێبازەسەرەکیەکانی ئەدەب و هونەر، دار الحريه للطباعة، بغداد، ١٩٨٨.
٢. د.ازاد عبدالواحد کریم، رەنگاڵەکانی دەق ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك،٢٠١١.
٣. أمین فەیزی بەگ، ئەنجومەنی ئەدەبیانی کورد ئەستەنبول ، ١٩٢٠.
٤. د.پەخشان سابیر حەمە ، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا (١٩٧٠-١٩٩١) ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی صەلاحەددین هەولێر – ٢٠٠٢.
٥. جبار ئەحمەد حسین: ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی،چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،
٦. جەبار جەباری و کەریم شارەزا – ئەسیری شۆڕشێگێری قۆناغی دوای حاجی قادری کۆیی – چاپ شارەوانی بە یارمەتی بەڕێوبەرایەتی گشتی – هەولێر – ١٩٧٤ -
٧. حسین عارف ، ڕوانگەو یاران و نەیارانی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٥ .
٨. حەمە نوری عمر کاکی : شێواز لە شیعر کلاسیکی کوردیدا ، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٩. حەمە سەعید حەسەن ( شیعر و هەڵوێست ) چاپخانەی ڕاپەڕین و سلێمان ، ١٩٧٩ .
١٠. حەمە سەعید حەسەن ، وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ، مطبعة علاء ، بغداد ، ساڵ ١٩٧٩ .
١١. د.دڵشاد علی،بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چ١، چاپخانەی رەنج ،سلێمانی ، ١٩٩٨.
١٢. د.دڵشاد عەلی ، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری ، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٣. د.دڵشاد عەلی، دیلان شاعیر و ئازادیخواز،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا،١٩٨١.
١٤. رەفیق حیلمی ، شیعر و ئەدبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٤١.
١٥. رێبوار سیوەیلی – سۆفیستەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپی دووەم – سلێمانی ، ٢٠٠٠.
١٦. شیرزاد عبدالرحمن ، دڵدار ، شیعرو هەڵویست ، چاپخانەی دار الرسالة ، بەغدا،١٩٨٦ .

١٧. شيركۆ بێکەس ، من تينوێتيم بەگڕ ئەشكێ ،دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٧٢.
١٨. شيركۆ بێکەس، ڕوانگە(١)، وەرزی پێنجەم، مطبعة النعمان، النجف الاشرف، ١٩٧٠.
١٩. د.عبدالقادر حمە امين محمد، ئەدەب و ڕێبازەكانی ئەوروپی – كوردی ، چاپخانەی پەيوەند، سلێمانی، ٢٠١٢.
٢٠. عبدالله الاصغر، ڕێبازە ئەدەبيەكان . و.ئازادعبدالواحيدكەريم، ، كەركوك، ٢٠٠٨.
٢١. عثمان كەريم : بونيادگەری فێردناند دی سۆسێر و پێكهاتە سينتاكسييەكانی نوام چۆمسكی ، ٢٠٠٩
٢٢. علی كمال باپير ئاغا، گول دەستەی شعرای هاوعەسرم، چاپخانەی پێشكەوتن، سلێمانی.، ١٩٣٩.
٢٣. عەبدوڵڵا پەشێو، وەرزی پێنجەم –سێ نامەی كورت، (نامەی ٢)مطبعة النعمان، النجف الاشرف. ١٩٧٠.
٢٤. د.عەبدوڵڵا ئاگرين ، ديوانی كامران موكری ، ئامادەو لێكۆڵينەوە و پێشەكی وپەراوێز نوسين، چ٢ ، هەولێر، ٢٠١٣
٢٥. عەزيز گەردی : ئەدەب و رەخنە، چاپخانەی الحوادث ، بەغداد، ١٩٧٤.
٢٦. عەزيزگەردی،كێشی شيعری كلاسيكی كوردی وبەراوردكردنی لەگەڵ عەروزی عەرەبی وكێشی شيعری فارسيدا،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبيری،هەولێر،١٩٩٩.
٢٧. د.عوسمان دەشتی ، لەبارەی بنياتی زمان و شێوازی شيعر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢ .
٢٨. د.عيزەدين مستەفا رسوڵ - شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، بەغدا - چاپخانەی عەلاء ، ١٩٧٩ .
٢٩. د.عيزەدين مستەفا ڕەسووڵ - شيعری كوردی ، چاپخانەی الحوادث - بغداد ، ١٩٨٠ .
٣٠. عەبدوڵا عەزيز خاليد – لە بارەی مەحوی لوتكەوە – چاپی يەكەم – مطبعة سومر – بغداد ، ١٩٨٦ .
٣١. عەبدولسەتار تاهير شەريف -حاجی قادر شاعيری شۆڕشگێر و پێشكەوتنخواز و ديموكراتی نەتەوەی كورد – مطبعة الأديب البغدادية – ١٩٧٧ -
٣٢. عەبدوڵڵا عزيز خالد – شكوری فەزڵی شاعيرێكی سياسی و نەتەوەی كورد١٨٨٢ – ١٩٢٦ – چاپی يەكەم – دارالحرية للطباعة – بەغدا – ١٩٨٨ –.
٣٣. فەرەيدوون عەلی ئەمين، چەند سەرەنجێک لە پيرەمێردی شاعير ، چاپی يەكەم – چاپخانەی ئيرشاد – بەغدا ، ١٩٧١ .

٣٤. د.كامل حسن عزيز البصير: ڕخنه سازی مێژوو وپەیرەوکردن، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٣.
٣٥. د.کامل حسن البصیر، شێخ نوری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوە و وێژەی رەخنە سازیدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد، ١٩٨٠.
٣٦. د.کامل حەسەن بەصیر، مێژووی رەخنەسازی ، ب١، دار الحریه للطباعة، بغداد، ١٩٩٣ .
٣٧. د.کاکەی فەلاح . کاروانی شیعری نوێ کوردی ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، چاپخانەی سالم . بەغداد ،ساڵی ١٩٨٠ .
٣٨. کاکەی فەللاح ، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم ، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ،هەولێر، ١٩٨٧.
٣٩. د.کوردستانی گیوی موکریانی ، هۆنراوەی ئافرەتی کورد ، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر ، ١٩٨٠ .
٤٠. کەریم شارەزا: نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی ، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری لاوان یارمەتی کە چاپ دانی دەدا ، بغداد .
٤١. د.لوقمان رەئوف، سەرەتایەك بۆ رەخنەی ئەکادیمی ، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی، ٢٠١١.
٤٢. محمدی مەلا کەریم – نالی لە کڵاو ڕۆژنەی شیعرەکانیەوە – چاپخانەی ئەکادیمیای عێراق ، بەغدا ، ساڵی ١٩٧٩
٤٣. مصلح مصطفی جلالی – شێخ نوری دەنگی ڕەسەنی شیعر – دار الحریة للطباعة – بغداد – ١٩٨٤ .
٤٤. ممتاز حیدری ، پێداچوونەوەی کەریم شارەزا – چاپخانەی شارەوانی هەولێر – ١٩٧٥ .
٤٥. د.هیمداد حوسێن، بزوتنەوەی ڕوانگەو شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی، هەولێر، چ١،چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١.
٤٦. هەرێم عوسمان – لیریکی گۆران، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم ، سلێمانی ٢٠١٨ .

**- بە زمانی عەرەبی :**

٤٧. ابن طبابا، عيار الشعر.
٤٨. ابن قتيبه، الشعر و الشعراء ،٥٩/١
٤٩. أبومحمدالقاسم السجل ماسي، المنزع البديع في تجنيس اساليب البديع، تحقيق: هلال الغازي.
٥٠. أحمد المديني،أسئلة الابداع في الادب العربي المعاصر،دارالطليعة ، بيروت،ط(١) ، ١٩٨٥

٥١. د.أحمد صقر ، نقاد الكلاسيكية الجديده، كلية الاداب ، جامعة الإسكندرية،مصر، ١٩٥٦.
٥٢. د.أحمد محمد عبدالخالق ، قلق الموت، سلسلة المعرفة، رقم ٣٢، الكويت، ١٩٨٧.
٥٣. د.احمد مطلوب، معجم النقد العربي القديم.
٥٤. أدونيس، الثابت المتحول ، دار العوده، بيروت، ١٩٧٧.
٥٥. أر.ال . برتة تخيل، ترجمة : مسعود جعفرى، نشر مركز تهران، ١٣٧٩.
٥٦. ارسطوطاليس ، فن الشعر، ت: ابى بشرمتى بن يونس القنائي ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٣ .
٥٧. ارنست فيشر ، ضرورة الفن ، ت: أسعد حليم ، الهيئة المصرية العامة للتأليف ، القاهرة ، ١٩٧١ .
٥٨. اسرا بلاغه.
٥٩. افلاتون :جمهور، كتاب دوم،سعد الظلام، ت: د. رضا كاديانى، ابن سينا ، طهران، ١٣٥٣.
٦٠. الأنص فى نصوص النقد الادبى، ١/٣٦٨.
٦١. بوريس بورسوف ، الواقعيه اليوم وابدا ، دار الحريه للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٧٤ .
٦٢. بياردى بواد يفر، معجم الادب المعاصر، ت:بهيج شعبان ، منشورات عويدات ، بيروت ، لبنان، ١٩٦٨
٦٣. بيرزيما ، النقد الاجتماعى، ت: عايده لطفى ،دارالفكر للدراسات والنشر و التوزيع، مصر، ١٩٩١.
٦٤. الجاحظ، البيان و التبيين/١/ ٨٣
٦٥. جان ماري جويو،مسائل فلسفة الفن المعاصر،ت:سامي الدروبي،المؤسسة العربية للدراسات والنشر،بيروت،١٩٧٣.
٦٦. جرجانى، الدلائل.
٦٧. د.جميل صليبا،المعجم الفلسفي بالالفاظ العربية والفرنسيه والانكليزيه و اللاتينيه، دار الكتاب اللبتانى، مكتب مدرسة ، بيروت، لبنان، ١٩٨٢.
٦٨. د.جميل نصيف التكريتى ، المذاهب الادبية، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد، ١٩٩٠.
٦٩. جيروم ستولينتز، النقد الادبى ، دراسه جمالية وفلسفى، ، ت: د.فؤاد زكريا، مؤسسة العربية للدراسات والنشر،بيروت، ط١١، ١٩٨١.
٧٠. جيروم ستولينتيزم ، النقد الفني ، ت: فؤاد زكريا،المؤسسة العربية للدراسات والنشر،١٩٨١.
٧١. جيمس سكوت، صناعه الادب، ت: هاشم هنداوى، دار الشؤون الثقافيه، بغداد، ١٩٨٦.

٧٢. حسين خمري ، بنية الخطاب النقدي ، ط(١) ، بغداد ، ١٩٩١ .

٧٣. حميد آدم ثويني ، منهج النقد الأدبى عند العرب، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان، ط١، ٢٠٠٤ .

٧٤. د.خليل الموسى، جماليات الشعريه، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، سلسله الدراسات٤ ، ٢٠٠٨.

٧٥. خيرى ابو منصور،النقد البنيوي الحديث (نصوص،جماليات،معطيات)،ط(١)،دارالجبل،بيروت،١٩٨٥.

٧٦. ديفيد ديتش ، مناهج النقد الادبي ، ت:محمد يوسف نجم ، دار صادر ، بيروت ، (د.ت).

٧٧. ديفيد ديتش ، مناهج النقد الادبى بين النظريه والتطبيق ، ترجمه: احسان عباس ومحمد يوسف نجم، دار صادر، بيروت، ١٩٦٧.

٧٨. رجاء عيد، فلسفه الالتزام فى النقد الادبى بين النظريه والتطبيق ، منشورات دار الثقافة ، القاهرة، ٩٧٤.

٧٩. د.سالم احمد الحمدانى و د . فائق مصطفى احمد - الادب العربى الحديث ، دارالكتب ، جامعه الموصل - ١٩٨٧ .

٨٠. د.سالم احمد الحمدانى، مّذاهب الأدب الغربي، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، جامعه موصل، ١٩٨٩.

٨١. سامي الدوروبى، علم النفس والادب ،معرفه الانسان بين بحوث علم النفس وبصيره الادب والفنان، دار النهضة، القاهره،١٩٧.

٨٢. سيسل دى لويس ، الصورة الشعرية ، تر: د. احمد نصيف الجنابى ، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٢.

٨٣. شكرى محمود عياد: اللغة والابداع الشعرى ، الطبعة الاولى ، ١٩٨٨.

٨٤. شيللى، دفاع عن الشعر، ت: نظمي خليل، مؤسسه العامة للانباء والنشر،القاهره، ١٩٨١.

٨٥. صفاء خلوصى، دراسات فى الادب والمقارن والمذاهب الادبيه، بغداد، ١٩٥٧.

٨٦. صحيح البخاري، حديث مسند صحيح،

٨٧. د.صلاح فضل، اللغة الشعرية فى خطاب النقد العربي.

٨٨. صناعتين.

٨٩. الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي .

٩٠. طـراد الكبيسـي، كتـاب المنـزلات – منزلـة القـراءة،ج٣، دار الشـؤون الثقافيـة العامـة، بغداد،١٩٩٧.
٩١. عاطف فضول ، النظرية الشعرية عند أليوت وادونيس ، ت: اسامة أسبر، المجلس الاعلى للثقافة ، ٢٠٠٠.
٩٢. عباس توفيق ، نقد الشعر العربى الحديث فى العراق من ١٩٢٠- ١٩٥٨ ، بغداد ، دار الرسـالة للطباعة ١٩٧٨ .
٩٣. عبد القادر القط ، حركه الديوان واثرها فى النقد الادب والشعر، بغداد دارالحريةللطباعـة، ١٩٨٩ .
٩٤. عبد القاهر الجرجانى – دلائل الاعجاز – قراءة وعلق – محمود شاكر – مكتبة الخـانض – القاهرة – الطبعة الثانية ١٩٨٩ .
٩٥. د.عبدالرحمن بدوى، فن الشعر ارسطو (ارسطوطاليس) ، ط٢، دار الثقافة ، بيروت، ١٩٧٣.
٩٦. عبدالمنعم مجاهد، نظرية الآدب ومناهج الدراسات الادبية ، ج(١) ، ط(١) ، مكتبة الفـلاح ، (د.ت) .
٩٧. د.عزالدين اسماعيل – الشعر العربى المعاصر – دار الكاتب العربى – القاهرة ، ١٩٦٧.
٩٨. على درويش، فن الشعر لبوالو، جامعة عين شمس، ١٩٩٨.
٩٩. فائق متى اسحاق، مذاهب النقد ونظريات، مكتبه الانجلو المصريه، القاهره، بدون تأريخ.
١٠٠. فليب فان تغيم، المذاهب الادبيـة الكبـرى فـي فرنسـا،ت: فريـد انطونيـو، ط٢، منشـورات عويدات ، بيروت، ١٩٨٠.
١٠١. د.قاسم حسين صالح ، ألابداع في الفن ، دار الرشيد ، بغداد ، ١٩٨١ .
١٠٢. قدامه بن جعفر، نقد الشعر،دار الكتب العلميه ، بيروت، د.ت.
١٠٣. د.قصى حسين ، النقد الادبي عند العرب واليونان، المؤسسة الحديثة للكتـاب، طـرابلس، لبنان، ٢٠٠٣.
١٠٤. م.فرايتشكوّ ، ذات الكاتب الابداعية، ت: نوفل نيوف، وعـاطف أبوحمزة،منشـورات وزارة الُثقافة، دمشق،١٩٨٨.
١٠٥. د.محمد احمد العزب - عن اللغه و الادب و النقد ،المركز لعـرب الثقـافه والعلـوم بيـروت ، لبنان ، د. ت . ١٩٩٨
١٠٦. محمد الفتوح احمد ، ظاهرة الايقاع في الخطاب الشعري(مقال) ،موقع الايلاف، ٢٠١٨.
١٠٧. د.محمد صقر خفاجه ،تاريخ الادب اليونان و الاغريق.

١٠٨. د.محمد عبدالعزيز الكغراوى ، تأريخ الشعر ، العرب ، القاهرة ، دار النهضه للطباعة والنشر ، ١٩٧١ .
١٠٩. د.محمـد غنيمى هلال، النقد الادبي الحديث، دار النهضة، مصر، القاهره،١٩٩٩ .
١١٠. محمد مندور، فى الادب والنقد، دار النهضة ، مصر، القاهره، ١٩٧٧.
١١١. محمود يوسف نجم واحسان عباس، مناهج النقد الادبى بين النظريه والتطبيق ، بيـروت، ط١، ١٩٦٧.
١١٢. محى الدين اسماعيل، الفكر المعاصرة، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩.
١١٣. مصـــطفى سويف،ألاســس النفســية للابـــداع الفنـــي فـــي الشـــعر خاصـــة ، دار المعارف،مصر،(د.ت).
١١٤. يوريس بورسوف، التأريخية للواقعية،دار المعرفة، الكويت، ١٩٩٧.
١١٥. يوسف ميخائيل أسعد، سايكولوجيا ألابداع في الفن والادب و الموسيقى،دارالشؤون الثقافية ذسبالعامة،بغداد،١٩٨٨ .

**- زمانی فارسی :**

١١٦. د.بهرام مقدادى ، فەرهەنگ اصطلاحات نقد أدبى، چاپ أول ، انتشارات فكر روز، تهران ، ١٣٧٩ .
١١٧. جان لچت، پنجاه متفكر بزرگ معاصر ،ت: محسن حكيمى، انتشاراتى مجنسته، تهران، ١٣٧٨.
١١٨. رسالة گورگياس، حكمت سقرات ،ج ٢، تهران، ايران،.
١١٩. فروغى،حكمت سقراط، چاپ دوم ،ج١ ،تهران، ايران.
١٢٠. د.عبدالحسين زرين كوب، اشنايى بانقد ادبى، انتشارات سخن ، طهران،١٣٨٨.

**دووەم - ڕۆژنامەو گۆڤار :**

**- بە زمانی کوردی:**

١٢١. د.ازاد عبـد الواحيـد لەو شـيعرەوە هەنگاوێـك بەرەو ڕەسـەنايەتى گ. بەيـان - ژ ٤٩ ى مايس ١٩٧٨ ، دارالحريه للطباعه بغداد .
١٢٢. د.ازاد عبدالواحد، پرچى ئەو كچە چۆن بوو بەڕەشماڵ، گ.بيان،ژ:٤٦ ، ١٩٧٨.
١٢٣. د.ازاد عبدالواحيـد، سـەماى بەفرى ئێـواران گ . بەيـان – ژ ٦٨ – چاپخانـەى دار الحريـة للطباعة– بەغدا ، ساڵى ١٩٨١ .

١٢٤. د.ازاد عبدالواحيد كەريم، سەعيد محەمەد عەبدوڵلا ، شيعر لەنێوان پەيوەستبوون وياخيبووندا، ، گۆڤاری سلێمانی بەشی (B) ،سلێمانی، ٢٠١٠.
١٢٥. امين علی موتابچی زمانی نالی گۆڤاری كۆڕی زانياری عێراق " دەستەی كورد )) ، بەرگی سيازدەهەم – چاپخانەی كۆڕی زانياری عێراق بەغدا – ١٩٨٥ .
١٢٦. أنور قادر محمد، رۆژنامەی هاوكاری ، ژ ٢٧٦ ، ١٩٧٥.
١٢٧. أوميد ئاشنا ، شێوە لە شيعريی نوێی كوردی رۆژنامەی پاشكۆی عێراق ، ژمارە ٨٢ ، ١٩٨٩.
١٢٨. أومێد ئاشنا رشيد نەجيب و مادەی نوێكردنەوەی شيعر و نوسينی كوردی ، گ بەيان ، ژ ، ١٢١ دار الحريه للطباعة بغداد ، ١٩٨٦ .
١٢٩. أومێد ئاشنا كاری نامۆ بوون لە شيعرەكانی نالی دا گ. بەيان ژمارە ،١٥٥ تەمووزی ١٩٨٥ ، دارالحرية للطباعه بغداد .
١٣٠. أومێد ئاشنا ئافرەت يان ڕەنگی لە تابلۆی شيعرەكانی هێمن دا گ .بەيان - ژمارە ٢١ . چاپخانەی دارالحرية و الحكومه – بەغدا- ١٩٧٥ - .
١٣١. باوكی تارا ، چاو خشاندنێک بەسەر شيعری ( شار ) ی سوارە گ – سروە ، ژ ، ٥٥ ، انتشارات صلاح الدين ، أروميه ، ١٣٦٩ ، بەرانبەر ١٩٩٠ ز .
١٣٢. باوكی تارا، ڕێنوێنێ ئەدەبی ،گ سروە ، ژ ، ٤٦ ، تهران خيابان، انقلاب ، نبش صبای شمالی طبقه دوم ، ١٣٦٩ بەرانبەر ١٩٩٠ ز.
١٣٣. جمال محمەد محمەد امين سەلامی شاعير گ . بەيان ژمارە ١٢٤ تشرينی يەكەم ساڵی ١٩٨٦ دار الحرية للطباعه بغداد .
١٣٤. جەلال ميرزا كەريم ، پرسيار .. بۆهاتنی گۆدۆ ، گ. روانگە، ژ.(٢).
١٣٥. حاجی ڕەئوف سەليمی زمان و ئەدەب كۆواری سروە – ژ ٣٧ ، ئينتيشاراتی صلاح الدين ئەييووبی – أرومييه – ١٣٦٨ ، بەرانبەر ١٩٨٩ ز .
١٣٦. حسێن عارف ، گيانی ياخيبوون و بەگژدا چوون لە شيعری نەوەی نوێماندا ، گ. روانگە، ژ:(٢)، ١٩٧١.
١٣٧. خورشيد رەشيد ئەحمەد ، هەندێ لايەنی ڕۆمانتيكی لە شيعرەكانی پيرەمێرد ، گ بەيان ، ژ ، ١٤٤ ، دار الحريه للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٨ .
١٣٨. د.دڵشاد عەلی ،گۆڤاری زانكۆی گەرميان - ژمارە ( ١٠) - ٢٠١٦ .

١٣٩.ڕۆژنامەی ژیانی ساڵی (٧) ، ژمارە(٢٣٥)، ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژ ١٩٣٢ .
١٤٠. ڕەشید هەورامی ، زایەڵەی دوور وڵاتێک ، گ . بەیان ، ژ ، ٢٣ ، چاپخانەی دارالحریة والحكومة ، بەغدا ، ١٩٧٥ .
١٤١. ڕەئوف عوسمان، خاڵ و گۆنا و ناز لەسەر بەیتێکی ناری گ . بەیان ، ژ ، ٢٢ ، چاپخانەی دارالحریة والحكومة ، بەغدا ، ١٩٧٥ .
١٤٢.ڕەئووف عوسمان، بۆ کپ بێ ، گ ، نووسەری کورد ، ژ ٦ ، چاپخانەی الحوارث – بغداد ١٩٨١ .
١٤٣.ساڵح سووزەنی، شاعیرانی لاو لە هەڵسەنگاندنی ئەدەبی دا گ ، سروە ، ژمارە ، ٥٣ ، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی اورمییە ، ١٣٦٩ ، بەرانبەر ١٩٩٠ ز .
١٤٤.سامی شۆڕش ، زەبری هۆنراوە و کارەساتی ووشک بوونەوە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٤٤ ، ٤٥ ساڵی ١٩٧١ ،سلێمانی ، ٢٠٠٨.
١٤٥. د.شوکریە رەسوڵ ،کورتەیەک دەربارەی قوتابخانەی شیعریی کلاسیکی کوردی گ . بەیان ژمارە ٦٢ ، ساڵی ١٩٨٠ ، دار الحریة للطباعة بغداد .
١٤٦.د.شوکریە ڕەسوڵ، کورتەیەک دەربارەی قوتابخانەی شیعریی کلاسیکی کوردی گ . بەیان ، ژمارە ٦٢ ئایاری ، ١٩٨٠ ، دار الحریة للطباعة ، بغداد .
١٤٧.شێخ محمەدی خاڵ دیوای شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مەبەست لێکدانەوەیان گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد " دەستەی کورد)) بەرگی بیستەم – شێخ محمدی خاڵ- – چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا- ١٩٨٩
١٤٨.شێخ محەمەدی خاڵ شاعیرانی بێ ناونیشان گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ، شاعیرانی بێ ناونیشان - بەرگی یازدەهەم – بەغدا – ١٩٨٢ –.
١٤٩.شیرین. ک، (هەردی و دڵداری) ،گ.ڕۆشنبیری نوێ ، ژ.٧٤ مطابع و آوفیست الزمان ، بغداد حزەیرانی ساڵی ١٩٧٩
١٥٠. شیعر و لە دایک بوون گ . بەیان . ژ . ٤٦ ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨ - دار الحریة للطباعة، بغداد .
١٥١. صلاح الدین شوان ، روانگە، لە روانگەی یاخیبوونی شۆرشی مەرگەوە ، ژ(٢)ی ساڵی ١٩٧١ ، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠١١ .

١٥٢. عبد الرزاق بيمار ، شێخ ڕەزای کۆمیدی و سالووک گ ، کاروان ، ژ ٨ ، طبع دار افاق عربية – بغداد ، ١٩٨٣ .
١٥٣. عەبدول رەحمان البدوي، ئاکار لای کانت، و.سامان علی، بەرگی دووەم ، ناوەندی توێژینەوەی هزری شەهید ئارام ، سلێمانی ، ٢٠٢٠.
١٥٤. عەزیز گەردی، کێشناسی کوردی، چ.نارین – چاپی یەکەم ، ڕانیه ، ٢٠١٤ .
١٥٥. عزالدین رضا ، ڕوانگە و هەنگاوەکانی گ . بەیان - ژ ٨ - ١٩٧٣ دار الحریة للطباعة - مطبعة الجمهورية بغداد.
١٥٦. د.عیزەدین مستەفا ڕەسول : لە دەفتەری لێکۆڵینەوە و ڕەخنە، گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٢٤، تشرینی یەکەمی ١٩٨٦.
١٥٧. د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ، شیعرەکانی ئەم ژمارەیە و چەند سەرنجێک ، گ ، بەیان ، ژ ، ٨ ، مطابع ئوفیسیت دار الحرية ، البغداد ، ١٩٧٣ .
١٥٨. د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ شیعری تازەی کوردی گ. رۆشنبیری نوێ - ژ ١٠٥- ساڵی ١٩٨٥ – دار الحريه للطباعه – بغداد –
١٥٩. د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ شیعرەکانی ئەم ژمارەیە و چەند سەرنجێک ، ل بیان ، ژ ٨ ساڵی ١٩٧٣
١٦٠. د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، مەعسووم یا عاسی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – بەرگی یازدەهەم – چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا – ١٩٨٤ .
١٦١. ف.بێکەس، گ.گەلاوێژ، ژ(٢) ، ١٩٤٨.
١٦٢. فەرەیدون عەلی ئەمین ، علی عارف ئاغا شاعرێکی دڵتەڕ و شیعر سوارە، گ ، بەیان ، ژمارە ٣١ تشرینی دووەمی ١٩٧٥ ، مطابع أوفيست دارالحرية .
١٦٣. فەرەیدون عەلی ئەمین گ – بەیان – ژ ٣١ تشرینی دووەمی ١٩٧٥ – مطابع أوفیست دار الحريه ، بغداد – ل٩.
١٦٤. فەرەیدوون عەلی ئەمین، چەند سەرنجێک لە پیرەمێردی شاعیر ، چاپی یەکەم – چاپخانەی ئیرشاد – بەغدا ، ١٩٧١ .
١٦٥. کاکەی فەلاح هەوێنی شیعرەکانی بەختیار زێوەر، گ. بەیان – ژ ١٨ ساڵی ١٩٧٤ – چاپخانەی دارالحرية – بەغدا
١٦٦. کاکەی فەللاح ناری پێ ناسێکی کورت گ .بەیان ، ژ ، ٧٣ ساڵی ١٩٨١ ، دار الحرية للطباعه بغداد.

١٦٧.د.كامـل حسـن بەصـير ، وێـژە و تـوێژینەوەی گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری عێـراق - بەرگـی یازدەهەم – چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق – بەغدا - ١٩٨٤.
١٦٨.د.کامـل حسـن عزیـز البصیر بنەرەتیەکـانی رەخـنە سـازی و هـۆنراوەی درێنـی کـوردی گۆڤاری کۆڕی زانیـاری عێـراق – دەسـتەی کـورد – بەرگـی حەوتەم – چاپخـانەی کـۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا- ١٩٨٠ –
١٦٩.د.کامـل حەسـەن عزیـز بصیر بنەڕەتیەکـانی ڕەخنەسـازی و هـۆنراوەی دێرینـی کـوردی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەسـتەی کـورد – بەرگـی حەوتەم – چاپخـانەی کـۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا – ١٩٨٠ – .
١٧٠. کۆواری سروە ، ژ ، ٣٧ ، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی ، أرومـیە ، ١٣٦٨ ، بەرانـبەر بە ١٩٨٩ ز .
١٧١. کەریم شارەزا دڵـدار و شـیعریی ڕیـالیزم گۆڤـاری نووسـەری کـورد، ژ١٢، خـولی دووەم . چاپخانەی الحوادث، بغداد، ١٩٨٣ .
١٧٢.کەریم مستەفا شارەزا ، ( وشەی شیعری لە لای مەحوی) ، گ . کاروان ، ژ ، ٦٥ ، چاپغانەی دار الحریە للطباعة بغداد ، ١٩٨٨ .
١٧٣.کەریم مستەفا شارەزا ، بەشی سـێیەمی چوارینەکـانی جاهیـد و چەپکێـک بیـری گەش، گ. بەیان ، ژ ١٢١- تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٨٦ - دارالحریة للطباعة بغداد .
١٧٤.کەمال غەمبار ، فەرهەنگی خەم گ . بەیان – ژ ٧٤ – ساڵی ١٩٨١ – دەزگای رۆشـنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – دار الحریة للطباعة بەغداد .
١٧٥.کەمـال غەمبـار ، کـانیلە و خۆشەویسـتی ، گ . بەیـان ، ژ ، ١٠١ - ١٠٢ دار الحـریە للطباعـة بغداد کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤ .
١٧٦.کەمال مەمەنـد ئـافرەت و جـوانی لە شـیعریی گۆرانـدا گۆڤـاری نووسـەری کـوردە ، ژ ١ خوولی دووەم تەیارە ،١٩٧٩ ، چاپخانەی ( شفیق ) ، بغداد .
١٧٧.کەمال مەمەند، بۆ هیوای کوڕم گۆڤاری نووسـەری کـورد ، ژ، ٦ ،خـوول دووەم شـوباتی ١٩٨١ چاپخانەی الحوادث ، البغداد .
١٧٨.کەمالی باپیر ئاغا چەنـد سـەرنجێک و پرۆژەیەکـی لێکـۆڵینەوەی گ. رۆشـنبیری نـوێ – ژمارە ٧٩ ئادار ١٩٨٠ – مطبعە الزمان – بغداد –
١٧٩.گ . بەیان ، ژمارە ، ٧٣ ، ساڵی ١٩٨١ ، دارالحریة للطباعة، بغداد .
١٨٠. گ . بەیان ، ژمارە ١٢١ ساڵ ١٩٨٦ دار الحریة للطباعة بغداد .

١٨١. گوشاو محمەد سعید چەند سەرەتایەکی نویێ لە شیعریی کوردیدا گ ، بەیان ، ژمارە ٦١ ساڵ ١٩٨٠ ، دارالثقافة والنشر الكوردية، دار حرية للطباعة بغداد .
١٨٢. گۆڤاری رامان ،ژمارە ١٤٢.
١٨٣. م.نوری، رۆژنامەی ژیان، ژمارە(٢٣)، ١٩٢٦.
١٨٤. مارف عومر گوڵ هەندێ ووردە ڕاز دەبارەی هۆنراوە گ ، بەیان ، ژمارە ٧٠ ، چاپخانەی دارالحريه للطباعة – بغداد – ١٩٨١ .
١٨٥. د.محمد احمد سعید، شێخ رەزای تاڵەبانی لەنێوان ستایش و داشوریندا ، گ. رۆڤار ، ژ(٥٣)، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،٢٠٠٩.
١٨٦. محمەد عەزیز مەلا ڕەحیم ، سەلیقەی شیعری لە ( چەپکێ گوڵ و خونچە) ی عەلی عارف ئاغادا ، گ ، کاروان ، ژمارە ، (٢٠) ، طبع دار افاق عربية ، بغداد ، ١٩٨٤ .
١٨٧. محەمەدی مەلا کەریم تەقەلایەک بۆ ناسینەوەی نالی لە ڕێگای شیعرەکانیەوە گ. ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ٧٠ ، ساڵی ، ١٩٧٨،چاپ – مطبعه آوفست الزمان – بغداد .
١٨٨. محەمەد ئەمین محەمەد :گ.بەیان، ژ.(٥٩)، چاپخانەی دار الحرية للطباعة ، بەغدا ساڵی (١٩٨٠).
١٨٩. محەمەد ساڵح سووزە، ڕەخنە لە شیعریی خاک ، گ – سروە ، ژ ، ٤٩ ، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی - أرومیە ، ١٣٦٩ ، بەرانبەر ١٩٩٠ ز .
١٩٠. محەمەدی مەلا کەریم ، خەباتی شیعری کوردی لە پێناوی ئازادی ئافرەتان دا گ .بەیان - ژ، ٢٦ . چاپخانەی دارالحرية و الحكومة – بەغدا- ١٩٧٥ - .
١٩١. مستەفا پاشای یا مولکی ، وەرگێڕان لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری گەلی کوردا گ ، ڕۆژی کوردستان ، ، ژمارە ٦٤ ، مطبعة علاء – بغداد ، ١٩٨١.
١٩٢. مەحمود ئەحمەد محەمەد ، پێنج پارچەی شیعری بڵاو نەکراوەی ( صابری )، گ بەیان ، ژ ١٤٤ ، دار الحريه للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٨ .
١٩٣. مەسعود محەمەد چەپکێک لە گوڵزاری نالی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی دوهەم ، بەش دوهەم – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد ، ١٩٧٤ .
١٩٤. هیدایەت ئەحمەد بێدار گ. بەیان ، ژ- ١٦٥ ساڵی ١٩٩٠، چاپخانەی دار الحرية للطباعة ، بغداد .
١٩٥. وانکۆ کوردستانی هۆنەراکانی کورد بناسین گ . ئاوێنە – ژمارە (١) ، شهران ، ١٣٦٨ ، بەرامبەر ، ١٩٨٩ زاینی .

**- به زمانی عەرەبی:**

١٩٦.د.شاكر عبدالحميد،التفضيل الجمالى عالم المعرفه، ع ٢٦٧، ٢٩ مارس، ٢٠٠١، كويت.

١٩٧.حاتم الصگر،مالاتؤديه الصفة،مجلة الاقلام،بغداد، ١٩٩٠.

١٩٨.مجلة الثقافة العربيـة العدد ٦ ، سنة ١٩٧٦ ، أسعاد الموجة النفسية في الشعر الجديد.

**سێیەم : تێزی دکتۆرا:**

١٩٩.فەرهاد قادر کەریم ،نامەی زانکۆیی/ دکتۆرا – (بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیـدا — کۆلێجی زمان / زانکۆی سلێمانی ـ ٢٠٠٩ ، (چاپکراوە).

**چوارەم : ئینتەرنێت**

٢٠٠. محمد سالم ـ مدرسة ابولو في الذاكره الادبية – [ www.weziwezi.com]

٢٠١. كـريم الـوائيلى ، تـدفق الينبـوع قـراءة نقـديه فـى مدرسـه الـديوان ( مينشـاوى ) [www.hayma.com

٢٠٢.مدارس الشعر العربى ـ الموسوعة العربية العالمة[www.hayma.com]

# الملخص


تقوم هذه الدراسة المعنونة (معايير نقد الشعر في الادب الكردي الكرمانجي الجنوبي للفترة مابين ١٩٧٠-١٩٩٠) بتسليط الضوء على مباديء القياس او المعيارية للنصوص التي يشير كاتب النص الى ماتتضمنه من رسائل اجتماعية وسياسية ونفسية، إذ يشيع في مجال النقد استخدام معيار يرتكز على توظيف النص الشعري لبلوغ هدف معين كأن يكون اجتماعياً فيكون ذلك التوظيف اساساً لتقييم النص وتحليله من قبل الناقد. ومن هذا المنطلق ، يتحرى النقاد مايضمّنه الشعراء من رسائل اجتماعية وسياسية ونفسية في اعمالهم الشعرية.

تهدف هذه الدراسة الى التعريف بان السبب الرئيسي للجوء الباحث الى معيار السياسة باسلوب مبطّن مرتبط بالظروف التي يعيشها من اجل تجنب التصريح بغاياته الاساسية. انّ الكثير من النصوص تتناول الحالة النفسية للشاعر وتعبر عما يجول في خاطره، لذلك لم يجد الباحث مناصاً من استخدام المعيار النفسي. وتجدر الاشارة الى ان الناقد كثيرا ما يلجأ الى معيار السياسة او الاجتماع او السيكولوجيا لمعرفة طبيعة مغزى النص وتجنب سوء فهمه.

عندما يقاس الشعر بميزان الجودة ، يعتمد الناقد على العناصر الرئيسية لمكونات الشعر ، كاللغة والصورة و الوزن والقافية والايقاع ، لانه دون اخذ تلك المكونات بعين اعتبار لايستقيم الشعر ضمن الاجناس الادبية الاخرى ، ولا تجسد الشعرية ضمن المباديء التي يفترض ان يبنى عليها النص الشعري.

تعتبر المعايير من اهم مرتكزات تقييم النص الشعري ، لما لها دور اساسي في تقيم اداء النص و ما يعنيه الشاعر من خلال تطبيق مفاهيم الشعرية ، من حيث قياس دور اللغة والصورة و الوزن والقافية والايقاع ، لاسيما في ضوء تطبيق المباديء الشعرية.

للناقد دور مهم في قياس الشعر ، لكن لايحصل مايروم اليه الا من خلال الولوج في تطبيق المباديء والاسس التي قامت عليه النص الشعري ، من اجل ذلك يعرف الشعر من خلال ما يطبقه الشاعر من الاسس المذكورة في صياغة النص الشعري.

يجمع الشعر في طياته اللغة والصور والوزن والايقاع ، لكن الناقد لايحصل على مبتغاه الا من خلال التحليل لاداء دور المكونات التي تبنى عليها النص ، رغم ذلك لايحصل على تعريف كامل للشعر ، وخاصة من خلال صياغة النص و اسباب تكوينه .

ليس للنص الادبي مجرد لذة حسية ، بقدر ما يثيره من لذّة روحية مفعمة بالانسانية. بل ويتجاوز ذلك الى ما يرنو اليه الانسان من التعبير عن مشاعره و احاسيسة ، ولايصح ذلك الا من خلال تضمين المعايير الشعرية ، من حيث الاداء اللغوي و تجسيد الصور الشعرية واعطاء الشعر وزنه الحقيقي من خلال ترتيب الايقاع على اسس شعرية.

يعتبر الشعر من اهم السمات الملاصقة لحياة الانسان الكردي وافكاره واحاسيه والتعبير عما يدور في مخيلته. ولكون الطبيعة التي يعيش فيها الكردي طبيعة خلابة ، تحفل بمقومات العيش ، ومن جانب اخر المآسي التي عاشها الفرد الكردي تضامنت لتشكّل ارضاً خصبة لولادة قصائد تخلب الالباب بروعتها، من حيث تجسيد اللغة الشعرية والصور والوزن والقافية. ومما لاشك فيه فانّ النص الشعري الكردي يقاس بمعايير الشعر الشرقي الحافل بالشعرية و الصور الدقيقة والايقاع الشاعري المرهف.

# Abstract

This study entitled، **The Criteria of Poetry Criticism of in Kurdish Southern Kurmanji Literature during1970-1990** sheds light on the principles of criteria or standards of texts as the author refers to the social، political and psychological messages that the text contains. To achieve a specific goal، such as being social، the employment of factor is the basis for the critic to evaluate and analyze the text. In this sense، critics investigate the poets' social، political، and psychological messages implied in their poetry.

This study aims to identify that the main reason for the researcher to resort to the standard of policy in a veiled way due to the circumstances in which he lives to avoid declaring its basic objectives. Many of the texts deal with the psychological state of the poet and his/her reflection، so the researcher finds no option but using the psychological criterion. It should be noted that the critics often resort to the criterion of policy، sociality or psychology to find out the nature and the significance of the text and eventually to avoid misunderstanding.

When poetry is measured with the scale of quality، a critic depends on the basic elements of poetry، such as language، image، rhyme، rhythm، and the music of the text. Without taking those components into account، poetry cannot be classified as a literary genre since it does not realize the standards of poetry.

The standards (of evaluation) are considered the most important criteria for evaluating a poetic text. Actually، the role of such standards is fundamental role in assessing the quality of the text and what the poet means through the application of poetic concepts، in terms of measuring the role of language، image، rhyme and rhythm، especially in the light of the application of poetic principles.

A critic has a key role in the evaluation of poetry. However، the process of evaluation cannot be fruitful without accessing the principles and premises upon which the poetic text is based. Thus، poetry is identified via what the poet applies of such standards while composing his/her poem.

Apart from language، poetry combines imageries، rhyme، and rhythm، but the critic does not get what he wants except through analyzing the role of the components of the text.

By realizing one's feelings and emotion، a literary text gives rise to human spiritual pleasure rather than mere sensual joy. However، such realization cannot properly be attained without considering the poetic standards in terms of the linguistic performance، embodying the poetic imageries، and dressing the apt rhyme and rhythm.

Poetry is one of the most important features of the Kurdish individuals adjacent to their life and ideas. Interestingly، poetry is included within their senses and imagination simply because of the attractive nature in which they live in، in one hand and in another the tragedy they would experience. These reasons have contributed together to give birth to attractive poems embodying the standards of poetry mentioned earlier; such norms which are، as it is the case in the oriental poetry، full of creative accurate images and delicate poetic rhythm.